کۆماری فیدراڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا،
# لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا

**نامەیەکە پێشکەش بە فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا**

**صلاح حویز رسول**

لەساڵی(٢٠٠٦) لەکۆلیجی زمان/ زانکۆی کۆیە
ماستەری لە(زمانی کوردیدا)وەرگرتووە

بەسەرپەرشتی:
**پ.ی . د. صباح رشید قادر**

٢٧١٣ کوردی

٢٠١٣ زایینی

كۆماری فیدراڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا،
# لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا

**نامەیەکە پێشکەش بە فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا**

**صلاح حوێز رسول**

لەساڵی(٢٠٠٦) لەکۆلیجی زمان/ زانکۆی کۆیە
ماستەری لە(زمانی کوردیدا)وەرگرتووە

بەسەرپەرشتی:
**پ.ی . د. صباح رشید قادر**

٢٧١٣ کوردی — ٢٠١٣ زایینی

**پێشکــەشـــە بە...**

- گیانی پاکی  مامۆستای خوالێخۆشبووم (پ. د . محمد معروف فتاح ).
- هاوسەری ژیانم ( کوردستان).
- جگەرگۆشەکانم ( تۆلاز ، تیشکۆ ، شاهۆ ) .

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

من (صباح رشيد قادر) ڕایدەگەیەنم کە ئەم دکتۆرانامەیە، کە بەناونیشانی (پرەنسیبی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا ، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرام)دایە، بەسەرپەرشتی من لە(بەشی زمانی کوردی)، فاکەلتی (پەروەردە) لەزانکۆی کۆیە لەلایەن ( صلاح حوێز رسول )ەوە ئامادەکراوە وەک بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

من ئەم کارەم خوێندۆتەوەو پێیداچوومەتەوەو دڵنیاتان دەکەمەوە ، کە ئەوەندەی من بزانم ئەمە کارێکی سەربەخۆیە .

ناوو واژۆی سەرپەرشت

ناو: د. صباح رشيد قادر

نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی : یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین

ڕێکەوت :- / / ٢٠١٣

---

## ڕەزامەندی سەرۆکی بەش / سەرۆکی سکول

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتیاری نامە کە ، کە ناو و واژۆی لەسەرەوە هاتووە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن .

واژۆ

ناو: د.عومەر مەحمود کەریم

نازناوی زانستی : مامۆستا

پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لەزانکۆی کۆیە

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت :- / / ٢٠١٣

واژۆ

ناو: هشيار ذكی حسن

نازناوی زانستی :

پیشەی ئەکادیمی : مامۆستا لەزانکۆی کۆیە

سەرۆکی سکولی پەروەردە

ڕێکەوت :- / / ٢٠١٣

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ جەخت دەکەینەوە ، کە ئەم دکتۆرانامەیەمان بەناونیشانی (پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا ، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا) خوێندۆتەوەو گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار(صلاح حویز رسول) لەسەر هەموو لایەنەکانی نامەکە ئەنجامداوە ، بە ڕای ئێمە هەموو مەرجەکانی دکتۆرانامە و بەدەستهێنانی ئەم پلەیە لە (زمانی کوردی)دا لەخۆ دەگرێت.

ناو: د.بکر عمر علی
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێکەوت :- ٢٧ / ٦ / ٢٠١٣

ناو: یوسف شریف سعید
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆر
پیشەی ئەکادیمی :
ڕێکەوت :- ٢٧ / ٦ / ٢٠١٣

ناو: ساجدە عبداللە فەرهادی
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێکەوت :- ٢٧ / ٦ / ٢٠١٣

ناو: ئازاد أمین فرج باخەوان
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی :
ڕێکەوت :- ٢٧/ ٦ / ٢٠١٣

ناو: صباح رشید قادر
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێکەوت :- ٢٧ / ٦ / ٢٠١٣

ناو: ابوبکر عمر قادر
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی :
ڕێکەوت :- ٢٧ / ٦ / ٢٠١٣

==============================================

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی ( پەروەردە )ەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە .

ناو : د. سعید صالح حمدامین
نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی: ڕاگری فاکەڵتی
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٣

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشەکی | X |
| سوپاس و پێزانین | XIII |
| کورتەی نامەکە | XIV |
| کورتکراوەکان | XV |
| **١ ـ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بنەماکانی ئابوریکردن** | ١ |
| ١ ـ ١ بنەما و پارامیتەرەکان و فێربوونی زمان | ١ |
| ١ ـ ٢ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | ٥ |
| ١ ـ ٣ جیاوازی لە سیستەمی یاساکاندا | ٨ |
| ١ ـ ٤ تیۆری ئێکس ـ باڕ | ١٠ |
| ١ ـ ٥ جۆرەکانی فرێز | ١٦ |
| ١ ـ ٦ فرێزی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان | ١٧ |
| ١ ـ ٦ ـ ١ فرێزی ناوی | ١٧ |
| ١ ـ ٦ ـ ٢ فرێزی ئاوەڵناوی | ١٩ |
| ١ ـ ٦ ـ ٣ فرێزی بەند | ٢٠ |
| ١ ـ ٦ ٤ فرێزی کاری | ٢٢ |
| ١ ـ ٧ فرێزە ئەرکییەکان | ٢٤ |
| ١ ـ ٧ ـ ١ گریمانەی فرێزی دیارخەری | ٢٤ |
| ١ ـ ٧ ـ ٢ فرێزی گیرەکی | ٢٨ |
| ١ ـ ٧ ـ ٣ فرێزی دیارخەری | ٢٨ |
| ١ ـ ٧ ـ ٤ فرێزی تەواوکاری (گەیەنەر) | ٢٩ |
| ١ ـ ٧ ـ ٥ فرێزی لێکدەر | ٣٠ |
| ١ ـ ٨ تیۆری ڕۆڵی بابەتانە | ٣٢ |
| ١ ـ ٩ پیوەری ثیتا | ٣٢ |
| ١ ـ ١٠ تیۆری دەسەڵات | ٣٣ |
| ١ ـ ١١ تیۆری دۆخ | ٣٦ |
| ١ ـ ١٢ ـ پێدانی دۆخ | ٣٦ |

١ - ١٣ پاڵێوەری دۆخ ........................................................ ٣٩
١ - ١٤ جۆرەکانی دۆخ ........................................................ ٣٩
١ - ١٤ - ١ دۆخی ڕۆنانی ........................................................ ٤١
١ - ١٤ - ٢ دۆخی بنجی ........................................................ ٤٣
١ - ١٤ - ٢ - ١ مەرجی دۆخی بنجی ........................................................ ٤٤
١ - ١٤ - ٣ دۆخی نابەرجەستە ........................................................ ٤٤
١ - ١٥ تیۆری بەستنەوە ........................................................ ٤٨
١ - ١٦ بنەماکانی تیۆری بەستنەوە ........................................................ ٤٨
١ - ١٧ تیۆری چاودێری کردن ( کۆنترۆڵ ) ........................................................ ٥٤
١ - ١٨ تیۆری سنوور ........................................................ ٥٨
**٢ - بنەماکانی بچوکترین بەرنامە** ........................................................ ٦٧
٢ - ١ سەرەتا ........................................................ ٦٧
٢ - ٢ بنەماکانی بچوکترین بەرنامە ........................................................ ٦٨
٢ - ٣ هەندێ لێکدانەوەی گشتی دەربارەی بچوکترین بەرنامە ........................................................ ٧٠
٢ - ٤ توانستی زمان ........................................................ ٧٠
٢ - ٥ نەخشەی سینتاکسی لە بچوکترین بەرنامەدا ........................................................ ٧٢
٢ - ٦ فەرهەنگ ........................................................ ٧٤
٢ - ٧ هەژمارکردن و سیماکان ........................................................ ٧٦
٢ - ٨ سیستەمی ژمێرکاری ........................................................ ٧٩
٢ - ٨ - ١ کردەی هەڵبژاردن ........................................................ ٧٩
٢ - ٨ - ٢ لێکدان ........................................................ ٨٠
٢ - ٩ درکاندن ........................................................ ٨٧
٢ - ١٠ پەیوەندییەکانی پاساودان ........................................................ ٨٩
٢ - ١٠ - ١ تیۆری پاساودانی سیماکان ........................................................ ٩٦
٢- ١٠ - ٢ سێ تیۆری تێکشکان ........................................................ ٩٦
٢ - ١١ جولاندنی F و پاساودانی سیما ........................................................ ٩٩
٢ - ١٢ ڕێکەوتن ........................................................ ١٠٣
٢ - ١٣ نواندنی ڕۆنانی فرێزی ڕێکەوتن ........................................................ ١١١
٢ - ١٤ گونجان و لێکچوون ........................................................ ١١٣

٢ ـ ١٥ کۆپیکردن لە جولانەوەدا ........................................ ١١٥
٢ ـ ١٦ قۆناغەکان و خولیێتی ........................................ ١١٨
**٣ ـ میکانیزمەکانی گواستنەوە و بنەماکانی ئابوریکردن لە MP دا ................ ١٢٢**
٣ ـ ١ لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە بۆ بچوکترین بەرنامە ................ ١٢٢
٣ ـ ٢ نەهێشتنی DS و SS و ئاسانکارییەکانی تر ................ ١١٣
٣ ـ ٣ پشتگوێ خستنی ڕۆنانی ژێرەوە ................ ١١٤
٣ ـ ٤ لەبارەی ئاستە هاوبەشەکانەوە ، داڕشتنەوەی ڕۆنانی سەرەوە ................ ١٢٧
٣ ـ ٤ ـ ١ نەهێشتنی ئاستی بارەکان ................ ١٢٧
٣ ـ ٥ جیاوازی پارامیتەری نێوان زمانەکان ................ ١٣٠
٣ ـ ٦ بنچینەی ئابوریکردن ................ ١٣١
٣ ـ ٦ ـ ١ بنەماکانی ئابوریکردن ................ ١٣١
٣ ـ ٧ ئابوریکردن لە داڕشتندا ................ ١٣٢
٣ ـ ٨ بنەمای دواچارە ................ ١٣٣
٣ ـ ٩ بنەمای دواخستن ................ ١٣٥
٣ ـ ١٠ مەرجی کورتترین جولانەوە ................ ١٣٧
٣ ـ ١١ کەمکردنەوەی هەنگاوەکان ................ ١٤٠
٣ ـ ١٢ بنەمای چاوتێرنەبوون ................ ١٤٦
٣ ـ ١٣ نواندنە ئابورییەکان ................ ١٤٨
٣ ـ ١٤ لێکدانەوەی پڕاوپڕ ................ ١٤٨
٣ ـ ١٥ مەرجی کەمترین بەستنەوە ................ ١٥٠
٣ ـ ١٦ هەڵوەشاوەی گیرەکی ڕێزمانی ................ ١٥٣
٣ ـ ١٧ مەرجی کورتترین داڕشتن ................ ١٥٧
٣ ـ ١٨ جۆرەکانی بەکارهێنانی ئابوریکردن ................ ١٦١
٣ ـ ١٨ ـ ١ ئابوریکردن وەکو دوورخستنەوە ................ ١٦١
٣ ـ ١٨ ـ ٢ ئابوریکردن وەکو بەرهەڵستی سیما ................ ١٦١
٣ ـ ١٨ ـ ٣ ئابوریکردن وەکو درێژی داڕشتن ................ ١٦٢
٣ ـ ١٨ ـ ٤ ئابوریکردن وەکو وزە ................ ١٦٢
٣ ـ ١٨ ـ ٥ ئابوریکردن وەکو کردەی ئاڵۆزی ................ ١٦٣
٣ ـ ١٨ ـ ٦ بنەماکانی کاتی ڕوودان ................ ١٦٣

٣ ـ ١٩ دۆخ له سنورى تیۆرى پاساوداندا ........................................................ ١٦٤
٣ ـ ٢٠ تیۆرى دۆخ و تیۆرى ڕێکەوتن ........................................................... ١٦٦
٣ ـ ٢١ لێکدان و ڕۆنانى فرێزى ساده ............................................................ ١٦٧
٣ ـ ٢١ نەهێستنى دوپاتبوونەوە .................................................................. ١٦٨
ئەنجام و پێشنیازەکان .......................................................................... ١٧١
سەرچاوەکان.................................................................................... ١٧٤
الملخص البحث ................................................................................. XVII
Abstract ....................................................................................... XIII

## پێشەكی

ئەم بابەتە بەناونیشانی ( پرەنسیپی ئابوریكردن لە زمانی كوردیدا ، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوكترین پرۆگرام )دایە ، لێكۆڵینەوەیەكە بۆ شیكردنەوە و خستنەڕووی چەمك و بنەماكانی ئەم تیۆرانە .

بەكارهێنانی زمان لەچەند خاڵێكی جیاوازی دیاریكراوەوە لێی دەكۆڵدرێتەوە ، یەكێك لەو ڕێبازانەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو ، كە زمان بە بەشێكی سروشتی جیهانی وەردەگرێ ، لەوەی كە مێشكی مرۆڤ توانای وەرگرتن و فێربوونی كۆمەڵێك شتی سەرنج ڕاكێشی هەیە ، كە بەكارهێنان و تێگەیشتنی زمان (توانستی زمان) تێیدا بەشدارە ، یەكێك لەو پێكهێنەرانەی زمان بەشێوەی بەرهەمهێنان جێبەجێ دەكرێ (زمانی ـ ناوەوە) ، كە وەسفێكی ڕۆنانییانە بەرهەمدەهێنێ بۆ هەر كردەیەكی دیاریكراوی ئاڵۆز . ئەم لێكۆڵینەوەیەش بۆ پەرەسەندێكی نوێی تیۆری بەرهەمهێنانی پێشتر دوای قۆناغی ڕێزمانی بارە ـ سنووردارەكان و بەرهەمهێنان و گواستنەوە تەرخانكراوە ، كە لەناو مۆدیلی بنەماو پارامیتەرەكان/ دەسەڵات و بەستنەوە و بچوكترین پرۆگرامدا جێبەجێ دەكرێ . ئەم دوو تیۆرەی بەرهەمهێنان لەناو قۆناغێكی ئەم گەشەكردنەدا نەخشە بۆ زمانەكانی جیهان دادەنێن ، كە لە چوارچێوەیەكدا لێیان بكۆڵدرێتەوە ، بەجۆرێك یاسا و ڕێساكانی بەسەر هەموو زمانەكاندا جێبەجێ بكرێ بێ ئەوەی پەیوەندی نێوان زمانەكان بشێوێنێ ، كە ئەم لقە تیۆرانەی دەسەڵات و بەستنەوە و بچوكترین پرۆگرام تەواو لەگەڵا زمانی كوردیدا دەگونجێ و ئەم بنەما ئابورییانەی زمانی تێدا ڕەچاو دەكرێ ، كە ڕێ بە بوونی هەموو كەرەسەیەكی پێویست دەدات لە ڕۆنانەكاندا هەبێ و ڕێ لەو كەرەسە زیادانەش دەگرێ ، كە لێكدانەوەیان لە زمانەكەدا بۆ ناكرێ و دەبنە هۆی تێكشكانی ڕۆنانەكان ، كە دواتر ئەم چەمك و بنەمایانەش لە بەشەكانی لێكۆڵینەوەكەدا ئاماژەیان پێدەكرێ .

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە :**

هەوڵێكە بۆ لێكۆڵینەوە لە زمانی كوردی بەپێی ئەو تیۆرە نوێیانەی كە پەیوەندییەكی هەوبەشیان لەنێوان زمانەكانی جیهاندا دروست كردووە و دەرچوونە لەو ڕێبازە كۆنانەی كە ساڵانێكە زمانی كوردی كەوتۆتە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەكانیان ، هەروەها مەبەستمان زیاتر ئاشنابوونە بەو چەمك و زاراوانەی كە لە تیۆری بەرهەمهێناندا بە پەیرەوكردنی كەمترین وزە و بنەمای ئابوریكردن داڕشتنە سەركەوتووەكان لەزماندا بەرجەستە دەكرێن و فۆرمی فۆنەتیكییان دەخرێتەڕوو .

**گیروگرفتی لێكۆڵینەوەكە :**

لە سەرەتادا ئەوەی گرفتی دروست كردبوو كەمی سەرچاوەی كوردی بوو لەسەر بابەتەكە ، بەڵام بە هەوڵا و ماندوبوونێكی زۆر توانیم ، كە ژمارەیەكی باش لەو سەرچاوە پێویستانەی پەیوەندییان

بەم بابەتەوە هەیە بەدەست بهێنم ، دیارە تێگەیشتن و وەرگێڕانی سەرچاوەکان بۆ سەر زمانی کوردی ئەرکێکی زۆر گرانی دەوێ .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفی شیکارییە لەژێر ڕۆشنایی تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسکی ، کە خۆی لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا دەبینێتەوە ، لە هەندێ شوێندا ئاماژە بە تیۆرەکانی پێشتر و نزیك دەبێتەوە لە سنووری ڕێزمانی ئەرکی فەرهەنگی بەهۆی تێکەڵبوون و جیانەکردنەوەی سنوورەکانی نێوان ئەم ڕێزمانانە .

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و سەرچاوەکان بە زمانی کوردی ، عەرەبی ، فارسی و ئینگلیزی پێکهاتووە .

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :**

لە سێ بەش پێکهاتووە ، کە بەشی یەکەم دەروازەیەکە بۆ خستنەڕووی تیۆری بنەما و پارامیتەرەکان و فێربوونی زمان و ئەو جیاوازییە پارامیتەرییانەی لەنێوان زمانەکاندا هەیە ، کە چۆن لە سیستەمەکانی مەعریفیدا لە مێشکی مرۆڤدا بەشێوەیەکی بەرهەم دەهێنرێ ، کە ڕۆنانەکان بەپێی بنەمای کەمترین وزە و ئابوریکردن لە دەربڕینە زمانییەکاندا ڕەچاو دەکرێ ، کە بەگوێرەی پەرەسەندنێکی نوێی تیۆرەکانی دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرام لە نموونەی بەرهەمهێناندا ڕۆنانەکان پێکدەهێنن . جگە لە خستنەڕووی ئەو چەمك و زاراوانەی کە لە لقە تیۆرەکانی ( ئێکس باڕ ، ڕۆڵی بابەتانە ، دۆخ ، دەسەڵات ، بەستنەوە ، سنوور و کۆنترۆڵ) دا ئاماژەیان پێکراوە ، کە بە تاکە یاسایەك شیکردنەوە بۆ هەموو دەربڕین و ڕۆنانێکی زمانی دەکات لە هەر زمانێکدا بێ . زمانی کوردی بە بەراورد بە هەندێ زمان بۆتە ئامانجی ئەم باسانە و بەشێوەیەك هەندێ نموونەی زمانەکە ڕاستی گونجانی تیۆرەکەمان بۆ دەخاتەڕوو .

بەشی دووەم : بنەماکانی بچوکترین پرۆگرامی تێدا خراوەتەڕوو ، کە هەندێ لێکدانەوەی ئەو زاراوانەی کە لە سەرەتای دانانی بنچینەی بچوکترین پرۆگرام و نەخشەی سینتاکسی و ئەو هەنگاوانە باس دەکات ، کە ڕۆنانە سەرکەوتووەکان لە فەرهەنگەوە دانە زمانییەکان بەپێی سیماکانیان هەڵدەبژێردرێن لە سیستەمی ژمێرکاریدا دوای ئەوەی پاساودەدرێن دوا فۆرمی درکاندنیان دەدرێتێ ، ئەو داڕشتنەی هەموو کەرەسەکانی پاساو نەدرێن و لانەدرێن دەبنەهۆی تێکشکانی داڕشتنەکە ، بۆ ئەوەش ئاماژەمان بەسێ تیۆری تێکشکان کردووە . دواتر باسی جولاندن و ڕێکەوتن نواندنی فرێزی ڕێکەوتن و گونجان و کۆپیکردن کراوە لە جولانەوەدا ، هەروەها دەربڕینەکان لە هەر قۆناغ و خولێکدا باس دەکرێ .

بەشی سێیەم : باسی ئەو میکانیزمانە دەکات ، کە دارِشتنەکان لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە بەرەو بچوکترین پرۆگرام دەبات ، کە لەم گواستنەوەیەشدا هەندێ لادان و پشتگوێ خستنی ئەو ڕۆنانانە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەندێ ئاسانکاری لە ڕۆنانەکان باسی لێوە کراوە ، کە بەپێی جیاوازی پارامیتەری زمانەکان بنەماکانی ئابوریکردن ( بنەمای ئابوریکردن لە دارِشتندا ، بنەمای دواچارە ، بنەمای دواخستن ، مەرجی کورتترین بەستنەوە ، کەمکردنەوەی هەنگاوەکان ، بنەمای چاوتێرنەبوون ، نواندنی ئابورییان ، بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ و مەرجی کورتترین دارِشتن) یەکە یەکەیان ئاماژەیان پێ دەدرێ و جۆرەکانی ئابوریکردن لە بەکارهێناندا باس دەکرێ تا دوا باسی تیۆری دۆخ و ڕێکەوتن لە لێکداندا شێوەی ڕۆنانێکی سادە وەردەگرێ ، کە ڕێ لە دوپاتبوونەوە و هەنگاوە ناپێویستەکان دەگرێ ، دوا لاپەڕەکانیش بە ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتوون کۆتایی بە باسەکە دەهێنن . هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی کەمی زمانەکەم کردبێ و ڕێگایەکم بۆ ئەو کەسانە ڕۆشن کردبێتەوە ، کە لەو ڕێبازەوە هەنگاوی باشتر دەنێن بۆ بەرەو پێش بردنی زمانەکەمان .

## سوپاس و پێزانین بۆ :

- زانکۆی کۆیە ، کە هەلی خوێندنی بۆ ڕەخساندم .
- بەشی زمانی کوردی ، کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆرسەکانیان گرتە ئەستۆ .
- مامۆستای ئازیزم پ.ی.د. صباح رشید قادر ، کە سەرپەرشتی نامەکەی کرد .
- جگەرگۆشەکان ، کە لە کارە هونەرییەکانی کۆمپیوتر و دابینکردنی سەرچاوەکاندا هاوکار و یارمەتیدەر بوون .

# کورتەی نامەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەو بنەمایانەی کە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا پەیرەو دەکرێن بۆ نواندنی دارِشتنەکان بە شێوەیەکی ئابوورییانە ، کە لە قۆناغەکای پێشتری بەرهەمهێناندا هەنگاوی زیاتری پێویست بوو بۆ نواندنیان تاکو لە ئاستە هاوبەشەکاندا فۆرمی فۆنەتیکی و لۆجیکییان بدرێتێ ، بەشێوەیەك پەیوەندی نێوان زمانەکان بپارێزێ ، کە بە تاکە یاسایەکی گشتی بتوانێ رِستە و رِۆنانی هەموو زمانەکانی پێ شیبکاتەوە و هەموو ئەو کەموکورتییانەی لە پێشتردا گیروگرفتیان بۆ لێکۆڵینەوەکان دروست دەکرد نەهێڵێ . بەمەش بەرنامەیەك دادەرِێژێ لەسەر بنچینەی لێکدانەوەی پراوپرِی رِۆنانەکان و بچوکترین پرۆگرام ، کە ئاسانکاری بۆ دەربرِینی هەموو رِۆنان و فرێزێك دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سادە بخرێتە رِوو و لێکدانەوەی تەواویشی هەبێ .

ئامانجمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە ، باس لەو بنەما ئابوورییانەی زمان بکەین ، کە لە چوارچێوەی قۆناغێکی پەرەسەندنی تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسکیدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە ، کە دوو تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرام دەگرێتەوە ، هەروەها باسی چۆنیەتی رِۆنانی فرێز و دەربرِینە زمانییەکان بەپێی پارامیتەری زمانی کوردی دەخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەم تیۆرانە .

لێکۆلینەوەکە سێ بەشی سەرەکی دەگرێتەوە و ئەنجام و پێشنیازەکانیشی دوابەدوادا دێت . بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ سیستەمی وەرگرتنی زمان و تیۆری بنەماو پارامیتەرەکان ، هەروەها خستنەرِووی هەندێ لایەنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ، کە رِستە و دەربرِینە زمانییەکانی زمانی کوردی بەکەمترین وزە و بەشێوەیەکی ئابوورییانە دەخاتە رِوو ، چارەسەری ئەو کێشانە دەکات ، کە لە شیکردنەوەی پێشتری رِێزمانی بەرهەمهێناندا گرفتی بۆ زمانەکە دروست دەکرد بەتایبەتی بۆ رِستەی کورتکراوەی (مۆرفۆسینتاکسی) زمانەکە و جێناوی رِێکەوتن . بەشی دووەم هەندێ لایەنی تیۆری بچوکترین پرۆگرام باس دەکات ، کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە لە چوارچێوەی قۆناغێکدا لێکدانەوەی پراوپرِ بۆ هەموو ئەو کەرەسانە دەکات و رِێ لە کەرەسە زیادەکان دەگرێ لە لێکدانە سینتاکسییەکاندا دەربکەون ، لایان دەبات یا دەیانسرِێتەوە ، کەرەسەی دارِشتنەکان بەهۆی کردەی سینتاکسی ئاشکرا و پاساودانی سیماکانەوە لێکدەدرێنەوە و فۆرمی فۆنەتیکییان پێدەدرێ ، ئەوانەی کە لەسینتاکسی ئاشکرادا لێکدانەوەیان بۆ نەکرێ و پاساونەدرێن پێویستە لە فۆرمی لۆجیکیدا لێکبدرێنەوە و پاساوبدرێن ، بەپێچەوانەوە ئەو دارِشتنە تێکدەشکێ و رِۆنانەکە نادروست دەبێ. بەشی سێیەمیش، باسی میکانیزمی گواستنەوە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە بۆ بچوکترین پرۆگرام دەکات ، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەم بەشەدا ئاماژە بەهەموو بنەما ئابوورییەکانی زمان دەکات و جگە لەوە هۆکاری جولانەوەی کەرەسەکان رِووندەکاتەوە ، پاساو بۆ هەموو ئەو ئاستانە یا هەنگاوانە دێنێتەوە ، کە پێویست نین و لە رِۆنانەکاندا لادەدرێن و پەیرەوی بنەمای ئابووریکردن دەکات لە نواندنی دەربرِینە زمانییەکاندا ، ئەمەش وادەکات ، بەشێوەیەکی ئاسانکراو بخرێنەرِوو .

# لیستی کورتکراوەکان (Abbreviations)

| | |
|---|---|
| & | Conjunction (and) |
| ϕ | phi(agreement)-feature |
| * | indicates an ungrammatical sentence |
| * | the star indicates feature strength |
| ∑ | Structure |
| […] | a constituent at any level of representation |
| [F] | (formal) feature |
| [iF] | interpretable feature |
| [*u*F] | uninterpretable feature |
| > | Greater than |
| → | means‘‘rewrites as’’, ‘‘projects from’’, ‘‘consists of ’’ or ‘‘is licensed by’’, depending upon the approach. |
| π | Phonological representation |
| λ | lambda operator/Logical representation |
| A-case | Abstract Case |
| Acc | accusative |
| Adj | Adjective |
| Adj’ | ‘‘Adjective bar’’, intermediate adjective category |
| Agr | Agreement |
| AGR | general agreement affix |
| AgrOP phrase | (direct) object-agreement |
| AgrP | Agreement phrase |
| A-P | articulatory-perceptual (system) |
| AP | Adjective Phrase |
| A-Position | Argument Position |
| Ā-Position | Non-argument Position |
| Art | Article |
| BPS | Bare Phrase Structure |
| C’ | Complementizer bar |
| $C_{HL}$ | Computational system of Human Language |
| C-I | conceptual-intentional (system) |
| Comp | Complement |
| CoP | Coordinated Phrase |
| CP | complementizer Phrase |
| D’ | ‘‘Determiner bar’’, intermediate determiner category |
| DP | Determiner Phrase |
| DS | Deep Structure |
| ECP | Empty Category Principle |
| EM | External Merge |
| Epp | Extended Projection Principle |
| F | Feminine |
| FI | full interpretation |
| FL | Faculty of language |
| FP | Functional Phrase |
| Fs | Features |
| GB | Government and Binding Theory |
| H | head |
| i | external argument theta role of lexical heads |
| IL | Internal Language |
| I-language | Internal Language |
| IM | Internal Merge |
| In-case | Inherent Case |
| Infl | the functional category of Infection, later replaced by Agr, AgrS, AgrO, TP |
| IP | Inflectional Phrase |
| j | internal argument theta role (merges in spec-VP) |
| LF | Logical Form |
| LI | lexical item |
| M-case | Mood Case |
| MLC | Minimal Link Condition |
| Move α | Move Alpha |
| MP | Minimalist Program |
| N’ | ‘‘Noun bar’’, intermediate noun category |
| NegP | negation phrase |
| NOM | nominative case |
| NP | Noun Phrase |
| NUM | number/ Numeration |
| Ø | phonologically null element |
| OT | Optimality Theory |
| P’ | ‘‘Preposition bar’’, intermediate preposition category |
| PF | phonological Form |
| Pl | Plural |
| PL | plural agreement |

| | |
|---|---|
| poss | possessive |
| PP | prepositional phrase |
| PP | Principles and Parameters |
| pro | null form of an overt pronoun ('small pro') |
| PRO | null subject of an infinitive clause ('bigpro') |
| S | Singular |
| S- case | Structural case |
| SD | Syntactic Derivation |
| SG | singular agreement |
| $S_i$ | initial state |
| SM | Sensorimotor System |
| SMT | Strong(est) Minimalist Thesis |
| SO | syntactic object |
| $S_o$ | zero state |
| SOV | Subject Verb Object |
| Spec | Specifier |
| $S_s$ | stead state |
| SS | Surface structure |
| t | trace/copy |
| T | Tense |
| TG | Transformational Grammar |
| TP | Tense phrase |
| UG | Universal Grammar |
| v | ''little v'' or ''light v'' |
| V' | ''Verb bar'', intermediate verb category |
| VOS | Verb Object Subject |
| VP | Verbal Phrase |
| VSO | Verb Subject Object |
| WP | Wh-phrase |
| X, $\bar{X}$, XP | some arbitrary head X and its projections |
| $X^o$ | head (word) indicating category X |
| XP | phrase with head of category 'X' |
| XP | maximal/phrasal category headed by category X |
| Y, $\bar{Y}$, YP | some arbitrary head Y and its projections |
| α | variable case feature |
| θ -Theory | Theta Role Theory |
| θ-role | thematic (theta)-role |
| νP | Light verb phrase |
| 3 | third – pers |

## بەشی یەکەم

## تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بنەماکانی ئابوریکردن

### ١ـ ١ بنەما وپارامیتەرەکان و فێربوونی زمان

سینتاکسی نوێ بەپێی بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێ. ڕێزمانی بەرهەمهێنانی پێشتر بەدوای ڕوونکردنەوەی دوو ڕاستیدا دەگەڕا: هەموو منداڵێك توانای وەرگرتنی زمانی هەیە، بەهۆی ئەوەی جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەنێوان زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێ. ئەم جیاوازییانە پابەندی وەسفی تەواو descriptive adequacy و لێکدانەوەی تەواون explanatory adequacy بۆ دەستەبەرکردنی ڕوونکردنەوەی تەواو بۆ هەموو زمانەکان . دەبێ ئەو تیۆرە لەڕووی تواناوە لەو ئاستەدا بێت، کەمنداڵ بتوانێت لە چوارچیوەی ڕێزمانی سەراپادا Universal Grammar (UG) فێری زمان ببێت (Chomsky : 1995a : 19 ). لەوەدا بیری ڕێزمانی سەراپا وەك چارەسەرێکی بەهێز بۆ ئەم دوو ڕاستییە پەسەنددەکرێت .

ڕێبازی بنەما و پارامیتەرەکان بە زیادکردنی چەند ڕاڤەیەك بۆ تیۆرەکە، ئەو گیروگرفتانە لەبەردەم هێنانەدی ڕوونکردنەوە و وەسفێکی تەواودا کەمدەکاتەوە. ئەوەش دەشێت، یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆ ڕێزمانی بەرهەمهێنانی پێشتر و لەو چەمکە دوورکەوێتەوە، کە ئەو ڕێزمانە لە چەند یاساو داڕشتنێکی ڕێزمانیی شێوازی دێرین پێکدێ. جگە لەوە مۆدیلی بنەما و پارامیتەرەکان باسی ئەوە دەکات، زمان لە چەند بنەمایەکی گشتی و ژمارەیەك پارامیتەر بۆ ئەم بنەمایانە پێکهاتووە، لە پێشەوە سیستەمی ژمێرکاری لە دروستکردنی دەربڕینە زمانییەکاندا فەرهەنگ بۆ تێکردەکانی بەکاردێنێ .

یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو جۆرە ڕێبازە ئەوەیە، کە ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانی لە زمانە جیاوازەکاندا گۆڕیوە بۆ ڕیزبوونێکی فراوانتری تایبەتییەکانی زمان، جگە لە لێکۆڵینەوەی دیاردە تایبەتییەکان، دەبێ ئەو جیاوازییانە لە زماندا بۆ هەڵبژاردنی پارامیتەرەکان کەم کرابێتەوە (chomsky : 1997:6) . لەکاتێکا لە جیاوازیی زمانەکاندا دەبێ بیر لە هەڵبژاردنی پارامیتەرەکان بکرێتەوە، پرۆسەی وەرگرتنی زمان مەسەلەی دانانی پارامیتەرەکانە بۆ بنەما گشتییەکان. جگە لەو یاسا تۆمارکراوانەی وەردەگیرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێزمانی سەراپا، لێکۆڵەرەوەکان لە زماندا بەدوای دۆزینەوەی بنەماکانی سنوری پەڕینەوەی زمانیدا crosslinguistic دەگەڕێن (9: 2006 : Hawes).

مۆدێلی بنەماو پارامیتەرەکان(PP) Principles and Parameters ، جگە لە جیاوازی نێوان زمانەکان تایبەتییە گشتییە سەرەکییەکانی بەلاوە گرنگترە. زمانەوانانی بەرهەمهێنان، بەگشتی وەك جۆرە بەهرەیەکی دیاریکراو باسی زمان دەکەن. نەك وەك ڕێبازەکانی تری لێکۆڵینەوەی زمان، زۆرجار جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە زمانێکی دیاریکراو دەکات، زمانەوانی بەرهەمهێنان هەوڵدەدات، وێنەیەکی زانیاریی زمانی ناوەکیی قسەکەری دایك ( دەرونی و بە زگماکی زانین ) ئامادەبکات. بەشێك لەم زانیارییە زمانییە ناوەکییانە باسی زگماکی ڕەگەزی مرۆڤ دەکات، کە پێی دەوترێ ڕێزمانی سەراپا. لەبەر ئەوە UG ئەو سیستەمەیە، کە ئەو بنەماو یاسایانە پێکدەهێنێ، کە بۆ هەموو زمانێکی مرۆڤ وەك یەکە (Chomsky:1981:7). ڕونیدەکاتەوە، UGدەبێ بیر لە هەندێ سیستەمی ئەو بنەمایانە بکاتەوە، کە بۆ ڕەگەزەکان گشتی و بەسودە بۆ هەریەکێك لەو شارەزاییانەی پێشتری تایبەت بەخۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاری UG بەس نییە بۆ قسەکردنی زمانێك. لەلایەکی ترەوە، ئەوەش ڕاستە، کە بنەما ڕێزمانییەکان تایبەت و یاساکان گشتین، بە پلەیەکی کەمتر یا زۆرتر جیاوازییەکی کەم لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا هەیە، بەو پێیەی شیکردنەوەکە پشت بەو زمانانە دەبەستێ ( Fuertes:2001:17) .

UG وەکو سیستەمی بنەما و پارامیتەرەکان لە مێشکی منداڵدا دەردەکەون. منداڵەکەش بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدایە، ڕێزمانی ناوەکی لە قۆناغی هەمیشەییدا stead state (Ss) دروست دەکات، کە بەها دەداتە هەموو پارامیتەرەکان، سود بە یەکێك لەو زمانە ڕێپێدراوانەی مرۆڤ دەگەیەنێ، وەك: فەرەنسی، عەرەبی، کوردی، یان هەر زمانێکی تر. مێشکی منداڵ سەرەتا بەڕووی هەموو زمانێکی مرۆڤایەتیدا کراوەیە. دواتر فێری یەکێك لە زمانەکان دەبێ، هەرچییەك لەو زمانەی فێری دەبێ، پێویستە لەسەر بنچینەی ئەو ئەزمونانەیەوە ئەنجام بدرێ، کە لە هەموو خاڵێکی هەڵبژاردندا یاساکانی زمانەکەی خۆی هەڵدەبژێرێ(Rizzi,2004: 330) . ئەو بنەمایانەی UG بنەمای قۆناغی سەرەتایین .S0 هیچ زمانێك ئەم بنەمایانە تێکنادات، چونکە دەبێ لەسەرەتاوە بیخەینە ڕوو، کە ئەوەی منداڵ دەیبیستێت، دیاریدەکات . نازانێ ئەوەندە بەکاربهێنێت، ئەوانە بەشێوەیەکی خۆکرد لەناو پێکهێنی ڕێزمانی منداڵدا یەکدەخرێن. لێکچوونی نێوان زمانەکانی مرۆڤ و بنچینە هاوبەشەکانیان لە بنەماکانی مێشکەوە دەست دەکەوێت، یابانی شوێنی سەرەکی خۆی هەیە، زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و کوردیش بەهەمان شێوەن. چونکە هیچ هەڵبژاردنێکی تر لە منداڵدا کراوە نییە ( Cook and Newson :2007:59). هەموو منداڵێك لە فێربوونی زماندا بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت، ئەو قۆناغانەش لە هەموو منداڵێکدا وەك یەکە، بۆ نموونە لە هەنگاوی یەکەمدا دوای فێربوونی یەك دەنگ و دوو دەنگ وشە بەکار دەهێنێ وەك، بابە، دادە، کە وشەی تەواون، دواتر فێری بەکارهێنانی دوو وشە دەبێ، کە ماوەیەکی دەوێ، دوای ئەوە ڕستەکان کراوەن و سنوریان نییە. منداڵ بۆ ئەوەی فێری زمان ببێ دەبێ فێری داڕشتەی ڕێزمانێك بێ، بەڵام بەچی و لەکوێ فێری

دەبێ ؟ بەڕای چۆمسکی لەگەڵ لە دایکبوونیدا بنەما و یاساکانی زمان فێربوون لەگەڵ خۆیدایە، ئەمە سەلیقەی زمانی یا توانستی پێ دەڵێن، ئامادەیە بۆ فێربوونی زمان، تەنها هەر ئەو ئامادەییەی نییە بۆ نموونە زمانێکی وەکو، کوردی یا ئینگلیزی فێر بێ، بەڵکو ئامادەیی تێدایە بۆ فێربوونی هەر زمانێکی تر یان زیاتر لە چەند زمانێك، کەڵك لە چەند یاسایەك وەردەگرێ، کە لە دروستکردن و داڕشتنی خۆیەتی بەڕێگەی هەڵهێنجانی خۆی پێی دەوترێ پارامیتەر. بۆ نموونە، ئەوانەی تایبەتن بە زمانەکەی خۆی، لەو ژینگەیەی لەدایك بووە کەڵك لەو یاسایانە وەردەگرێ، کە گشتین و ئەوانەش، کە لە زمانەکەی خۆیدا هەیە.

فێربوونی زمانێك مانای دانانی هەموو پارامیتەرەکانی( UG) یە بەباشی. ئەمانە ئەگەرچی لە ژمارەدا دیاریکراون، بەڵام لە کاریگەرییەکانیاندا بەهێزن، بۆ فێربوونی ئینگلیزی نەك یابانی. منداڵ پێویستە بەها بۆ ئەو پارامیتەرانە دابنێ، کە چەند پارامیتەرێکی دیاریکراون، منداڵ فێری یاساکان نابێ، بەڵام شێوازی بڕیاردانی پارامیتەرەکانە، کە دەبێ ڕەفتار لەگەڵ تۆڕی ئەو بنەمایانەدا بکات، کە ئەو ناوەرۆکە بۆ ڕێزمانێکی ناوەکی دروست دەکەن. لە واقیعدا، ئەو زمانە ناوەکییە I-language بەتەواوی چەند پارامیتەرێك دادەنێ و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە(Chomsky: 1991b:41) ، نەك سندوقێکی ڕەش و مەبەستە شاراوەکانە، چۆمسکی لە ئێستادا بەوردی سیستەمێکی دیاریکراو لەو تایبەتییانە پێشنیاز دەکات، هەر یەکێکیان بۆ بەرەنگاربوونەوە کراوەیە.

سەرەڕای ئەم ڕێزمانە ناوەکییە (کڕۆکە)، منداڵ چەند دانەیەکی واتایی دەستدەکەوێ، کە هەر یەکێکیان دەربڕینی دەنگی، کۆدە سینتاکسییەکان و واتاکەی لەگەڵ خۆیدایە. لەکاتێکا کێشەی فێربوونی ڕێزمانی ناوەکی بە چەند کردەیەك ڕێکدەخرێت، کە منداڵەکە بڕێکی ئێجگار زۆر ئەرك دەخاتە سەر دۆزینەوەی ڕوخسارەکانی هەزاران وشە. گرنگترین بەشی فێربوونی زمان مەسەلەی پیشاندانی ئەو زانیاریانەیە، کە تایبەتییەکانی کەرەسە فەرهەنگییەکان دەینوێنن ( Chomsky:1982:8 ). هەروەها منداڵ پێویستی بە فێربوونی ئەو دەروازانەیە، کە پەیرەو دەکرێن، وەکو ئەوەی بۆ نموونە: (خەوت) کردارەو، کە داوای بکەرێك دەکات، (دا) کردارێکە، کە داوای بکەر، بەرکار و بەرکارێکی بەیاریدە دەکات.

بۆ نموونە، ئەگەر سەیری ڕیزبوونی وشەکان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان زمانەکانی وەك ئینگلیزی و ئیسپانی و یابانی و کوردیدا هەیە، بەڵام پێکهاتەکانی وەك بکەر، کارەکان و بەرکارەکان لەهەموو ئەم زمانانەدا بەرچاو دەکەون بەڵام جۆری ڕیزبوونەکانیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. بەو پێیە ئینگلیزی و ئیسپانی بە زمانی SVO دادەندرێ، یابانی و کوردیش بە زمانی SOV دادەنرێن،وەك لە نموونەکانی خوارەوە دەبینرێ :

(1) John hit Mary

(2) Juan lepegǒ a Maria

[ Juan her-clitic hit-3rdps-past to Maria]

(3) John ga Mary o but-ta

[John particle Mary particle hit-past]

(٤) سامان نەمامەکەی ناشت .

بەم پێیە لە ئینگلیزی و ئیسپانیدا بەرکارەکە لەدوای کارەکەوە دێ، لە یابانی و کوردیدا بەرکارەکە پێش کارەکە دەکەوێ. لە مۆدێلی PP دا ئەم جیاوازییە لە ڕیزبوونی پێکهاتەکاندا بەهۆی پارامیتەرێکی سەرەکییەوە دەردەکەوێ، پێی دەوترێ پارامیتەری ڕیزبوونی وشەکان ,Kuno 1973, Zwart 1993 ) (Haegeman 1994, Kayne 1994. هەروەها (محمد دبیر مقدم ١٣٧٩/ ٢٠٠٠ ز : ٤٢٤) دەڵێ : هەر پارامیتەرێك دوو بەها یا دوو باری هەیە، کە زمانەکان لەسەر بنەمای ئەو دوو بەهایە دەست بە هەڵبژاردن دەکەن. بەو پێیە لە نموونەیەکی پارامیتەری سەرە- تەواوکار، هەندێك لە زمانەکان یاسای سەرە سەرەتا ( واتە یەکەمجار سەرە دواتر تەواوکار ) هەڵدەبژێرن، هەندێکی تر یاسای سەرە کۆتایە ( واتە یەکەمجار تەواوکار دواتر سەرە ). ئینگلیزی و فەرەنسی سەرە سەرەتان، لە فرێزی کاریدا، کار لە سەرەتادا دێ و دوای ئەوە بەرکارەکە، بەڵام یابانی و تورکی کارەکە لە کۆتایی فرێزی کارەکەوە دێ و لەو ڕووەوە سەرە کۆتان، کوردیش بەهەمان شێوەیە. پارامیتەرێکی تر، پارامیتەری بکەر کەوتە-pro drop parameter، زمانی ئیتالی و فارسی و ئیسپانی و کوردیش جیاوازن لە ئینگلیزی، کە ڕێ بە بکەر دەدەن لە ڕستەدا دەرنەبڕدرێ. ئەو پارامیتەرەی کە لە زمانەکانی وەك زمانی ئینگلیزی پێك دێن، ڕێ بە جێناوی سەربەخۆی بکەر نادەن لابـبردرێ و ئەوانەی وەك ئیتالی بە زمانەکانی بکەر کەوت (پەڕێن) ناودەبرێن، ئەوانەی وەك ئینگلیزی بە زمانە بکەر نەکەوتەکان non-pro-drop ناودەبرێن. بۆ نموونە لە کوردیدا دەوترێ : هاتم. کە لێرەدا جێناوی سەربەخۆی بکەری لادراوە، و ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەڵام لە ئینگلیزیدا came لە بەرامبەر ئەو ڕستەیەی سەرەوەدا، ڕستەیەکی ناڕێزمانییە و دەبێ بەشێوەی I came بگوترێ، واتە پارێزگاری لە مانەوەی جێناوی بکەری دەکات. چۆمسکی لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بەگوێرەی ڕێزمانی گواستنەوە باسی ئەوەدەکات، کە لەڕاستیدا ئەم ڕێزمانە بە قۆناغی پێش دەستپێکردنی زمانی (pre-linguistic initial state (= Si یا قۆناغی سفر (zero state (= So ناسراوە، یا زانیاری زمانیی خودی منداڵ لە سەرەتای لەدایکبوونییەوەیە، واتە بارێکە، کە هێشتا ڕووبەڕووی هیچ زمانێکی تایبەتی نەبۆتەوە. سەرجەم زانیارییەکانی ئەم قۆناغەی منداڵ بنەماو پارامیتەرەکانە. منداڵ ئەو ئەزمونە

وەردەگرێ ( واتە هەبوونی زمانێك لە دەوروبەری منداڵ، كە گفتوگۆی پێ بكرێ )، بەهای پارامیتەرەكان لەسەر بنچینەی ئەو ئەزمونەی خۆی هەڵدەبژێرێ و جێگیری دەكات. منداڵێك، كە كەوتبێتە ژێر كاریگەری زمانی ئینگلیزی یاسای سەرە- تەواوكاری لا جێگیر دەبێ. چۆمسكی ئەو ڕێزمانەی كە لە ئەنجامی ئەم قۆناغە دێتە كایەوە بە ڕێزمانی كرۆك core grammar ناو دەبات، سەرەڕای ئەوەش هەموو زمانێك كەرەسەكانی لە ڕەگەز و ڕۆنانەكانی پێشتری وەرگیراوە و داهێنانەكانی ڕابردووی بۆ بەجێ ماوە. ئەوە لەم بابەتەدا بە ناونیشانی دەوروبەر(سنور) periphery باسكراوە، كە لە ڕاستیدا ڕەگەز و ڕۆنانە دیارەكانی ئەو زمانەن. ئەو كۆمەڵە زانیارییە ( ڕێزمانی ناوەرۆك + دەوروبەر ) زانیاریی زمانی قسەكەری زمانێكی ناوچەیی پێكدەهێنێ. بەو پێیە ئەم زانیارییانەی زمان بارێكی باشتر و هەمیشەیی هەیە و بە قۆناغی هەمیشەیی (Ss =) stead state بەناوبانگە، كە لەكۆتاییدا تەنها لەژێر كاریگەری ڕێكخستنەكانی دەوروبەرەكەیدا دەمێنێتەوە و فێری وشەی نوێ دەبێ , Chomsky :1981:7,8 ). (1986a:25 هەمان زانیاریی زمانی قسەكەرێكی زمانێكی ناوچەییە، كە لە چوارچیوەی تیۆری ستانداردا لەژێر ناونیشانی توانستی زمانی ناسراوە و لە شوێنی تردا چۆمسكی بە توانستی ڕێزمانی ناوی دەبات ) Chomsky 1980 : 59 , 1981:18).لە خوارەوە وێنەی ( ٥) دیدی چۆمسكی بەگوێرەی دروستبوونی زانیاریی زمانی قسەكەری زمانێكی ناوچەیی ( = ڕێزمانی یەك زمان ) دەخاتەڕوو ( محمد دبیر مقدم: ١٣٧٩/ ٢٠٠٠ : ٤٢٥).

(٥) وێنەی فێربوونی زمانی منداڵ




ڕێزمانی گواستنەوە　　　ڕێزمانی ناوەكی　　　ڕێزمانی ناوەكی و دەوروبەر

## ١ ـ ٢ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بە سەركەوتوترین و گشتگیرترین فۆرمی تیۆرەكانی ڕێبازی بنەماو پارامیتەرەكان دادەنرێ، كە ناوەكەی لە چەند وانەیەك لەسەر تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەی چۆمسكی ١٩٨١ وەرگیراوە. وەك ( Hornstein : 2001:2-3 ). ئاماژەی پێ دەكات، GBچەند سیمایەكی جیاكەرەوەی هەیە:

1- پەیرەوئاڵۆزی 2 .Modularity - پێکهێنێکی گواستنەوەی گشتی a general transformational component. 3- هەمان چوار ئاستی شێوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو، و ٤ ـ دەسەڵات وەك پەیوەندیی ڕێزمانیی سەرەکیcentral grammatical relation .

ئەم سیمایانە گرنگن بۆ تیگەیشتن لەوەی چۆن GB بۆتە هۆی بچوکترین پڕۆگرام Minimalist Program (MP).

ئەم تیۆرە وەرچەرخانێکی نوێی لە پەرەسەندنێکی نموونەی Paradigme بەرهەمهێنان پێکدەهێنێ. بەو وانانە دەستپێدەکات، کە چۆمسکی لە زانکۆی Pise ی ئیتالی ساڵی (١٩٨١) ختییە ڕوو . ئەم تیۆرە دابەش دەبێت بۆ دوو لق :

ـ لقی یەکەم بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ناسراوە، لەنێوان ( ١٩٨١ ـ ١٩٨٥ ) درێژدەبێتەوە و ئەم لێکۆڵینەوانەی خوارەوەی چۆمسکی دەنوێنێ:

- Lectures on Government and Binding theory.
- Some Concepts and Consequences – of the theory of Government and Binding. Trad française. Dans La nouvelle Syntaxe.
- Knowledge of Language :Its Nature , Origin, and Use , New York. Praeger

لقی دووەمی تیۆری بنەما وپارامیتەرەکان بە تیۆری بەربەست ناسراوە، خۆی لە کارەکەی چۆمسکی Barrier دەبینێتەوە.

تیۆرەکە لەم قۆناغەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بە چەند تایبەتمەندییەك جیادەکرێتەوە:

١ـ ئەو تیۆرەی کە لەسەر یاساکانی فۆرمی دانراوە دەگوازێتەوە بۆ تیۆرێك، کە لەسەر بنەما گشتییەکان دادەنرێت و دەسەڵاتی بەسەر زمانی سروشتیدا هەیە.

٢ـ بنەما گشتییە هاوبەشەکانی نێوان هەموو زمانەکان دیاریدەکات ، کە بە ڕێزمانی سەراپا ناسراوە و ئەو کۆتە گشتییانەی سەر یاساکان دەکاتە ئامانج بۆ دیاریکردنی ڕۆنان و داڕشتن. بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو کردە ڕێزمانییانە دەڕوات، کە ئەو گریمانە گشتییانە لە سیما گشتییەکانەوە بۆ سیستەمی ڕێزمانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، کە وادادەنێ، ئەوە بەشێکە لەو تایبەتییە بنجی و بیۆلۆجییە هاوبەشانەی لەنێوان هەموو مرۆڤێکدا هەیە. ئەم سیمایانە پێیان دەوترێ ڕێزمانی سەراپا، کە لە چەند بنەمایەکی بنچینەیی گشتی پێکدێ ( مصطفی غلفان : ٢٠١٠ : ١٩٧).

٣- دوای تیۆری ستاندارد، یەکێك لە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکانی بەرهەمهێنان کەمکردنەوەی ژمارەی گواستنەوەکانە، کەواتە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، زاناکان پێشنیازی تیۆرێکی گشتی جولانەوە دەکەن بەناوی ئەلفا بجولێنە Move – α (Haegeman : 1991:305 ) .

٤- GB لەبەرامبەر بەکارهێنانی تاکە یاسایەکی گواستنەوە پێشنیازدەکات، کە ڕێزمانی گواستنەوە transformational grammar لەسەر بنچینەی دوو بۆچوون دابنرێ، یەکەمیان، ڕێزمانی هەموو زمانێك، کە وەك کۆمەڵێك بنەمای گشتی لە مێشکدا دروست بووە، لە ڕێزمانی سەراپادا ڕێی پێدەدرێ، بە یەکسانی لەسەر ڕێزمانی هەموو زمانێك بەکاربهێنرێ. دووەم، لەناو ڕێزمانی سەراپادا، دەبێ ڕێزمانی زمانە تایبەتەکان لە هەموو ڕوویەکی بچوك و دیاریکراودا جیاواز بن، ئەم گۆڕانکارییانە لەتوانایاندایە وەك پارامیتەرەکان دروست ببن، و ئەو بۆچوونەی کە دەکرێ هەر زمانە و بە بەکارهێنانی یەکێك لەم پارامیتەرانە و ڕێکخستنێکی تایبەتی ڕێزمانەکەی جیابکرێتەوە. هەر پارامیتەرێك ژمارەیەکی کەم لەو یاسایانە ڕێکدەخات، کە ئاسایی تەنها دووە یا سێیە (stockwell : 2007 : 103 ).

٥- لەم تیۆرەدا کەرەسە سینتاکسییەکان وەك سێ بەشی ( ڕۆنانی - ژ، ڕۆنانی - س و LF ) نیشان دەدرێن، کە بە یاساکانی ( تیۆری X-bar ) ڕۆنانی فرێز و یاسای گواستنەوەی ئەلفا بجولێنە دروست دەکرێن. کۆتە سینتاکسییەکان دەتوانن فۆرمی جیاواز دروست بکەن. یەکەم، دەتوانن فلتەرەکان لەو مەبەستەدا بنوێنن، کە لە یەکێك یان زیاتر لەو سێ ئاستە ڕۆنانی - ژ، ڕۆنانی - س و LF بەکاربهێنن (وەکو بنەماکانی تیۆری - θ، بنەماکانی تیۆری بەستنەوە، یان بنەمای کەتیگۆری بەتاڵ ECP ). جگە لەوە دەتوانن ئەو کۆتانە دابڕێژرێن ، کە لەهەموو ئاستێکی دیاریکراودا بەکارناهێنرێن، بەڵام خۆی کردەی جولانەوە جیادەکاتەوە ( وەکو مەرجی بەرەوخوارەوە Subjacency ). دواتر GB وای دەبینێ کە کۆتە سینتاکسییەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە، گشتی بن. کۆتە سینتاکسییەکان نە دەنوێنرێن نە دادەڕێژرێن، بەڵکو لە دارشتنێکی ئاڵۆزدا پەیوەندییان بە نواندنە نا - هاوسێیەکانەوە هەیە non- adjacent representations لەو بارەدا لەلایەکەوە، بنەمای جێکەوتە کۆتێکی گشتییە، کە پەیوەندی بەو سێ ئاستەی نواندنەوە هەیە، بەهۆی ئەو داخوازییەی کە لە ئاستێك بۆ ئاستێکی تردا پەیوەندی بە تایبەتییە لقە پۆلی دانە فەرهەنگییەکانەوە هەیە، کە لەو کاتەدا هەموو ئەم جۆرە کۆتە گشتییانە دەگرنەخۆیان. دەتوانرێ بە هەموو تێڕوانینێکەوە کەرەسەی سینتاکسیی ڕونکراوە Si پاساوبدرێ. تایبەتییەکانی تری کەرەسە سینتاکسییەکان پەیوەندییان پێوە نییە. کەواتە، هەموو جۆرە کۆتەکان ( نواندن، دارشتن، گشتی) دەتوانرێ لەو مەبەستەدا وەك ناوخۆ سەیر بکرێن ( Müller & Sternefeld : 2001:2).

٦ـ لە دەسەڵات و بەستنەوەدا، قالبەکان Modules داواکارییە ڕێزمانییە جیاوازەکانی تیۆرەکە جێبەجێ دەکەن. هەر یەکێك لەو پەیوەندییە جیاوازانە، سیما و کردەکانی ڕێزمانەکە قالبێکیان هەیە، کە ئەمانە لەخۆ دەگرن : قالبەکانی دۆخmodules for case ، بەستنەوەbinding ، ڕۆنانی فرێزphrase structure ، جولانەوەmovement ، کۆنترۆڵcontrol ، ڕۆنانی - ثیتا theta-structur ، و دیاریکردنی شوێنپێ trace identification. هەر قالبێك ئاماژە بە بەڕێوەبردنی پێکهێنێکی جیاوازی ڕێزمانی سەراپا دەکات. ئەگەر بەراوردی ئەمە بکەی لەگەڵ یاسا سادەکاندا ڕێ بە GB دەدات ببێتە پێکهێنەرێك، بە بەکارهێنانی قالبەکان، پێویستی یاساکانی ڕۆنان ناهێڵێ. جگە لەو ڕۆنانانەی کە لەمەوپێش لە ئەنجامی کارلێکردنی نێوان قالبەکاندا ئەم یاسایانەیان پێکهێناوە .

٧ـ ئاستی فۆڕمی لۆجیکیLF ، کە دوائاستی داڕشتنی سینتاکسییە، پێویستە توشی پێوەری ثیتا theta criterionو کۆتی لقە پۆلەکان ببێ، بەڵام بنەمای جێکەوتە ئەوە مسۆگەر دەکات، کە ئەم زانیارییە لە سەرانسەری هەموو ئاستە سینتاکسییەکاندا بە جێگیری دەمێنێتەوە. ئەم کۆتانەی سەر دەرکردەی داڕشتنە سینتاکسییەکە، بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەهێز خۆیان دەسەپێنن بەسەر کۆتەکانی سەر داڕشتنە سروشتییەکەدا (Webelhuth : 1995:5 ) .

پێکهێنی گواستنەوە لە GB دا لە دوو جۆر یاسای سەرەکی پێکهاتووە، یاساکانی جولانەوە و یاساکانی ڕۆنان GB .تاکە یاسایەکی سادە بۆ جولانەوە بەکاردەهێنێ، پێی دەوترێ ئەلفا بجولێنەMove Alpha ، کە ڕێ بە هەموو کەتیگۆرییەك دەدات لەهەر کاتێکدا بجولێتەوە بۆ هەر شوێنێك. جولانەوە دواتر لەلایەن پێوانەکانی GB سنوردار دەکرێ بۆ دورکەوتنەوە لە بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویستovergeneration . کاتێ کە کەتیگۆرییەك دەجولێتەوە شوێنپێیەك لەدوای خۆی بەجێدێڵێ، کە لەڕووی فەرهەنگییەوە XP یەکی بەتاڵی هەمان کەتیگۆرییە، لەو شوێنەی کە دەست بە جولانەوە دەکات (Hornstein 2001 : 2 ) .

## ١ ـ ٣ جیاوازی لە سیستەمی یاساکاندا The Variation of Rule Systems

دوو بۆچوون دەتوانرێ لە ڕێزماندا جیابکرێتەوە، یەکێکیان بایەخ بە سیستەمی یاساکان دەدات و ئەوی تریان، سیستەمی بنەماکانە. بۆ نموونە، لە چەشنە نوێیەکانی تیۆری ستانداردی فراوانکراو EST وەك لە ( ٦)دا تێبینی دەکرێ، سیستەمی یاساکان لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێ:

(٦) أـ فەرهەنگ

ب ـ سینتاکس : ١ ـ پێکهێنی بنچینە. ٢ ـ پێکهێنی گواستنەوە.

ج - پێکهێنی لێکدانەوە : ١ - پێکهێنی PF . ٢- پێکهێنی LF ( Chomsky :1982:4)

GB وای بۆ دەچێ ئەو مۆدێلەی دارشتن لە چوار ئاستی نواندن پێکدێ. وەك لە وێنەی(٧)دا خراوەتەڕوو. فەرهەنگ تایبەتییەکانی خودی دانە فەرهەنگییەکان دەخاتە لیستێکەوە، کە پێکدێ لە دانە سینتاکسییە سەربەخۆکان. فەرهەنگ ڕۆنانی نابەرجەستەی مۆرفۆ - فۆنۆلۆجی، لە هەر دانەیەکی فەرهەنگیدا سیمای سینتاکسیی و کەتیگۆری و سیمای بارودۆخی ڕوودانەکانی لەخۆ دەگرێ. دانە فەرهەنگییەکان لە ڕۆنانی - ژ ( ڕۆنانی بنچینەیی)دا بەیەکەوە بەشدار دەبن. ڕۆنانی - ژ نەحشە بەرەو ڕۆنانی - س دەکێشێ، کە ئەو نواندنە سینتاکسییە زۆر بەوردی و بەباشی ڕیزبوونی ڕستەکە پیشان دەدات. ڕۆنانی - س ڕاسەوخۆ خۆی لێکناداتەوە، بەڵام دەبێتە هۆکارێك بەرەو فۆرمی فۆنەتیکی phonetical Form (PF)و فۆرمی لۆجیکی Logical Form (LF) . PF ئەو هاوبەشەیە لە فۆنۆلۆجیدا لەو شوێنەدا کە شێوە، دەنگ و کۆکردنەوەی دانەکان ڕاستەوخۆ ڕوندەکرێنەوە. LF هاوبەشە لەگەڵ واتادا، پەیوەندی بارەکان و بواری ڕادەکان و نیشانەی چەند جۆرێکی جیاوازی کردەکان لە ڕۆنانی فرێزەکە لە LF دا ڕوندەکرێنەوە .

فەرهەنگ هێشتا وەك کۆگایەکی زانیاریی دانە فەرهەنگییەکان بەهەموو زانیارییە ڕێزمانی، واتایی و لقە پۆلەکانەوە بەشدار دەبێ، کە لەڕووی سینتاکسییەوە پەیوەندییان بە هەندێ لایەنی دەروازەی فەرهەنگییەوە هەیە ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە صباح رشید : ٢٠٠٩ ).

(٧)




ئەم ئاستانەی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بەهۆی یاساکانەوە ( بە لاری لە (٧)دا خراوەتەڕوو). تاکە یاسایەکی جولانەوە، نەخشە لەنێوان ڕۆنانی - ژ و ڕۆنانی - س دا دەکێشێ و هەمان یاسا نەخشەی ڕۆنانی - س بەرەو LF دەکێشێ. ئەلفا بجولێنە Move-α لە بنچینەدا وەك یاسایەکی سادە ڕوونیدەکاتەوە، ڕێ بە

هەموو شتێك دەدات بۆ هەر شوێنێك بجولێ. بەڵام سیستەمی كۆتەكان بە تەواوی بەرپرسە لە دانانی سنوری ئەم جولانەوەیە. وادادەنێ شێوازبەندی و یاسا فۆنۆلۆجییەكانی تر لە PF دا ڕوودەدەن ( Black : 1999:2). ئەوانەش بەهۆی یاسای ئەلفا بجولێنە نەخشە بەرەو ڕۆنانی ـ س دەكێشێ، كە شوێنپێیەك بەجێ دەهێڵێ، كە هاونیشانەیە ( coindexed ) لەگەڵ پێشەنگەكانی، ئەم یاسایەی پێكهێنی گواستنەوە پێكدەهێنێ، دەبێ لە فۆرمی فۆنەتیكی و لۆجیكیدا دەربكەوێ. كەواتە سینتاكس ڕۆنانی ـ ژ بەرهەم دەهێنێ، كە بەهۆی پێكهێنەكانی (PF و LF) وەیەك لەدوای یەك نواندنەكانی PF و LF ی دەدانێ (Haider:1991:7) . واتە، پێكهێنی PF نەخشەی ڕۆنانی ـ س دەكێشێ بۆ ڕۆنانی سەرەوە لە نواندنی فۆنەتیكیدا، و پێكهێنی LF نەخشەی ڕۆنانی ـ س دەكێشێ بۆ نواندنێك لە LF دا .

سیستەمی بنەماكان لە هەر یەكێكیاندا سەیری پرۆسە ڕێزمانییەكان دەكات، جەخت لەسەر ئەو بنەمایانە دەكاتەوە، كە یاسا و نواندنی ڕیزبوونە جیاوازەكان هەڵدەگرن. لەم بنەمایانە دەكۆڵینەوە، كە دەكەونە ناوەوەی ئەم لقە سیستەمانەی خوارەوە :

(٨) أ- تیۆری X-bar

ب ـ تیۆری ـ θ

ج ـ تیۆری دۆخ

د ـ تیۆری بەستنەوە

ە ـ تیۆری سنور دانان

و ـ تیۆری كۆنترۆڵ

ی ـ تیۆری دەسەڵات

### ١ ـ ٤ تیۆری ئێكس ـ باڕ X-bar theory

تیۆری ئێكس ـ باڕ لە ئەنجامی ئەو كەموكورتییانەی یاساكانی فرێز پێكهێنان و سینتاكسی بەرهەمهێنانی پێشتر هاتۆتە ئاراوە[١] . هەوڵدەدات تایبەتییە گشتییەكانی كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكان لە هەموو زمانە مرۆڤایەتییەكاندا بەرجەستە بكات و یەك بنەمای گشتی بەكار بهێنێ، كە بە بەشێك لە یاساكانی ڕێزمانی سەراپا دادەنرێ، بۆ هەموو جۆرە فرێز و ڕستەیەك لە هەر زمانێكدا بێت.

[١] بۆ كەموكورتییەكانی یاساكانی فرێز پێكهێنان بڕوانە صباح رشید: ٢٠٠٩

یەکێك لەو بنەما ناوەکییانەی core principles سینتاکسی بەرهەمهێنان ئەو بۆچوونەیە، کە سینتاکس ڕۆنان ـ دیاری دەکات، ڕستەکان لەڕووی پلەوپایەوە بەسەر چەند جۆرێك پێکهاتەدا ڕێکدەخات، فرێزەکان لەهەر ئاستێکی پلەو پایەکەدا بن، هەمان ئەو بنەما ڕۆنانییانەی پێکهاتەیەك دیاری دەکەن. ئەو بنەما ڕۆنانییانە دەتوانرێ بەپێی ئەو بۆچوونە دێرینە کاکڵەییە (کرۆکی) endocentricity کورت بکرێتەوە : پێکهاتەکان لەڕووی پلەوپایەوە لە دەوری سەرەیەك ڕێکدەخرێن، کە سەرەکە تایبەتییەکانی ئەو پێکهاتەیە دەخاتەڕوو (Haegeman:1995:2). لە خوارەوە هەندێ لەو تایبەتییانەی تیۆری ئێکس ـ باڕ دەخەینەڕوو :

١ـ لە ئێکس ـ باڕدا تێبینی ئەوە دەکرێ بە ژمارەیەکی زۆر کەم لەو یاسا جیاوازانەی کە لە یەك یاسادا بەکاردەهێنرێ بۆ دیاریکردنی سروشتی هەموو ئەو ڕۆنانانەی لە زمانەکاندا هەیە. بەم شێوەیە یاساکانی فرێز پێکهێنان هەموویان لە چوارچێوەی هێمایەکدا (X) کۆدەکاتەوە، بەسێ یاسای کورت دەربڕدەبڕێت، ئەمە ئابوریکردنێکی زۆر بەدەستەوە دەدات Finch:2000:138) ، ڤیان سلێمان:٢٠٠٩: ٢٦) وەك لە (٩)دا خراوەتەڕوو:

(9) a. X̄ ⟶ X YP  ( comp , X̊ / X̊ , comp )

b. XP/ X̿ ⟶ YP X̄  ( spec , X̄ )

c. X̄ ⟶ (adjunct) , X̄ / X̄ , adjunct  سەربار ، X̄ / X̄ ، سەربار

پێکهێنی بنچینە پشت بە تیۆری سینتاکسی ئێستای ئێکس ـ باڕ دەبەستێ، ڕێ بە دروستکردنی ڕستە بنچینەییەکان دەدات. ئەو یاسایانە زۆر کورت و پڕمانا و ئێجگار زۆر تایبەتن. لەم یاسایانەدا، X خۆی بۆ کەتیگۆری پاڕستە C یان INFL ( تەواوکاری و گیرەکی ڕێزمانی ) یان بۆ یەکێك لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان کار (V)، ) ناو (N )،ئاوەڵناو (A) یان ئامرازی بەند (P) هەڵدەبژێرێ. ئەم نیشانەیە(⁻) لە X̄دا بۆ ئاستی باڕەکەیە، (⁼)بەرزترین باڕ پیشان دەدات X . سەرەیەکە لەو یاسایەدا و سیمای ڕێکەوتنی سینتاکسی و سیمانتیکی بەڕێوەدەبات. ڕاستەوخۆ هەردوو کەتیگۆری X لەخۆیەوە لە یاساکەدا دەبەستێتەوە (Saint-Dizier:1988:3 ). لە ئەنجامدا، ڕۆنانی گشتی بۆ هەر کەتیگۆرییەکی ( ١٠) پێکدەهێنێ :

(١٠)



۲- X̄ بۆ یەکەم ئاستی ناوەند دادەنرێ، ناوی پەیرەوەکە ( ئێکس - باڕ) لەوەوە هاتووە، ژمارەی ئەو ( X̄) انە بەندە بە مۆرفیمی سەربەخۆ و بەندەکانەوە، ژمارەیان چەند بێ ئەوەندە دوبارە دەبێتەوە. هەموو مۆرفیمێك لە X̄ دا لەهی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەمە تایبەتییەکی گرنگی (ئێکس - باڕ)ە، کە دەڵێ : لەنێوان ئاستی فرێزی مەزن و سەرەدا دەکرێ چەند ئاستێکی تر جیابکرێتەوە، بەوانە دەڵێن ئاستی ناوەڕاست (باڕ)، کە ژمارەیان بەپێی پێویست و مۆرفیمەکان دوبارەدەبنەوە. بۆ نموونە لە فرێزی ناوی ( هەر دوو منداڵەکە)دا ئاستەکان بۆ هەر مۆرفیمێك بەم شێوەیە جیادەکرێنەوە :

(۱۱)   هەر دوو منداڵەکە  (فرێزێکی ناوییە )




۳- یاساکان لە ( ۱۲)دا لە بەکارهێنانی کەتیگۆری جیاوازدا گشتییەتی ئەنجام دەدات، X و Y کە ڕێگە بە هەموو کەتیگۆرییەکی گونجاو( ناوەکان، کارەکان، پێشبەندەکان، دیارخەرەکان، هتد) دەدات، کە ئەم یاسایانە پێمان دەڵێ چۆن فرێزەکان بەگشتی ڕۆدەنرێن، نەك چۆن بە تایبەتی VPs و PPs یان DPs ڕۆدەنرێن .

هەندێ ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەم یاسایانەوە دەکرێ بۆ هەموو فرێزێکی کەتیگۆری، کە دوو پێکهاتەی تەنیشت یەك immediate constituent لە X̄ دا ( ئێکس باڕی پێ دەوترێ) هەیە : یەکەمیان X سەرەی فرێزەکە و ئەوی تر YP/C تەواوکاری پێ دەوترێ، کە سەرەکە یا لەپێشیەوە دێت یا لەدواوەی. سەرە head ڕەگەزێکی سەرەکی فرێزەکەیە، ئەگەر سەرەکە ئاوەڵناوێك بوو، X̄دەبێ Ā بێ و ئەگەر سەرەش تەواوکاری بوو X̄ دەبێ C̄ بێ . ڕۆنانەکە لەم درەختەی خوارەوەدا ڕووندەکرێتەوە:

(۱۲)



لێرەدا هەندێ ڕۆنانی فرێز بەپێی سەرەکانیان ( کارV ، ناوN ، پێشبەندP ، دیارخەرD ) دەخەینەڕوو، هەرچەندە پێکهاتەی سەرەکانیان جیاوازە بەڵام هەموو قالبەکانیان زۆر لەیەك دەچن وەك لە (١٣)دا دەردەکەوێ.

(١٣)




4- یاسای (12b)یاسای دیاریکارە، کە شوێنی ڕۆنانی دیاریکار YP لەم یاسایەی خوارەوە دیاریکراوە :

(١٤)




دیسان پێکهاتەکانی تەنیشت یەك لە (١٤)دا دووە، دیاریکار وشەیەکە یان فرێزێکی هەر کەتیگۆرییەکە و بە ئارەزووە، کە پێش X̄ کەوتووە، ڕیزبوونی ئەم دوو پێکهاتەیە بەندە بە زمانەوە، لە ئینگلیزی و کوردیدا دیاریکار پێش X̄ کەی دەکەوێ. لە (١٥أ)دا دیاریکارەکە DP پێش D̄ دەکەوێ، کە لە دیارخەر و دیارخراوێك پێکدێ VP .لە ڕستەی (١٥ ب)ی خوارەوە پیشاندەدرێ :

(١٥) أـکورەکەی هاوسێمان

ب ـ بڕوام وایە { باخەکە میوەی زۆر بێ } .

(١٥)




لەهەردوو بارەکەدا ئەرگومێنتەکانی ( کورەکە، باخەکە ) شوێنی دیاریکار دەگرن، وەك لە یاسای (12b)دا دیاریکراوە .

5- ئەو تایبەتییە کەتیگۆرییەی بەشداری لە نێوان سەرەکەX° ، X̄ و فرێزەکە XP دەکات پێی دەوترێ جێکەوتەProjection ، کە ئەو سەرەیە بارودۆخی کەتیگۆرییانەکەی لە X̄ پیشان دەدات و لەکۆتاییدا بۆ

XP، كه ئەگەر ئەو دوو بەشەی ڕۆنانەكە بدەینە پاڵ یەكترەوە، دەتوانین زۆر بە ئاشكرا لە (١٦)دا ببینین چۆن جێكەوتەكان كاردەكەن

(١٦)




هێڵی جێكەوتەكە لە سەرەكەوە دەستپێدەكات، بەهۆی X̄ وە بۆ فرێزەكە، كەواتە ئەوە دڵنیادەكاتەوە، كە فرێزەكان و سەرەكان بەیەك دەچن. زۆرجار سەرەكان پێیان دەوترێ جێكەوتەی ئاستی سفر zero level projectionیان X̊ . X̄ یەكەم ئاستی جێكەوتەی پێش(X̊) ە.

لە لوتكەكەی سەرەوەدا فرێزێكمان هەیە، XPیە. ئەمە بەرزترین ئاستە لە سەرەكەدا خراوەتەڕوو، لێرەدا پێی دەوترێ جێكەوتەی مەزن maximal projection . هەندێ جار بە ئێكس دوو باڕ X̿ دەردەبڕدرێ . (Newson:2004:89).

٦- لە ئێكس - باڕدا هەموو فرێزێك بە فرێزی كاكڵەیی(كرۆكی) Endocentric دادەنرێ، واتە هەموو فرێزێك سەرە یاخود ناوكێكی تێدایە، بەڵام هەموو فرێزەكان وەك یەك ڕۆڵ نابینن. هیچ فرێزێك بەبێ سەرە دروست نابێ، شوێنكەوتووەكان لە پێشەوەن یا لەدواوەی ناوكەكە یا سەرەكەوە دەردەكەون (Ende: 2000:11 ). لە كۆندا جیاوازی دەكرا لەنێوان ئەو ڕەگەزە زمانییانەی ناوكی تێدایە(سەرە ناوەكی) endocentric و سەرە دەرەكی exocentric . فرێزێكی ناوكی تایبەتییەكانی لەو ڕەگەزەوە وەردەگرێ، كە پێكی دەهێنێ و لێرەدا ئەم ڕەگەزە بۆخۆی دەتوانێ بەشێوەی فرێزێكی گشتی ئەرك ببینێ. بۆ نموونە :

(١٧) أ - سێ هەڵۆی بەرزم بینی.

ب - هەڵۆم بینی.

لەلایەكی ترەوە، فرێزی سەرەی دەرەكی exocentric هیچ ڕەگەزێك پێك ناهێنێ، كە هەمان ئەركی هەبێ، بەشێوەی فرێزێكی گشتی وادەردەكەوێ، كە ئەو تایبەتییانەی هەیە، سەربەخۆن لەو ڕەگەزانەی پێكی دەهێنێ وەك نموونە:

(١٨) أ ـ ئاسكەكەم { لەناو باخەكە } بینی.

ب ـ *ئاسكەكەم { لەناو}

ج ـ *ئاسكەكەم { باخەكە}

لەڕوانگەی دێرینەوە كەتیگۆری و ئەرك بەشێوەیەك تێكەڵ دەبوون، كە یارمەتیدەر نین. هەرچەندە لەڕووی كەتیگۆرییەوە ئەو خاڵەی كە یاساكانی X-bar ، وای دادەنێ هەموو فرێزێك ناوكێكی لەناو دایە : لەلایەكی ترەوە، هەموو فرێزێك سەرەی هەیە، كە سروشتی كەتیگۆرییانەكەیان دەردەخات. ئێكس باڕ ( لە ) لە فرێزی بەندی ( لە ژوورەوە)دا بە سەرە دادەنێ (Newson : 2004:90 ).

٧ـ هەموو فرێزێك بە ناوی سەرەكەیەوە ناو دەنرێ، بۆنموونە، فرێزی ( ناوی، كاری، دیارخەری، تەواوكاری...هتد ). واتە سەرەكە جۆری فرێزەكە دیاری دەكات، فرێزی ناوی دەبێ ناوێكی تێدابێ، بۆیە پێی دەوترێ فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی دەبێ سەرەكەی ئاوەڵناو بێ..... هتد.

٨ـ سەرە هەمیشە هاوسنوری یەكێك لە سنورەكانی X̄ دەردەكەوێ. سەرە بە یەك ئاستی باڕ نزمتر یەكسەر لەدوای گرێی node /فرێزەكەوە دێ .

٩ـ تەنها جێكەوتەی مەزن دەبێ وەك زاراوەی نا ـ سەرە لەسنوری فرێزێكدا دەركەوێ.

(19)a.*VP ⟶ A PP

b. *VP ⟶ V̄ N

c. *V̄ ⟶ NP V PP

لەنموونەكان (19 ( a,b,c كۆتی ناوكێتی endocentricity ڕێ بە (a ) نادات، كۆتی مەزنێتی maximalityسەر زاراوەكانی نا- سەرە (b)لەخۆ ناگرێ و مەرجی هاوسنوری perpherality سەر سەرەكان چاودێری (c) دەكات .

١٠ـ لە نواندنی هەرچی بۆچوونێكی سینتاكسیدا، دەتوانرێ ژمارەیەكی كەم لەو زانیارییە فەرهەنگییە بنچینەییانە و ژمارەیەكی كەمی كەتیگۆرییە پارامیتەرەكانی ڕۆنانی فرێز كەم بكرێتەوە ، واتە وەك چۆن Stowell (1981) باس دەكات، پێكهێنە بنچینەییەكانی زمانێكی تایبەت كەم دەكاتەوە، بۆ چەند ژمارەیەكی كەمی سادە لەو پارامیتەرانەی تیۆری ئێكس ـ باڕ. جارێكی تر هەموو زانیارییەكی تایبەت بە دەروازەی فەرهەنگی دابیندەكات:

(٢٠) کوشت، { V+، N- } (زانیاری کەتیگۆری )

( کارا، کارتێکراو / Agent ، Patient ) (زانیاری واتایی )

{ V̄ ، NP } ( زانیاری لقە پۆل )

لە سەرەتادا دەزانین، کە ( کوشت ) کارێکە و داوای تەواوکارێك (NP) دەکات. بنەمای جێکەوتە و زانیارییەکانی پێشتر ڕونیدەکەنەوە، کە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، کە دەبێ جێکەوتەی مەزنی VP زاڵ بێ بەسەر V̄ دا، بەوپێیەی کوشت لە LF دا، دەبێ V̄ و(NP) ی بەیەکەوە تێدا بێ. جگە لەوە بە بنەمای جێکەوتەکەی دەزانین، کە NP خوشکی (کوشت)ە وەك کارتێکراوی کوشتن لێکدەدرێتەوە و بکەر - NP لە ڕستەکەدا بە کەمترین پلەی پێکهێنانی جێکەوتەی مەزنی (کوشت) وەك کارای کوشتن لێکدەدرێتەوە. لەکۆتاییدا دەتوانین دڵنیا بین، کە ئەگەر ئەم ڕاستییانەی لە LF دا هەڵبگرێ، ئەوا لە ڕۆنانی - D و ڕۆنانی - Sدا بەباشی هەڵدەگرێ(Webelhuth 1995:34 ).

ئەم ڕاستییەی لە دەروازەکەدایە، بەندە بەو زانیارییەوە، کە بنەما لێکسیکییەکەیە. واتە یاسا لێکسیکییەکە دەخەینە ناو سینتاکسەوە. زانیاری سینتاکسی و لێکسیکی دراوە لەیەك، پێشتر چۆمسکی دەیوت سینتاکس بنەڕەتە، بەڵام لێرەدا دەڵێ یاسا لێکسیکییەکان لە مێشکدایە و بنچینەیە .

## ١ - ٥ جۆرەکانی فرێز

بنچینەی تایبەتییە فەرهەنگی و پۆلە ڕێزمانییەکان بەگشتی لەسەر ئاستەکانی نواندندا، بەناوی ئاستە سینتاکسییەکانی ڕۆنانی - ژ و ڕۆنانی - س پیشاندەدرێ، و ئاستەکانی لێکدانەوە، وەك PF (phonetical form)و LF (logical form ) ناسراون. فەرهەنگ دانە پۆلێنکراوەکان لەناو دوو جۆر کەتیگۆریدا دابیندەکات، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان lexical categories و کەتیگۆرییە ئەرکییەکان functional categories.هی یەکەمیان N , A , V , P لەخۆ دەگرێ، بەڵام کۆمەڵەی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان پێك دێ لە: تەواوکاری complementizer کە بە سەرەی C ( CP = S´ )کورتدەکرێتەوە، گیرەکی ڕێزمانی Inflectional یان سەرەی I ( IP = S )، و دیارخەریDeterminer ، بەپێی هەندێ ڕونکردنەوەی وەك، ( Chomsky 1989 , Pollock 1989 ) کاتTense ، ڕێکەوتن Agreement ، و ئامرازی نەفی Neg هی تر دەگرێتەوە(Saleemi : 1992 : 15) . ژمارەی فرێزەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ، فرێزی ئاوەڵکاری لەزمانی کوردیدا هەیە و زۆر بێهێزە، ئاوەڵناو بێهێزە، هەندێ جار دەچنە ناو فرێزی کارییەوە، هەروەها فرێزی ناوی، فرێزی بەند و فرێزی ناوی بەهێزن. یان بۆ زیادکردنی ئەو جۆرە کەتیگۆرییانە وەك خستنەسەر دەناسرێن .

### ١ ـ ٦ فرێزی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان:

#### ١ ـ ٦ ـ ١ فرێزی ناوی Noun Phrase

لە زمانی کوردیدا فرێزی ناوی(NP) ، لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئاڵۆزە، لە سادەترین شێوەدا وەکو تاکە ناوێ دەردەکەوێ( Fattah1997:196 ، صباح رشید : ٢٠٠٩: ٤٨ ). بۆ نموونە:

(٢١)




لە فرێزی ناوی سادەدا وشەکە خۆی دەبێ بە سەرە، نە دیاریکار و نە دیارخەری هەیە، واتە لە نواندنی سینتاکسیدا N̄ بێ لقە. بەڵام ئەگەر ناوێکی گشتی وەرگرین لەسنوری وشەدا گەورە دەبێ، بەهۆی پاشگر و پێشگرەوە، واتە وشەی تری بۆ زیاد دەکرێ وەك دیاریکار و دیارخەر. وەك ( Haegeman :1994:101 ) . ئاماژەی پێ دەکات بۆ ئەوەی لە ڕیزبوونی وشەدا ڕێ بە زمانە جیاوازەکان بدات، بەگشتی لە نەخشەی ڕۆنانی فرێزدا دەتوانرێ ئەو یاسایانەی (٢٢) وەرگرین.

(22) NP ⟶ spec ; N̄

N̄ ⟶ N̄; XP

N̄ ⟶ N; XP

(٢٣)




(٢٤) ئەو کتێبەی کە بە دیاری بۆم هات



ڕیزبوونی هەر یاسایەکی ڕۆنانی فرێز بەگوێرەی زمانەکە چەسپاوە. لە کاری تازەدا، پێشنیازکراوە، کە سەرەی فرێزی ناوی NP ناو N نییە، بەڵکو دیارخەرە(Determiner (D ، NPوەك DP لێکدەداتەوە. ئەم شیکردنەوەیە، کە بە گریمانەی DP ناسراوە، دواتر باسی دەکەین. فرێزی ناوی لە ناوەوە فراوان دەکرێ و سەرەکە لەناو خۆیدایە، بۆ نموونە :

(٢٥) گوڵ { گوڵ ـ ەکە ـ ان ـ م }

ئەوانەی لەپێشەوەی دێن، دیاریکارەکانن (specifiers ) وەك ( ڕادە/ ژمارە، جێناوی نیشانە، ئامرازی پرس، هەر/تەنیا، ئاوەڵناوی پلەی باڵ )، هەندێ جار هەر و تەنیا بەیەکەوە دێن. فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا زۆر زۆر فراوانە، ناتوانین بڵێین ڕستە لە فرێزێکی ناوی و فرێزێکی کاری پێك دێ، بۆ چارەسەری ئەمە بەهۆی ئێکس ـ بارەوە هەموو جۆرە ڕستەیەك و فرێزێکی پێ شیدەکەینەوە، هەرچەند فراوان بێ، چونکە یاساکان دوبارەدەبنەوە. بۆ نموونە:

(٢٦) هەر ئەو دارەی سەرکانییەکە، کە گەڵکانی وشك نەبووە، بەری زۆر گرتووە.

لێرەدا ئەو ( ی، ەکە )یە بەڕێگای NPهیچ شوێنێکیان لە شیکردنەوەکەدا نییە، بۆیە دەبێ بە DP (Determiner phrase)جێگای ئەو (ی، ەکە)یە بکرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسییان هەیە و زۆر گرنگن، ناتوانین فەرامۆشیان بکەین. کە ئەبنی (١٩٨٧) نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی بە سەرە head ناودەبات بەپێی ئەم وتەیە جێکەوتەی پێشەوەی بە فرێزی دیارخەری ناودەبات، بەم شێوەیە فرێزی ناوی تەواوکاری complementنیشانەی ناسراوییە، واتە D سەرەکەیەتی. بەپێی ئەم بنەمایە لە وێنەی درەختیدا سەربەخۆیە و فرێزەکانی ناوی لە ناوەوەی فرێزی دیارخەریدا دەردەکەون، وەك لە وێنەی (٢٧)دا خراوەتە ڕوو ( محمد دبیر مقدم :١٣٧٨ /١٩٩٩ :٥٠٤) .

(٢٧)




ئەم نیشانانە پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕستە دروست دەکەن، ئەوەش بەڵگەمان دەداتێ، ئەمانە وەکو سەرەی ئەرکی بەکاربێن، لەبەر ئەوە ئێمە بەپێی ڕێزمانی ئێستا فرێزی دیارخەری DP لەبری فرێزی ناوی NP بەکار دێنین (Fattah:1997:206 ) ، صباح رشید ٢٠٠٩ :٤٧). هەروەها پۆلە سینتاکسییەکانی

تایبەت بەناو ( ناسراوی و نەناسراوی، کۆ، پلەی بەراورد، خستنەپاڵ، پێشناوەکان و بانگهێشتن ) دەگرێتەوە، ئەم کۆمەڵە مۆرفۆسینتاکسە لە فرێزدا سێ شوێن دەگرن، پاش فرێزی ناوی و نێوان دەرخراو و دەرخەری فرێزی ناوی و پێش فرێزی ناوی ( ئەبوبەکر عومەر قادر : ٢٠٠٣: ٥٨). بەم پێیە فرێزی (هەر ئەو دارەی سەر کانییەکە، کە گەڵکانی وشك نەبووە) وەك DP شیدەکرێتەوە، وەك لە (٢٨ )دا خراوەتەڕوو.

(٢٨) هەر ئەو دارەی سەر کانییەکە، کە گەڵکانی وشك نەبووە.




## ١- ٦ - ٢ فرێزی ئاوەڵناوی Adjective Phrase

فرێزی ئاوەڵناوی ئەرگومێنتێکی ڕۆنانی ناوەڕاستە کەمتر ئاڵۆزە، یا دەبێتە بەشێك لە فرێزی کاری VP، یا بەشێك لەNP ، واتە دەچێتە ژێر VP یانNP . سادەترین شێوەی لە ئاوەڵناوێکی سادە پێك دێ، وەك: **(جوان)**. هەندێ جار دەچێتە ناو فرێزی ناوییەوە، وەك فرێزێکی ئاوەڵناوی دەبێتە دیارخەری سەرە ناوییەکە.

(٢٩) منداڵێکی ساوا / منداڵیکی زۆر ساوا.

فرێزی ئاوەڵناوی دەتوانێ ئاوەڵکارێك یا فرێزێکی ئاوەڵکاری لەپێشەوە وەربگرێ هەروەها ئاوەڵناو دەتوانێ زنجیرە ببەستێ و فرێزی ئاوەڵناوی پێکبهێنێ، ئەو ئاوەڵناوەی دیارخەری تایبەتی خۆی هەیە، پێش ئاوەڵناوەکانی تر دەکەوێ، وەك :

(٣٠) منداڵێکی زۆر ئازا و چالاك بوو. ( محمد معروف فتاح:٢٠١٠ : ٣١٧)

ئەمە دەکرێ فراوانتر بکرێ بەهۆی ڕادە و مۆرفیمی بەراوردی ( تر، ترین )

(٣١)            ( زۆر جوان، زۆر جوانتر )

دەشێ لە ئەنجامی بەراوردی (تر) فرێزی بەند وەربگیرێ، بۆیە دەتوانین بڵێین لەناو فرێزی کاریدا فرێزێکی ئاوەڵناوی هەیە. ئەم سیفەتەی لەکوردیدا، دەتوانێ لەیەك کاتدا فرێزی بەندیش وەربگرێ ئەگەر (تر) هەبوو، وەك:

(٣٢)   کچەکە { زۆر لەگوڵ جوانتر } بوو.

ئەو یاسایانەی کە ئەم ڕۆنانانە پێکدەهێنن لە زمانی کوردیدا، ئەوانەن:

(33) a. AP ⟶ Ā Spec   b. Ā ⟶ Q Ā

c Ā ⟶ PP Ā   d. Ā ⟶ A Compa

(٣٤)




## ١ - ٦ - ٣ فرێزی بەند Prepositional Phrase (PP)

پێشبەندەکان هەمیشە داوای NP یەك دەکەن، کە سادەترین شێوەی فرێزی بەند لە پێشبەندێك و ناوێك پێکدێ، بۆ ئەوەی فراوان بکرێ، هەندێ جار کەرەسەیەکی ڕادەی پێش دەکەوێ PP .بەهۆی پاشگری ( دا، ەوە، ڕا ) بۆ دواوە فراوان دەکرێ، کە لەڕاستیدا دۆخە، وەك:

(٣٥) نامەکەی بە دەست نوسی.           ( سادەترین فرێزی بەند )

(٣٦) پیاوەکە لەماڵەوە دارتاشی دەکا.

پاشگری (ەوە) بەپێی پێشبەندەکەی واتاکەی دەگۆڕێ، بەڵام هەمان ئەرکی سینتاکسی دەبێ (صباح رشید : ٢٠٠٩ : ٧٠)، وەك:

(٢٧)   بەماڵەوە دێم.              ( لەگەڵ ماڵەوە )

(٣٨)   لەماڵەوە دێم.              ( خاڵی دەستپێکردن )

هەندێ جار PP لەپێشەوە فراواندەکرێ، کە زۆربەی جار دەبێتە بەشێك لەVP ، دەتوانین بڵێین لەناو VP دا فرێزێکی بەند هەیە، یان شوێنی ڕوودانی کارەکە دەخاتە ڕوو.

(٣٩) گوللـەکە { ڕێك بەر سەری کەوت }.




(٤٠) پیاوەکە لەماڵەوە دارتاشی دەکرد.




بەم پێیە یاسای ڕۆنانی فرێزی بەند لەم چەند یاسایانەی خوارەوەدا کۆدەکرێتەوە:

(41)   PP ⟶ spec ; P̄

P̄ ⟶ P̄ ; suffix

P̄ ⟶ P ; NP/N

### ١ ـ ٦ ـ ٤ فرێزی کاری Verb Phrase (VP)

فرێزی کاری لە زمانی کوردیدا زۆر ئاڵۆزە، چونکە زیاتر لەیەك مۆرفیم و وشە پێکدێ، سادەترین فرێزی کاری لە سەرەیەك و پاشگری کات و جێناوی لکاو پێکدێ، کە ڕەگی کارەکە هەڵگری واتای وشەکەیە .

جیاوازی ڕیزبوونی وشە بەو پێیەی یەکێکە لەو تایبەتییانەی دەخرێتە ڕوو، کە پەیوەندی بە پارامیتەرەکەوە هەیە. بۆ نموونە لە زمانەکانیSVO ، کارەکان ڕۆڵە بابەتانەکانیان بەرەو ڕاست دیاریدەکەن، و لە زمانەکانی SOV دا، کارەکان ڕۆڵە بابەتانەکانیان بەرەو چەپ دیاریدەکەن ) (Haegeman 1991: 97. شیکردنەوەی فرێزی کاری بەپێی ئێکس ـ باڕ بۆ زمانێکی وەك کوردی هەموو ئەو گرفتانە لەبەردەم شیکردنەوەکە لادەبات، کە لە مۆدێلەکانی پێشتردا هەبوو، چونکە بۆ زمانە مۆرفۆسینتاکسییەکان باشتر دەست دەدات، ئێکس ـ باڕ وردترە و دادەبەزێتە خوار وشە و بۆ ئاستی مۆرفیم، کە VP شێوەیەکی کورتکراوە و ئابورییانەی ڕستەیە لە زمانی کوردی و زمانە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا .

(٤٢) خەوتم سەرە(خەو) + کات(ت) + ڕێکەوتن( م )

کە دەتوانرێ، بە بەکارهێنانی پاشگر و پێشگری تر فراوانی بکرێت ، وەکو: دەخەوتم. ئەمە گەورەترە لە (خەوتم )، جگە لە سەرە (دە)ی تێدایە، وەکو ئەسپێکت ( ڕێژە )ت بۆ دەردەخات، کە بەردەوامە. ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێ، جگە لە ( دە، م) :

(٤٣) دەیان نێرم. ئەمجارەیان (یان) زیادکراوە، کە بەرکارە و (م) بکەرە.

لە کاردا ڕەگ هەڵگری چەمکی ڕووداوەکەیە و هەموو مۆرفیمەکانی تر لە دەوری ئەودا کۆ دەبنەوە، گیرەکەکان (وشەداڕێژ و ڕێزمانی) ڕۆڵیان لە گۆڕین و بەخشینی ئەرکەکاندا هەیە، ڕیزبوونی گیرەکەکانیش بە دەوری ڕەگی کردار یان قەدەکە لە زمانی کوردیدا بەپێی یاسا و ڕێگە پێدانی زمانەکەیە. بۆ نموونە، لە ڕیزبوونی گیرەکە پاشگرەکاندا گیرەکی وشەداڕێژ لە ڕەگ و بنجەوە نزیکترە ( بڕوانە صباح رشید : ٢٠٠٠ : ٥٧ ). کاری لێکدراو گەورەترە لە داڕێژراو،، هەموو زانیارییە زمانییەکە لەگەڵ کارەکەدایە، هەرچەندە زانیارییەکانی تر لە پێشەوە هاتوون، (کات) هەرگیز ناگوازرێتەوە بۆ پێشەوە. دەتوانین بڵێین ئەمە فراوانکردنە لەناوەوەی کارەکە. دووەم، بە زیادکردنی بەرکار فراوان دەکرێ، کە دوو جۆرە بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری بەیاریدە. هەموو کارێکی تێپەڕ بەرکاری ڕاستەوخۆی لەگەڵدایە، هەندێکی تریان پێویستی بە دوو بەرکارە، ڕاستەخۆ و بەیاریدە .

یەکێ لە تایبەتییەکانی کۆمەڵی یەکەمی ڕاناوە لکاوەکان، واتە کۆمەڵی ( م ـ مان ) ئەوەیە شوێنی لە ڕستەدا دەگۆڕێ بەپێی قالبی ڕستەکە. ئەگەر ڕستەکە بەرکاری ڕاستەوخۆی هەبوو ڕاناوی لکاو بەمەوە دەلکێ ( وریا عمر ئەمین : ٢٠٠٤ :٩٤ ). کاتێ، کە کارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێ، نیشانەی بکەرەکە (ی) هەوڵ دەدات بێتە پێشەوە بۆ سەر بەرکارەکە وەك (٤٤)، بەڵام ئەگەر کارەکە ڕانەبردوو بوو، جێناوە لکاوەکە لە کۆمەڵەی ( م ـ ین ) دەبێ و ناگوازرێتەوە سەر بەرکارەکە وەك ( ٤٥) :

(٤٤) ئەو کتێبەکەی دا بە هیوا .

(44) VP ⟶ spec ; V̄ V̄ ⟶ NP(Po) ; V̄ V̄ ⟶ V ; PP(So)

(٤٥) ئەو نان دەخوات .

(45) VP ⟶ spec ; V̄ V̄ ⟶ NP(Po) ; V̄ V̄ ⟶ M ; [Agr , T] ; V

لە ڕستەی (٤٤)دا ، بەرکارێکی سەربەخۆ و بەرکارێکی بەیاریدە بەکارهاتووە. هەندێ جار سەرباریشی لەگەڵدا دەبێ، کە بەرکاری بەیاریدە هەر دەبێ لەشێوەی فرێزی بەندا بێ، بەرکار نابێ لابیردرێ. هەموو فرێزێکی کاریمان بەبێ X –bar بۆ شیناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی (کات) لەکوردیدا لەکار جیانابێتەوە. دەبێ ئەو (م)ە لەسەر کارەکە بێ، دواتر بە یاسای گواستنەوە چۆتە سەر بەرکارەکە، هیچ شتێك ناجولێ ئەگەر شوێنی نەبێ. لە ئێکس ـ باڕدا هەموو کەرەسەیەك شوێنی خۆی هەیە، بۆ نموونە، لەڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی وەك (٤٦)دا:

(٤٦) دەتانبینم



## ١- ٧ فرێزە ئەركییەكان Functional Phrase

كەتیگۆرییە ئەركییەكان هەر وەك كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكان لە سیستەمێكی دوو - باری هاوشێوەدا بەشدار دەبن(Saleemi : 1992 : 20 ) ، وەك لە( ٤٧ )دا ڕونكراوەتەوە:

(٤٧)




تەنانەت زۆربەی چەشنە دەربڕاوەكانی سینتاكسی ئێكس - باڕ وایان داناوە جێكەوتە فرێزییەكانی تر یەك بخەن، وەكو فرێزی كاتTP ، فرێزی ڕێكەوتنAgrP ، وفرێزی نەفیNegP ( هەر یەكێكیان لەلایەن یەكێك لەو دوو پێكهێنەی IP بەسەربەخۆیی دەبنە سەرە ) بڕوانە(Pollock 1989 , Chomsky 1989 ).

### ١ - ٧ - ١ گریمانەی فرێزی دیارخەری The DP Hypothesis

یەكێك لە پێشنیازە دێرینەكان، كە سەرەی ئەركی پەسەند دەكات، دەكرێ لە بۆچوونەكەی ( Brame : 1982 : 321 )دا ڕوونبكرێتەوە، كە لەمەی خوارەوە ڕوونیدەكاتەوە.... بڕوام وایە لێكدانەوەیەكی هەڵەیە، كەوا N وەك سەرەیەكی NP دابنرێ. وادابنێ لەڕووی DPs وە بێ، واتە فرێزە دیارخەرییەكان لەلایەن NPs وە نین. بەو پێیە ئەو D(ET) سەرەی - هەڵبژێردراوەی NP یە، هەروەها P (PP)یە، toی چاوگی لە VP دا و COMP لە(S) دا بە سەرەی هەڵبژێردراو دادەندرێت. یەكێك لەو لێكدانەوە سەرەكییانەی Brame تیۆری هەڵبژێردراویسەرەیە(Coene and Ď́hulst:2003:1). بەپێی ئەمە، فرێزی ناوی سەرەكەی دیارخەرە نەك ناو. دیارخەرەكان تایبەتن بە ڕەگەزی یەك وشەیی، كە یەكێكیان مەیلی تایبەتی هەیە، بكرێتە بەشێك لە سەرەكان و مۆرفیمی خستنەسەرەكە لەگەڵ جێكەوتەیەك

پێکەوە دەبەسترێنەوە. لەو ڕاستییەوە وادەردەکەوێ، کە ئەو دیارخەرانەی سەرەکانیان وەك کەرەسە ئەرکییەکانە، لە هەندێ زماندا وەك مۆرفیمی بەند دەناسرێن :

(48)a Swedish

| | | |
|---|---|---|
| flicka | -n | |
| girl | det | ( the girl ) |
| کچ | ەکە | |

بەهەمان شێوە لە فەرەنسیدا دەبینین، کە دیارخەری( les ، le ) هەندێ جار دەبەسترێتەوە بە پێشبەندێك. پێکەوەبەستن Incorporation پرۆسەیەکە هەر یەك لەو سەرانە لەگەڵ سەرەیەکی تر بەشداری دەکەن بۆ پێکهێنانی سەرەیەکی ئاڵۆز. ئەگەر P بتوانێ یەکبگرێ لەگەڵ Det ، ئەمە وادەگەیەنێ، کە Det سەرەیە .

(49)a.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| á | la | fille | de | la | fille |
| to | the | girl | of | the | girl |

b.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| á + le | garçon | au garçon | de + le | garçon | du garçon |
| to the | boy | | of | the boy | |

لە [ spec ، NP ] دا یان سەرە ئەرکییەکانی وەك دیارخەرەکان یان فرێزە پڕەکانی تێدا جێگیر دەکرێ ( Abny : 1987 : 17 ). بەراورد لەنێوان ڕۆنانی(NPs) ی هەندێ زماندا دەکات، کە NP سەرەیەکی ئەرکی لەجۆری AGR دابیندەکات. یەکەم لێکۆڵینەوەی لە داتاکانی زمانی هەنگاری بوو. Kalap (hat) ناوێکە، کە لەگەڵ خاوەنەکەی ڕێکدەکەوێ لەڕووی ژمارەو کەسەوە. فرێزی خاوەنێتی دۆخی بکەری هەڵدەگرێ، وەك دەبێ بکەری ڕستە بێ. ئەگەر بەردەوام بین لەسەر ئەو بۆچوونەی کە AGRدۆخی بکەری دابین دەکات، دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەو ئەنجامەی کە NPs لە (50)دا سەرەی AGRتێدایە، کە دۆخی بکەری پێدەدات .

(50) az en kalap – om
the I (NOM) hat – 1sg
my hat

لەتورکیدا خاوەنەکە دۆخی خاوەنێتی پێدەدرێ لەلایەن مۆرفیمی AGR ی (NP) یەکەوە (Abny:1987:21)

(51) sen-in el-in
you-GEN hand-2sg
your hand ( دەست ت )

Abny سود لە گونجانی نێوان NPs و پاڕستەکە دەبینێ. پارستەکان لەسەرەتاوە وادەکات، کە جێکەوتە ئەرکییەکان AGRP و TP بەسەر جێکەوتەکانی V (VP) زاڵ بن. بەهەمان شێوە وادادەنێ، کە پاڕستەکە VPبخرێتە ژێر دەسەڵاتی جێکەوتە ئەرکییە گونجاوەکان، ئەو کەتیگۆرییەی کە وەك NP ئاماژەی پێ دەکەین، دەبێ وەك جێکەوتەی N ببینرێ، بخرێتە ژێر دەسەڵاتی جێکەوتەیەکی ئەرکییەوە .

(٥٢)




لە( a ) دا D وەك دیارخەر ( ەکە) دەردەکەوێ، Dتەواوکارێکی NP هەڵدەبژێرێ، کە لێرەدا کتێب N سادەیە. لە( b) دا سەرەی D ـ لە DP1 دا لەلایەن دیارخەرەکەوە D دەرناکەوێ، D̄زاڵە بەسەر D دا، کە ناوێکی ڕووت دەداتە پاڵ کوڕەکەDP2 ، لە سپێکی DP1 دا( Haegeman : 1991 : 608 ) . ئەو کەتیگۆرییانەی کە جۆرە بەندییەتییەك لەنێوان کەرەسەکانی ڕستەیەکدا دادەمەزرێنن، دەبێ مۆرفیمەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە، خاوەندارێتی، چەندێتی و ئاوەڵناوی نیشانە وەك سەرەی ئەرکی بن ( حاتەم ولیا :٢٠٠٩ : ١٥٤، Speencer :1996:313). Abny ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئامرازەکانی ناسراوی و نەناسراوی داوای هەبوونی تەواوکاری NP دەکەن. ئەوانی تر داوای تەواوکار ناکەن. پێشنیازی ئەوە دەکات، کە جێناوی نیشانە ( ئەوە) demonstrative لە ( 53a) دا تەواوکارێکی NP دەوێ و لە( b) دا نایەوێ .

(53)



هەروەها ئەبنی بەپێی گریمانەی جێناوەکانی Postal (1966) وادادەنێ، کە جێناوەکان بەبێ تەواوکارەکانیان وەك D لێکدەدرێنەوە کە لە(٥٥)دا خراوەتەڕوو،هەروەها ئەبنی (١٩٨٧) هەندێ جێناوی نادیاری وەك، (هەندێ) بەهۆی یەکگرتنی لەگەڵ سەرەیN ، وەك (هەندێ کەس) ئەم پێکهاتە نوێیە لە شوێنی دیارخەر دادەڕێژرێ .

(٥٥)




ئەگەر تەنها یەك گرێی گیرەکی Inflection node لە ڕستەکەدا هەبوو، لەکوێ دەگونجێ مۆرفیمە گیرەکەکان جیاببنەوە ؟ یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە، کە ئەوانە شوێنی سەرەی خۆیان تێدایە و نەخشەی فرێزی خۆیان دادەنێن، واتە، AgrP (Agreement phrase) وTP (Tense phrase). تێبینی دەکرێ، کە جێکەوتە ئەرکییەکان یان لەسەر بنچینەی زانیاریی جولانەوە یان لەسەر بنچینەی مۆرفیمی ئاشکرا لێکدراوەتەوە، وەك لە هەندێ زماندا ڕوونکراوەتەوە. مۆرفیمی ئاشکرای AGR و T ی کارەکە، ڕێگەخۆشکەرە بۆ گریمانەی دوو بەشبوونی INFL دەدات. ئەم شیکردنەوەیە بەسەر ئینگلیزیدا جێبەجێدەکرێ، هەرچەندە مۆرفیمی گیرەکی ئاشکرای کەمە، لەکاتێکدا لەزمانی کوردیدا بوونی هەیە .

**پۆلۆك** (١٩٨٩) دەڵێ، کە ڕۆنانێکی هاوشێوەی ئەوەی خوارەوە لەڕاستیدا سەراپایە، تەنانەت بۆ هەموو زمانەکانە بەبێ جیاکردنەوەی مۆرفیمی کات و ڕێکەوتن.

(٥٦)



دانانی گیرەکەکان وەك کەرەسەی جودا لە کارەکەدا بەرهەم دەهێنرێن، کە ئەمانەش وەك ئەنجامی هەندێ کردەی سینتاکسی بەیەکەوە دێن ( Cook and Newson :2007: 110 ) .

بەپێی ئەم ڕونکردنەوەیەی سەرەوە دەتوانین هەموو فرێزێکی ئەرکی بە ئێکس ـ باڕ شیبکەینەوە، و سەرەکان لەو مۆرفیمە گیرەکانە پێك دێن، کە فرێزەکان پێکدێنن .

### ١ـ ٧ ـ ٢ فرێزی گیرەکی Inflectional Phrase (IP)

ئەم فرێزە وەکو هەموو فرێزێکی تر پێك دێ لە ڕەگەزێکی گیرەك Infl ( لێرەدا لەجیاتی گیرەکی ڕێزمانی Agr و T بەکاردێنین )، کە سەرەی ڕستەکەیە، و ڕستەکەش جێکەوتەی مەزنی گیرەکەکەیەIP ، بەڵام VP تەواوکاری گیرەکەکەیە و بکەرەکەش دیاریکارەکەیەتی Specifier ، وەك لە (٥٧)دا ڕوونکراوەتەوە.

(٥٧)




ئەمە بەکاردێ بۆ شیکردنەوەی هەموو ڕستەیەك، وەك :

(٥٨) شانیا وانەکەی خوێند.




### ١ ـ ٧ ـ ٣ فرێزی دیارخەری Determiner Phrase

لەو شوێنانە بەکاردێ، کە (مۆرفیمەکانی خستنەسەر، ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە، خاوەنداریێتی، چەندێتی، ئاوەڵناوی نیشانە و ڕادە)یان تێدا بەکاردێ. وەکو:

(59) مامۆستای زانکۆ




گرنگترین بەشی فرێزەکە D یە چونکە سەرەیە، دەمانتوانی بە NP شیبکەینەوە، بەڵام (ی)ی خستنەسەر لە شیکردنەوەکەدا شوێنی نابێ، بۆیە بە DP شیدەکەینەوە.

## ٤ - ٧ - ١ فرێزی تەواوکاری (گەیەنەر) Complementizer Phrase ( CP )

ئەو ڕستانەی پێکهاتەکەیان ئاڵۆزە، بەهۆی ئامرازێکی گەیەنەرەوە پاڕستەیەك تێکەڵ بە ڕۆنانییان دەبێت. واتە ئەو پاڕستانە بە ئامرازێکی گەیەنەر دەست پێدەکەن، کە وەك فرێزێکی تەواوکاری Complementizer Phrase (CP) ئاماژەیان پێدەکرێ، هەرچەندە چۆمسکی ئامراز بە سەرەی کەتیگۆری پاڕستەی تەواوکاری دادەنێ، لەڕاستیدا دەتوانرێ بوترێ، گرێی جێکەوتەی مەزنی ئەم کەتیگۆرییەیە، واتە گرێیCP ( محمد دبیر مقدم ٢٠١٠/١٣٨٩ : ٤٩٤ ).

لە تیۆری X-bar دا، سەرە بە خورتییە لە پاڕستەکاندا، Cسەرەی CP یە، هەرچەندە هەندێ جار لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە سفرە .

ئامرازە گەیەنەرەکە C جۆری پاڕستەکە دیاری دەکات. ئەمە وادەکات بتوانین، کە چارەسەری ئامرازەکان بکەین وەکC ، و سەرەیەکی ڕستە ( S̄ ) بنوێنرێن. ئامرازە گەیەنەرەکان پۆلێکی کراوە پێك ناهێنن، کە دەڵێین جێکەوتەی C جێکەوتەیەکی سەرەی ئەرکییە، CPجێکەوتەیەکی ئەرکییە Haegeman ) ( 1991:117:. ئەو ڕستانەی بە CP دەست پێدەکەن بە ئاسایی IP یەك پێك دەهێنن، کە ئەوەش VP یەك پێکدەهێنێ، کە پێکهاتەکانی لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێردرێ و وەك پارستەیەکی شوێنکەوتو لە ڕستە سەرەکییەکەدا ئەرك دەبینێ. فرێزی تەواوکاری IP یەك بەرهەم دێنێ، لەبەر ئەوەیە بەرزترین فرێزی نوێ دێتە کایەوە(Tottie :1998:33) . بەپێی ئەمانەی سەرەوە، IPوەك تەواوکارێك ئەرك دەبینێ، کە بەزۆری دیاریکارەکەی هیچی تێدا نییە، وەك لەم درەختەی (٦٠)دا دەیخەینە ڕوو:

(٦٠)



ئەم جۆرە فرێزانە بۆ ئەم ڕستانە دەبێ، کە لە پاڕستە و شاڕستە پێکهاتوون، بەڵام تەنها بۆ ئەو پاڕستانە دەبێ، کە شوێنی بکەر یان بەرکار دەگرێ، بۆ نموونە:

(٦١) دەزانم { کە میوانەکان گەیشتوون }.

ئەم پاڕستەیە جێگای بەرکاری ڕستە سەرەکییەکەی گرتووە، شوێنی بەرکارەکەی پڕکردۆتەوە.

(٦٢)




ئەگەر بمانەوێ بەتەنها پاڕستەکە شیبکەینەوە:

(٦٣)




## ١ ـ ٧ ـ ٥ فرێزی لێکدەر Coordinated Phrase ( CoP )

تیۆری X-bar پەرە بە چوارچێوەیەکی گشی دەدات، و لەگەڵ هەموو فرێزێکدا دەگونجێ. بۆ گونجانی ڕستەیەکی وەك (٦٤) لەگەڵ تیۆری X-bar دا :

( ٦٤) من و تۆ دەچین بۆ هەولێر.

هەندێك لە لێكۆڵەرەوان پێشنیازی (٦٥) دەكەن، وەك چارەسەرێك بۆ ئەوەی داوای دەكەین :

(٦٥)




ئامرازی لێكدەر (و) لەو بارەدا، سەرەی پۆلی ئەركییە، لەگەڵ X̄ دا دەگونجێ، كە فرێزی لێكدەری C0P یە، كە كەرەسەی یەكەمی لێكدراوەكە، وەك دیاریكارەكەی و كەرەسەی دووەم (تۆ) بە تەواوكار وەردەگرێ ( جیفری بول : ٢٠٠٩ : ١٦٣ ). لەڕاستیدا بیرۆكەی بە سەرە كردنی ئامرازی ( لێكدەر یا گەیەنەر) لەڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆزدا بۆ لانگدۆن دەگەڕێتەوە( Langendoen : 1975:540 ، ڤیان سلێمان :٢٠٠٩ : ٧٣ ). بەم پێیە دەتوانین، ئەم یاسایە بەكار بهێنین بۆ شیكردنەوەی هەموو وشە و ڕستەیەكی لێكدراو بەهۆی ئامرازەكانی لێكدەر لە زمانی كوردیدا، بەمەش ڕزگارمان دەبێ لە سێ لق كردن وەك لە ڕێبازەكانی پێشتردا پەیرەو دەكرا، ئەمەش كورتكردنەوەی یاساكەیە و تایبەتییەتی ئابوریكردن دەداتە تیۆرەكە، كە لە ڕێزمانی نوێدا ناكرێ زیاتر لە دوو لق جیابكەینەوە. لە ڕستەی (٦٤)دا تێبینی دەكرێ ڕێكەوتنی NP دیاریكار ( من و تۆ ) لەگەڵ كارەكە ( دەچین ) لەڕووی ژمارەوە گونجاون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ، كە ( من و تۆ ) یەك پێكهاتەیان دروستكردووە، كە بكەری ڕستەكەیەو لەگەڵ كارەكەدا ڕێكدەكەوێ .

(٦٦) سامان گۆڤارەكەی وەرگرت بەڵام نەیخوێندەوە.




لەڕستەیەكی لێكدراوی لەو جۆرەدا، یەكەم جار ڕەگەزە لێكدەرەكە وەردەگیرێ، كە جێكەوتەی مەزنە CoP، ئینجا ڕستەی یەكەم IP1 وەك دیاریكار و سەرەكەش CO و ئەوا ڕستەی دووەم IP2 تەواوكارەكە دەبێ.

## ١ - ٨ **تیۆری ڕۆڵی بابەتانە** Theta Role Theory

لە GB کۆندا، تیۆری - پێتا Theta-θ لە ڕستەدا پەیوەندی بە دابەشبوونی ئەرگومێنتەکانەوە هەیە. سەرە ئەرکییەکان زانیارییە واتاییەکان هەڵدەگرن : لەگەڵ ژمارەیەك ئەرگومێنت پێکەوە دەبەسترێنەوە، بۆ ئەوەی کە ڕۆڵێکی θ- ، یان پەیوەندی واتاییان پێبدرێ، وەکو کارا، کارتێکراو، بابەت، ئامانج، سەرچاوە... هتد( Haegeman : 1995: 5) ، بۆ زانیاری لەبارەی ژمارە و جۆری ڕۆڵی بابەتانەی کەرەسەکانی ڕستە بڕوانە، صباح رشيد :٢٠٠٩: ١٢٢) ، پێدانی ڕۆڵەکانی θ- ، یان دیاریکردنی θ- ، لەڕووی واتاییەوە کاریگەری لەسەر هەموو پەیوەندییەکانی شوێنەوە (یان شوێنەکانی - ( θ هەیە. ڕۆڵەکانی - θ لە ڕۆنانی - ژ دەدرێتەNPs ، کە ئەرگومێنتەکانی ئاماژەیین و لە LF دا پاساودەدرێن(Saleemi :1992:22 ) . ئەو بنەمایەی پێویستە بخرێتە ڕوو، ئەمە ڕووندەکاتەوە، کە دەبێ تەنها یەك کارا، یەك بابەت، یەك ئەزمونکار...هتد هەبێ لەهەر ڕستەیەکدا، سەرەڕای ئەوەش، کە ئەرگومێنتێکی دیاریکراو دەتوانێ تەنها یەك لەم ڕۆڵنە وەربگرێ. ناکرێت تاکە NP یەك لەیەك کاتدا وەك کارا و کارتێکراو لێکبدرێتەوە. کار و گیرەکە پاشگر و پێشگرەکانی ڕۆڵەکانی - θ دەدەنە شوێنی ئەرگومێنتە ناوەکییەکەیان : کاتێ شوێنی ئەرگومێنتێکی دەرەکی ڕۆڵێکی - θ وەردەگرێ، بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن VP یەکەوە دابیندەکرێ. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە، کە ڕۆڵەکانی - θ لە درەختەکەدا دەدرێتە شوێنە دیاریکراوەکان و NPs وەك هەبوونی ئەو ڕۆڵە لێکدەدرێتەوە بەهۆی جێگیرکردنی لەو شوێنەدا. تێبینی دەکرێ، کە چۆن پیوەری - θ لەگەڵ بنەمای سەربەخۆی سینتاکسیدا دەگونجێ، لەکاتێکا وادەردەکەوێ، کە پەیوەندییە واتاییەکان لەخۆدەگرێ. هەرچەندە، ڕۆڵەکانی - θ هیچ ناوەرۆکێکی ڕاستەقینەیان نییە و لەڕاستیدا کۆپییە سینتاکسییەکان لە پەیوەندییە واتاییەکاندا هەیە، جگە لەوەش هیچ شتێك لە پیوەری ثیتادا نییە، کە لە ڕۆڵەکانی ثیتادا ئاماژە بە هەموو ناوەرۆکێکی واتایی گونجاو بدات، و بە تەنها ڕوونیبکاتەوە، کە ئەو جۆرە ئەرگومێنتە دەبێ یەکێکیان وەربگرێ(Van Valin :2001:196 ) . پێدانی ڕۆڵی - θ ئەم کۆتە گشتییانەی خوارەوە پەیرەو دەکات:

## ١ - ٩ **پێوەری ثیتا** The θ – criterion

هەر ئەرگومێنتێك یەك و تەنها یەك ڕۆڵی - θ وەردەگرێ، و هەر ڕۆڵێکی - θ ش بە یەکێك و تەنها بە یەك ئەرگومێنت دەدرێ(Chomsky: 1981:36 ) . واتە هەر ئەرگومێنتێکی - θ لە زنجیرەیەکدا دەربکەوێ، تاکە شوێنێکی θ- ، و هەر شوێنێکی - θ لە زنجیرەیەکدا دەربکەوێ، تاکە ئەرگومێنتێکی α ی تێدا دەبێ. وەك بنەمای جێکەوتە، بەگشتی پیوەری - θ لە هەموو ئاستەکانی سینتاکسدا ئەنجام دەدرێ، بە دڵنیابوون لە پێدانی یەك جۆر ڕۆڵی - θ ی هاوشێوە .

## ١ ـ ١٠ تیۆری دەسەڵات Government Theory

دەسەڵات چەمکێکی کۆنە، کە لە ڕێزمانەکانی دێرین و زمانەوانی نا بەرهەمهێنانیش بەکارهاتووە. لەم ڕووەوە، بڕوا وایە، کە کار دەسەڵاتی بەسەر بەرکارەکەیدا و ئامرازی بەند بەسەر فرێزە ناوییەکانی شوێنکەوتویدا ( واتە بەرکارە بەیاریدەکان ) دەشکێت. مەرجی دەسەڵات بۆ دیاریکردنی دۆخە سینتاکسییەکان پێویستە GB .لەناو بنەمایەکی گشتیدا پەرەی پێدەدرێ، کە ڕەگەزەکان لەلایەن ئەو ڕەگەزانەوە دۆخیان پێدەدرێ، کە حوکمی پێکهاتەییان c-command دەکەن (Matthews:2007:161) . دەسەڵات بریتییە لە نزیکترین پەیوەندی حوکمی پێکهاتەیەك، کە دوو مەرجی پێویستە، یەکێکیان ئەوەیە، کە حوکمکار دەبێ سەرە بێ و ئەوی تریان شوێنکەوتووە، کە تەنها شوێنی فرێزی ناوی دەتوانێ دەسەڵات بگرێتە خۆی. بەم جۆرە سەرەکان یان حوکمکارە سەرەکییەکان بریتیین لە ڕەگەزی گیرەکی کاتدار، کار و ئامرازی بەند (محمد ضیاء حسینی : ٢٠١٠ : ٩٥). لە چوارچیوەی GB دا، چەمکی بنەمای تیۆری دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندی نێوان سەرەی ڕۆنانێك و کەتیگۆرییە شوێنکەوتووەکانی. ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی ڕۆنانییە و بەکورتی بچوکترین پێکهاتەی ـ حوکمکارە .minimal c-command پێویستە چەمکی حوکمکار و پێکهاتەی ـ حوکمکار بخەینە ڕوو:

(٦٧) حوکمکار : command یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی لە سەرانسەری قالبە ڕێزمانییەکاندا بەکاردەهێنرێ (klima 1964, langacker 1969, Lasnik 1976, stowell 1981 ). دەڵێین، کە α حوکمی پێکهاتەی β دەکات. ئەگەر α زاڵ نەبێ بەسەر β و هەموو γ یەك، کە زاڵ بێ بەسەر α دا، زاڵ دەبێ بەسەر β دا( Chomsky:1995:35) .

(٦٨) حوکمکاری ـ پێکهاتە α : c-command حوکمی پێکهاتەی بەسەر β دا هەیە ئەگەر:

1- نە α دەسەڵاتی بەسەر β و نەβ ش دەسەڵاتی بەسەر α دا بڕوات.

2- جێکەوتەی مەزن دەسەڵاتی بەسەر α و بەسەر β شدا بڕوات (محمد دبیر مقدم:١٣٨٩ :٤٤٦).

چۆمسکی وای دەبینێ، کە هەموو جێکەوتەیەکی مەزنXP ، کە زاڵە بەسەر ئەو NP یەی کە دۆخ وەردەگرێ، هەروەها زاڵە بەسەر ئەو سەرەیەی کە پێی دەدات ( ئەگەر ئەو IP یە ڕەچاو نەکرێ، کە دەکەوێتە نێوان ئامرازی گەیەنەر و فرێزی ناوی) ( Blake:1999:37) . بۆ نموونە، بەپێی دەسەڵات دۆخی بکەری بە بکەرەکە دەدات. پەیوەندی دەسەڵات توندترە لە حوکمکردنی پێکهاتە Constituent command، دەکرێ وەك (Chomsky:1986:10-16) خوارەوە دیارییکرێ:

دەسەڵات α : بە تەنها دەسەڵاتی بەسەر β دا دەڕوات ئەگەر

أ - α سەرەیەك بێ

ب - α حوكمی پێكهاتەی c-command ی β بكات و

ج - هیچ بەربەستێك γ نییە ( بەزۆری، CP  نەبێت)  كە بكەوێتە نێوان α و β .

ئەو مەبەستەی لەپشت ئەو قالبە جیاوازانەوەیە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی وردتر، زۆرتر و بە ڕواڵەت پەیوەندی بەو یاسا ڕێزمانییانەوە نییە، كە وەسفی ڕۆنانە سینتاكسییە جیاوازەكان دەكات و بەكارهێنانی چەند بنەمایەكی ڕێزمانیی زۆر گشتی ڕووندەكرێنەوە، بۆ نموونە، یاسا ڕێزمانییەكان لەنێوان دەربڕینە ناوییەكاندا وەسفی پەیوەندییە ئەنافۆرییەكانی وەك مەرجەكانی A ، B  و C دەكەن لەناو تیۆری بەستنەوەدا(Haddad:2011:7) . هەندێ لە زمانەوانی وەك كاینە لە(١٩٨٤)دا بەشێوەی دەسەڵاتی یاسایی canonical government ناوی دەبات. لەم نموونەی خوارەوەدا:

(٦٩)




شوێنەكانی X و Y پەیوەندییان لەگەڵ I دا بەشێوەی ڕیزبوونێكی هەرەمییە، زنجیرەكان یەك لەدوای یەكتری جیاوازن، كاینە پەیوەندی زنجیرەیی بە دەسەڵاتی یاسایی دادەنێ. لە ڕاستیدا I دەسەڵاتی سەرەی بەسەر تەواوكارەكەیدا دەڕوات( y = VP ) ، بەڵام لەڕووی هێڵكاری و زنجیرەییەوە دەسەلاتی بەسەر بكەرەكەدا X ناڕوات، بەڵكو ڕیزبوونی دەسەڵات یەك لەدوای یەكە(بڕوانە سید علی میرعمادی:١٣٨٨).

دەسەڵات بەم شێوەیە دیاری دەكرێ $\mathring{X}$: حوكمی YP دەكات ئەگەر یەكەم جێكەوتەی مەزن زاڵ بێ بەسەر $\mathring{X}$و هەروەها YP دا و هیچ جێكەوتەیەكی مەزنی تر نەكەوێتە نێوان X و YP. دەكرێت لە نموونەی (٧٠) دا، Vحوكمی NP1 بكات، چونكە یەكەم جێكەوتەی مەزن زاڵە بەسەریدا (VP) زاڵیشە بەسەر NP1 دا، هەروەها حوكمی PP دەكات، لەبەر هەمان هۆ. جگە لەوە، هیچ جێكەوتەیەكی مەزن ناكەوێتە نێوان V و NP1وPP .

(٧٠)  كاڵێ كتێبەكەی بۆ كامەران نارد.




لەڕووی ڕستەدا، Inflحوکمی ئەرگومێنتە دەرەکییەکە دەکات، و ئەگەر (کات)ی Tense تێدا بێ، دۆخی بکەری دەداتە شوێنی کەرەسە دەرەکییەکە. کارەکە ئەگەر تێپەڕ بێ، دۆخی بەرکاری دەداتە ئەو کەرەسە ناوەکییەی کە حوکمی دەکات. پێشبەند دۆخی مۆرفۆلۆجییانە دەداتە ئەو بەرکارە ناوەکییانەی کە حوکمیان دەکات ( Van Valin : 2001: 196 ).

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سەرە و پێدانی دۆخ و ڕۆڵی - θلەو نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێ، کە کەرەسەی حوکمکار دۆخ دەداتە حوکمکراوەکەی، جگە لەوە پێدانی ڕۆڵی - θی کەرەسەکانی ڕستەکەش دەستنیشانکراوە، وەك ڤان ڤالین لە(٢٠٠١)دا دەیخاتەڕوو. پێدانی دۆخی ڕۆنانی و ڕۆڵەکانی - θ لە ڕستەی (٧١)دا ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە : ڕەگی کارەکە) V ناش)، کە تێپەڕە، دۆخی بەرکاری و ڕۆڵی - θ دەداتە ئەو فرێزە ناوەکییە) NP نەمامەکە)، کە دەبێتە بەرکاری ڕستەکە، ئینجا فرێزە کارییەکە) VP نەمامەکەی ناشت)، ڕۆڵی - θ دەداتە NP دەرەکی، کە بکەری ڕستەکەیە، کە گیرەکی کات T دۆخی بکەری دەداتە شوێنەکەی، کە بەکورتی لە (٧١) دا دەیخەینە ڕوو :

(٧١) پیاوەکە نەمامەکەی ناشت .



## ١ ـ ١١ تیۆری دۆخ Case Theory

ئاستی ڕۆنانی ـ س بەپێی یاسا گۆڕانێکی کەم لە ڕۆنانی ـ ژ دەکات، کە ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەیە، بۆنموونە لە ئینگلیزی و کوردیدا، وەك زۆربەی زمانەکانی تر، بکەر NP ناتوانێ لە ناوەوەی VP بمێنێتەوە، بەڵام پێویستە بەرەو شوێنێکی بەرزتر بجولێ، پاڵنەری ئەم جولانەوەیە تیۆری دۆخە Case Theoryبۆ ئەوە پێویستی بە وەرگرتنی ڕۆڵی واتاییە، ئەرگومێنتەکان پێویستە دیاربن. دیاریکردن : لەلایەن پێدانی دۆخەوە ئەنجام دەدرێ. گیرەکە دیاریکراوەکە I دۆخی بکەری بەپێی ڕێکەوتنی سپێك ـ سەرە Spec – head دەداتە بکەری NPs ڕستە سنوردارەکە. مانای ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ڕێ بە Mary بدات لە پاڕستەی That Mary invited John. بکەرەکەNP ، پێویستە بەرەو [spec,Ip ] بجولێتەوە، لەوێدا دەتوانێ دۆخی بکەری لە I وەربگرێ ( Haegeman 1995:11:).

دانانی دۆخی ڕێزمانی پەیوەستە بە شوێنی سینتاکسی، کە فرێزە ناوییەکان داگیری دەکەن، ئەوەی کە سیماکانی دۆخ دیاری دەکات، پێشی دەوترێ پێدانی دۆخ .case assignment فرێزی ناوی دۆخەکەی لەو کەتیگۆرییەوە وەردەگرێ، کە حوکمی دەکات. ئەو فرێزانەی کە دۆخیان پێ دەدرێ، پێویستە لە شوێنی ئەو کەتگۆرییانە بن، کە دوای ئەوەی یاسای گواستنەوەی گشتی ئەلفا ـ بجولێنەیان move – α بەسەردا جێبەجێ دەکرێ .

## ١ ـ ١٢ پێدانی دۆخ Case Assignment

سەرە فەرهەنگییەکانی V یان P دۆخ دەدەنە(DPs (NPs ، یان سەرە ئەرکییەکانی ( I یانD ) دۆخی دەدەنێ، نەك هەموو جۆرە سەرەیەك دەبێ دۆخ بدات. ئەو سەرە ئەرکییەی دۆخ دەدات، دەبێ لەڕووی فەرهەنگییەوە تایبەتییەتی بخرێتە ڕوو، لە زۆر بواری هاوشێوەی وەك پێدانی ثیتادا : سەرەی فەرهەنگی دەبێ بەشدارییەکی تۆڕی دۆخی هەبێ. پێدانی دۆخ لەلایەن سەرەیەکی ئەرکییەوە دەبێ لەلایەن سیمای سەرە ئەرکییەکەوە بخرێتەڕوو. بۆ نموونە سیماکانی ڕێکەوتن agreement features لە گیرەکی ڕێزمانیدا I دەبێ دۆخی بکەری بداتە بکەرەکە. پێدانی دۆخ لەلایەن ئەو سەرە فەرهەنگییەوە دەبێ، کە حوکمی دەکات، جگە لەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بەو DP یەوە هەیە، کە پێویستە لەڕوویەکی ڕاستی پێدەرەکەوە بێ. ئەم ئاراستەکردنە دەبێتە پیوەرێك بۆ هەموو زمانەکان. لە ئینگلیزیدا بەرەو ڕاستە. لەکوردیدا لە کارەکاندا بەرەو ڕاست و لە پێشبەندەکاندا دۆخدان بەرەو چەپە. داواکارییەکی تر لەسەر پێدانی دۆخ، کە لەلایەن (Stowell , 1981) پێشنیازکراوە، مەرجی هاوسێیەتی adjacency بە بابەتێکی پێوەریی دادەنێ(Frank:1990:19) . بکەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی Vp ییەوە دەست پێدەکات و

بەهۆی کردارەوە دەبێ حوکم بکرێ، بەڵام کردار دۆخ بە تەواوکارەکەی دەدات چونکە بەپێی مەرجی هاوسێیەتی کردار دەبێ دۆخ بە نزیکترین NP بدا، ئەویش تەواوکارەکەیەتی، بۆ نموونە:

(٧٢) ئازاد ئەوی گرت.

( واتە دۆخ دەدات بە بەرکارەکە ) V ⟶ NP

بکەر ناچارە بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێ دەجولێ بۆ شوێنی Spec لە IP دا، لەژێر دەسەڵاتی IP یدا دۆخی بکەری پێدەدرێ ( صباح رشید : ٢٠٠٩ :٨٢ ). ئەم نموونەیەی پێدانی دۆخ لە زۆر ڕووی ڕۆنانەوە بەرامبەر دیاریکردنی θ ی ناڕاستەوخۆیەIndirect theta . لێرەدا دۆخ بەهۆی جێکەوتەی X̄ ی سەرە ئەرکییەکەوە دەدرێ. لەڕاستیدا، ئەو دۆخە دەدرێتە ئەو تاکە شوێنەی دیاریکاری جێکەوتە ئەرکییەکەیە. ئاراستەکردنی ئەو جۆرە پێدانی دۆخە پشت بە پێدانی دۆخی فەرهەنگی دەبەستێ، بەڵام لە زماندا وا ڕێکدەکەوێ زیاتر بەلای دیاریکارەکاندا ئاراستە بکرێ، لە ئینگلیزیدا بۆ بکەر بەرەو چەپە و لە کوردیدا بەرەو ڕاستە .

( Chomsky 1988: 101 , Pinker 1995 :115 ) بەگشتی لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون، کە هەموو زمانێك سیستەمێکی دۆخی هەیە، هەرچەندە ئەو سیستەمە لە زۆربەی زمانەکاندا بە ئاشکرا تەواو دەرنەکەوتووە. لە هەندێ زمانی وەك ( لاتینی، روسی، ئەڵمانی، یابانی..هتد ) ئەم دۆخە هەمیشە نیشانەی جیاکەرەوەی ئاشکرای دەردەکەوێ، لە ئینگلیزیدا تەنها لەجێناوەکاندا جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان بکەری و بەرکاریدا دەبینرێ، بەڵام تیۆری دۆخ وادادەنێ، کە هەموو فرێزێکی ناوی NPs دۆخی نابەرجەستەی دەبێ، هەر کاتێ کە لەڕووی فۆنەتیکییەوە دەرنەکەوێ. بۆ نموونە لە (73a)دا بکەری (John ) بەرگەی دۆخی بکەری دەگرێ و بەرکاری (Mary) دۆخی بەرکاری وەردەگرێ، ئەگەر ئێمە لەبری ئەوانە جێناو بەکاربهێنین، بەئاشکرا دەتوانین، دۆخی جیاواز ببینین، وەك لە(73b) دا :

(73)a. John loves Mary.

b. He/ *him loves her / *she.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە دۆخ شوێنی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە : Lasnik and Lohndal ) (44 : 2010. لەهەندێ زمانی تریش دۆخ نادیارە وەك زمانی کوردی فارسی و ئینگلیزی ( حاتەم ولیا : ٢٠٠٩: ١٨٨)، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا مۆرفۆلۆجی کار دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕوویەکی ترەوە مۆرفۆلۆجی هەژارە. بۆیە هیچ نیشانەیەکی دۆخ لە ستانداردی کوردیدا لەسەر(NP / DP) ی بکەر و بەرکاردا بەدی ناکرێ، واتە نیشانەی دۆخ کەم بۆتەوە، ئەگەرچی لەهەندێ شێوەی وەك هەولێرو

هەورامان و زاری کرمانجی ژوورو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا دۆخ نیشانەی مۆرفۆلۆجی لە دەربڕینەکاندا دەبینرێ. وەك (صباح رشید ٢٠٠٩: ٩٦ ) لەو نموونانەدا دەستنیشانیان دەکات :

(٧٤) من نانی دەخۆم. ( مۆرفیمی ( ی ) ئەگەرچی نیشانەی ڕەگەزە، بەڵام دۆخیش دەردەبڕێ)

(٧٥) ئەمن شەوێ کار دەکەم. ( دۆخی کات )

(٧٦) بە هەولێرێدا دەڕۆم. ( دۆخی بەرکاری بەیاریدە)

هەندێ زمان لەڕووی نیشانەکانی دۆخەوە زۆر دەوڵەمەندن. بەم شێوەیە، هەر ناوێك لەهەر شوێنێکدا جێگیر بکرێت، نیشانەیەکی دۆخی مۆرفۆلۆجی پێدەدرێ. بەگشتی ئەم جۆرە زمانانە لەڕووی ڕێکخستنی ڕستەکەوە نەرمی پیشان دەدەن. کۆمەڵێکی تر لە زمانەکان هەندێ نیشانەی مۆرفۆلۆجی تایبەت بە ناوەکانیان هەیە، ئەگەرچی هەموو ناوەکان نیشانەیان نییە. کۆمەڵەی سێیەم، ئەو زمانانەن، کە لەڕووی نیشانەکانی مۆرفۆلۆجی هەژارن، ئەگەرچی بوون و نەبوونی نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ ڕێ لەخستنەڕووی ئەم ڕاستییە ناگرن، کە هەر ڕستەیەکی ڕێزمانی، چەند فرێزێکی ناوی هەبێ، دەبێ دۆخەکانیان دیاری کرابێ. بەواتایەکی تر، هەر ناوێك لە ئاستی ڕستەدا دەبێ دۆخی هەبێ، پێویستە لەڕۆنانی ـ س دا ڕستە نیشانەی مۆرفۆلۆجی بۆ ئەو دۆخە هەبووبێ، یا نەبووبێ. زمانی لاتینی و ئەڵمانی لەڕووی نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ زۆر دەوڵەمەندن، بەجۆرێك کە نەك تەنها ناوەکان، بەڵکو ئاوەڵناوەکان، دیاریکارەکان و هەتا جێناوەکانیش نیشانەیان هەیە .

لە کوردیدا : هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی ئاشکرا لە(DP) ی بکەر و بەرکاری ڕستەدا نابینرێ، لەهەر شێوەیەکدا بن، یا ئەرکەکەنیان ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ، نیشانەی دۆخ دەرنەکەوتووە. وەك:

(٧٧) أ- سروە ئامانجی بینی.

ب ـ ئامانج سروەی بینی .

ج ـ من ئەوم ناسییەوە.

د ـ ئەو منی ناسییەوە .

بەڵام ئەو سەربارانەی فۆرمەکەیان فرێزێکی بەندە، ناکرێ نیشانەی دۆخەکە بوونی نەبێ، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێ.

(٧٨) أ- زانا بەکۆیەدا چوو بۆ سلێمانی.

ب ـ چنار لەپارەوە نەخۆشە.

## ١ ـ ١٣ پاڵێوەری دۆخ Case Filter

هەموو(DP) یەك پێویستە بەپێی دۆخ جیابکرێتەوە.

ئەگەر DP یەك دۆخی دەست نەکەوت، دارِشتنەکە تێکدەشکێ (Carnie : 2002: 296 ) .

لەتیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، لەنێوان چوار کەتیگۆری سەرەکی، واتە ناو، کار، ئاوەڵناو و پێشبەند تەنها کار و پێش بەند دۆخ دەبەخشن. کار و پێشبەند لەڕووی سیما سینتاکسییەکانیانەوە یەك ڕووی هاوبەشیان هەیە. لەم تیۆرەدا، سیما سینتاکسییەکانی ناو بریتییە لە[-V , N+ ] ، سیماکانی کار بریتیین لە-[N , +V، سیماکانی ئاوەڵناو[ V+ , N+ ] ، و سیماکانی پێشبەند [ V- , N-] دەبن. بەپێی ئەم بنەمایانە، ڕووی هاوبەشی سیما سینتاکسییەکانی کار و پێشبەند، کە دۆخدەری نموونەیین، بریتییە لە[N-] . لەچوارچێوەی ئەو تیۆرەدا (Chomsky :1981:48,170)، لەسەر بنچینەی ئەم یاسایانەی خوارەوە، کە بە یاساکانی پێدانی دۆخ Case Assignment Rules ناسراوە، باسی دۆخی سینتاکسی جیاواز دەکات .

١ ـ ئەو فرێزە ناوییەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕەگەزی گیرەکی کات (tense(T و ڕێکەوتن Agr لە دۆخی بکەریدایە.

٢ ـ ئەو فرێزە ناوییەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کارێکەوە، لە دۆخی بەرکاریدا دەبێ.

٣ ـ ئەو فرێزە ناوییەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پێشبەندێکەوە، لە دۆخی بەیاریدەدایە.

٤ ـ ئەو فرێزە ناوییەی کە لە ڕۆنانی [ NP - X̄ ] هەڵکەوتووە، بەدۆخی خستنەسەر genitive لێکدەدرێ.

5ـ ئەو فرێزە ناوییە دۆخی بنجی هەیە، کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەندێ لەو فرێزە دەسەڵاتدارانەی کە سیمای [N-] یان هەیە ( محمد دبیر مقدم : ١٣٨٩ : ٤٥٠).

## ١ ـ ١٤ جۆرەکانی دۆخ

تیۆری دۆخ لێکۆڵینەوە لە نیشانەی سینتاکسی نابەرجەستە دەکات، کە DPs دەگرێتەوە. ئەو ڕەگەزانەی لەهەندێ ڕووی ڕۆنانەوە نیشانەی دۆخی تایبەت بەخۆیان پێدەدرێ، شێوەکانیان دیاریکراوە. دۆخ بیرو بۆچوونێکی ڕێزمانیی نابەرجەستەیە. لێرەدا نەبوونی دۆخی مۆرفۆلۆجی ئاشکرا لە ئینگلیزیدا پێشەکی ڕێ لەو ئەگەرە ناگرێ، کە DP یەك نیشانەی دۆخی هەبێ. دۆخی فەرهەنگی لەلایەن ئەو سەرە

فەرهەنگییەوە دیاری دەکرێ، کە حوکمی دەکات(Frank:1990:19 ) . کارەکان دۆخی بەرکاری دەدەنە ئەو NP /DP یەی حوکمی دەکەن، بەناوی بەرکار .NP لەهەندێ زماندا ئەم پێدانی دۆخی ڕۆنانییە نیشانەی مۆرفۆلۆجی لەسەر بەرکاردا ئاشکرایە بەڵام لەهەموو زمانێکدا نا. گیرەكInfl ، ئەگەر دیاریکراو بێ، دۆخی بکەری دەداتە بکەرەکە .NP لە زۆربەی زمانەکاندا بکەرەکە دەبێ بێ نیشانە بێ، یان نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆجی بکەری پێوە بێ، بەڵام لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە لە زمانێکی ئێرگەتیڤیدا بکەری کارە تێپەرەکە دەبێ دۆخی مۆرفۆلۆجی ئێرگەتیڤی هەڵبگرێ. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، لە زاری کرمانجی ژووروودا، لە (٧٩)دا ئازاد، دۆخی ئێرگەتیڤی وەرگرتووە، کە بەهۆی مۆرفیمی ( ی )، کە نیشانەی نفشی نێرە ئاماژەی بۆ کراوە:

(٧٩) ئازادی نامە نڤیسی. ( ڤیان سلێمان : ٢٠٠٩ : ١١٦ )

لێرەدا ئەم ناکۆکییەی نێوان دۆخی ڕۆنانی و دۆخی مۆرفۆلۆجی سەرهەڵدەدات، دیارە کە دۆخی ڕۆنانی نابەرجەستە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان نزێك دەبێتەوە. لەو بارودۆخەی دیاریکردنی دۆخی تایبەتی کارە تایبەتەکان، هەندێ کار دەبێ ئەم دیاریکردنانەیان لەخۆیانەوە هەڵگرتبێ. زمانەوانەکان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر جیاکردنەوەی دۆخ، هەندێکیان دوو جۆر ( دۆخی بنجی و دۆخی ڕۆنانی ) و هەندێکی تریان دۆخی نابەرجەستەش جیادەکەنەوە .

بەگشتی ئەم دۆخانە جیادەکرێنەوە، کە لە م وێنە درەختییەی (٨٠ )دا دەیخەینە ڕوو:

(٨٠)



## ١ ـ ١٤ ـ ١ دۆخی ڕۆنانی Structural Case

بنەمایەکی GB یە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەموو NP یەك لە ڕۆنانێکی ـ S دا دۆخی هەیە، پێشی دەوترێ پاڵێوەری دۆخ: Case Filter

بنەمای پاڵێوەری دۆخ : هەموو NP یەك لەڕووی فۆنەتیکییەوە دەرکەوێ، پێویستە دۆخی پێبدرێ.

ئەو NP / DP یەی کە دۆخی بنجی لە ڕۆنانی ـ D دا وەرنەگرتووە، دەبێ دۆخی ڕۆنانی لە ڕۆنانی ـ S دا وەربگرێ. دۆخ لەلایەن چەند پێدەرێکی دۆخەوە دەدرێتە ئەو پێکهاتانەی حوکم دەکرێن. وادادەنێین، کەV ، پێشبەند و گیرەکی ڕێزمانی+) Infl کات) پێدەری دۆخن Infl(+tns) : دۆخی بکەری دەداتە ئەو NP یەی حوکمی دەکات ( بکەرەکە، ئەو ڕاستییە پیشان دەدات، کە ڕستە کاتییەکان داوای دەربڕینی بکەرەکان دەکەن)، Vدۆخی ڕاستەوخۆ دەداتە ئەو NP یەی حوکمی دەکات ( بەرکارەکە) و پێشبەند Prep دۆخی ناڕاستەوخۆ دەداتە ئەو NP یەی حوکمی دەکات. ئەم پێناسانە ئێستا دەتوانین لەگەڵ پاڵێوەری دۆخ پێکەوە ببەستینەوە ( Malmkjær:2010:19) . لە ڕستەی (٨١)دا تێبینی دەکەین، کە گیرەك (Infl) I و تەواوکارەکەی VP پێکهاتەیەکی نیشانەی Ī پێکدەهێنن لەناو فرێزێکی گیرەکیدا .IP بەپێی یاساکانی پێدانی دۆخ (چۆمسکی :١٩٨١ : ١٧٠)، ئەگەر ئەو فرێزە ناوییە (NP) لەلایەن گیرەکی ڕێزمانییەوە I حوکمی بکرێ. منداڵەکە، دەبێتە بکەری ڕستەکە، کە لەزۆربەی زمانەکاندا بکەر بێ نیشانەی دۆخی بکەرییە، یان لە زمانە ئێرگەتیڤەکاندا بکەرەکە نیشانەی دۆخ هەڵدەگرێ، هەروەك لە زاری کرمانجی ژووروی کوردیشدا لە نموونەی (٧٩)دا خراوەتە ڕوو. لە(٨١)دا کارەکە ( خوارد ) دۆخی بەرکاری دەداتە (گۆشتەکە) چونکە حوکمی دەکات، بەهەمان شێوە بەپێی تایبەتمەندی زمانەکان، بوون و نەبوونی نیشانەی دۆخ دەگۆڕێ .

(٨١) منداڵەکە گۆشتەکەی خوارد .

بەشێوەی هێڵکاری درەختی:



هەندێ کار بەرکاری بەیاریدە وەردەگرن، کە پێشبەندەکە P دۆخ دەداتە ئەو NP یەی حوکمی دەکات. کاری نادیار لەتوانایدا نییە دۆخ بدات بە بەرکارەکە، ئەمە بەرکارەکە هاندەدات بۆ جولانەوەی بەرەو شوێنی بکەرە لادراوەکە، کە لەوێدا دۆخی بکەری وەردەگرێ، کە لە گیرەکی ڕێزمانیدا مۆرفیمی کاتەکە T یە. دەکرێ لێرەدا بڵێین زمانەکان بەپێی پارامیتەرەکانیان جیاوازن لە پێوەلکانی گیرەکە ڕێزمانییەکانی کاردا (Agr،Tense ) ، بۆیە چۆمسکی (١٩٨١) و زمانەوانەکانی تر لەجیاتی فرێزی گیرەکی (IP (Inflectional Phrase تەنها TP ، یان AgrP دادەنێن. بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا بە TP پێکهاتەکانی ڕستە دیاری دەکەن، هەروەها (مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٣٢ ) بەپێی تیۆری (GB (1981 وادادەنێ کارەکە و کات بەتایبەتی ، یان ڕێکەوتن لە ناوەوەی گیرەکەکەیە، کە هۆکاری سەرەکییە لە بەدوای یەکدا هاتنی ڕاستەوخۆی فرێزی ناوی لەڕستەکەدا، کاتێ کە NP یەکە لەشوێنی سەرەکی خۆیدا بێ. ئەو فرێزە ناوییەی لە چوارچێوەی پەیوەندی درەختیدا دۆخ وەردەگرێ : [ ڕێکەوتن ـ سپیکی سەرە ]. دۆخی ڕۆنانی بە چەمکی دەسەڵات حوکم دەکرێ وەك (بکەری و بەرکاری). ئەو گیرەکەی کە ڕێکەوتن و کات لەخۆ دەگرێ، دۆخ دەداتە بکەرەکە، لەکاتێکا کارەکە دۆخی بەرکاری دەداتە بەرکارەکە. لە ئینگلیزیدا Tبە پێدەری دۆخ دادەنێن لەجیاتی گیرەکی ڕێزمانی I و Agr فەرامۆشکراوە، هۆیەکەشی ئەوەیە، مۆرفیمی ڕێکەوتن Agr لەسەر کارەکە بەدی ناکرێ. ئەمەش زۆر گونجاوە بۆ ئینگلیزی، چونکە ڕێکەوتن هیچ واتایەك ناگۆڕێ. بەڵام لە هەندێ زمانی وەك، کوردی، فارسی و تورکی...هتد مۆفیمی Agr لە هەموو کەسەکاندا بوونی هەیە و ڕۆڵی گرنگ دەبینێ شانبەشانی T ، کە دەشێ IP بەکار بهێنین بۆ دیاریکردنی پێکهاتەکانی ڕستە، یا ئاماژە بەهەردوو مۆرفیم ( Agr ,T ) بکەین، ئەگەر نا دەبێ بڵێین ڕێکەوتن هیچ واتایەك و ڕۆڵێکی نییە. تاکو بتوانین لە هێڵکارییەکەدا پشتگوێی بخەین.

DP بەبێ دۆخ ناتوانێ ئەنجام بدرێ، بۆ جێبەجێکردنی پاڵێوەری دۆخ ڕێگایەکی گشتی هەیە، بە بەکارهێنانی میکانیزمێك، کە بە پاساودانی سیما ناسراوە. ئەمە پشت بەو بۆچوونە دەبەستێ، کە لە فۆنۆلۆجی وەرگیراوە، ئەوەیە کە وشەکان لەسیمای زۆر بچوك پێکدێن(Carnie:2002:296) . بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (٨٢)دا وشەی (من) لەو سیمایانە پێکدێت، کە کەسی، ژمارە و دۆخ دەنوێنێ، کە لە قالبێکدا پیشانی دەدەین :

(٨٢) من کتێبەکەم کڕی.

( أ) من [ کەسی یەکەم / تاك / بکەری ] ( ب) Agr [ کەسی یەکەم / تاك / بکەری ]

تێبینی دەکەین، هەردوو قالبەکە [ من و Agr ] لەم سیمایانەیاندا، سیمایەکی [ بکەری ] یان هەیە. پاڵێوەری دۆخەکە داواکارییەکی دەبێت، کە ناوێکی وەك ( من ) دەبێ زۆر نزیك بێ لە پێدەری دۆخەکە، وەك Agr/ I . بۆ پاساودانی ئەوە، ناوەکە ئەو سیما ڕاستانەی هەیە. ناوەکە پێویستە نزیك بێ لە پێدەری دۆخەکەی وەك لە (٨٣)دا دۆخی بکەری و لە (٨٤)دا دۆخی بەرکاری ڕوونکراوەتەوە.

(٨٣) دۆخی بکەری




(٨٤) دۆخی بەرکاری




### ١ ـ ١٤ ـ ٢ **دۆخی بنجی** Inherent Case

دۆخی بنجی یان دۆخی واتایی، ئەوەیە، کە لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە واتاییەی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا دەدرێتە پاڵ فرێزی ناوی ( مصطفى غلفان ٢٠١٠ : ٣٣٢). GB دۆخی بنجی و ڕۆنانی جیادەکاتەوە، دۆخی بنجی دەبێتە لقە کەتیگۆرییەك لەبەرامبەر دەروازەی فەرهەنگی، لە ڕۆنانی ڕستەدا دۆخی ڕۆنانی لە شوێنە دیاریکراوەکاندا ڕووندەکرێتەوە. لەکاتێکا هەموو کارە تێپەڕەکان بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرن، بەشێکیان بەرکاری بەیاریدە وەردەگرێ. بەرکاری بەیاریدە دۆخێکی بنجییە .

چۆمسکی دوو جۆر پێدانی دۆخ جیادەکاتەوە : پێدانی دۆخی ڕۆنانی، کە بە تەواوی پشت بە دەسەڵات government دەبەستێ، بەشێوەیەکی تایبەتی، و پێدانی دۆخی بنجی، کە پشت بە دوو مەرج دەبەستێ : (١) پێدانی ڕۆڵی بابەتانە، و (٢) دەسەڵات.

### ١ ـ ١٤ ـ ٢ ـ ١ مەرجی دۆخی بنجی Inherent case condition

ئەگەر α پێدەرێکی دۆخی بنجی بێ، ئەوا α دۆخ دەداتە NP یەك ئەگەر و تەنها ئەگەر α ڕۆڵی بابەتانە بداتە فرێزە ناوییەکە( Chomsky : 1986a : 194 , 1995:114 ) .

چۆمسکی وادادەنێ، کە ناو و ئاوەڵناوەکان دۆخی خستنەسەر لەخۆیانەوە دیاریدەکەن و ئەوەش لەجیاتی دیاریکردنی دۆخی ڕۆنانی، وەك of لە ( Emsworth is proud of [the pig] ) ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئاشکرای دۆخی بنجی خستنەسەری هەیە( Haegeman : 1991:176) . دیاریکردنی بەرکاری بەیاریدە پێویستە لە فەرهەنگدا دیاری بکرێ بۆ کارە تایبەتەکان، لەبەر ئەوە دەبێ بە بنجی وەربگیرێ : Blake ) 2004;59 ). لە زمانی کوردیدا دۆخی بنجی خستنەسەر و دۆخی سەربارەکان دەبینرێ، کە شێوەی مۆرفۆلۆجی یا نابەرجەستەیان هەیە، ئەم دۆخانەش زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو واتایەیە، کە دەدرێتە ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و ئاوەڵگوزارەکان، هەروەها دەدرێتە ئەو ئەرگومێنتانەی سنوردار نین. وەك لە نموونەکانی (٨٥)دا دۆخی بنجی بەئاشکرا دەردەکەوێ، ڕۆڵی بابەتانەیان وەرگرتووە لە کەرەسە حوکمکارەکانیانەوە، لەکاتێکا لە ( د، ه ) دا کەرەسەکانی ناو کەوانەکان ناتوانن دۆخی بنجی وەربگرن، چونکە هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەیان پێ نەدراوە.

(٨٥) أـ هیوا مامۆستای بیرکارییە.

ب ـ شیلان کورتە باڵیە.

ج ـ شیلان زیرەکە لە پۆلەکەدا.

د ـ *شیلان زیرەکە { پۆلەکە.{

ه ـ *شیلان زیرەکە {لە پۆلەکە بۆ خوێندن }

و ـ لە دوێنێوە باران دەبارێ.

ی ـ ئازاد لەباخەکەدا نامەکەی نووسی.

(٨٦) أـ شیلان { کە { پاییز داهات }نەخۆش دەکەوێت } .

ب ـ ئامانج نامەکەی بە دەست نووسی.

ج ـ ئامانج نامەکەی بە سروە دا.

لەم نمونانەی (٨٦)دا ئامرازی گەیەنەر و پێشبەندەکە دۆخی بنجی نابەرجستە دەدەنە ڕستەی ( پاییز داهات) و ناوەکانی ( دەست و سروە ) یەك لەدوای یەك چونکە ڕۆڵی - θ یان پێ دەدەن و حوکمیان دەکەن، کە ڕۆڵی بابەتانەی ( کات، ئامێر و سودمەند )یان یەك لەدوای یەك وەرگرتووە .

دۆخی بنجی تاڕادەیەك بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ، کە بڵێین، ئەو سەربارانەی لە ڕستەدا دەردەکەون و ناکەونە ژێر حوکمی هیچ کەرەسەیەکی دۆخدەرەوە، کێشە بۆ تیۆرەکە دروست دەکەن. بۆ چارەسەری ئەوەی کە چۆن دۆخیان دەست دەکەوێ. بەو پێیەی دۆخی بنجی لە ڕۆنانی - D دا دەدرێ، ئەگەر کەرەسەیەك جولا ئەو دۆخەی لەگەڵ خۆیدا وەردەگرێ، بەڵام نابێ بەرەو ئەو شوێنانە بجولێ، کە داوای دۆخی جیاواز دەکەن( Tottie:1998:43 ) . کەواتە ئاوەڵکاری ( **ئەمڕۆ** ) دەتوانێ لە ڕستەی ( **ئازاد ئەمڕۆ چوو بۆ هەولێر** )دا دەرکەوێ چونکە دۆخی بنجی لە ڕۆنانی - D دەست کەوتووە، کە سیمای [+کات] ی هەڵگرتووە، بەرەو شوێنی سپێکی T دەجولێ و لەوێدا پاساو دەدرێ بە سیمای هاوشێوە [+کات] لە سەرەی T دا، چونکە داوای دۆخی جیاواز ناکات، وەك، لە (٨٧)دا ڕوونیدەکەینەوە:

(٨٧)




## ١ - ١٤ - ٣ دۆخی نابەرجەستە Abstract Case

دۆخی نابەرجەستە لە چەند تیۆرێکی نوێی تردا دەبینرێ. لە مۆدیلی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەی چۆمسکی، کە بەفراوانی باسی دۆخی نابەرجەستە دەکات زیاتر لە دۆخی مۆرفۆلۆجی، کە پێوانەیەکی گرنگە یان پێکهێنێکی ڕێزمانییە. لەم تیۆرەدا جیاوازی لەنێوان دۆخی ڕۆنانی و دۆخی بنجیدا دروست دەبێ. دۆخی ڕۆنانی لە ڕیزکردن و ڕێکخستنی ڕۆنانیدا بەگوێرەی شوێنەکانیان دەدرێتە فرێزە

ناوییەکان(Blake :2004:58 ) . عبدالقادر الفاسی الفهری لە باسی دۆخی نابەرجەستەدا دەڵێ: ئەو دۆخەیە دەدرێتە پاڵ ئەو کەتیگۆرییە ئەرکیانەی کە نە ئەرگومێنت و نە پاشگرن، وەك مبتدا و خبر لەزمانی عەرەبیدا ( مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٣٢ ). GB دۆخی نابەرجەستە (بە C گەورە) و دۆخی مۆرفۆلۆجی ( بە c بچوك ) جیادەکاتەوە، لێرەدا دوو دۆخی نابەرجەستە هەیە، دۆخی بکەری و دۆخی بەرکاری، کە یەك لەدوای یەك ئاماژە بە کەرەسەکانی دەرەوە و ناوەوە دەکەن : Van Valin ) 2004:196). ئینگلیزی وەکو زمانە گیرەکییەکان inflectional languages نییە سیستەمی دۆخی زۆر هەژارە، نیشانەی دۆخی ئاشکرای نییە، لەلاتینی و ئەڵمانیدا پاشماوەی سیستەمی دۆخ ئاشکرایە، وادادەنێین، کە ئینگلیزی لە دۆخی نابەرجەستەدا سیستەمێکی پێگەیشتووە، بەهەمان شێوەی لاتین و ئەڵمان، کە دۆخی نابەرجەستە بەشێکە لە ڕێزمانی گشتی. لە ئینگلیزیدا نیشانەی دۆخی نابەرجەستە هەمیشە لەڕووی فۆنەتیکییەوە دەرنەکەوتووە. پلەی دەرکەوتنی فۆنەتیکی دۆخی نابەرجەستە بەپێی پارامیتەری زمانێك بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

چەمکی دۆخی نابەرجەستە بەشێکی گرنگە لە GB دا، پشت بەکارەکەی (1985) Vergnaud دەبەستێ، چۆمسکی و لایەنگرانی گەشەیان بە تیۆری دۆخ داوە، وەك دەبینین، تیۆری دۆخ بۆ پەیوەندی بە پێکهێنەکانی تری ڕێزمان دروست بووە، بەتایبەتی تیۆری θ- ( Haegeman : 1991:158 ) . زمانی کوردی (ستانداردی دیالێکتی ناوەڕاست) نیشانەی دۆخی لەسەر بکەر و بەرکاردا نەماوە، لەبەر ئەوە دۆخی ئاشکرای نییە، و دۆخ بەپێی شوێنی DP دیاری دەکرێ، هەرچەندە لەهەندێ شێوە ناوچەیی وەك هەولێر پاشماوەی دۆخ بەدی دەکرێ. وەك:

(٨٨) هێمن لە ژوورێدا نووستییە .

وەك تێبینی دەکرێ دوو نیشانەی ( ێ، دا ) لەسەر ناوی (ژوور) دەرکەوتووە، کە (ێ) نیشانەی ڕەگەزی مێیە و (دا) نیشانەی دۆخی شوێنە، کە پێشبەندی (لە) دەیداتێ، بەمەش (لە ژوورێدا) وەك سەربارێك بەشداری ڕۆنانی ڕستەکەی کردووە، کە شوێن پیشان دەدات.

بەڵام کاتێك GB ئامانجی ئەوەیە، ببێتە بەشێك لە ڕێزمانی سەراپا، دەبێ تیۆری دۆخ پەسەند بکات، وەك لە ئینگلیزیدا بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا دۆخەکە شاراوە و نابەرجەستەیە یان بەئاشکرا دیاریکراوە .

دەبینین، کە کردەکانی مۆرفۆلۆجیی لە گیرەکدا مەرجی کەتیگۆرییەکی ئەرکی INFL دادەنێ، کە بوونی ئەو سەرەیە کۆتایی بە ڕستەکە دێنێ. دۆخ بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێ. وادادەنێ بەمسۆگەری دەبێتە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی. دەبینین کۆتە مۆرفۆلۆجییەکان بەهۆی سیماکانەوە features لەسەر V

دادەنێ، وەكو [NUM: pl] یان[INFL-] . بۆ نموونە ئەو سیمایە دۆخی بەركارییە واتە[CASE: acc] ، هەڵبژاردنی دۆخ لایەنی كەم بە بەشێكی تایبەت بەخۆی دادەنرێ( Tottie: 1998:43) . وردبوونەوە لە كاری (دا) دوو بەركار وەردەگرێ، كتیبەكە بەركارێكی ڕاستەوخۆیە و ئەوی تریان پێكهێنەرێكی بەیاریدەیە .

(٨٩) هیوا كتێبەكەی دا بە دارا .

چۆمسكی و لاسنك (١٩٩٣) بۆچوونی ڕێكەوتن و دۆخی مۆرفۆلۆجی بەپێی نیشانەی دۆخی نابەرجەستە یەكدەخەن : دۆخ پەیوەندیی بە XPو (سەرە)وە H هەیە. H سەرەیەكەX̊ ، كە دۆخی XP دیاری دەكات یان پاساو دەدات. كاتێ ئەو سیمایە لەسەر XP و H دا دەركەوێ، بەو پەیوەندییە دەڵێن ڕێكەوتنagreement ، بەڵام كاتێ بە تەنها لەسەر XP دەركەوێ، پێی دەڵێن دۆخ .Case هەر دوو جۆرە پەیوەندیی سەرە و جێكەوتەی مەزن لە (٩٠)دا دەردەكەوێ:

(٩٠) پەیوەندی ڕێكەوتن: H XP

+ Case +Case

(٩١) پەیوەندی دۆخ H XP :

- Case +Case

بە پێی ئەمە، ئەم پێكهێنانەی ڕێكەوتن و دۆخە ڕێ بە پێدەری ـ دۆخ دەدات، سیماكانی ـ دۆخ هەڵبگرێ. پێمان وایە، كە ئەم ڕێبازە كێشەدارە چونكە دژی بنەمای خۆپاراستنی دۆخ Case) Resistance Principle )ی Stowell (1981) دەوەستێتەوە، بەو پێیەی كە پێدەری دۆخ ناتوانێ دۆخ وەربگرێ( Tremblay:1997 : 124) .

**(٩٢) بنەمای خۆپاراستنی دۆخ** Case Resistance Principle

نابێ دۆخ بە كەتیگۆرییەك بدرێ سیمای ـ دۆخی هەڵگرتبێ( Stowell:1981:146 ) . دیاریكردنی دۆخ پەیوەندی بە سەرە و جێكەوتەی مەزنەوە هەیە، دۆخ لەلایەن سەرە [N-] ەوە دەدرێتە جێكەوتەی مەزن [N+] .

## ١ ـ ١٥ تیۆری بەستنەوە Binding Theory

تیۆری بەستنەوە (BT) ئامانجی وەسفکردنی ئەو بنەما وردانەیە، کە حوکم بەو جۆرە بڕیارانە دەکات، کە تەنها بڕیار لەسەر دروستی و نادروستی ئەو ڕستانە نادات، کە جێناوەکانی تێدایە، بەڵکو بڕیار لەسەر پەیوەندی نێوان نیشانەکانیشیان دەدات. ئەگەر چی ئەو جۆرە بۆچوونانە لەخۆیدا سینتاکسی بێ یا سیمانتیکی، هێشتا بابەتێکە مشتومڕی زۆری لەسەرە.

لەڕووی تەکنیکییەوە زیاتر دەتوانین، بڵێین، کە تیۆری بەستنەوە خەریکی دابەشکردن و تایبەتییە ئاماژەییەکانی فرێزە دیارخەرییەکانەDPs / NPs ، کە لە ڕستەیەکدا هەن(Bonato:2006:26) .

تیۆری بەستنەوە پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ، کە بەندە بە بەکارهێنانی هەندێ ڕەگەزی زمانی. لە هەموو زمانێکی سروشتیدا چەند دانەیەك هەیە، کە ناتوانرێ بەبێ بەستنەوەیان بە ڕەگەزە زمانییەکانی تر لێکبدرێنەوە، وای دادەنێ پێشەنگەکەی antecedent بەهای ئاماژەییەکەی دەداتێ BT .لە بنەڕەتدا گرنگی دەدات بە هاوئاماژەیی دوو دەربڕین و سروشتیی ئەو دەوروبەرە سینتاکسییەی کە حوکمی ئەو هاوئاماژەییە دەکات، گەر ئەو دوو ئاماژە هاوبەش بن لە شتێکی دیاریکراودا ( مصطفی غلفان ٢٠١٠ : ٣٢٣ ). کەواتە تیۆری بەستنەوە بریتییە لە لقە تیۆرێك لە تیۆرەکانی ڕێزمانی گشتی، گرنگی دەدات بە پەیوەندییە ئاماژەییەکانی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی ڕستە، بەتایبەتی هاوئاماژەیی نێوان دوو ڕەگەز، هەروەها گرنگی دەدات بە چوارچێوەی سینتاکسی، کە حوکمی ئەم هاوئاماژەییە دەکات. ئەوا دوو ڕەگەز یان دوو فرێز هاوئاماژە بن لە شتێکی دیاریکراودا، ئەم هاوئاماژەییە پێی دەوترێ بەستنەوەBinding ، و بەو ڕەگەزە دەوترێ، کە ئاماژە بەشتێك دەکات، کە ڕەگەزێکی تر لەلایەن ڕەگەزێکی بەستراوەوە ئاماژەی پێکردووە، واتە، کە پێشەنگێکی هەیە، هەمان نیشانە هەڵدەگرێ. بەڵام ئەگەر پێشەنگێکی نەبوو، پێی دەوترێ سەربەست، واتە لێرەدا ڕەگەزێکی تر نییە ئەو نیشانەیە هەڵبگرێ، لەوکاتەدا ئاماژە بە هەمان شت بکات، کە ڕەگەزی یەکەم ئاماژەی پێکردووە .

پێشەنگ antecedent ئەو ڕەگەزەیە لەگەڵ ڕەگەزێکی تری ئاماژەپێکراودا لە نیشانەیەکدا هاوبەشن، دەبێ ئەو پێشەنگە لەڕووی پێکهاتەوە حوکمی ئەو ڕەگەزە بکاتC- command ، کە لەگەڵیدا هاوئاماژەیە .

## ١ ـ ١٦ بنەماکانی تیۆری بەستنەوە:

تیۆری بەستنەوە بە بنەما گشتییەکانی دەتوانێ، بەشێوەی فۆرمێکی ڕێکوپێك جۆری پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی جێناو و پێشەنگەکەی، و مەودای کۆنترۆلکردن و سنوری پاڵپشتی ئاماژەیەکی گونجاو دیاری بکات .

زاراوەکانی بەند و سەربەست free and bound بەو شێوەیەی باوە بەپێی یاسا دیاریدەکرێ، لەڕووی کەتیگۆریی حوکمکردنی پێکهاتەدا هاونیشانە دەبێ. بەند و سەربەست لە بنەماکانی تیۆری بەستنەوەدا زۆر بەوردی وەك بەستنەوەی ناوخۆیی - A Locally A-bound لێکدەدەینەوە، کاتێ کە β بەستنەوەی - Aبە α بێ ئەگەر β بە α ببەسترێتەوە و α لە شوێنی - A بێ، ئەوە ئەو شوێنە ئەرکی ڕێزمانی وەکو بکەر یان بەرکاری هەیە ( Chomsky 1982 : 20 ). بنەماکانی تیۆری بەستنەوە ئەمانەن:

**بنەمایA** : هەموو ئەنافۆرێك لەژێر دەسەڵاتی کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا بەستراوەیە .

جێناوی خۆیی لەهەموو زمانێکدا بەپێی بنەمای A لێکدەدرێتەوە، سێ مەرج هەیە : پێویستە پێشەنگێك هەی بێ، دەبێ لەگەڵ پێشەنگەکەدا لە ڕەگەز و ژمارە و کەسدا وەکو یەك بن، بۆ نموونە:

(٩٣) ئەو خۆی خۆشدەوێ .

پێشەنگەکە دەبێ لەژێر دەسەڵاتی ئەو فرێزەدا بێ، کە لەسەروی جێناوەکەیە. پێشەنگ و جێناوەکە، کە ئاماژە بۆ یەکتری دەکەن، دەبێ لەسنوری یەك ڕستە ( پاڕستە)دا بن. لە (٩٤)دا IP ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەسەر سپێك (منداڵەکە)دا هەیە و ناڕاستەوخۆش دەسەڵاتی بەسەر جێناوەکە (خۆ)دا هەیە، کە هەردوکیان لەسنوری هەمان ڕستەدان، وەك لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێ :

(٩٤) منداڵەکە خۆی شوشت .




**بنەمایB** : هەموو جێناوێکی کەسی لەژێر دەسەڵاتی حوکمکارەکەیدا سەربەستە.

جێناو لەو جۆرەدا هەمیشە ئاماژە بە ڕەگەزێکی تر دەکات، کە هاونیشانەن، واتە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشەنگێك لە دەرەوەی ڕستەکەدا، نەك بگەڕێتەوە بۆ پێشەنگێك لەهەمان ڕستەدا. واتە پێشەنگ و جێناوە کەسییەکان لە سنوری پاڕستەیەکدا نایەن، بۆ نموونە:

(٩٥) ئەو ئەوی ئبینی .

ئەم دوو جێناوە هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ یەك كەس ، ئەگەر لەسنوری پاڕستەیەك دەرچێ، ئەوكات ئاماژە بۆ پێشەنگەكە دەكات لە دەرەوەی پاڕستەكەدا، وەك لە (٩٦)دا جێناوەكە هەمان نیشانەی (ئازاد) هەڵدەگرێ لەدەرەوەی پاڕستەكەی ناو دوو كەوانەكە، بۆ (زارا) ناگەڕێتەوە، چونكە نیشانەی جیاوازیان هەیە و جێناوەكە لەسنوری ناوچەییدا سەربەستە، واتە بەستراوە نییە .

ئەوەی تێبینی دەكرێ لە بنەمای B دا، ئەوەیە، كە نایەوێ، جێناوەكە پێشەنگی هەبێ، ئەگەر پێشەنگی هەبێ، دەبێ لەدەرەوەی پاڕستەكەدا بێ. بەم شێوەیە ڕستەی (٩٦) لێڵە و دوو لێكدانەوەی واتایی بۆ دەكرێ، یەكێكیان وەك پێشتر باسمان كرد ئاماژە بە (ئازاد) دەكات، ئەویتریان ئاماژە بە كەسی سێیەم دەكات، كە لەڕستەكەدا ناوی نەهاتووە.

(٩٦) ئازاد iوادەزانێ [ كە زارا jئەوi ی ناوێ] .

**بنەمای C :** هەموو دەربڕینێكی ئاماژەیی سەربەستە.

ئەم بنەمایە جیاوازە لە هەر دوو بنەماكەی تر، دەربڕە ئاماژەییەكان لە سنوری ڕستەیەكدا ئاماژە بە هیچ پێشەنگێك ناكەن، پێویستییان پێی نییە. ئەمانە ئاماژە پێكراون، كە لە دەرەوەی ڕستەكەدا ئاماژە بە كەسێك، یا شتێك دەكەن و نابەسترێنەوە بە نیشانەكەیانەوە. هەروەها چەند جۆرێكی تر لە DP هەیە، كە وەك دەربڕی ئاماژەیی كاردەكەن، لەو جۆرەی كە لە ئەدەبیاتی فەلسەفیدا پێی دەوترێ : وەسفە دیاریكراوەكان (definite descriptions) جیفری بوول : ٢٠٠٩ : ٢٧٣). لە ڕستەی (٩٧)دا (ئەو پیاوەی كە دوێنێ بینیم ) وەك دەربڕی ئاماژەیی كاردەكات، كە كەسێكی دیاریكراو لە مێشكدا هەیە لە دەرەوەیە :

(٩٧) [ <u>ئەو پیاوەی دوێنێ بینیم</u> ]i زوو گەڕایەوە، ئێوە نەتان دیi .

لەوانەیە بۆی بگەڕێتەوە

تیۆری بەستنەوە فرێزە ناوییەكانNPs/ DPs (بەگوێرەی بوون و نەبوونی ئاماژە) بەسەر چوار جۆردا دابەش دەكات(حمدان رضوان ٢٠٠٧: ١٥٤ )، كە ڕەگەزەكانی تیۆری بەستنەوە ئەم فرێزە ناوییانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**یەكەمیان :** ئەنافۆرەكان، یان جێناوەكانی خۆیی و هاوبەش .Reflexive pronouns and Reciprocals ئەنافورەكان بریتین لەو ڕەگەزانەی پێویستیان بە ڕەگەزێكی ترە لە نیشانە و ئاماژەدا لەگەڵیدا هاوبەش بن (مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٢٣)، وەك : خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان و جێناوی یەكتری، پێكەوە، لەگەڵ یەكتری.

تیۆری بەستنەوە هەموو ئەو (خۆ)یانە ناگرێتەوە، کە لە کوردیدا هەن، وەك:

(٩٨) ئەو خۆی هات.

ئەم (خۆ)یە هیچ ئەرکێکی نییە، بۆ جەختکردنەوەیە، دەتوانین لایبدەین، تەنها کاری تێپەڕ جێناوی خۆیی وەردەگرێ. جۆرێکی تر لە (خۆ) جێناوی خاوەنێتییە، لەو بارەدا خاوەنێتی جەختکردنەوەی لە (من) زیاترە وەك لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

(٩٩) کتێبەکەی من پارێزراوە.

(١٠٠) کتێبەکەی خۆم پارێزراوە .

هەروەها ئەم جۆرانەی تریش لە کوردیدا هەیە، کە (خۆ) لەسەرەتای ڕستەوە بێ، بۆ جەختکردنەوەیە لە ڕاستی بار، یان ڕوودانی بکەرەکە، وەك لە (١٠١)دا، جگە لەوە جۆرێکی تر لە(خۆ) لەکوردیدا وەکو ناو بەکاردێ، وەك لە (١٠٢)دا خراوەتەڕوو:

(١٠١) خۆ من کوردم.

(١٠٢) ئەم پیاوە لە خۆمانە.

ئەمانە لە جۆری (جەختکردنەوە)ن. (خۆیی) لە هەموو زمانەکاندا وەکو یەکە، ئەوانی تر تایبەتن بە کوردی .

(١٠٣) جاء بنفسه. ( جەختکردنەوە )

(١٠٤) قتل نفسه بنفسه. ( خۆیی )

لە تایبەتییەکانی ئەنافۆرەکان:

١- پێویستە ئەو ڕستەیەی پێشەنگ و جێناوەکەی تێدا هاتووە، کارەکەی تێپەڕ بێ.

٢- ئەنافۆرەکان پێویستە پێشەنگێکیان antecedent هەبێ، لەگەڵ سیماکانی کەس و ژمارە و ڕەگەزدا ڕێك بکەوێ، ئەنافۆری خاوەن سیمای (کۆ) ناتوانێ پێشەنگێکی تاك وەربگرێ . دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بەشێکی تری ڕستە، واتە دەبێ DP یەکی تر لە ڕستەدا بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی واتاکەی ڕوون ببێتەوە، وەك لە (١٠٦)دا، دەبێ بگەڕێینەوە سەر ناوی (کورەکە)، ئینجا واتاکەی دەزانین، چونکە جێناوی خۆیی

(reflexive)و پێشەنگەکەی داوای ڕێکەوتن دەکەن لەڕووی سیما ناوییەکانەوە، جێناوی خۆیی پشت بە لێکدانەوەی سەر پێشەنگەکەی دەبەستێ، واتە جێناوە خۆییەکە و پێشەنگەکەی هاوئاماژەن.

(١٠٥) *منداڵەکە خۆیان کوشت.

(١٠٦) کوڕەکە خۆی کردە پۆلیس.

٣ـ دەبێ پێشەنگەکە لەهەمان ڕستەدا بێ، کە ئەنافۆرەکەی تێدا هاتووە. ئەو IP یە نزیکەی پێشەنگەکەی تێدایە، دەبێ ئەنافۆرەکەی تێدابێ (جیفری بول: ٢٠٠٩ : ٢٤٣). واتە پێشەنگەکە بە مەودای ناوچەیی، یان مەودای بەستنەوەدا بدۆزرێتەوە، پێویستە جێناوە خۆییەکە لەڕووی ناوچەییەوە بەستراوە بێ. لە (١٠٧)دا دەبێ (خۆی) لەگەڵ (پیاوەکە)دا هاوئاماژە بن، یا لەمەودای پارستەکەدا بەستراوەبێ، بەپێچەوانەوە، ئەگەر لەگەڵ (ژنەکە)دا هاوئاماژە بێ، ئەوا نابێتە ئەنافۆر، چونکە لە دەرەوەی پارستەکەدایە:

(١٠٧) ژنەکە دەزانێ، کە پیاوەکەی خۆی شاردۆتەوە.

٤ـ ئەنافۆرەکان پێویستە پێشەنگەکەیان بکەر بێ .

(١٠٨) نازدار ژوێنەکەی خۆی ژدایە ئارام ) .ژخۆی نابێتە ئەنافۆر چونکە هاونیشانەیە لەگەڵ ئارام(

٥ـ دەبێ پێشەنگەکە لەهەمان IP نزیکییەوە حوکمی ئەنافۆرەکە بکات .

(١٠٩) *دایکی منداڵەکە خۆت خۆشدەوێ.

(١١٠) دایکی منداڵەکە خۆی خۆشدەوێ. {خۆی بۆ هەموو فرێزەکە(دایکی منداڵە) دەگەڕێتەوە }

٦ـ لێکدانەوەکە لەگەڵ ناوەکەی پێشەوە دەبێ، واتە ناوەکە هەمیشە لەپێش جێناوەکەوە دەبێ.

٧ـ هەرچی بنەماو یاسا هەیە بەسەر (یەکتر)دا دەسەپێ وەکو (خۆ)، بەڵام دەبێ پێشەنگەکە (بکەرەکە) کۆ بێ. وەك:

(١١١) پیاوەکان یەکتریان کوشت .

**دووەمیان** : جێناوە کەسییەکانPronominals ، یان جێناوە نا ـ خۆییەکان : Non-reflexive pronouns هەموو جێناوێك دەگرێتەوە، جگە لە جێناوی خاوەنێتی و ڕێکەوتن، وەك : من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان. جێناو بە پێچەوانەی جێناوی خۆیی ڕەفتار دەکات، ئەگەر شوێنێك جێناوی خۆیی بوێ، جێناوە کەسییەکان جێگایان نابێتەوە، واتە یەکتر دەردەکەن. لە نموونە (١١٢)ی خوارەوەدا، ئەو کەتیگۆرییە حوکمکارەی کە

لە پاڕستەکەدا دەرکەوتووە، ئەو جێناوە کەسییەیە (ئەو)، چونکە لەم ڕستەدایە جگە لەو جێناوە، حوکمکارەکەی (واتە کەرەسەیەکی مۆرفۆلۆجیش) ئامادەیە.

(١١٢) کاوە وادەزانێ کە [ ئەو زیرەکە ].

بەپێی بنەمایB ( بڕوانە لاپەرەکانی دواتر) جێناوی کەسی دەبێ لە کەتیگۆرییە حوکمکارەکەی خۆیدا، واتە لە پاڕستەکەدا سەربەست بێ. مەبەست ئەمەیە، کە نابێ هیچ فرێزێکی ناوی لەو کەتیگۆرییە حوکمکارەی زاڵ بووە بەسەر جێناوەکەدا، لەگەڵیدا هاونیشانە بێ. واتە پێشەنگی جێناوە کەسییەکە نابێ لە ناوەوەی کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا بێ. لە نموونەکەدا بارەکە بەو جۆرەیە، لەناو پاڕستەکەدا هیچ فرێزێکی ناوی نییە، کە بتوانێت ببێتە پێشەنگی جێناوی (ئەو). ئەو خاڵەی کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە، کە بنەمای B ڕایدەگەیەنێ، کە پێشەنگی جێناوی کەسی ناتوانێت لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا جێناوێك بێت، ئەو پێشەنگە لەوانەیە لەڕستە سەرەکییەکەدا بێ یا لە بنچینەدا لە دەقەکە (واتە لە ڕستەکانی پێشتر) یا لە دەرەوەی سنوری پاڕستەکەدایە (محمد دبیر مقدم : ١٣٨٩ : ٤٧٩). واتە لە نموونەکەدا پێشەنگی جێناوی کەسی ناکرێ (کاوە) بێت لە ڕستە سەرەکییەکەدا یا ئەو جێناوە بە کەسێکی تری کە ناوی لە چوارچێوەی قسەکەدا هەیە، یا دەلالەت لە کەسێك دەکات لە جیاتی دەرەوەیە، کە دەبێ جێناوەکە لەگەڵ پێشەنگەکەدا ڕێککەوێ.

**سێیەم** : فرێزی ناوی پڕ/ فرێزی دیارخەری پڕ Full-Dp : یان دەربڕە ئاماژەییەکان re-expressions وەك : هەموو پیاوێك، ئازاد، منداڵێك، ئەو پیاوەی کە ژنی هێنا.

DPی پڕ ناوەرۆکێکی سیمانتیکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ، کە یان ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرهەنگەوە پێی دەدرێ، یان لە نیشانەی پێکهاتەکانییەوە لێکدەدرێتەوە، بەپێچەوانەی لێکدانەوەی واتایی جێناو و ئەنافۆرەکان پشت بە نیشانەی ناونراوەکانی تر دەبەستن، کە تایبەتە بەو ڕستەیە، یان ئەوانەی کە لە لێکدانەوەی دەقەکەدا ڕوو دەدەن. ئەو ڕستەیەی کە دەردەبڕدرێ، لەگەڵ ئەوەی کە دەیڵێین دەبێ هاوئاماژە بن .

دەتوانرێ ئەنافۆر و جێناوەکان لەسەر پیوەری مۆرفۆسینتاکسی دیاری بکرێن. بەڵام ئەو دەربڕینە ئاماژەییانەی نە ئەنافۆر و نە جێناون، داوا ناکەن نیشانە، یان پێشەنگ پێوەیانەوە ببەسترێتەوە و ئاماژەکەی لێ وەربگرن. ئەمانە سەربەستن چونکە هیچ ئەنافۆرێك لە پێشیانەوە نییە، پێی نیشانە بکرێن، واتە ئەم دەربڕینانە ئاماژە پێکراون، نابەسترێنەوە بە نیشانەی دەربڕینەکانی تری پێشەنگ لەناو ڕستە و

دەوروبەریدا، لەبەر ئەوە پێی دەوترێ (سەربەست)، واتە نەبەستراوەیە و نە ئاماژە پێکەرە، بەڵکو ئاماژە پێکراوە .

دەكرێ ئەم سێ جۆرە فرێزە ناوییانە لەڕووی سیما دیاریکراوەکانیانەوە جیابکەینەوە، وەك: (+ئەنافۆرa+ ) یان (-ئەنافۆرa– )، و (+جێناوP+ )، یان ( -جێناوP– ) بەم شێوەیە : جێناوە خۆییە بۆگەڕاوەکان (+ئەنافۆرa+ ، -جێناوP– ). جێناوەکان( -ئەنافۆرa– ، +جێناوP+ ) . دەربڕە ئاماژەییەکان ( -ئەنافۆر a– ).

**جۆری چوارەم** : بریتییە لە ڕەگەزە بەتاڵەکان، یان ئەو شوێنپێیەی ڕەگەزێك لە گواستنەوەیدا بەجێی دێڵێ، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، وەك ئەوەی بەرکار بەجێی دێڵێ لە ڕستەی بکەر نادیاردا:

(١١٣) دزەكە t كوژرا .

تیۆری بەستنەوە وای دەبینێ، کە ئەم شوێنپێیانە لە مەودای ناوچەییدا هەر دەبێ بە پێشەنگەکانیانەوە ببەسترێنەوە. ئەم شوێنپێیە بە (+a) و (-P) وەسف دەکرێ، جگە لەوەی ئەنافۆری نادیار بەپێچەوانەی ئەنافۆری دیارە، وەك جێناوی خۆیی. بەڵام دەربارەی ئەو شوێنپێیەی کە گواستنەوەی فرێزە پرسەکان جێی دەهێڵن، ئەوەش پێچەوانەی شوێنپێیەکانی فرێزە ناوییەکانی پێشترە، کەواتە شوێنپێیەکەی نابەسترێتەوە و ئاماژە بەناوەکە ناکات، تەنها دەبەسترێتەوە بە خودی فرێزە پرسەکە، ئەوەش بە ناوە ئاماژەییە دیارەکان دەچێ، کە دواتر ئەو سیمایانە (a-) و (P-) هەڵدەگرێ ( حمدان رضوان : ٢٠٠٧ : ١٥٦)، کە گواستنەوەی فرێزی پرس و ئەم جۆرە شوێنپێیە لە زمانی کوردیدا نییە .

## ١ - ١٧ تیۆری چاودێریکردن ( کۆنترۆڵ) Control Theory

تیۆری چاودێریکردن ئاماژە بە دیاریکردنی جێناوێکی نابەرجەستە، واتە PRO دەکات، کە لە ئاستی فۆرمی لۆجیکی زماندا کاردەکات. لەجۆرەکانی پێشتری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا وادادەنرا، کە ئەرکی گواستنەوە ئەوەیە، کە بەشێوەیەك بکەری پاڕستەکە لەگەڵ بکەر یا بەرکاری ڕستەی سەرەکی هاوئاماژە بێ، لە بەرامبەردا لادەبردرێ. ئەم گواستنەوەیە پێی دەوترا هەمان سڕینەوە equideletionو ڕۆنانی - ژ نموونەی 114aبە ناونیشانی ناڕێزمانی و 114bبە ڕۆنانی ڕێزمانی لێکدەدرایەوە .

(114) a. *John wants for [ John to go to college]

b. John wants to go to college.

ئەگەر لە 114aدا بکەری پاڕستەکە لەگەڵ بکەری ڕستەی سەرەکی یەکسان و بەرامبەر نەبێ، ئەو ڕستەیە ڕێزمانییە. نموونەی 115 پشتگیری ئەم قسەیە دەکات.

( 115) John wants (very much) for his daughter to go to college.

لە (ڕۆنانی - ژ)ی 116aدا بکەری پاڕستەکە لەگەڵ بەرکاری ڕستەی سەرەکی بەرامبەرن و لەدوای کردەی گواستنەوە (لادانی بەرامبەر) ڕستەیەکی ڕێزمانی 116bدەستدەکەوێ.

(116)a. *Mary persuaded Bill for [Bill to feed himself]

b. Mary persuaded Bill to feed himself.

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ئەو جۆرە گواستنەوەیە وادانانرێ. لەم تیۆرەدا ڕۆنانەکانی - ژ ڕستەی 114bو 116bیەك لەدوای یەك. بەشێوەی 117 و 118. لەم ڕۆنانانەی - ژ دا، لە تیۆرەکانی پێشتری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا لە شوێنێکیدا بکەری بەرامبەر و دوبارە جێگیردەبوو، ئێستا جێناوی نابەرجەستە، واتە PRO شوێنی هەیە. لە ( 117)دا جێناوی نابەرجەستە لەگەڵ بکەری ڕستەی سەرەکی و لە(118)دا لەگەڵ بەرکارەکەیدا هاوپێشەنگە .

(117 ) John wants [s̄ [s PRO to go ]]

(118 ) Mary persuaded Bill [s̄ [s PRO to feed himself ]]

جێناوی نابەرجەستە جێناوێکی نادیارە، کە وەکو جێناوە دیارەکان سیماکانی ژمارە، کەس و ڕەگەزی هەیە، بەڵام نیشانەی دەنگەکان هەڵناگرێ یا دەرنابڕدرێ. لە ( 117)دا جێناوی نابەرجەستە لەڕووی ژمارە، کەس و ڕەگەزەوە هاوشێوەی سیماکانی John ە و لە (118)دا هاوشێوەی Bill ە. پێشەنگی جێناوی نابەرجەستە، واتە John و Bill لە 117 و 118 دا، لەڕووی زاراوەوە پێی دەوترێ چاودێر (controller). ئەگەرچی لە نموونەکانی سەرەوەدا ئەو جۆرە جێناوە هاوئاماژەیە لەگەڵ بکەر یا بەرکاری پاڕستەکە، لە ڕوانگەی هەستکردنەوەیە، بەڵام هەندێ کار ئەم ڕەگەزەیان هەم بەشێوەی جێناوی دیار و هەم بەشێوەی جێناوی نادیار دەرکەوتووە. بەراوردکردنی ڕستەی 119aو 119bئەم وتەیە دەسەلمێنن (Horrocks:1987:131).

(119)a. Ted promised his wife to drop the divorce suit.

b. Ted promised his wife that he would drop the divorce suit.

ڕۆنانی - ژ (119a)لە (119c)دا دەنوێنرێ.

c. Ted promised his wife that [PRO to drop the divorce suit]

به دەربڕینێکی ڕوونتر، لە پارستەی ( 119b)دا جێناوی دیار he لەشوێنی بکەر دەردەکەوێ، بەڵام لە (119c)دا هەمان جێناو بەشێوەی نادیار لەشوێنی بکەری پارستەکەدایە، بەڵام لەڕووی هەستکردنەوە، واتە بەشێوەی جێناوی نابەرجەستە دەردەکەوێ ( محمد دبیر مقدم :١٣٨٧ : ٤٦٧ ).

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە چوار جۆر کەتیگۆری بەتاڵ جیادەکاتەوە:

١ ـ شوێنپێی جولانەوەی NP- ، کە بریتییە لە ئەنافۆرە بەتاڵەکان [ +ئەنافۆر، - جێناو ]

٢ ـ شوێنپێی جولانەوەی وشەی پرس wh- ، کە بریتییە لە ئامرازە بەتاڵەکانی [ – ئەنافۆر، - جێناو ]

٣ ـpro ، کە بریتییە لە جێناوی بەتاڵ [ – ئەنافۆر، + جێناو ]

٤ـPRO ، کە بریتییە لە بکەری ئەو دەربڕینە چاوگییە گەردان نەکراوە بەتاڵنەی کە دەتوانێ لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا بەستراوە بێ و لەهەمان کاتدا سەربەستیش بێ، سیمای ڕەگەزەکەی [ + ئەنافۆر، - جێناو ]ە (جیفری بوول : ٢٠٠٩ : ٤٤٨ )، بەڵام ئەم PRO یە ناتوانرێ حوکم بکرێت و هیچ دۆخێکی ڕێزمانی نییە ( محمد مەحوی : ٢٠٠١ : ١٨٦ ). لە زمانی ئینگلیزیدا شوێنپێ و جێناوی نابەرجستە ( PRO) بوونیان هەیە، بەڵام ئەم زمانە هیچ کەتیگۆرییەکی جێناوی بکەری لادراوی نییە، PROڕووی هاوبەش و جیاوازی لەگەڵ شوێنپێدا هەیە، ڕووە هاوبەشەکەیان لەوەدایە، کە هەردووکیان هیچ دەربڕینێکی فۆنەتیکییان نییە، بەڵام ڕووە جیاوازەکانیان لەچەندین باردایە. چۆمسکی : Chomsky) 56 :1981 )خۆی سێ تایبەتییەتی خوارەوە لە بارەی شوێنپێوە هەژمار کردووە، کە لە جێناوی نابەرجستەی PRO دا نییە:

١ ـ شوێنپێ حوکمکراوە.

٢ ـ پێشەنگی شوێنپێیەکە لە شوێنی ـ ثیتادا نییە.

٣ـ پەیوەندی شوێنپێ و پێشەنگەکە پەیرەوی مەرجی هاوسێیەتی دەکات .

کەواتە ئەم تیۆرە چاودێریکردنی نێوان دوو ڕەگەز پیشان دەدات، کە پەیوەندییەکی بەزۆر لەنێوان بکەرە نادیارەکە، واتە دەرنەکەوتووە و لێرەدا بریتییە لە ڕەگەزە چاودێرەکە و ڕەگەزێکی تری دیار یان نادیار، کە ڕەگەزە چاودێرەکە بەوەی ئاماژەی پێکردووە، پڕی دەکاتەوە، واتە ئەو سیما ئاماژەییانەی ڕەگەزی یەکەم ڕەگەزەکەی دوایی دیاریدەکات، لەڕستەیەکی وەك:

(١٢٠) پیاوەکە دەیەوێ خانووەکە بکڕێ.

دەبینین لە ڕستە تێکەڵەکەدا ( خانووەکە بکرێ ) پێدەچێ لەڕووکەشدا هیچ بکەرێکی زانراوی تێدا نەبێ، کە ئەوەش پێچەوانەی یەکێك لە بنەماکانی ڕێزمانی گشتیی وەکو بنەمای جێکەوتەی فراوانکراوە، کە دەڵێ هەموو ڕستەیەك بکەرێکی تێدایە. لەڕوویەکی ترەوە لەو ناوەڕۆکە زمانییانەوە دەردەکەوێ، کە ئەم جۆرە ڕستانە بکەرێکی ئاشکرایان هەیە، هەروەك لە :

(١٢١) پیاوەکە دەیەوێ، هیوا خانووەکە بکرێ .

تیۆری چاودێریکردن پێشەنگێکی شیاو بۆ ڕەگەزی PRO دیاریدەکات، بەپێی ئەم ڕستانەی خوارەوە وایە :

(١٢٢) هیوا ڕێ بە ئامانج іدەدات[ PRO ] i بڕوات.

(١٢٣) هیوا іبەڵێنی بە ئامانج دا[ PRO ]i بڕوات.

لە کوردیدا، پاڕستەکە بە ڕەگەزێکی ڕستەی سەرەکی دەبەسترێتەوە، کە ئامرازە گەیەنەرەکە ئەو ڕۆڵە دەبینێ و پەیوەندی نێوان بکەرە لادراوەکەی پاڕستەکە و پێشەنگەکەی لە ڕستە سەرەکییەکەدا دیاریدەکات. ئەمەش پەیوەندییەکی گرژ لەنێوان تیۆری کەرەسەی سفر و تیۆری کۆنترۆڵدا دەهێنێتە ئاراوە، کە تەنها بە ڕێزمانی کوردی چارە دەکرێ و دوور دەخرێتەوە. دانانی ئامرازی گەیەنەری (کە) ڕۆڵێکی مەزن لە لێکدانەوەی بکەری pro ی ڕستە تەواوکەرەدا دەبینێت (حاتەم ولیا محەمەد:٢٠٠٩: ٢٤٠).

(١٢٤) هیوا іڕێ بە ئامانج іدەدات کە[ pro ] i بڕوات.

(١٢٥) هیوا іبەڵێنی بە ئامانج іدا کە[ pro ] j بڕوات .

ئەمە تایبەتمەندی بکەر کەوتی زمانی کوردی دەردەخات، کە ڕێ بە pro دەدات بە شێوەی جیاواز لێکبدرێتەوە، واتە ببەسترێتەوە بە بکەر یان بە بەرکار یا تەواو کاری کرداری ڕستە سەرەکییەك.

### ١ ـ ١٨ تیۆری سنور Bounding Theory

تیۆری سنور بریتییە لە لقە تیۆرێك لە تیۆرەکانی ڕێزمانی گشتی، چارەسەری سنوری جولانەوەی ڕەگەزەکان دەکات لە ڕۆنانی ڕستەدا، واتە گرنگی دەدات بە سنوری ئەو گۆڕانەی کە لەسەر ڕۆنانی ڕستەدا ڕوو دەدات و ئەو هۆکارانەی کە ئەو سنورە دادەنێ. لە هەموو زمانەکاندا ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی ڕستە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێنەوە، کە جولانەوەی ڕەگەزەکان لە قۆناغی یەکەمی پەرەسەندنی تیۆری بەرهەمهێناندا، پێی دەوترا گواستنەوەی جولانەوەکان، یان یاساکانی گواستنەوەی تایبەت بە

جولانەوەی ڕەگەزەکان. بۆیە لەو ماوەیەدا ئەو گرنگییەی پێدەدرا، چونکە پەیوەندی نێوان ئاستەکانی ڕۆنانی ژێرەوە و سەرەوەی ڕووندەکردەوە، تا لە قۆناغی دووەمدا ئەو گرنگییە گۆڕا بۆ لێکۆڵینەوە لەو بنەما گشتییانەی سیفەتێکی جیهانییان هەیە یا سەراپان، ئەوا هەموو یاساکان یەکخران لە یەك یاسادا یان یەك بنەمادا بەناوی ئەلفا بجولێنەα – Move ، کە مەبەست لە α هەر ڕەگەزێکی سینتاکسی لە هەر پۆلێك بێ (حمدان رضوان : ٢٠٠٧ : ١٤٩ )، واتە کۆت لەنێوان پەیوەندیی جولانەوەی ڕۆنانی ـ ژ و ڕۆنانی ـ س دادەنێ، لەڕووی دووری ئەو شتەی کە لە شوێنی جولانەوەکەیەوە دەتوانێ بۆی بجولێتەوە . ئەمە تیۆری سنور دەگرێتەوە، کە ئەو دوورییە سنوردار دەکات، کە دەبێ کەرەسەیەك بجولێتەوە ) ( Farrokhpey : 1999 : 245. لەڕێبازی GB دا، جولانەوە نەخشەی ڕۆنانی ـ ژ بەرەو ڕۆنانی ـ س و بەرەو LF دەکێشێ. لە ڕێبازی بچوکترین پرۆگرامدا، جولانەوە ڕۆنانی فراوانکراو لەسەر بنچینەی ڕۆنانی گرنگتر و نواندنەکانی( LF) یش دادەڕێژێ .

تیۆری سنور میکانیزمی کردەکانی جولانەوە ڕێکدەخات، کە بەهۆیەوە جولانەوە ئەنجام دەدرێ، کە بەپێی ئەم تیۆرە هەندێك کۆت لەسەر جولانی کەرەسەی ڕستەیەك دادەنێ، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١ ـ نابێ جولانەوە لە یەك گرێ زیاتر تێ بپەڕێنێ. زمانەکان لەبارەی تێپەڕاندنی گرێی جیاکەرەوە جیاوازن، کە دەشێ هەندێ زمان تێی بپەڕێنن ( مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٣٥).

٢ ـ هەموو کەرەسەیەك ناکرێ بجولێ، تەنها ئەو کەرەسانەی پێکهاتەن، دەتوانن لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بجولێن.

٣ـ هەموو شوێنێك کەرەسەی جولێنراو وەرناگرێ.

٤ ـ جولاندن ناکرێ بۆ ماوەیەکی درێژ بێ، یا دوور بێ .

بەم پێیە تیۆرەکە مەرجی هاوسێیەتی دادەنێ، کە مەودای یاساکانی گواستنەوە دیاریدەکات، بەوەی کە ئارگومێنتێك ناتوانێت لە تاکە هەنگاوێکدا بەسەر زیاتر لە نۆدێکی بەندکەر bounding node تێبپەڕێت یان باز بدات (Chomsky : 1982:50 ، حاتەم وليا : ٢٠٠٩ : ٢٥٠).

٥ ـ جولاندن، پەیوەندییە لەنێوان ئاستی سەرەوە و دیوی ژێرەوەی ڕستە. مەرجی جولاندن ئەوەیە، کە هەر کەرەسەیەکی جولاو شوێنپێیەك لەپاش خۆیەوە بەجێ دێڵێ.

دەربارەی بەکارهێنانی جولانەوەی ئاشکرای ـ whلە سێ شوێندا جیاوازی پەڕینەوەی (یەکتربڕینی) زمانی Cross – linguistic variation، دەردەکەوێ :

١ ـ له زمانەکانی وەك ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی هتد. له ڕۆنانی سەرەوەدا تەنها یەك پێکهاتەی wh ـ دەتوانێ بە خورتی بەرەو (spec , CP) بجولێتەوە، واتە چەند جولانەوەیەك بۆ شوێنی سەرەتای ڕستە ناڕێزمانییە.

(126)a. He will put the book on the table.

b. What will he put on the table ?

2ـ له زمانەکانی وەك چینی( Aoun and Li 1993: 201 ) ، هیچ جولانەوەیەکی wh ـ ئاشکرا بەرەو ( spec , CP)نییە. له زمانی کوردیشدا وایە، له شوێنی خۆیان دەمێننەوە.

(127) a Zhangsan kandao shenme ?

b. دیت زانگسەن چی

(١٢٨) أ ـ ئازاد کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا .

ب ـ ئازاد چی لەسەر مێزەکە دانا ؟

٣ـ زمانەکانی وەك هەنگاری و پۆلەندی فره جولانەوەیە : هەموو پێکهێنێکی wh ـ بەرەو شوێنی سەرەتای ڕستە دەجولێتەوە( Haegeman : 1995 : 45 ) .

(129 )a. Kto co robi ? (polish)

b. Who does what

(130 )a. Ki mit latott (Hungaria)

b. who what saw

بەگوێرەی ئەمە سێ جۆر جولانەوە هەیە:

**یەکەم** : جولانەوەی NP له چوارچیوەی ڕستەدا، له شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، دیارترین نموونەیە، که له هەموو زمانەکاندا له بکەر نادیاردا دەردەکەوێ و جولانەوەکە هەندێك جار شاراوەیە، واتە له دیوی دەرەوەدا نابینرێ، هەندێ جاریش جولانەکە ئاشکرایە، واتە له دیوی دەرەوەدا دەبینرێ. جولاندنی بەرکار له بکەر نادیاری کوردیدا جولانەوەیەکی ئاشکرایە، وەك له (١٣١ )دا:

(١٣١) خوێنکارەکان کتێبەکەیان کڕی.                    ( بکەر دیار)

ø          ø

t          کتێبەکە کڕرا          ( t = شوێنی لادراوێك     )

بەپێی تیۆری GB دیوی ژێرەوەی ئەم ڕستەیە، کاتێ دەکرێ بە بکەر نادیار شوێنەوارێك (t) لەجێی بکەرە لادراوەکە بەجێدێڵێ، شوێنپێیەکانی NP بەشێکن لەو زنجیرانەی دەبنە سەرە بەپێی دۆخی دیاریکراویNPs ، نیشانەی θ - ی NPs بەرەو ئەو شوێنە دیاریکراوانەی دۆخ دەجولێ بۆ ئەوەی دۆخی دەست بکەوێ، چونکە ئەوانە لە شوێنی بنچینەی بەرهەمهێنانیاندا ناتوانن دۆخ وەربگرن. بۆ نموونە مۆرفیمی نادیاری سەر کارەکە وا دەکات، بەرکارەکە نەتوانێ دۆخ وەربگرێ، پێویستە بەرکارەکە ئەرکەکەی بگۆڕێ و بجولێتەوە بەرەو شوێنی بکەرەکە. بەم شێوەیە دۆخی بەرکارەکە دەگۆڕێ بۆ بکەری (Saleemy:1992:24 ). ئەو کارەی کە دەکرێ بە بکەر نادیار توانای ئەوەی نییە دۆخ بدات، (کڕ) دۆخ نادات، مۆرفیمی کاتەکە ( ا ) دۆخ دەدات بە (کتێبەکە) نەك کارەکە، بۆیە دەبێ بەرکارەکە بچێتە شوێنی بکەر. جولانەکە ئاشکرایە، چونکە بەرکارەکە شوێنی خۆی دەگۆڕێ. هەموو جولەیەك بۆ ئەوەیە، کە دۆخ پەیدا بکات.

(١٣٢)   t  کتێبەکە کڕرا.

(١٣٣)  کتێبەکە کڕرا.

**دووەم** : جولاندنی ئامرازی پرس ( لەڕستەی پرسیاری تایبەتی... کێ، کەی،.... هتد ). ئەگەر لەو ڕستەیەی خوارەوە (134 )دا، لە پەیوەندی وشەی پرس وردبینەوە، دەبینین کە لەو شوێنە دوردەکەوێتەوە، کە ڕۆڵی بابەتانەی پێدەدرێ:

(134 )a.        Becky bought the syntax book.

b.        What did Becky buy?

لە (134a)دا Becky ڕۆڵی کارا و the book بابەتە، کە لە (134b)دا Becky کارا و What بابەتەکەیە، ئەو بابەتە بەرکاری ڕستەیە، کە لە (134b)دا لەسەرەتای ڕستەکەدایە(Carnie:2002:316) . ئەوەش بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە لە ئینگلیزیدا وشەی پرس لە هەموو بارێکدا بەرەو پێشەوەی ڕستە دەجولێ.

لەکوردیدا پرسیاری تایبەتی بە دوو جۆر دروست دەبێ:

١ ـ وشەی پرس دەخرێتە شوێنی ئەو کەرەسەیەی کە پرسیاری لەبارەوە دەکرێ، لێرەدا شوێنی ئامرازەکە هیچ ناگۆڕێ و دەچێتە شوێنی ئەو کەرەسەیەی پرسیاری دەربارە دەکەین، تەنها هێز دەخرێتە سەر ئامرازەکانی پرس. وەك لە (١٣٥ )دا خراوەتەڕوو:

(١٣٥) من کتێبەکەم بە ئەودا بۆ تۆ نارد.

کێ چی بە کێ بۆ کێ نارد.

ئەگەر ڕستەکە سادەبێ و جولەی تێدا نەبێ بەم شێوەیە پیشان دەدرێ:

(١٣٦) کێ هات ؟




٢ ـ ئەگەر پێکهێنەرەکانی ڕستە لە کوردیدا کورت بن، لەشوێنی خۆیاندا دەبن، ئەگەر پێکهێنەرەکان درێژ بن (شاڕستە و پاڕستە) ناچارین ئامرازی پرسەکە بێنینە پێشەوە، بۆ نموونە :

(١٣٧) أ- خانووەکەی نەکڕی، چونکە گران بوو .

ب ـ *خانووەکەی نەکڕی بۆچی ؟

ج ـ بۆچی خانوەکەی نەکڕی ؟

( بۆچی ) هەندێك جار پرسیار لە ڕستەیەکی تەواو دەکات، نەك لە وشەیەکی بچوك. لێرەدا پاڕستەکە چۆنیەتی پیشان دەدات. بەم جۆرە کەرەسەکانی ( ج ) لەم هێڵکارییە درەختییەی خوارەوە پیشان دەدرێت، (بۆچی) بەرەو شوێنی سپێکی CP دەجولێتەوە :

(١٣٨) بۆچی خانووەکەی نەکڕی ؟




**سێیەم** : جولەی کار بەرەو کات و ڕێکەوتن و ئەسپێکت.

لەڕووی ڕۆنانەوە دوو جۆر جولانەوەی سەرەکی هەیە، لەبری خستن و سەربار. لەبری خستن دەتوانێ بەشێك بێ لە جولانەوەی جێکەوتە مەزنەکان یان سەرەکان : لەو بارەودۆخەی پێشتردا تەواوکارەکە (جێکەوتەیەی مەزن) بەپێی یاسا دەجولێتەوە تا لە شوێنی ئێکس ـ باڕدا (واتە سپێکیCP ، IP ، هتد) جێگیرببێ ، هەر دوو جولانەوەی NP و Wh نموونەی ئەم جۆرە لەبری خستنەن، جۆرەکانی تری لەبری خستن جولانەوەی سەرە بۆ سەرەیە، یان تەنها جولانەوەی سەرەیە، جولانەوەی کار V بەرەو گیرەك Infl بۆ دەستکەوتنی سیماکانی کات و ڕێکەوتن (Agr) کە بنچینەن لە گیرەکدا، یان جولانەوەی کاری یاریدەدەری لە Infl وە بۆ تەواوکار(saleemy : 1992:19 ).

لە زمانی کوردیدا هەندێ وشەی (خۆزگە، ئەگەر،دەبوو، دەبێ...هتد ) ڕۆڵی یاریدەدەر دەبینین بۆ ڕۆنانی ڕێژەی مەرج و گومان و یاریدەی ڕێژەی هەواڵی کارە ڕابردووە ئاساییەکان دەدەن (صلاح حوێز : ٢٠٠٦ : ٢٤). لە کوردیدا ئەمانە (دەبوو، دەبێ، دەتوانرێ، دیارە، پێویستە...هتد ) کات و تاف و مەرج پیشان دەدەن، وەك کاری یاریدەدەر ئەرك دەبینین. ئەمانە لە ڕۆنانی سەرەوەدا بۆ سپێکی CP بەرز دەبنەوە. وەك:

(١٣٩) دەبێ بچین بۆ ئاهەنگەکە .




فەرەنسی هەندێ یاسای هەیە، کە کارەکان بۆ دەرەوەی VP دەجولێنێ، زۆر بە تەواوی دەیانجولێنێ بەرەو ئەو درزەی کە T تێیدا بەشدارە. ئەمە پێی دەوترێ، یاسای جولانەوەی کار T ←V ، یان بە بەرزبوونەوەی کار ناسراوە. ئەم یاسایە هەر وەکو یاسای نزمبوونەوەی لاگرە لە ئینگلیزیدا، بۆ دەستکەوتنی گیرەکی لاگری سەر کارەکەیە. با وادابنێین نزمبووونەوەی کار و بەرزبوونەوەی کار لەڕاستیدا هەمان کردەن. تێبینی دەکرێ زمانەکان لەو تایبەتییەدا دابەش دەبن ـ ئەو زمانە یان نزمبوونەوە یان بەرزبوونەوەی کاری هەیە. هەندێك لەو پارامیتەرانە بەرزبوونەوەی کارە بەرەوT ، هەندێکی تریان نزمبوونەوەی(T) یان بەرەو کار هەیە. ئەم جیاوازییە لە جێگۆڕکێی ئاوەڵکارەکاندا بەئاسایی دەبینرێ لەنێوان ئینگلیزی و فەرنسیدا، وەك ( Carnie : 2002 : 246) ئاماژەی پێدەکات، ئەم ڕستە فەرەنسییە وەرگرین( Je mange souvent des pommes ) ، لەڕاستیدا داڕشتنی ئەم ڕستەیە لە هەنگاوی یەکەمدا لە ڕۆنانی ـ ژ دا ( Je souvent mange des pommes)بەتەواوی هەمان ڕیزبوونی وشەی لەڕستەی ئینگلیزیدا هەیە(I often eat apples ) ، کە تێبینی دەکرێ ئەم ڕستەیە لە فەرەنسیدا ڕێزمانی نییە .

لە هەنگاوی دووەمدا کردەی گواستنەوە کارەکە دەجولێنێ، کە لە (١٤٠ )دا شێوەی جولانەوەی نموونەیی گواستنەوەکە دەنوێنێ، کە لەدرەختەکەدا خراوەتە ڕوو.

(١٤٠)




ئەم ئەنجامە لە ڕیزبوونی ڕۆنانی ـ س دا تەواوە:

(141 ) Je mangei souvent ti des pommes.

ئێستا دەبینین، ئەو داڕشتنەی پەیوەندی بە ڕستەی ئینگلیزییەوە هەیە (He often eats apples ) لە ڕۆنانی ـ ژ دا ڕیزبوونەکەیان هەمان شتە : لەکاتێکا ئینگلیزی تایبەتمەندی نزمبوونەوەی لاگری هەیە نەك بەرزبوونەوەی کار، ئەو جولانەیە بەپێچەوانەی فەرەنسی ئەنجام دەدرێ :

(142 )




ئەم ئەنجامە ڕێزمانییە لە ڕۆنانی ـ س دا، بەم شێوەیەی(143 )ە:

(143 ) He often eats apples.

زمانی کوردیشدا بە هەمان شێوە نزمبوونەوەی لاگرەکان پەیرەو دەکات، بەپێی ئێکس ـ باڕ دەبێ هەموو کەرتەکانی نیشان بدرێ، چونکە کار لە کوردیدا زۆر ئاڵۆزە و دەکرێ هەموو ئەو مۆرفیمانەی دەخرێنە سەر کار بە فرێز دابنرێ وەك ( نەرێ، ئەسپێکت، کارەکە خۆی، نادیاری، کات و ڕێکەوتن )، هەندێ جار ئامرازی بەستنیش وەردەگرێ. کەواتە لە کوردیدا ڕستە پەیرەوێکی ئابوریکردنی هەیە، کەرسەکانی دەکرێ بە مۆرفیم و دەخرێتە سەر کارەکە، واتە کوردی زمانێکی مۆرفۆسینتاکسییە. ئەگەر هەر ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی وەرگرین، دەبێ هەر مۆرفیمێك ئەرکێکی هەبێ، دەتوانین بە فرێزێکی دابنێین .

تا ئێستا هەموو ڕستەیەکی کوردی بە IP شیدەکرایەوە، بەڵام لەگەڵ جێناوەکانی ڕێکەوتن و جێناوە لکاوەکانی تردا توشی کێشە دەبین، لەبەر ئەوەی لە کوردیدا جولەیان زۆرە و لە مۆرفۆسینتاکسدا شوێنەکانیان جیاوازە، بۆیە دەتوانین بۆ ئاسانکردن لەجیاتی (IP) فرێزی کات (TP) بەکاربهێنین.

(١٤٤)




بۆ شیکردنەوەی ڕستەی کوردی، هەندێ جار TP ئەسپێکت و نەفی لێ جیادەبێتەوە، ڕێکەوتنیش لەبەر ئەوەی واتای ڕستە ناگۆڕێ، بۆیە دەتوانین لەژێر (TP) جێی بکەینەوە.

(١٤٥) نەم دەگرت .



(١٤٦) پێشم هەڵخستن.



# بەشی دووەم

# بنەماکانی بچوکترین پرۆگرام

## ٢ ـ ١ سەرەتا

لەپێش ساڵی ١٩٩٠ و بەدواوە، بنەماکانی وزەپاراستن و دواچارە بوون بە بەردی بناغەی دانانی تیۆرێکی سینتاکسی، کە بە ڕوخسارێکی گرنگی نواندنە سینتاکسییەکان دادەنرێ. سەرەڕای ئەو پێویستییە، دەبوو سینتاکس یاساکانی بەپێی تواناداری بنەماکان دابمەزرێنێت، کە دژی هەنگاوە زیادەکانی دارِشتنەکان و ڕەگەزە زیادەکانی نواندنەکانە، چۆمسکی پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە نەخشەی سینتاکسی لەسەر چەمکی پێویستی تەواو Virtual conceptual necessity بڕوات Heine. B , Harrog.H 2010 : 490) .

( نەخشەی بچوکترین پرۆگرام لەسەرەتادا بە وتارێکی چۆمسکی لە( ١٩٨٩ )دا و هەندێ وتار لەبارەی ئابوریکردنی دارِشتن و نواندنەوە دەستی پێکرد، دوای ئەوەش وتاری بچوکترین پرۆگرامی تیۆری زمانی لە ( ١٩٩٢ )دا، هەروەها لێکۆڵینەوەی تری ( ١٩٩٤ , ١٩٩٥أ-ب , ١٩٩٦ ب، ١٩٩٨ و ٢٠٠٠ ) بەدوادا هات .

بچوکترین پرۆگرام ڕوانگەیەکی نوێ و پێشکەوتووتری لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان هێنایە کایەوە، تیۆرێکە هەندێ گۆڕانی گرنگی بەدوای خۆیدا هێنایە ئاراوە، بۆ نموونە گەلێك چەمك و زاراوەی نوێی جیاوازی خستەڕوو، کە ئەو کات بە شێوەیەکی فراوان کەوتبووە ژێر کاریگەری زانستەکانی ئەو سەردەمە، وەك فیزیا و کیمیا و کۆمپیوتەر، لە پاڵ ئەوەدا ناکرێ بوترێ، کەوا ئەمە شۆڕشێکی نوێ و گۆڕانێکە لە کەلتوری بەرهەمهێنانی پێشتردا، بەڵکو درێژەپێدانی بۆچوونەکانی پێشترە، و پەرەسەندێکی سروشتییە لە سیستەمەکانی مەعریفی و ڕێبازەکەیدا. ئەم پرۆگرامە ئاماژە بەوە دەکات، کە لەبەردەم گریمانەی سیستەمێکی زمانیداین، دەکرێ فێری بی یان لە چوارچێوەی توانا بایۆلۆجییەکانی مرۆڤدا لەماوەیەکی کەمدا گەشەی پێبدرێ، کە ڕێی پێدەدات زمانی هەبێ و لە پەیرەوکردنیدا بەکاری بهێنێ. ئەم بۆچوونە هەمیشە پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆ تیۆری ڕێزمان، بەتایبەتی لە نموونەی دەسەڵات و بەستنەوەی هەشتاکاندا، ئینجا نموونەی بنەماو پارامیتەرەکان (نعمان بوقرە:٢٠٠٩ ١٥٧) .

ڕێبازی بەرهەمهێنان لەو گریمانەوە دەستپێدەکات، کە توانای فێربونی زمانمان بایۆلۆجییە، بەهۆی ئەو بەهرە زگماکییەوەیە، کە وەکو ڕێزمانی گشتی ئاماژەی پێ دەکرێ. دیارە زانیاری زمانی بنچینەیە بۆ پێکهێنانی ڕێزمانێکی ناوەکی، کە دواتر زمان بەرهەمی دەهێنێ. لەم ڕێبازەدا، بایەخ بە ڕێزمانی سەراپا دەدرێ Putnam : 2009 : 258 ) ).

قۆناغی (١٩٩٣ ــ ١٩٩٥) و دوای ئەو قۆناغە، کە بە بچوکترین پرۆگرام ناودەبرێ، بەرهەمهێنان بە ئاراستەیەکی تیۆری تردا دەبات، هەوڵێکە بۆ ئابوریکردنی گشتی و کەمکردنەوەی تایبەتییەکان. ئەوەش لە کردەکانی دارشتن و نواندندا لە هەموو ئاستەکانییەوە بە قۆناغ دەردەکەوێ. ئەو ئاراستە گشتییە بەشێوەیەك کورتدەکاتەوە، کە ڕەگەز و هۆکارەکانی نواندن بە کەمترین شت بێ. ئەم ئاراستەکردنە بنەمای وزەپاراستن لەخۆدەگرێ، واتە هەوڵدەدات واز لە هەموو ئەو کەرەسە زیادانەی نواندنەکان و کردەکانی دارشتن بهێنێ(Chomsky : 1995a :130) . چۆمسکی ئامانجی لەداهێنانی ئەم تیۆرە دوو شتە، یەکێکیان دورکەوتنەوەیە لەو ڕەخنانەی ئاراستەی تیۆرەکەی دەکرا، بەوەی تیۆری هۆشەکی لەخۆدەگرێ، کە ئاوڕ لە پراگماتیك ناداتەوە، ئەم تیۆرە بۆ ئەوە هاتوتە ئاراوە گۆڕانێکی کەم لە ڕوانگەی هۆشەکی بخاتە ڕوو، کە تەحویلییەکان لەبواری لیکۆڵینەوەی زماندا جەختییان لەسەر دەکردەوە لەوانە چۆمسکی، کە ئاوڕدانەوە لە بەکارهێنانی زمانی و ئەنجامدانی چالاکی زمانی کارێکە گرنگییەکەی کەمتر نییە لەو بنەمایانەی کە تەحویلییەکان لە هەنگاوەکانی تیۆرەکەیاندا دەستیان پێ کردبوو. ئەرکی دووەمیان دیارە، کە چۆمسکی ئامانجی لەو تیۆرە، بچوکترین پرۆگرامەکەیەتی، یان لێکۆڵینەوەیە لە بیروبۆچوونەکانی زمانی مرۆڤایەتی، بەجۆرێك ئەو دەربڕین و بۆچوونانەی زۆر ئاسان بێ. گرنگترین ئامانجەکانی بچوکترینی Minimality گەیشتنە بە بنەمایەکی گشتی ئەو سیستەمە ئاڵۆزەی کە لە زمانە دیاریکراوەکان پێکهاتووە، بە وازهێنان لەو یاسا سادانەی کە لە جولانەوەیدا ڕێکی دەخات و ئامانجی کارکردنە بۆ بەرهەمهێنانی بنەماکانی ڕێزمانێکی گشتی (یحیی عبابنه و أمینه الزغبی : ٢٠٠٥ : ١١٧) .

## ٢ ـ ٢ بنەماکانی بچوکترین پرۆگرام

ئەم پرۆگرامە بە بۆچوونێکی نوێی تیۆری ڕێزمانی گشتی دادەندرێ، کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕێرەوی تیۆری بەرهەمهێناندا خستەڕوو ( حمدان رضوان ٢٠٠٧ : ١٥٧ ). بچوکترین پرۆگرام درێژەپێدانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، لەڕووی پیشاندانی تایبەتییە گشتییەکانی توانستی زمان و لێوردبونەوە لە میکانیزمی کارکردنی ئەو پرۆگرامەدا، سیمای دەرکەوتنی ئەو بنەما گشتییانەی لە نموونەی بنەماو پارامیتەرەکاندا بەرچاو دەکەوێ، کە بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە Government and Binding theory (GB) ناسراوە. کۆمەڵێك بنەماو کۆت و پارامیتەر لە دارشتنی زماندا دەستەبەر دەکرێ، کە بەپێی توانستی زمان کاردەکەن، ئەوەش لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەگەیەنێتە پلەیەکی بەرزتر، کە گریمانەی ڕێزمانی سەراپای لەسەر دادەندرێ و دەستدەکەوێ، ئەو بنەما و کۆتانە، سیستەمێکی ژمێرکاری ڕێکیان دەخات بۆ دارشتنی هەموو نواندنە سینتاکسییەکان ، کە لە هەموو زمانە مرۆییەکاندا وەك یەکە (مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٦٥ ) .

بچوکترین پڕۆگرام سێ گریمانەی سەرەکی لەبارەی زمانەوە دەخاتەڕوو:

١ ـ چەند ڕاستییەکی بنچینەیی هەیە، کە زمان دەستەبەری دەکات.

٢ ـ لێکۆڵینەوەکان لە تیۆری زماندا پێویستە بنەمای ئابوریکردن لەبەرچاو بگرێ.

٣ ـ پێویستە تیۆری زمان لەسەر بنەمای ئابوریکردنی ڕاستەقینە بڕوات .

بچوکترین پڕۆگرام بەپێی ئەم گریمانانە، زمان بۆ کەمترین پێکهێنی پێویست کەمدەکاتەوە ) Hawes.Timothy W: 2006 : 14). چۆمسکی جەختدەکاتەوە، کە بچوکترین پڕۆگرام چیتر وەکو تیۆرێك نامێنێتەوە بەڵکو پڕۆگرامێکە ( ابراهیم چگنی: ٢٠١١ : ٩٥ )، بۆ دیاریکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە، هەروەها جەخت دەکاتەوە، کە تیۆری زمان پێویستە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا بخاتە ڕوو، واتە پەیوەندی نێوان دەربڕینی نواندنەکان و تایبەتییە لۆجیکییەکانی وشە و ڕستەکان دیاری بکات، لەبەر ئەوە سینتاکس دەبێ دوو ئاستی نواندن دەستنیشان بکات و پەیوەندی نێوانیان دیاری بکات، ئەوانیش : فۆرمی فۆنەتیکی Phonetic form و فۆرمی لۆجیکیLogical Form (نیل سمیث: ٢٠٠٥: ٦٩).

بچوکترین پڕۆگرام دەرئەنجامی پەرەسەندنی سروشتی ئەو بنەمایە بوو، کە چۆمسکی لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لەناو ئەو چەند لقە تیۆرییانەی ڕێزمانەکەیدا دایڕشتبوون، ئەو بنەمایەش بە بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ ( Full Interpretation ) ناودەبرێ، کە لە ڕۆنانی ڕستەدا هیچ شتێك بێ لێکدانەوە نامێنێتەوە، واتە جگە لەو ڕەگەزە پێویستانەی هەڵیدەگرێ، نابێ هیچ کەرەسەیەکی تر دەرکەوتنی هەبێ، چۆمسکی ئەم لادانانەی ناونا بە بنەمای ئابوریکردن Economy Principle ، کە لە کۆتایی کارەکەیدا گەیشتە ئەوەی بچوکترین پڕۆگرام بخاتەڕوو ( حمدان رضوان : ٢٠٠٧ : ١٥٨ ). ئەم میکانیزمانە لە چوارچێوەی زمانی ناوەوە، واتە لە سیستەمی توانستی زمان لە مێشکی مرۆڤدا کار دەکەن، کە پەیوەندییان بە لێکدانەوەی دوو ئاستی هاوبەشی ( LF , PF) ەوە هەیە، سیستەمەکانی درکاوی ـ هەستپێکراو Articulatory – Perceptual system و چەمکی ـ مەبەستدار Conceptual – Intentional system، کە بەرهەمهێنانی هەر ڕۆنانێکی ڕستە بە دوو ئاستی هاوبەش دادەنێ، یەکێکیان دەنگییە، کە پێکهێنی دەنگی دەبەستێتەوە بە جیهانی سروشتی (دەنگی درکاوی بیستراو )، دووەمیان چەمکی لۆجیکییە، کە دەتوانرێ بە بۆچوونەکانی هۆشەکی لێکبدرێتەوە، دواتر دەتوانرێ بیانگەڕێنینەوە بۆ دوو پەیوەندی بنچینەیی ڕستە و جیهانی دەرەکی، کە لێرەدا ئاستەکانی تری وەك ئاستی ژێرەوە و سەرەوە پێویست نین .

بەمەش دەتوانرێ لەڕێگای بچوکترین پرۆگرام و بنەمای بنجییەوە تیۆرێك بۆ زمانی مرۆڤ بنیاد بنرێ و دابڕێژرێ، کە پێویست و بنەڕەتی بن بۆ زمان، بەو پێیە لە ئەنجامی ئەوەدا ژمارەیەك بنەمای سەراپا دێتە کایەوە و پەیرەودەکرێ و سنوری سەرپشکی و ئارەزوومەندییەکان لە زماندا سنوردار دەکات، ئەمەش میتۆدێکە بەرەو ئەو سیستەمە پراوپڕەمان دەبات، کە پێی دەڵێن زمانی مرۆڤ ( صباح رشید : ٢٠١٠ : ١٠٢).

## ٢ ـ ٣ هەندێ لێکدانەوەی گشتی دەربارەی بچوکترین پرۆگرام

ئەم بۆچوونە نوێیەی لە ( MP ) دا خرایەڕوو، بەگرنگییەوە جیاوازیی نێوان ڕێبازەکانی MP و بنەماو پارامیتەرەکان دەخاتە ڕوو، هاوکات گومان دەکرێ لەوەی کە درێژەدان و پەرەسەندنێکی سروشتی بۆچوونی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بێ، ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بێ:

١ـ دەربازبوون لە هەموو ئەو تەکنیکە وەسفی و لێکدانەوانەی کە لە شێوازەکانی پێشتری تیۆری بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرا، و کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەیە بۆ کەمترین ڕادە لە بنەما و پارامیتەرەکاندا.

٢ـ بەکارهێنانی زاراوەی نوێ، کە پێشتر بەکارنەهێنراوە، کە ئەمەش گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بنەمای تیۆرەکە دەگەیەنێ، کە هەندێ لەو چەمك و زاراوانەی کە پێشتر پشتی پێ دەبەسترا، ناونانی ئەو زاراوانەی پرنەدەکردەوە .

٣ـ سەرەڕای ئەوەی چۆمسکی زیاتر لە جارێك دوپاتیدەکاتەوە، کە پرۆگرامەکەی (( بچوکترین پرۆگرام ))، پێشکەوتنێك دەنوێنێ، کە لەڕووی بابەتی زمانییەوە گۆڕانێك نییە، وەك پێشتر باسمان کرد، ئەوە پەرەسەندنێکی سروشتی ئەو بۆچوونانەی پێشترن ( حمدان رضوان : ٢٠٠٧ : ١٥٧ )، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی باس لە نەخشەی سینتاکسی MP بکرێ پێویستە باسی هەندێ لێکدانەوەی ئەو زاراوانە بکەین، کە بنچینەی دانانی سەرەتای MP و قۆناغەکانی دەنوێنێ. ئەم پرۆگرامە لێکۆڵینەوە لە زمانی سروشتی دەکات و زانستی زمان وەك بابەتێکی لێکۆڵینەوە لە مێشکی قسەرکەردا دەردێنێ، کە بریتییە لە سیستەمێکی ژمێرکاری کار لەسەر یەکەکانی فەرهەنگی زمان دەکات بۆ نواندنی درکاندنی فۆڕمی دەنگ و واتای هەر شێوەیەکی جیاوازی زمان .

## ٢ ـ ٤ توانستی زمان Faculty of Language

ڕێبازی بەرهەمهێنان لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات، کە چۆن توانستی فێربونی زمان بەلایەنی بایۆلۆجی دەبەسترێتەوە، بەپێی ئەو بەهرە زگماکییەی لەمرۆڤدا دەردەکەوێ، ئاواش ئاماژە بە ڕێزمانی سەراپا دەکات. ئەو زانیارییە زمانییانەی بەردەوام دەخرێنەڕوو، دەبنە بنچینەیەك بۆ پێکهێنانی ڕێزمانی ناوەکی

Internal Language ( IL)، كە دواتر زمان بەرهەم دەهێنێ ( Putnam: 2009 : 258) . ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێ، کاتێ کە مرۆڤ لەدایك دەبێ مێشکی ئامادەیە بۆ وەرگرتنی داتا زمانییەکان لەو ژینگەیەی لێی گەورە دەبێ، کە بەپێی پارامیتەرەکانی زمانەکە هەموو ئەو زانیارییە زمانییانە هەڵدەگرێ، کە هەموو ئەو دەستور و یاسا ڕێزمانییانەی زمانەکەی لێ دەردەهێنێ، کە سیستەمی زمانەکە کاری لەسەر دەکات.

چۆمسکی سیستەمەکانی توانستی زمان دەکات بە دوو بەشەوە : یەکەمیان، سیستەمی شارەزاییە زمانییەکانە ( لایەنی مەعریفی )، کە زانیارییەکان دەپارێزێ و هەڵیاندەگرێ. دووەمیان : بەکارهێنانی ژمارەیەك سیستەم، کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو زانیارییە پارێزراوانەی لە سیستەمی مەعریفیدا هەڵگیراون، کە بەشێوەی جیاواز بەکاری دەهێنێ، بەهۆی ئەوەی بەشێك لەوانە تایبەتە بە زمان و دەبنە بەشێك لە توانستی زمان .

لەنێوان سیستەمی مەعریفی و سیستەمەکانی بەکارهێناندا کارلێك کردن هەیە، ئەمەش لەڕێگەی ژمارەیەك لە ئاستی نواندنی زمانییەوە دەبێ ( الأزهر الزناد : ٢٠١٠ : ٥٤ ). فەرهەنگ و سیستەمی ژمێرکاری ڕێزمانی هەموو زمانێك پێکدەهێنن، کە وەك تیۆرێك خزمەتی زمانی ناوەکی IL دەکات، لە کاتێکا ( I ) ناوەوە، مەبەست و جیاوازی دەگەیەنێ. فۆرمی IL بەزۆری بە میکانیزمی یاسا ڕێزمانییەکان دیاریدەکرێ بۆ داڕشتنی دەربڕینە ڕێزمانییەکان، سنورە گشتییەکانی کردە و دەرکردەکانیان دادەنێ. ئەم میکانیزم و سنورانە بەگشتی بەسەر IL جێبەجێدەکرێ و لەبەر ئەوە بەپێی تیۆرێکی گشتی زمانی ـ ناوەوە، ئەوەی پێی دەوترێ ڕێزمانی سەراپا، کە بۆ ئەو مەبەستە قۆناغێکی بنچینەیی لە توانستی زمانی تایبەت بەهەموو قسەکەرێك جیادەکاتەوە .

MP لە دەربڕیندا زۆر ئاسانە، بەڵام لە لێکدانەوەدا وا نییە. بەم جۆرە پرۆگرامی لێکۆڵینەوە لە تیۆری زمانیدا، باسی دوو پرسی سەرەکیی زمانە ـ ناوەکییەکان دەکات، واتە لەبارەی سیستەمی ژمێرکاری و فەرهەنگ، کە هەموو زمانێکی ـ ناوەکی قالبێك دروستدەکات .

(١) أ : تا چ ڕادەیەك زمانی مرۆڤ سیستەمێکی تەواوە perfect ؟

ب : تا چ ڕادەیەك سیستەمی ژمێرکاری باشترە بۆ زمانی مرۆڤ ؟

ئەم پرسانە بەڕادەیەك پێکەوە بەستراون، کە پێویستی بە سیستەمێکی ژمێرکاری نموونەیی optimality (OT)هەیە، مەرجی پێشەکی ئەوەیە، کە سیستەمی زمان لێکبداتەوە، هەرچەندە ئاخاوتن دەستە وەستاو نابێ. بەشێك لەو ئەرکەی MP بۆ پەسەندکردنی وردەکاری لێکدانەوەی زاراوەکان تەرخانکراوە و باشترینە Optimal، و لەسەر زمانی مرۆڤ جێبەجێدەکرێ( Boeckx : 2011 : 2 ) . دیارە، سیستەمەکانی چالاکی

لەناو دوو جۆری گشتیدا دابەش دەبن : سسیتەمی درکاوی ـ هەستپێکراو( A-P) – Articulatory perceptual و چەمکی ـ مەبەستدار ( C-I ) Conceptual – Intentional . ئەگەر هاتوو دارِشتنی هەر دەربرِینێکی زمانی هەر یەك لەم سیستەمانە پێکبهێنێ، ئەوا، ئەم دوو ئاستە زمانییە ئاستی هاوبەشی ) Interface Levels ( A – P و C – I یەك لەدوای یەك دەخەنە بەردەست سیستەمەکە، بەگشتی ئاستی A – P فۆرمی فۆنەتیکی ( PF ) ی و ئاستی C – I فۆرمی لۆجیکی LFی لێ دەکەوێتەوە .

توانستی زمان بەستراوەتەوە بە فەرهەنگ و سیستەمی ژمێرکاری، کە فەرهەنگەکە بەوردی ئەو دانە زمانییانە دیاریدەکات، کە بە تایبەتییە وشەییەکانیانەوە دەچنە ناو سیستەمی ژمێرکارییەوە، دوای ئەوە سیستەمی ژمێرکاری ئەم دانانە بەشێوەی فۆرمی( λ , π) ، لەکاتێکا π کەرەسەی PF و λ کەرەسەی (LF) لێکدانەوەی پراوپر Full Interpretation دەنوێنێ. ئەگەر π و λ کەرەسەی دروست بن ( واتە لەو بۆچوونەی چۆمسکی (1986، 1993)وە پەیرەوی لێکدانەوەی پراوپر FI بکەن) دارِشتنەکە لە دەربرِینی PFو LF دا یەك لەدوای یەك سەرکەوتوو دەبێ. ئەگەر π یان λ پەیرەوی لێکدانەوەی پراوپریان نەکرد، دارِشتنەکە لەو ئاستەدا تێکدەشکێ. ئەگەر دارِشتنەکە لە هەردوو ئاستی PF و LF دا یەکبگرێ، سەرکەوتو دەبێ(converge ( Nunes:1999:4 .

بەمەش زمانەکە سێ کۆمەڵەی پەیوەست بە ژمێرکارییەوە بەرهەم دێنێ یا دیاری دەکات :

١. کۆمەڵەی دارِشتنەکانی D ٢. لقەکۆمەڵەی DC Subset دارِشتنە سەرکەوتووەکانیD .
٣.لقەکۆمەڵەی $D_A$ لە دارِشتنە رِێپێدراوەکانی D.

لێکدانەوەی پراوپر ( Full Interpretation (FI لقەکۆمەڵەی DC پێشاندەدات، و مەرجە ئابوورییەکانی DA هەڵدەبژێرێ. وادادەنێ، کە لێکۆڵینەوەکانی ئابوریکردن تەنها لەنێوان دارِشتنە سەرکەوتووەکاندا Convergentوەردەگیرێ، ئەگەر دارِشتنێك تێکشکا، رِێ لە ئەوانی تر ناگرێ، کەواتە DA لقەکۆمەڵەیەکی ( DC ) یە(Chomsky : 1997 : 220 ).

## ٢ـ ٥ نەخشەی سینتاکسی لە بچوکترین پرۆگرامدا :

بچوکترین پرۆگرام ئەو بۆچوونەی زمانە، کە فەرهەنگ و سیستەمی ژمێرکاری پێکەوە نواندنەکان بۆ دەربرینە زمانییەکان بەرهەم دەهێنن. چۆمسکی ئەم بۆچوونەی لە ( ١٩٦٥ )وە دادەهێنێ، لەو شوێنەی کە فەرهەنگ وەك قەوارەیەك لە سیستەمی یاسا رِێزمانییەکان جیادەکرێتەوە، واتە وەك چەند یاسایەکی رِۆنانی فرێز و گواستنەوە شیدەکرێنەوە. لەو رِوانگەیەوە ئەم پێشنیازەی بە شێوازێکی زانستی رِۆڵ دەبینێ، کە لە پێکهێنی یاسای رِۆنانی فرێزەکەدا رِێ بە ئاسانکردنی یاسا رِێزمانییەکان دەدات، بەتایبەتی

ئەو لادانەی یاساکانی ڕۆنانی فرێز لە دەقێکی ناسکدا ئەنجامی دەدەن. ئەو سنورەی پێکهێنی یاسای ڕۆنانی فرێزەکە لە ڕێزمانێکدا دەبێ بە تەنها لە چوارچێوەی یاسا سەربەخۆکان دابین بکرێ، ئەویش یەکێکە لەو هەنگاوە سەرەکییانەی کە ئەو توانا وەسفییەی تیۆری سینتاکسی پێ دیاری دەکرێ (Freidin 2011:4 & Lasnik: ). وەك چۆمسکی لە (228 : 1995a)دا ڕوونیدەکاتەوە، کە لەکۆتاییدا جیاکردنەوەی فەرهەنگ لە سیستەمی ژمێرکاری بەرەو مەرجی گشتگیری Inclusivness condition دەبات، کە بەهۆیەوە نواندنە سینتاکسییەکان سنور بۆ سیمای دانە فەرهەنگییەکان دادەنێن .

نەخشەی سینتاکسی ( زمانی ) جگە لەو سیستەمە هێماییەی لەخۆی دەگرێ، کە بریتییە لە ئاستەکانی نواندن، ئەوانیش ئاستی فۆرمی فۆنەتیکی PF و ئاستی فۆرمی لۆجیکیLF ، کە تایبەتییە دەنگی و واتاییەکان دیاریدەکەن. ئاستێکی تر هەیە، فەرهەنگ و سیستەمی ژمێرکاری دەگەیەنێ، کە لەڕووی تەواوییەوە adequacy پێویستە لە ئاستی فۆرمی فۆنەتیکیدا سێ مەرج دابین بکات:

١ـ فۆرمی فۆنەتیکی دەبێ پێکهاتەیی بێ، بەجۆرێك پەسەند بێ، چونکە لە هەر زمانێکی سروشتیدا نواندنی فۆنەتیکی بۆ هەموو دەربڕینێکی زمانی شیاوە .

٢ـ پێویستە، کە هاوبەشییەك هەبێ، واتە ڕەگەزەکان لە سیستەمی هەستی جولانەوەییدا لێکدانەوەیان هەبێ، واتە دەکرێ ئەو تایبەتییانە بگوازرێنەوە بۆ دەنگی درکاو بەهۆی درکاوی ماسولکەیی.

٣ـ دەبێ گشتگیر بێ، واتە لێکدانەوەی هەستی ـ جولانەوەییەکە گشتگیر بێ بۆ هەموو زمانەکان، جگە لەوە بەشێوەیەك لە سیستەمی زمانییدا پشت بە هەموو تایبەتییە دەنگییەکان ببەستێ (الأزهر الزناد :٢٠١٠ : ٥٥) .

ئەم سیستەمە باسی دوو پێکهێنی سەرەکی دەکات، یەکەمیان بریتییە لەپێکهێنی فەرهەنگی، کە وشەکان بە تایبەتییە دەنگی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و سیمانتیکییەکانەوە دەبەستێتەوە، دووەمیان : ئەو میکانیزمە سینتاکسییەیە، کە دەتوانرێ وەك سیستەمێکی ژمێرکاری دابنرێ، کە توانای پێکهێنانی ڕۆنانی سینتاکسی هەیە. بەرهەمهێنانی ئەو ڕستەیەی کە بە هەڵبژاردنی کۆمەڵێك وشەی دیاریکراو دروست دەبێ، پێی دەوترێ هەژمارکردنNumeration ، لەکاتێکا ئەو میکانیزمەی دوو وشە کۆدەکاتەوە بۆ پێکهێنانی لقە درەختێك ، لەگەڵ کۆکردنەوەی نێوان دوو لق بۆ پێکهێنانی لقێکی بەرزتر، ئەم کردەیە بە زاراوەی لێکدان Mergeناودەبرێ، کە بەم جۆرەیان سود لە دانە فەرهەنگییەکان وەردەگیرێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکە، کە دەرئەنجامەکەی فۆرمێکی وەسفی درەختییە (دوو لقی) بۆ ئەو ڕستەیەی دەیەوێ بەرهەمی بهێنێ ( نعمان بوقرە : ٢٠٠٩ : ١٥٨ )، وەك لە (٢)دا نەخشەی سیستەمەکە ڕوونکراوەتەوە :

(٢)




## ٢ ـ ٦ فەرهەنگ

زمان لە بچوکترین بەرنامەدا لە دوو پێکهاتە پێکدێت : فەرهەنگ و ژمێرکاری. فەرهەنگ ئەو یەکانە دەستەبەر دەکات، کە دەچنە ناو سیستەمی ژمییرکارییەوە، و سیستەمی ژمێرکاری بەکاریان دەهێنێ بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕینەکان، ئەوا بەو پێیە دەربڕین، بریتییە لە کردەیەکی دارِشتن، هەڵبژاردنی دانە فەرهەنگییەکان و ژمێرکاری دەگرێتەوە، چەند جوتێك لە ئاستی نواندنە هاوبەشەکان دروستدەکات ( چۆمسکی : ١٩٩٥ : ١٦٨ ـ ١٦٩ ) و ( بڕوانە الازهر الزناد :٢٠١٠ : ٥٦، صباح رشید : ٢٠١٠ : ١٠٥).

سەرەڕای ئەو هاوبەشییەی دەنگ و واتا، سینتاکس بەهۆی فەرهەنگەوە ئەو زانیارییانەی پێدەدرێ، کە لە بیری ئێمەی مرۆڤدا هەڵگیراوە، فەرهەنگ دانەکان دەخاتە بەردەست سینتاکس بۆ کارکردن لەسەریان. لەم بۆچوونەدا سینتاکس لەلایەن سروشتی نواندنە فەرهەنگییەکانەوە سنوردار دەکرێ. لێرەدا فەرهەنگ وەك کۆگایەکی پاشکۆی ڕێزمانی مانا تەسکەکەی[١] دەگەیەنێ. هەندێ جار فەرهەنگ بە مانا فراوانەکەی بەکاردێ، کە فەرهەنگی تەسك لەخۆدەگرێ ( Boeckx cedric : 2008: 74) ). ئەو نواندنەی کۆگای

---

[١] لێرەدا دابەشکردنی مۆرفۆلۆجییانە پەیرەودەکرێ لە جیاکردنەوەی فەرهەنگی تەسکدا (narrow lexicon) لە ئینسکلۆپیدیادا ( کۆگای زانیارییە لەبارەی بەکارهیضنانەوە) و فەرهەنگ ( کۆگای زانیارییە لەبارەی وتنەوە ). جیاکردنەوەی فەرهەنگی تەسك لە فەرهەنگی فراوان بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە" کە فەرهەنگەکە بە تەسکی لێکدەداتەوە نەك کۆگایەکی تایبەتی کەسەکانە repository of idiosyncrasies ، کە فەرهەنگەکە هەمیشە نیشانەی دەکات (بڕوانە چۆمسکی: ١٩٩٥: ٢٣٥).

مێشك، كه خەڵك هەرچییەك لەبارەی زمانەكەیانەوە دەیزانن،پێی دەوترێ فەرهەنگی مێشك Mental Lexicon (Crystal : 1992 : 228 ) .

فەرهەنگ لە بچوكترین پڕۆگرامدا هێما بۆ هەموو تایبەتییەكانی دانەكانی دەروازەی فەرهەنگی دادەنێ، كە ئەو تایبەتییانە بنەماكانی ڕێزمانی سەراپا، یان ڕێزمانە تایبەتییەكان ڕێكیان ناخەن، هەروەها تایبەتییە دەنگی و وێنەیی (شێوەیی) و واتایی وشەكان لەشێوەی پۆلكردنێكدا دەنوێنێ، بەجۆرێك لێكنادات جگە لەو سیمایانەی كە ناتوانرێ هەستییان پێ بكرێ ، بۆ نموونە لە تایبەتییەكانی ناودا ئاماژە بەسیما گیرەكییەكانی وەك: ڕەگەز و ژمارە و كەس دەدرێ، بەوەش ئەو سیمایانەی هەستیان پێ دەكرێ، لەڕووی سروشتی كەتیگۆری ناوەكانەوە <N+> ە، جگە لەو دانە فەرهەنگییە ناوییانەی كە سیمای تاكییەتی ناو هەڵدەگرن، پێویستمان بە دانانی ژمارەیان نییە، وەك : نەتەوە، كە سیمای كۆ هەڵدەگرێ بەشێوەی تاك، كە ناتوانرێ لە فۆرمی دەربڕینی وشەكەدا هەستی پێ بكرێ ( مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٦٧ ). بەم پێیە وشە فەرهەنگییەكان لە فەرهەنگدا هەموو سیمایەكیان دیاری ناكرێ، تەنها ئەوانە دیاریدەكرێن، كە تایبەتین، بۆ نموونە، وشەی ( ژن ) سیمای < N+ > هەڵدەگرێ، كە سیمایەكی كەتیگۆری پێویستە، سیماكانی دۆخ و ڕێكەوتن، كە تایبەتی بنەمای گشتین لە فۆرمی فەرهەنگی وشەی ( ژن )دا نییە، لە فەرهەنگدا هەست بەبوونی دۆخەكەی ناكرێ، لەبەر ئەوە لە سینتاكسدا لە چوارچێوەی ڕیزبونێكی دیاریكراودا پیادە دەكرێ، واتە ئەو سیمایانە ( بۆ نموونە دۆخ ) لە هەژماركردندا زیاد دەكرێ، كە پێشتر ئاماژەیان پێ نەكراوە. دواتر بەهۆی پەیرەوێكەوە زیاد دەكرێ، كە بە میكانیزمێك لەنێوان سینتاكس و فەرهەنگدا ڕێكدەخرێ و كاردەكات، كە پێی دەوترێ هەژماركردن : (Numeration) ژمارەیەك یەكە لە فەرهەنگەوە وەردەگرێ بەمەبەستی بونیادنانی وەسفێكی ئەو ڕۆنانەی كە سیستەمی ژمێركاری كەرەسەكان لەو هەژماركردنەدا هەڵیدەبژێرێ و لە ڕۆنانەكەدا بەیەكیان دەبەستێتەوە( Crystal : 2003 : 321) ، (بۆ ئەم پێناسەو وێنەكە بڕوانە صباح رشید :٢٠١٠ : ١٠٥)، وەك لە ( ٣ ) دا :

(٣) فەرهەنگ (Lexicon)

هەڵبژاردن(selection) ←

( چۆمسكی :١٩٩٥ : ٢٤٠ )

↓

ڕیزكردنی یەكە فەرهەنگییەكان/ هەژماركردن

Lexical array / Numeration

کارەکان بەپێچەوانەی ناوەکانەوە، لە دەروازە فەرهەنگییەکەیاندا سیمای کات و ڕەگەز و کەس و ژمارەیان تێدا دەرناکەوێ، تایبەتمەندی سیمای دۆخێکی دیاریکراو هەڵدەگرن، وەك بەرکاری، کە بە نیشانەی جیاوازی نێوان تێپەڕ و تێنەپەڕدا دادەنرێ، کە لە دەروازەی فەرهەنگیدا باسی دەکرێت .

## ٢ ـ ٧ هەژمارکردن و سیماکان

بچوکترین پڕۆگرام وای دادەنێت، کە زمانێك L نواندنە ڕۆنانییەکانی بۆ ئەو ڕستانە پێکدێنێ، کە هاوبەشەکانی چەمکی ـ مەبەستدار ( C- P ) Conceptual – Intentional و هەستەدەمار (SM) Sensorimotorلێکدەدەنەوە. نواندن لە( MP ) دا بەهۆی سیستەمی ژمێرکاری زمانی مرۆڤـ Computational system of Human Language ( CHL )لە هەژمارکردنەوە Numeration ( NUM (لە دانە فەرهەنگییەکاندا ( LIs )بۆ هاوبەشەکانە، وەك لە (٤)دا، و ئەو نواندنانە بەکۆمەڵ لە ئەنجامی دوو کردەی سینتاکسی داڕێژراون، لێکدانی دەرەکی(External Merge (EM ، کە دانە فەرهەنگییەکان LISلە (NUM) دا لەناو داڕشتنێکی سینتاکسیدا(Syntactic Derivation (SD ، و لێکدانی ناوەکی Internal Merge (IM)، کە ڕەگەزەکان لە SD دا بۆ شوێنەکانی تری(SD) ەکە کۆپی دەکات و لێکدەداتەوە (Remerge)وەك لە (5)دا:

(4) CSHL : NUM ⟶ < C – I , SM >

(5) a - EM : NUM ⟶ SD

b - IM : SD ⟶ SD

بەپێی بچوکترین پڕۆگرامی چۆمسکی ( ١٩٩٥ ــ ٢٠٠٤ ) و هەندێ زمانەوانی تر هەموو داڕشتنێکی سینتاکسی لە هەژمارکردندا لەگەڵ ئەو زانیارییانە دەستپێدەکات، کە دانە فەرهەنگییەکانی LIS ) (ڕیزبونێکی داڕشتەیی هەرەمەکی پێشوەخت لە فەرهەنگدا هەڵدەبژێردرێ Pre – derivational ) blindness (، کە هەر دانەیەکی فەرهەنگی ( LIS ) لە NUM دا لە چەند سیمایەك < f1 ……fn > پێکدێ (Stroik : 2009 : 22 ).

لە( MP ) دا ئەوانە لەنێوان بیری فەرهەنگ بە بەراورد بە پڕۆگرامەکانی بەرهەمهێنانی پێشتر جیادەکاتەوە، بۆ نموونە تایبەتییە هەڵبژێردراوەکانی کارەکان لە دەروازە فەرهەنگییەکاندا دیاری ناکرێن، بەڵکو بەپێی ڕێزمانی گشتی یان ڕێزمانە تایبەتییەکان، لەڕووی تایبەتییە واتاییەکانەوە دیاری دەکرێن. چۆمسکی سێ جۆر سیمای فەرهەنگی جیادەکاتەوە :

أ‌ـ سیمای پۆلی ڕێزمانی ( کەتیگۆری) [ ± N , ±V ]

ب ـ سیمای ڕێکەوتن [ ڕەگەز، ژمارە، کەس ϕ \ Phi – features ]

ج ـ سیمای دۆخ

هەندێ لەو سیمایانە بەپێی سروشتی ئەو کەتیگۆرییەی پێوەی دەلکێن بۆ دوو جۆر پۆل دەکرێن : سیما سەرەکییەکان: وەك سیما مۆرفۆلۆجییەکانی ناو، ڕەگەز و ژمارە، کە لە ناودا سەرەکین. سیما لاوەکییەکان : وەك سیستەمی سیماکانی ڕێکەوتن لە کارەکاندا ناسەرەکییە ( مصطفی غلفان : ٢٠١٠ : ٣٦٨ ). زمانەوانەکان Chomsky (1995 ,2004 ) , Epstein , Thrainsson and Zwart (1996) Hornstein , Nunes and Ggrohmann (2005)تاڕادەیەکی زۆر وادادەنێن، کە ئەم سیمایانە دابەش دەبنە سەر سێ کۆمەڵەی تر : سیمای واتایی(Semantic - feature ( SEM ، سیمای فۆنۆلۆجی Phonological - featureکە بە PHON دادەنرێ و سیمای سینتاکسی .syntactical - feature ( SYN). ئەو سیمایانەی لە SEM و PHON لەناخۆیاندا یەك لەدوای یەك لەگەڵ C - I و SM دەگونجێن. ئەو سیمایانەی لە ( SYN ) دا کە دۆخی ناوەکان لەخۆدەگرن، دەبێ پێیان بوترێ سیمای ورد Formal feature، کە لەگەڵ هەریەکێك لە هاوبەشەکاندا پێویستیان بەگونجان نییە. بۆ دڵنیابوون لە لێکدانەوەی ڕێکوپێکی هاوبەشەکان، ئەم سیما وردە لێکنەدراوانە (Uninterpretable) پێویستە پاساوبدرێن / هەڵبسەنگێندرێن و لابدرێن بێ ئەوەی داڕشتنەکە بگاتە ئاستە هاوبەشەکان ( Putnam : 2009 : 22)

سیمای ورد [ + لێکدراوە ] یا [– لێکدراوە ] یە، ئەم تایبەتییە ئاماژە بە سیمایەك دەکات ئەگەر بتوانێ لە ئاستی هاوبەشی LF دا لێکبدرێتەوە. سیما وردە لێکدراوەکان بە ئاشکرا لە سیما سیمانتیکییەکان جیادەکرێتەوە، لەوەی دواییدا هیچ زانیارییەکی سینتاکسی هەڵناگرێ، هەرچۆنێك بێ، سیما وردە لێکدراوەکە وەك بیرێك دەتوانێ ببێتە جۆرە پردێك لەنێوان پێکهێنی سینتاکسی و سیمانتیکی. نموونەیەکی لەو جۆرە سیمای [ ژمارە]یە لەسەر ناوەکاندا. ئاشکرایە، ئەو جۆرە سیمایە لە پێکهێنی سینتاکسی تەسکدا داوادەکرێت، وەك پەیوەندییە سینتاکسییەکانی ژمارە لەنێوان ناوەکان و کارەکاندا هەیە، هەرچەندە ئەوە تەواو ڕوونە، کە ئەو سیمایە ( ژمارە) دەبێ لەپێکهێنی سیمانتیکی ڕێزماندا داوابکرێ، لەوەدا ئەوە گرنگە بۆ جیاکردنەوەی ناوە تاك و کۆکان لە ئاستەکانی واتادا، manمانای جیاوازە لەmen ، بۆ نموونە، لەگەڵ [ژمارە] دا سیماϕ یەکانی تری ناوەکانیش بەلێکدراوە لێیان دەکۆڵدرێتەوە، لەکاتێکا هەموو سیماکانی - ϕ لە کارەکاندا لێکنەدراوەن .

جۆرێکی تری سیمای ورد، کە پەیوەندی بە سیمای [ EPP ] وە هەیە، کە ئەو سیمایە هەمیشە لێکنەدراوەیە، و نەك لەسەر ناوەکان، بەڵکو لەسەر سەرەی گیرەکی و کاتدا بەدی دەکرێن. سیمای [ EPP ] لە MP دا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە : هانی جولانەوە دەدات، کەواتە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییەی سەرە تایبەتەکان شوێنی دیاریکار پڕدەکاتەوە. هەرچی سیما وردە لێکنەدراوەکانە نابێ بمێننەوە کاتێك کە دارشتنەکە دەگاتە LF و PF دا، وەك ئەم سیمایانە ناتوانرێ لێرەدا لێکبدرێنەوە. لەبەر ئەوە هەرچۆنێك بێ، لە هەندێ لایەنی دارشتنەکەوە پێویستە لەرێی پرۆسەی پاساودانەوە لاببردرێن ( Kinsella : 2009 : 28 ) .

(MP) ڕێ بە جیاکردنەوەی نێوان جۆرەکانی سیما دەدات، بەپێی ئەو ئاستانەی ئەنجام دەدرێن، ئەوا سیما فۆنەتیکییەکان لە فۆرمی فۆنەتیکیدا ڕۆڵ دەبینن، و بەهەمان شێوە سیما واتاییەکان لە فۆرمی لۆجیکیدا ڕۆڵ دەبینن، بەڵام سیما فۆرمییەکان / شێوەییەکان ژمێرکاری دەجولێنن و بەپێی بنەمای دەربازبون لە سیما لاوەکییەکان کردەکانی گواستنەوە پاك دەکەنەوە. سیما فۆرمییەکان / شێوەییەکان کۆمەڵێك سیمای نارێك لەرووی کەتیگۆری و واتاییەوە لەخۆدەگرن ( کۆدەکاتەوە)، بەڵام ڕۆڵێکی ناوەندی دەبینێ لەکارکردنی ژمێرکاریدا. سیما فۆرمییەکان یان سیمای کەتیگۆری وەك سیمای [ N+] یان [V+] بەپێی کات، بریتییە لەو سیما لاوەکیيانەی بۆ سڕینەوەیان وەڵمی بەرزبونەوەی کارەکە بەرەو کات دەدەنەوە، یان سیمای ڕێکەوتن / گیرەکین، وەك ژمارە و ڕەگەز و کەس، بەگوێرەی کار و سەرە ئەرکییەکان دەچنە ناو دەستەی سیمای لاوەکییەکان و سیمای دۆخەکە، کە بۆ سڕینەوەیان بەهەمان شێوە جێبەجێدەکرێ. سیما بەپێی چۆمسکی دابەش دەبێ بۆ :

أ ـ سیمای بەهێز ئەرکی گواستنەوەی پێکهاتە پاساودراوەکانە تا بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا بسڕینەوە.

ب ـ سیمای بێهێز ( لاواز)weak ، چاوەڕوانی کردەی پاساودان دەکەن تا دوای درکاندن .

سیماکان لەخۆیانەوە ناچنە ناو هەژمارکردن، ئەگەر کاریگەرییان لەسەر دەرکردە نەبێ، ئەم کۆتە بەشێوەیەك لەناوخۆیدا و لەناو کۆتەکانی ئابوریکردندا پلە بەپلە دەکرێت، کە پێویستە سیما زیادەکان لە ئاست نواندن و دارشتنەکەدا ئەرك نەبینن ( مصطفی غلفان : ٢٠١٠ : ٣٧٠ ).

ج ـ جۆری سێیەمی سیماکان پێشنیازکراوە، کە نە بەهێزە و نە بێهێزە، وەك ئەو سیمایە گرنگە کاتێ کە پاساودەدرێن( Barbiers : 2000:154 ) .

α بەتەنها دەچێتە ناو هەژمارکردن، ئەگەر کاریگەرییەکی لەسەر دەرکردە هەبێ. بەپێی ئاستی PF، کارتێکردن (effect) دەتوانرێ لەڕووی پیتی لەیەکچووەوە دیاری بکرێ : دوو دەرکردە وەکو یەك دەبن، ئەگەر لە فۆرمی فۆنەتیکیدا هەمان شت بن، و α بەتەنها هەڵدەبژێردرێ، ئەگەر فۆرمی فۆنەتیکی

بگۆڕدرێ. لە ئاستی(LF ) دا ئەو مەرجە لەوانەیە کەمێك لاوازتر بێ، ڕێ بە تەسکبونەوەی دەدات و وەك ڕاستییەك دەبێ فۆرمی ژمێرکراو لەبەرامبەر لۆجیکیدا بەکارامەیی لێکبداتەوە 294 : 1997 : Chomsky ) (. هەر وشەیەك لە هەڵبژاردندا دیاری بکرێت بۆ دارشتنەکە، کۆمەڵێك سیمای سینتاکسی و فۆنەتیکی و واتایی لەگەڵدایە. لە(LF) دا دەتوانرێ تەنها سیما واتاییەکان لێکبدرێنەوە و لە(PF ) دا تەنها سیما فۆنەتیکییەکان لێکبدرێنەوە، هەموو سیماکانی تر لەکاتی داڕشتندا دادەماڵدرێن .

## ٢ ـ ٨ سیستەمی ژمێرکاری

چۆمسکی لەساڵی (١٩٩٥)دا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لە زمانە سروشتییەکاندا یەك سیستەمی ژمێرکاری دەستەبەر دەکرێ. لە بنچینەدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە فەرهەنگی جۆراوجۆر هەیە، کە وشەی جۆراوجۆری زمان دابیندەکەن. سیستەمی ژمێرکاری چوار ئاستی نواندن لەخۆدەگرێ، کە بریتییە لە ئاستەکانی داڕشتن لە ڕۆنانی فرێزدا CHL .باری ڕۆنانەکان لە دانە فەرهەنگییەکاندا بەهۆی دوو کردەی بنەڕەتییەوە دروستدەکات، ئەوانیش، هەڵبژاردن Selection و لێکدانMerge ( الازهر الزناد : ٢٠١٠ : ٦٠ ). بۆ ئەوەی CHL بەجۆرێك ڕێکیان بخات و ببێتە هۆی پێکهێنانی وەسفە ڕۆنانییەکان structural descriptions ( SDS)لە دەنگ و واتادا، بەجۆرێك، کە دەنگ فۆرمی فۆنەتیکی PF و واتا فۆرمی لۆجیکی LF دەنوێنێ، کە لەگەڵ بنەماکانیدا ڕێکدەکەون، کاتێ هەردوو فۆرمی نواندنەکە یەکدەگرنەوە، وەڵمی لێکدانەوەی پڕاوپڕ دەدەنەوە، بەپێچەوانەشەوە داڕشتنەکە تێکدەشکێ .

سیستەمی ژمێرکاری دەکەوێتە ژێرباری بنەما گشتییەکانەوە، کە گرنگترینیان بنەماکانی ئابوریکردن لە داڕشتنەکان، نواندنەکان و بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕە. سیستەمی ژمێرکاری ئەم کردە سەرەکییانە لەخۆدەگرێ، کە پێکدێ لە : هەڵبژاردنSelection ، لێکدانMerge ، جولانەوە Move و ڕێکەوتن Agreement . لە کۆتاییدا داڕشتنەکە بە کردەیەك دوایی پێدێت، چۆمسکی ناوی ناوە درکاندن Spell - Out.

## ٢ ـ ٨ ـ ١ کردەی هەڵبژاردن

بەو پێیەی سیستەمی ژمێرکاری زمانی مرۆڤ CHL لە ژمێرکارییەوە دەستپێدەکات، کە پێشەکی دانەکانی لە بوونی فەرهەنگێکی دیاریکراوی زمانێکدا n ژمارە لە هەژمارکردنەوە هەڵدەبژێرێ بۆ پێکهێنانیPF ، LFیان (π , λ) یەك لەدوای یەك. NUM ( چەند جوتێکی < I , i > بەکاردێنێ لە داڕشتنەکەدا، لەکاتێکدا ( I ) دانەی فەرهەنگی ( واتە کۆمەڵێك سیمای مۆرفۆلۆجی و ڕێزمانی و واتایی

دیاریكراوه( ، ( i )ژمارەیەكی سروشتی < سفر [ گەورەتر لە سفر ] ژمارەی ئەو كاتانە پیشان دەدات، كە ( I ) ی تێدا بەكار دێ. دارشتنی سەركەوتوو D دەبێ لە كۆتایی دارشتنەكەیدا n ی تێدا نەمابێ .

كردەی هەڵبژاردن جوتێكی < I , i > لە n جیادەكاتەوە و هەڵدەبژێرێ، بۆ نموونە لە I وەك كەرەسەیەكی سینتاكسی O لە هەنگاوی ڕۆنانی Σ دارشتنەكەدا D نیشانە دەكرێ، نیشانەی i یەك كەم دەكرێتەوە، كاتێك i 0 =، ئەو جوتەی < I ,i > لە n نامێنێ. دوای ئەنجامدانی ( n ) لە هەڵبژاردن، Σچەند كەرەسەیەكی سینتاكسی { Oi….. On } پێكدێنێت. كاتێك لە كۆتاییD ، Σپێویستە لە دانەیەكی تەواوی O پێكبێت، هەندێ كردە پێویستە چەند كەرەسەیەكی OS جیاواز لەناو یەك كەرەسەدا بەشداربن ،ئەمەش بەهۆی لێكدانەوە Merge دەبێت، كە دوو كەرەسە OS (سادە یا ئاڵۆز ) وەردەگرێ و یەكیان دەخات، لەهەندێ باردا، وەك پێكهێنەرەكان لە لقە درەختێكدا لەژێر ناونیشانێكی نوێی پێكهێنەرەكەدا دەبێ. بەو پێیە ئەگەر α وβ (نیشانەبن بۆ كۆی) كەرەسە سینتاكسییەكان بەهۆی لێكدانەوە كاریان تێكراوە، ئەوانیش لەناو یەك پێكهێنەردا لەژێر نیشانەی γ بەشدارییان كردووە، كە هیچ داواكارییەكی ئەرگومێنت نییە بۆ ئەو گریمانە ناسەربەخۆیە ( Chomsky : 1995a : 243) كە ئەنجامی لێكدانەكە دەبێ دابەشی دوو لق ببێ . (Seuren:2004 : 34 ) .

## ٢ ـ ٨ ـ ٢ لێكدان Merge

لێكدان كردەیەكی پێكەوە بەستنی دوو بەشە، وەك تێكردەیەك یان دانە فەرهەنگییەكان وەردەگرێ، یان بەئاشكرا یەكەكان لە دانە فەرهەنگییەكاندا بەشدار دەبن. دەركردەكەی یەكەیەكە لەو دانە فەرهەنگییانە پێك دێت، كە بە شێوازێكی هەرەمی ڕۆنراوە. یەكێك لەو دوو دانانەی ـ ئامانجەكە the target ـ لێكدەدرێن، بۆ پێكهێنانی هێمایەكی یەكەكە دەخرێتەڕوو. بەم پێیە دەكرێ لێكدانی α و βیان لە ( 6a ) یا (6b)ڕوون بكرێتەوە.

(6) a. b.




ئەو دانەیەی كە بۆ ناونانی یەكەكە دەخرێتەڕوو، بەپێی دیاریكردنی سەرەكەیە( Kinsella : 2009 : 28 ) .

( Frampton and Gutmann : 2002: 1) ئاماژە بە دوو ئەگەر دەكەن ( دووەمەكەیان باشترە ). یەكەمیان، ئەوە پێشنیاز دەكەن، كە ڕەگەزەكان بە ئازادانە ڕێیان پێدەدرێ بۆ لێكدان و بەڵام لەدواییدا دەپاڵێورێن بۆ نواندن ئەگەر دارشتنەكە ڕێزمانی بوو. دووەمیان : ئەوە پێشنیاز دەكەن، كە بەرهەمهێنانی ڕستەكان بەپلەیەكی بەرز سنوردارە highly constrained ئەم دارشتنانەی دروستن well – formed و

ڕەگەزەکانیان لەسەرەتاوە لێکدراوەن. واپێدەچێ ئەم دوو پێشنیازە لەگەڵ ناوەرۆکی ئابوریکردندا substantive economy زۆر گونجاو بن، لەکاتێکا ئەو بەرهەمهێنانە دەسرێتەوە ( خۆی لێ دەپارێزێ )، کە نادروستنill-formed ، لەگەڵ ئەوەشدا هەمووی بەیەکەوە پێویستە، بپاڵێورێن ( لە فلتەربدرێن )، بێگوێدان بە پێشنیازەکە ڕەگەزە سینتاکسییەکان لێکدەدرێن، هەرچەندە لێکدان جێی ڕوونکردنەوە دەگرێتەوە، کە لەو شوێنەوە تێخستنی فەرهەنگی ( DS ) ەکە ڕوودەدات .

توانستی زمان پێویستە ئەو میکانیزمانە پێکبهێنێ، کە بۆ هەموو دەربڕینێکی زمانی LFS دروستیان دەکات. دیارە ئەو میکانیزمانە دەبێ ئەو کەرەسانەیان هەبێ، بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو دانە فەرهەنگییانەی ڕۆنانێکی بنچینەیی پێکدەهێنن. چۆمسکی ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبینێ، کارەکە بە چەند دانەیەکی فەرهەنگی دەستپێدەکات، دەربڕینی داڕشتنەکە هەنگاوبەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕوات. لەهەر هەنگاوێکدا هەندێ بەشی نوێی ڕۆنانەکە دروست دەبێ، تا لە هەنگاوی کۆتاییدا دەگاتە فۆرمێکی تەواوی LF.

لێرەدا ئەو هێڵەی نێوان دانە فەرهەنگییەکان LIS و LF هەنگاو بەهەنگاوی پرۆسەی دروستبوونی (LF) دەنوێنێ، کە چۆمسکی بە پەیرەوی ژمێرکارییانەComputational Procedure ، وەك لەوێنەی (٧)دا ئاماژەی پێدەکات.

( ٧ )

LIs دانەفەرهەنگییەکان
|
LF

بچوکترین گریمانە لەبارەی ئەم پەیرەوە ئەوەیە، کە هەندێ کردە هەن، کە ڕۆنانەکان پێکدەهێنن، بە ئاسانی هەر دوو ڕەگەز پێکەوە دەبەستنەوە، کە لەگەڵیدا بەکاردێ، لەڕووی هێڵکارییەوە دەکرێ ئەم کردەیە بە شێوەی (٧) بخرێتەڕوو

هەموو درەختەکە، بەشێوەیەکی گشتی بە ڕێگای (پێکەوە بەستن)ی دوو ڕەگەز هەنگاوبەهەنگاو لەناویەکدا پێکدێت، وەك لە (8)دا :

( 8 ) X Y ⟶ Z

Y X

چۆمسکی ئەم پەیرەوەی ناوناوە لێکدان .Merge کەواتە CHL پێویستە پەیرەوێك لەخۆبگرێ، کە لەپێشەوە کەرەسە سینتاکسییەکان ( Syntactic Objects ( SOS پێك بهێنێ... وەکو سادەترین کردە، جوتێك کەرەسەی سینتاکسی (SOI , SOJ) هەڵدەبژێرێ و کەرەسەیەکی نوێی هاوبەش SOIJ جێیان دەگرێتەوە. ئەم کردەیە پێی دەوترێ لێکدان Merge ( Chomsky:1997:226 ).

لە ڕاستیدا، ڕستەکان دەکرێت لە ژمارەیەکی دیاری نەکراوی فرێزە جیاوازەکان پێکهاتبن، چەند کردەیەك وەردەگرێت، بەزۆر بەسەر تیۆری زمانیدا دەیانسەپێنێ، کە بەلایەنی کەم دوو کەرەسە بەشداری دەکەن بۆ پێکهێنانی دەستەواژەیەك. بە لەبەرچاوگرتنی بەکارهێنانی چەمکی پێویستی تەواوی Virtual Perceptual necessity، چۆمسکی داوادەکات، کە کاتێ دوو ڕەگەزی پێویست دەبنە تێکردەی لێکدان Merge، ئەوە مانای ئەوەیە، کە ئەگەر ویستمان سێ ڕەگەز لێکبدەین لەناو فرێزێکدا، داوای دوو هەنگاو دەکات، هەنگاوی یەکەم دوو ڕەگەز بەیەکەوە دادەنێ، و هەنگاوی دووەم، کۆمەڵەکە وەردەگرێ، ڕەگەزی سێیەم بەوەوە دەبەستێتەوە و کۆمەڵەکە بە تەواوی پێکدەهێنێ( 490 : Heine , Narrog :2010) . ئەمە Kayne (1984) ,کار بە بۆچوونی مەرجی دوو لقکردنی (binary branching requirement) دەکات، نواندنەکان لەو جۆرەدا بەپێی تیۆری x – bar دادەنرێن، چۆمسکی (2005 ) دەڵێ دوو لقکردنی درەختەکان لەڕووی ژمێرکارییەوە زۆر وزەپارێزە/ ئابوورییانەیە لەچاو جۆرەکانی تری نواندنەکان ( : Boeckx 78 : 2006b) .

تایبەتیی دانەیەکی زمانی LI پێی دەوترێ سیماfeature ، هەروەها دانەی زمانی سیمایەکی هەیە ڕێی پێدەدات لێکبدرێت، پێی دەوترێ سیمای قەراخ (Edge feature (EF ی دانە زمانییەکە. ئەگەر دانە زمانییەکە EF هەڵبگرێ، دەتوانێ لەخۆیدا دەربڕینی پڕاوپڕ بێ. کاتێ لەگەڵ کەرەسەیەکی سینتاکسی SO) (دا لێکبدرێ، {LI , SO} پێکدێنێ، SO دەبێتە تەواوکارەکەی. ئەو ڕاستییەی کە لێکدان تایبەتمەندی دانەکان LIs بێ سنور دوپاتدەکاتەوە، سیمای قەراخ ئەو ڕاستییە بە باشتری ڕووندەکاتەوە، کە لێکدان سنوردار نییە، زمان سیستەمێکی ئێجگار زۆری پێکەوە لکاندنی ئەو جۆرە تایبەتییانەیە : Chomsky) 139 : 2008 ). بەگوێرەی ئەمە لێکدان بە پێکەوە بەستنی دوو کەرەسەی سینتاکسییەوە کاردەکات، βسادە بێ یان ئاڵۆز ( ئەگەر α ، β سەربەخۆ بن ) ئەوا لە ئەنجامی لێکدانەکانی پێشترەوە نەهاتوون، ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەرگیراون.

لەم ساڵانەی دواییدا چۆمسکی وای بۆ دەچوو کەوا : لێکدان لە دوو سروشتی تایبەتییەوە دێت : لێکدانی دەرەکی و ناوەکی. لێکدانی دەرەکی ئەوەیە، کە دانەکان بۆ یەکەم جار لە درەختە سینتاکسییەکەدا لێکدەدرێن، بەڵام لێکدانی ناوەکی لەکاتێکدا دەبێ، کە لەبەرگرتنەوەی Copy دانەیەك دروستدەبێ و لە

شوێنێکی تری درەختەکەدا لێکدەدرێتەوە( Remerged ( Lasnik , Lohndal:2010:47 . لەئێستادا بەپێی تیۆری کۆپیکرن لە جولانەوەدا، IMتاکە کەرەسەیەکی Y لە دوو شوێنی داڕشتنەکەدا بەرهەمدەهێنێ. بەگوێرەی بۆچوونی Nune (2004)تەنها ئەو کۆپییەی لەڕووی سینتاکسییەوە دەکەوێتە بەرزترین شوێن، لەڕووی فۆنەتیکییەوە دەردەبڕدرێ و هەموو کۆپییە نزمترەکان لادەدرێن. بۆ نموونە، ئەو کۆپییە نزمترەی ناو VP کۆپی دەکرێ بۆ سپێکیTP ، دواتر لادەدرێ، و بۆ نموونە، داندەنرێ بە ڕۆنانی **(خوێندکارەکان ڕاپۆرتەکانیان نووسی)** لەبری

**[[TPخوێندکارەکان [VP خوێندکارەکان ڕاپۆرتەکانیان نووسی ]**

أ ـ لێکدانی دەرەکی : External Merge لێکدانیα ) ، ( βلەکاتێك دایە، کە α لە ئەنجامی جێبەجێکردنی لێکدانی پێشترەوە کەوتۆتەوە ( یان لە فەرهەنگەوە هەڵبژێردراوە ) و β لە فەرهەنگەوە هەڵبژێردراوە.

ب ـ لێکدانی ناوەکی : Internal Merge لێکدانی ( α، β ) لەکاتێکدایە، کە α لە ئەنجامی جێبەجێکردنی لێکدانی پێشترەوە کەوتۆتەوە و β لە مەودای α دا هەڵبژێردراوە( Andreu , Gallego : 2009 : 10) . چۆمسکی لە(٢٠٠٤)دا داوادەکات، کە لێکدانی دەرەکی EM و ناوەکی IM بەشێك بن لەهەمان کردە، کە ئەم کردانە دەبێ هەمان بەڵگەی بیرەکییان هەبێ، هەرچەندە ئەو ڕاستییەی EM و IM هەمان کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ڕۆنانی سینتاکسیدا هەیە، ئەوەش وەك بەشەکانی هەمان شت بەڵگەی تەواو نیین بۆ لێکدانەوەی ئەم کردانە . ئەم کردانە دوو تایبەتمەندی زگماکییان (لەخۆوەیان) هەیە، کە وایان لێ دەکات، بەراورد نەکرێنincommensurable :

١ـ ئەوانە کاردەکەنە سەر بواری زۆر جیاواز( EM کاردەکاتە سەر بوارەکانی داڕشتەیی ـ فەرهەنگیی دەرەکی و IM کاردەکاتە سەر بوارەکانی پێکهێنانی ـ ڕۆنانی ناوەکی ) .

٢ـ ڕۆنان بە زۆر شێوەی جیاواز دروستدەکەن EM : کەرەسە بۆ ڕۆنانە سینتاکسییەکان زیاد دەکات، لەکاتێکا IM وانییە. لە تایبەتمەندی دووەمەوە ئەوە دەردەکەوێ، کە بنەما لەتوانایدا نییە بەبێ EM ڕۆنانی سینتاکسی دروستبکات، بەهەمان شێوە لە IM دا ڕاست نییە. بێگومان لێرەدا EM چەمکێکی پێویستە، لەلایەکی ترەوە، چەمکی پێویستی لە IM دا بە تەواوی گومانی تێدایە. سەرەڕای ئەوەش دەبێ ئەو دۆخە بێ، کە لەڕاستیداEM و IM بەشەکانی هەمان کردەن، دواتر یەکێکیان دەبێ گومانی تێدا بێ، بۆچی پێویستمان بەهەردوکیانە ـ کە دەکرێ بوترێ بۆ دۆزینەوەی گشتکاری، ڕێ بە کردەکان دەدات لە تاکە کردەیەکی لێکداندا M تێکبشکێن (چەمکی پێویستی لە EM دا هاتووە، ئەم کردەی M ە دەشێ زۆرتر هاوتای ـ EM بێ لەچاو هاوتای IM- ) (Putnam ,Stroik: 2009: 25) بەم شێوەیە (Boeckx : 2006 : 79 و صباح رشید ٢٠١٠ : ١١٣)، وەك لە (٩، ١٠)ی خوارەوەدا، بەهێڵکاری پیشانی دەدەن:

لێکدانی دەرەکی : External Merg :

(٩)




هێڵکاری ( ١٠) : لێکدانی ناوەکی: Internal Merge :







لێرەدا، لەهەندێ نوسینی ئەم دواییەدا تایبەتییەکی تر دەخرێتە پاڵ لێکدان (بڕوانە Chomsky 2005 , 2007 , 2008 , Boeckx 2008 , 2009)، ئەویش سروشتیی گونجاندنێتی، بەجۆرێ ئەمە بە بەکارهێنانی دەستەیەك دەخرێتە ڕوو، کە ـ بەپێی پێناسەکە ـ هیچ نەگونجاندنێك asymmetry بەسەر ئەندامەکانی ناسەپێنێ، ئەو تاکە جیاوازییەی دەردەکەوێ لە سەربارەکانەوە دێ، کە ڕێبازێکە بەیارمەتی دروستکردنی دوو شێوەی جیاوازی لێکدان (جوتە لێکدان) ناڕێکییەك لەنێوان لێکدانی ـ تاکەکان دروستدەکات. وادەردەکەوێ بەڵگەی ئەم دوو چارەسەرە هەبێ، کە لەباسێکی چۆمسکی(٢٠٠٤)دا بە پاڵنەرێکی کارەکی دادەنرێ: بەو پێیە سەربارەکان کاریگەرییان لەسەر ژمێرکاری سینتاکسیدا نییە ( ئەوانە بەشداری شێوەکانی ڕۆڵی ـ بابەتانە ناکەن، دۆخ وەرناگرن، لەوانەیە پەیوەندییان پێوە نەبێ..... هتد ) بەڵام بەشداریی ڕوونکردنەوە دەکەن.، هەروەها ئەگەر سەربارەکان لەوێدا نەبن، جگە لە لێکدانەوەی واتایی، لەهەر شوێنێکدا کە ئەو بەشەی لێ نەبێ پێشنیازی ئەوە دەکات کە سەربارەکان پلەی هاوڕێکیان تێدایە یان لەناو داڕشتنەکەدا درەنگ لێکدەدرێن . late –merged لە چارەسەری چۆمسکی ( ٢٠٠٤ )دا، پلەی هاوڕێکی میتافۆرەکە بەیارمەتی جوتە سەربارەکانەوە جیبەجێدەکرێ، چونکە هەر ئەو جوتانە ناڕێکی لەنێوان لێکدان ـ تاکەکان دروستدەکەن، ئەمەش دەتوانرێ لە ( ١١) دا ببینرێ :

(١١) أ ـ چەند لێکدانێك { α , β } = { β , α } :

ب ـ جوتە لێکدان < α , β > ≠ < β , α > : شانبەشانی سیما باشترەکان دەبێتە هۆی لێکدان، ئەوەش ڕاستییەکە (لەیەکەم چاوپیاخشاندندا، دژی گریمانەی بچوکترینی بەهێز Strong Minimalist Thesis(SMT)) [١] کە UG سیما لێکنەدراوەکانی هەیە، ئەوەی پێی دەوترێ سیماکانی ـ ϕ ( Andreu , Gallego : 2009 : 10). لە بچوکترین پرۆگرامدا، پێکهێنانی ڕستە لەهەڵبژاردنی دانە فەرهەنگییەکانەوە ڕێی پێدەدرێت، کە وردە وردە بەهۆی لێکدانیانەوە ڕۆنان دروست دەکەن. ڕیزبوونی دانەکان لە(١٢) دا :

١٢ ـ ئازاد، هات، I [ + کاتT ، +ڕێکەوتنAgre ] .

یەکەم، ئێمە کەرەسەکانی ( ئازاد، هات ) لە هەژمارکردندا دیاریدەکەین، دواتر ئەم دوو ڕەگەزە یان جێکەوتەکانیان لەناو یەك نیشانەی فرێزدا بەشداردەکەن. کاری(هات) لەگەڵ (ئازاد) لێکدەدرێن :

(١٣) لێکدانی ( ئازاد، هات)

لێکدان دەبێتە ڕۆنانێك لەوەی کە جێکەوتەکەی (ئازاد) دەڵێ( DP ) یەك دەخرێتە ناو شوێنێکی بەتاڵی جێکەوتەی (هات ( VP ) (لە هێڵکاری ( ١٤ ) دا:

(١٤) أ ـ




ئەو بۆچوونەی کە داڕشتن فۆرمە گیرەکییەکان لە ڕەگەزە فەرهەنگییەکانەوە دروست ناکات. دانە فەرهەنگییەکان ( لە زاراوەی کلاسیکیدا لەسەر بنچینەی بەرهەمهێنان base – generated دانراوە ) لەگەڵ گیرەکەکانیان دەخرێنە سەریەك. هەروەها تاڕادەیەکی زۆر کاری ڕابردوو (هات ) دەخرێتە ژێر أ، فۆرمی گیرەکی ( هات ) دەخەینە ناویەوە، بەهەمان شێوە ) NPs یان ( DPs لەگەڵ دۆخی مۆرفۆلۆجی

---

[١] سێ هۆکار لەناو زۆربەی جۆرەکاندا ئامادەیە ( بەهرەی زگماکی، شارەزایی، ئەو بنەمایانەی تایبەت نین بە زمان )،کە بنەماکانی ژمێرکاری بەتەواوی دەگرنە خۆیان، کە لە وردی و پڕ مانادا لە سروشتی زمانە دەستکەوتووەکاندا دیاریدەکرێ (چۆمسکی : ٢٠٠٥ : ٦)، بایەخ بە گۆڕانێکی تر لەشێوەکانی پێشتری ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەدات، کە جێی سیستەمە ناوەکییەکان دەگرێتەوە . ئەمەش وەك خوارەوە پێکدێ لە : گریمانەی بچوکترینی بەهێز ( SMT )، کە دەڵێ زمان چارەسەرێکی تەواوە بۆ مەرجەکانی هاوبەشی ( Chomsky : 2007 : 5 ) . بەو پێیە سینتاکس پەیرەوی داواکارییەکانی سیستەمە ناوەکییەکان دەکات، هەستەدەمار Sensorimotor (SM ) یەکێکە و چەمکی ـ بەمەبەست یەکێکی تر،کە بەهۆی هاوبەشەکانی PHON و SEM یەك لەدوای یەك ئەنجام دەدرێ (Putnam , Garson 2009 : 258) .

( ئەبستراکت یان دیار ) دەخرێتە ناویەوە. بەو پێیە لە هەژمارکردنی ( ئازاد ) دەبێ لەپێشەوە هاوبەشی لەگەڵ دۆخدا کردبێ، لەنموونەکەماندا، لە دۆخی بکەری دایە. دواتر سەرەی ئەرکی Î لە هەژمارکردندا هەڵدەبژێرێ، و Î کە نیشانەی فرێزەکەی (phrase marker) سەرەوەی دروستکردووە،لێکدەدرێ و لە(١٥)دا ئەم ئەنجامە بەدەستەوە دەدات:

(١٥) أ ـ هەڵبژاردنی Î

ب ـ لێکدانیVP )، ( I

بەم شێوەیە هێڵکاری ( ١٥ ـ ج ) لێ دەکەوێتەوە:




(ئازاد) دۆخە بکەرییەکەی ڕێی پێدەدات، لە شوێنی دیاریکاری Î دەرکەوێ. ئازاد دەبێ بجولێتەوە بۆ ئەوەی بگات بە دیاریکاری سەرەیÎ ، ئەو ڕۆنانەی (١٥ ـ د)ی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێ بە دۆخی بکەری بدات، درزێکی بەتاڵ لە شوێنی دیاریکاری IP دروست دەبێ و ( ئازاد ) دەجولێ بەرەو ئەو درزە. .

(١٥-




سیستەمی ژمێرکاری ئەو ڕۆنانانە بەرهەم دێنێ، کە دەکرێ لەهەندێ خاڵدا گوزارشتی لێبکرێ، کەواتە فۆرمێکی ئاشکرا وەردەگرن. دەربڕین ڕووی هاوبەشی PF دەداتە شێوەی ئاشکرای ڕستە. ڕۆنانە سینتاکسییەکانیش لێکدەدرێنەوە، کەواتە نواندنێکی سیمانتیکی دیاریدەکەن، کە گونجاو بێت بۆ ئاستی .LF بەپێی نواندنەکەمان ( ئازاد هات ) دەکرێ لە ( ١٥ ـ ە )دا بۆ لێکدانەوەی پڕاوپڕی ڕستەکە دەرببڕدرێ، هەرچەندە داواکارییەکی تر هەیە، کە کاری ( هات ) لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ڕابردوو بەشداری کردووە، دەبێ کاتە ڕابردووەکە پەیوەندی بە گرێی ئەرکییەوە (I) Functional node هەبێ. ئەمەش دەبێ بەهۆی LFئەنجام بدرێ، واتە جولانەوەی شاراوەی V̊ بۆ Î .

(١٥ - ه)




جولانەوەی شاراوەی V̊ بۆ I̊ لە (١٥ - ە)دا درکاندنی ناداتێ، ئەوەش تێکردەیە بۆ LF وەك لە (١٦)دا ڕێکخستنی ڕێزمانەکە لە بچوکترین پرۆگرامدا کورت دەکرێتەوە.

(١٦)




ئەگەر جولانەوە بەهۆی ڕاکێشانی سەرەیەکەوە وروژا، ئەوا دەبێ پێشنیاز بکەین، کە ڕاکێشان هەنگاوێکی زۆر گرنگە لە داڕشتنەکەدا. جێگای چەمکی جولان دەگرێتەوە، هەروەها بەهۆی سیمای پێکهاتە جولاوەکەوە دەوروژێ، هەروەها بەهۆی ڕاکێشانەوە سیمای شوێنی گیرسانەوە دەوروژێنێ (Haegman : 1997 : 15 )**.**

## ٢ - ٩ درکاندن Spell – Out

ئەو خاڵەیە، کە داڕشتنەکە دابەشدەکات و ئەو شوێنەیە، نواندنی ناوەکیی ڕۆنانە داڕێژراوەکەی تێدا دەخرێتەڕوو، ( Cook & Mark :1997 : 400 ). لەو شوێنەدا بەشێك لە ڕۆنانە سینتاکسییەکە دەنێردرێ بۆ پێکهێنی PF بۆ ئەوەی لەناو نواندنی - PF دا نەخشەی بکێشرێ، واتە فۆرمە فۆنەتیکییەکەی بنوێنرێ Radford :2006:477) ). کەواتە سیستەمی ژمێرکاری لەو خاڵەدا بۆ دوو ئاراستە لێکدەبێتەوە، ئاراستەیەك بەرەو فۆرمی فۆنەتیکیPF ، و ئاراستەیەکیش بەرەو فۆرمی لۆجیکی .LF ئەو خاڵەی

درکاندنی ژمێرکارییەکە بەرەو فۆرمی فۆنەتیکی دەبات پێی دەوترێ پێکهێنی فۆنەتیکی یا سینتاکسی ئاشکرا (Overt syntax) . دوای درکاندنیش ژمێرکارییەکە بەرەو LF یان پێکهێنی لۆجیکی بەردەوام دەبێ، ئەو کردانە نابێ کار بکەنە سەر فۆرمی فۆنەتیکیPF ، لێرەدا پێی دەوترێ سینتاکسی شاراوە (Covert syntax ).

لەراستیدا، تێبینی دەکرێ، کە ئەو مۆدیلە سەرەڕای ئاستەکانی PF وLF ، کە پێکهێنەکانی PF و LF لەخۆدەگرێ، چەند هەنگاوێکی ڕۆنانی دەنوێنێ، کە پەیوەندی بە نەخشەکێشانی ئاستەکانەوە هەیە، و ناتوانن هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئاستەکانی PF و LF دا دروست بکەن. ( ١٧) نەخشەی دارِشتنەکە پیشان دەدات( Uriagereka : 1998 : 157 ) :

(١٧)




لەهەندێ ڕووی ژمێرکارییەوە بۆLF ( واتە ژمێرکاری لە N بۆλ )، کردەیەکی درکاندن هەیە، کە لەپێش ئەوەدا پێکهێنراوە، لە ڕۆنانەکەدا Σ ئەنجام دەدرێ. درکاندن لە Σ دا بە تەنها دوردەکەوێتەوە لەو ڕەگەزانەی پەیوەندییان بەπ (نواندنی فۆنەتیکی)ەوە هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە LΣ بەجێ دەهێڵێ، کە نەخشەیλ (نواندنی لۆجیکی) بە کردە سینتاکسییەکان دەکێشێ. ئەو لقە سیستەمەی CHL کە نەخشەی Σ بۆ πدەکێشێ پێی دەوترێ پێکهێنی فۆنۆلۆجی Phonological component و ئەو لقە سیستەمەی CHL ، کە نەخشەی Σ بۆ λ دەکێشێ پێی دەوترێ پێکهێنی شاراوەCovert component ، ئەو پێکهێنەی پێش درکاندن پێی دەوترێ پێکهێنی ئاشکرا. لەبەر ئەوە لەم سیستەمەدا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان λ و π دا نییە ( Ura : 2000 : 15 ) .

درکاندن وادادەنێ بۆ بەرزکردنەوەی کەرەسەیەکی سینتاکسی چەند کردەیەك بەکاردەهێنرێ، بۆ ئەو نواندنەی کە لەگەڵ سیستەمی ـ AP دا هاوبەشی دەکات. ئەم نواندنە بە فۆرمی فۆنەتیکی Phonetic Form (PF)ناسراوە، ئەوە بۆ جیاکردنەوەی خاڵی درکاندن لە PF دا گرنگە، لەدواییدا ئاستێکە، کە هاوبەشی دەکات لەگەڵ سیستەمەکانی ناوەوە، بەڵام پێکهێنەرەکە درەختێکی ڕۆنانی تەواوە بۆ هەرچی کردەیەکی نا ـ سینتاکسی جیاواز ، تا ئەو کاتە ئەنجام دەدرا ( Adger : 2002 : 116 ) . تێبینی دەکرێ، کە درکاندن لە MPدا وەك ڕۆنانی سەرەوەی بەرهەمهێنانی پێشتر نییە، جیاوازە وەك ئاستێکی نواندنی جێگیر بیری لێ ناکرێتەوە، ئەوەندەی کە درکاندن خاڵێکە لەوەی کە ڕۆنانێکە پێکهاتەیەکی هەیە، وای لێ دەکات شاراوە بێ. لەڕووی درکاندنەوە، تێکردەی فەرهەنگی Lexical insertion ئەو دانانەی لە فەرهەنگدا دیاریدەکات، بەکارناهێنرێتەوە .

بچوکترین پرۆگرام وادادەنێ، کە کردەکان لە داڕشتنی ڕستەکاندا بابەتێکن بۆ بنەمای ئابوریکردن. پەیوەندی نێوان ئاستە هاوبەشەکانی PF و LF دەبێ لەڕووی ئابورییەوە دابمەزرێ. ئابوریکردن لەم سیستەمەدا لەچەند ڕوویەکەوە بەنموونە دەهێنرێتەوە، یەکێك لەو نموونانە لە بنەمای ئابوریکردندا جولانەوەیە : Heagman : 1997 ) 15 ). یەکێك لە دیارترین ڕەگەزی بچوکترین پرۆگرام ئەو ڕاستییەیە، کە هەموو جولانەوەیەك هاندەرێکی هەیە. هەر وشەیەك لە هەژمارکردندا وەربگرین، کۆمەڵێك سیمای سینتاکسی، فۆنەتیکی و سیمانتیکی هەیە. لە LF دا تەنها سیما واتاییەکان و لە PF دا بە تەنها سیما فۆنەتیکییەکان دەتوانرێ لێکبدرێنەوە. هەموو سیماکانی تری لەکاتی داڕشتندا دادەماڵدرێن ( لێ لادەبردرێن). درکاندن خۆی هەموو سیما فۆنەتیکییەکانی لێ لادەبات و لە PF دا گوێیان پێنادات. سیما واتاییەکان کە دەمێننەوە لە LF دا بە پڕاوپڕی لێکدەدرێنەوە و هیچ کێشەیەك بۆ سیستەمی مەعریفی دروست ناکەن. بەڵام سیما سینتاکسییەکان بۆ ئەوەن پێش LF لابدرێن. هەر کاتێ، کە دوو پێکهاتەکە لەشوێنی هاوسێیەتیدا هەڵگری هەمان سیمابن، ئەوە دەتوانرێ یان لە چوارچێوەی دیاریکاری سەرە، یان شوێنکەوتووی سەرە سەرە بێ. دەبێ سیما لێکنەدراوەکان لابدرێن( Schweikert : 2005 : 26 ) .

## ٢ ـ ١٠ پەیوەندییەکانی پاساودان checking relations

سینتاکسی MP زۆر کەم پشت بە فەرهەنگ دەبەستێ لەچاو مۆدیلەکانی پێشتر وەکو (GB )، ڕادەی سیما فەرهەنگییەکان لە GB دا زۆر دەوڵەمەندە ( بۆ پیشاندانی کەتیگۆرییە بەتاڵەکان، جێناوی خۆیی، جێناوە سەربەخۆکان،... پەنادەباتە بەر سیما فەرهەنگییەکان). لەناو MP دا، هەوڵدەدرێ ڕێ بەم تایبەتییانە بدرێ، لە ڕۆنانی فرێزی سادەدا سەرهەڵبدەن و ئەم بارانە بەهۆی هاوبەشەکانەوە لێکدەدرێنەوە. ئەو جیاوازییە فەرهەنگییە سەرەکییەی کە لەدوای ئەم جێبەجێکردنەی بچوکترینیدا

دەمێنێتەوە، بریتییە لە جیاوازیی نێوان دانەی پۆلە ـ کراوەکان (کەتیگۆریی فەرهەنگی ) و پۆلە ـ داخراوەکان (کەتیگۆریی ئەرکییەکان). ئێستا دانەی پۆلە ـ کراوەکان وەك ڕەگەکان شیدەکرێنەوە، دانەی پۆلە ـ داخراوەکان وەك کۆمەڵێك سیما دەچنە ناو پەیوەندییەکانی پاساودانەوە. لە ئێستادا پەیوەندییەکانی پاساودان بریتییە لە کردەی گونجاندن (agree) ( بڕوانە چۆمسکی ۲۰۰۰ ). agree کردەیەکە، کە بەهۆیەوە دانە فەرهەنگییەکە L پێی دەوترێ پشکنینprob) ، دانەیەکی فەرهەنگی) L' ئامانجەکە) دەدۆزێتەوە لەگەڵ سیمایەکی لەیەکچوویF دا، کە لەڕووی فەرهەنگییەوە بەهاکەی تەواوە. هەڵسەنگاندنی Fلە L دا بەپێی هاوبەشیکردنی ـ سیما ڕوودەدات agree.کردەیەکە جیادەکرێتەوە لە لێکدان، لەئاستی لقە فەرهەنگیدا کاردەکات (لەئاستی سیما جیاوازەکاندا)، لەبەر ئەم هۆیە داوای نزیکی فەرهەنگی Lexical contiguity / هاوسێیەتی Adjacency ناکات ( Boeckx : 2008 : 77 ) . تیۆری پاساودان لەهەموو ئەو بارانەی جولانەوەدا ئەنجام دەدرێ چ پاساودانێکی ئەبستراکت بێ یان چ تێکڕای کەتیگۆرییەکە بێ. لە تیۆری پاساودانددا دانەکان، کە دەجولێن، ئەو سیما ڕێزمانییانەیان ڕیزدەکەن، کە هەیانە بۆ ئەوەی لەکاتی داڕشتنەکەدا پاساوبدرێن26 : Fuertes : 2001) ).

بەبۆچوونی چۆمسکی ( ۱۹۹۲) هەموو دانەیەکی فەرهەنگی لە فەرهەنگدا هەڵدەبژێردرێ، هەموو سیما گیرەکییەکانی دەدرێتێ، بۆ نموونە : بکەر بە هەموو ئەو سیمایانەی پێیدراوە و کارەکە بەو سیمایانەی پێیدراوە دێت، وەك، ڕێکەوتن و کات..... پێویستە ئەو ڕەگەزانە بۆ پاساودانی سیماکانیان لە مەودای سەرە گونجاوەکاندا بەرزبکرێنەوە بۆ شوێنە گونجاوەکانیان، بەم پێیە بکەر بۆ دیاریکاری فرێزی کاتی TP دەجولێتەوە بۆ پاساودانی سیمای دۆخەکەی [ +بکەری] ، چونکە ئەو سیمایە T [ کات ] هەڵیدەگرێ، هەروەها لێرەدا گەر کارەکە ببەسترێتەوە بە کات بۆ پاساودانی سیمای کات، بەو پێیە، ناتوانێ پاساودان ئەنجام بدرێ، جگە لەو مەودایانەی بۆ پاساودان (checking Domains ) دیاریکراوە، دیاریکاری سەرە ئەرکییەکان مەودای شیاو و گونجاو بۆ کردەی پاساودان پێکدەهێنن ( مصطفی غلفان : ۲۰۱۰ : ۳۷۷).

چۆمسکی ( ۱۹۹۳، ۱۹۹۵)، ڕێکەوتنی سینتاکسی بەهۆی ڕیزکردن و یەکخستنی دیاریکار ـ سەرە لەنێوان ئەرگومێنتێك (ڕاگیرکەری ڕێکەوتنەکە ) و بارەکە (ئامانجی ڕێکەوتنەکە ) دادەمەزرێنێ. بەو پێیە، پاساودانی ڕێکەوتن (ئاشکرا) لەسەر جولانەوەی ـ A بەرەو دیاریکاری سەرە ئەرکییەکە دەوەستێ ، گیرەکی کارەکەش ڕادەکێشێ ( Chomsky : 1993 : Agrs/ Agro ; Chomsky : 1995 : T/V) . بە ڕێکەوت، جولانەوەی ئاشکرا لەلایەن سیما کەتیگۆرییە بەهێزەکانەوە دەوروژێ (وەك، < N* >، < V* >،

لەکاتێکا ئەستێرەکە هێزی سیما پیشاندەدات ) کە بەشێك لەو کۆمەڵە سیما وردانەی لە سەرە ئەرکییەکانەوە وەردەگیرێن، پێویستە پێش درکاندن لابدرێن (25 : 2005 : Fub ) .

سیما وردەکان، کە دەوروژێن، کردەی پاساودانی سیمایان بەسەردا دێ. جولانەوە سینتاکسییەکان دەکەونە ژێر مەرجی دواچارەLast Resort Condition ، بەهۆی پاساودانی سیماوە پەیوەندییەك پەیرەودەکەن پێی دەوترێ پەیوەندی پاساودان (Checking Relation ) . پاساودانی سیما هەمیشە لەنێوان دوو سیمای هەمان جۆردا ڕوو دەدات. سیما پاساودراوەکان لادەدرێن، کاتێك کە ڕێیان پێدەدرێ. سیما لادراوەکان دەسرێنەوە کاتێك کە لە توانادا بێ، و لە LF دا نادیارن، بەڵام دەشێت بچنە ناو کردە سینتاکسییەکانەوە. سیما سڕاوەکان ناکرێ بە بەردەوامی بچنە ناو( CHL) ەوە. سیما وردەکانFs < - لێکدراوە > پێویستە لە LF دا پاساو بدرێن و لابدرێن، لەکاتێکا ئەوانەی < +لێکدراوە > نابێ پاساوبدرێن یا لابدرێن، چونکە لە LF دا لێکدەدرێنەوە، لێرەدا هەبوونیان لە LF دا سەرپێچی لێکدانەوەی پڕاوپڕ ناکەن لە LF دا. ئەو Fs < - لێکدراوانە > ی کە لە LF دا دەمێننەوە لانەدرێن، دەبنە هۆی تێکشکانی داڕشتنەکە. سیمای بەهێز و بێهێز (لاواز) ( strong Fs , weak Fs ) هەیە، Fsی بەهێز پێویستە، پێش درکاندن Spell – outپاساوبدرێ و لابدرێ، لەکاتێکا Fs ی بێهێز دەتوانرێ لە LF دا پاساوبدرێ Fs .ی بەهێز، کە دەمێنێتەوە، پاساونەدراوەیە لە PF دا دەبێتە هۆی تێکشانی داڕشتنەکە ( 17 : 2000 : Ura ) .

جیاوازی نێوان سیماکان لە ڕووی هێز و بێهێزییەوە لە بنەڕەتدا دیاریکراوە بۆ ئەو قۆناغەی کە گواستنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێ لە ماوەی داڕشتنەکەدا. سیما بەهێزەکان گواستنەوەی ئاشکرا بە پێویست دادەنێ، کە ئەو گواستنەوەیە پێش درکاندن pre – Spell – Out ڕوودەدات،. بەڵام سیما بێهێزەکان وەڵمی گواستنەوەی ئاشکرا نادەنەوە، و بەڵکو گواستنەوە دەبێ چاوەڕوان بێ تا دوای درکاندن – after – spell outو دەتوانرێ جیاوازی ئاشکرای نێوان ڕۆنانی زمانە سروشتییەکان ڕوونبکرێتەوە، ئەوەی تایبەتە بە گواستنەوەی هەندێ پێکهاتەی ڕستە بەپێی هێز و بێهێزی سیماکانەوەیە. پارامیتەرەکانی سیمای سەرە ئەرکییەکان، دەتوانن ئەو جیاوازییانە لێکبدەنەوە، کە لە ڕیزبوونی هەندێ پێکهاتەی زمانە سروشتییەکاندا هەیە. لە فەرەنسیدا کارەکە پێش درکاندن بەرزدەبێتەوە بۆ کات( T ) ، چونکە سیمای کات بەهێزە دەبێ پاساو بدرێ و دواتر لابدرێ پێش ئەوەی داڕشتنەکە بگاتە فۆرمی فۆنەتیکیPF ، چونکە سیمای بەهێز، بە پێچەوانەی سیما بێهێزەکانەوە لەو ئاستە هاوبەشەدا دیاریکراوە، پێویستە لێی دەرباز ببێ. لە یابانیدا ئامرازی پرس لە کۆتایی ڕستەدا دەردەکەوێ، چونکە سیمای تەواوکاری پرس بێهێزە، بەڵام لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تری وەك فەرەنسی و ئینگلیزیدا لە پێشەوەی ڕستە دەردەکەوێ، بەپێی ئەو سیما بەهێزەی کە پاساوی دەدات (مصطفی غلفان : ٢٠١٠ : ٣٧٧). لە ڕستەی زمانی کوردیدا ئامرازی پرس

لە شوێنی وشەیەك دادەنرێ، کە پرسی لێ دەکرێ، چونکە هیچ جولانەوەی نییە، بەم پێیە هیچ سیمایەکی بەهێز هەڵناگرێ، واتە لەنێوان بەهێز و لاوازدا یەکسان دەوەستێ بۆ نموونە:

١٨ ـ   کێ ئەم نامەیەی هێنا.

١٩ ـ   ئەم نامەیە کێ هێنای .

لە درەختەکەدا دەبێ (کێ) لە ڕستەی (١٩)دا دابەزێ بۆ سنوری دەسەڵاتیvp ، کە ئەمە ناگونجێ وەك، لە درەختی ( ٢٠ ) دا دەردەکەوێ، کە داڕشتنەکە پەسەند نییە، چونکە بکەر بەرزدەبێتەوە بۆ سپێکی TPبۆ وەرگرتنی دۆخی بکەری ( صباح رشيد:٢٠١٠ : ١١٩).

(٢٠)




بچوکترین پرۆگرام بە گشتی وای دادەنێ، کە داڕشتنی سینتاکسی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە وادەکات، زۆر بە وردی کردە سینتاکسییەکان (جولانەوە)، بەهۆی پێویستیی لابردنی سیما مۆرفۆلۆجییە تایبەتییەکانەوە بوروژێنرێtriggered ، کە ناتوانرێ لە هاوبەشەکانەوە interfaces بۆ سیستەمەکانی تری مەعریفی (PF,LF) لێکبدرێنەوە. دیارە، سەرنەکەوتن لە لابردنیFs ی<- لێکدراوە> لەپێش ئاستە هاوبەشەکەدا لەو شوێنەدا، دەبێتە هۆی تێکشکاندنی داڕشتنەکە.  پاساودانی پەیوەندییەکان یان بەهۆی جولانەوە بۆ سەرەوە دەبێ، کە سەرەیەکی نزمتر لێکدەدرێ بە سەرەیەکی ئەرکی بەرزتر، یان جولانەوەی ـ XP لەناو دیاریکاری سەرەیەکی ئەرکیدا. جولانەوەی ئاشکرا بەهۆی سیمای < - لێکدراوە >ی بەهێز هاندەدرێ، کە لە LF دا دیارە، کەچی سیما < - لێکدراوە > بێهێزەکان، کە لەنێوان درکاندن و LF دا ڕوودەدەن دەتوانرێ بەهۆی کردەی جولانەوە نادیارەکانەوە لاببردرێن. بنەماکانی ئابوریکردن وەکو دواخستن Procrastinate دەیسەلمێنێ، کە جولانەوە و پاساودانی سیما ئەگەر بکرێ پێویستە دوابخرێت بۆ سینتاکسی نادیار. بەگشتی، لێکۆلینەوەکانی ئابوریکردن لە داڕشتندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێ لە جێبەجێکردنی کردە سینتاکسییەکاندا، بۆ نموونە، سروشتی کردەی جولانەوەی α کە بە ئازادی بەکاردەهێنرێ ( ئەگەر ڕێ بە بنەماکانی بەستنەوەبدات)، جولانەوەی سینتاکسی ڕەچاوی کردەی

دواچارە Lastresort دەکات، کە ئەمە دەبێ تەنها بەهۆی دانانی نیشانەی پێویستی سیما <-لێکدراوەکان > ساغبکرێتەوە. شوێن بە باشی دەدرێتە پاڵ ئەو کارکردنانەی بنەماکانی ئابوریکردن. مەرجەکانی وەك کورترین جولانەوە / shortest move مەرجی بچوکترین بەستنەوە The minimal Link Condition یان لێکدان بەسەر جولانەوە merge over move داوای ئەوە دەکەن، کە لەهەر خاڵێکدا دارِشتنە سینتاکسییەکە وەربگیرێ، پێویستە سیستەمی ژمێرکاری زۆرترین کردەی ئابوریکردن جێبەجێبکات، ئەو دارِشتنەی ئاڵۆزی کەمترە زیاتر بەلاوە باشترە لەو دارِشتنانەی زۆر ئاڵۆزن (Fub:2005 : 25) .

لە نموونەی (٢١)دا، هەر رِەگەزێك بۆ پاساودانی سیماکانی بجولێ، ئەوا ئەو رِەگەزە وادەکات، سیماکانی لەگەڵ سیماکانی ئەو شوێنەدا بگونجێنێ، کە بۆی دەجولێ. بەو پێیە پەیوەندی رِێکەوتن دروست دەبێ لەنێوان شوێنە بنچینەییەکەی و ئەو شوێنەی کە رِەگەزەکە خۆی یان بە تەنها سیماکەی بۆی دەجولێ.

٢١- هەموو منداڵەکان چوون بۆ باخەکە .

لەم نموونەیەدا، تەنها سیماکانی ( کەسی، ژمارە، کات ) لە کارەکە بەرزدەبێتەوە بۆ Agr, T IP > <بۆ پاساودانی (کەس ٣ کۆ، کاتی رِابردو)، لەو کاتەدا کارەکە (رِەگەکە ) لەجێی خۆی دەمێنێتەوە، کە تەنها سیمای کارەکە، نەك کارەکە خۆی دەجولێ، کە جولانەوەیەکی نادیارە. وەك لە درەختی(٢٢)دا لە خوارەوە پیشاندراوە:

(٢٢)




ئەو رِاستییەی کە چەند سیمایەکی کارەکان لە هاوبەشی واتاییدا لێکنەدراوەن، لەگەڵ باشترین نەخشەدا ناگونجێت. سەرپێچی لێکدانەوەی پرِاوپرِ ( FI ) دەکات. بەم شێوەیە ئەو بوونەی سیما لێکنەدراوەکان وا لە

سیستەمەکە دەکات، ناتەواو بێ( imperfect ) . سیمای < - لێکدراوە > لە زماندا زۆرن : ژمارە، ڕەگەز و سیمای کەسی لەسەر کارەکان، سیمای دۆخ لەسەر ناوەکان، ژمارەو سیماکانی ڕەگەز لەسەر ئامرازەکان، و هی تریش. ئەو تایبەتییە و تایبەتی سیستەمی ڕێکەوتنی زمانەکانی مرۆڤ لەهەموو شوێنێکدا لەهەمان کاتدا بە جیاجیا بەکاردەهێنێ بۆ ئامانجی خۆی و لە ( MP ) دا ڕووندەکرێتەوە .

ئەو پەیوەندییەی لەنێوان پاساودەری سیما و سیمای پاساودراودا لە مەودای ناوخۆدا پێویستە بە کەمترین وزە Least effort دابمەزرێ: ، بەم جۆرە ئەگەر دانەیەك لە مەودای ناوخۆی Local domain پاساودەری سیماکەیدا نەبێت، پێویستە بجولێتەوە (وەك دواچارە ، سەراپا دەبێ پەیرەوی کەمترین وزە بکات) بۆ شوێنێکی گونجاو بۆ دەستکەوتنی سیما پاساودراوەکەی (و دەبێ بسڕێتەوە ئەگەر هیچ واتایەکی جیاواز دروست نەکات). بەگوێرەی ئەمە، سیما وردە دیاریکراوەکانی دانە فەرهەنگییەکان وەکو ڕەگەز، کەس، و ژمارە، زۆرجار پێی دەوترێ سیماکانی ϕ/ Phi ، بەپێی ئەو مەرجانەی ناوبراون، جێگۆڕکێی displacementبەسەردا دەسەپێنرێ ( Mukherji : 2010 : 167) . بەو پێیە نموونەیەکی ئاسان لە زمانی کوردی وەردەگرین ( ژنەکە ڕۆیشت ). لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەم ڕستەیەدا، (ژنەکە) سیما وردەکانی (کەسی سێیەم، مێ، بکەری، تاك) 3FNomSهەیە. (ڕۆیشت) بەشێك لە سیمای کات ( ڕابردوو ) tense feature (past)و سیمای ڕێکەوتنی هەیە، ئەو دانەیە دەیەوێ لەگەڵ بکەرێکی 3FNomS ڕێکبکەوێ. (ڕۆیشت) لە مەودای ناوخۆیی (ژنەکە) دایە (specifier - head ) و سیماکانی لە بکەرەکەدایە، بەهەمان شێوە ئەو سیمایانە لە (ڕۆیشت) دان. ئەو سیمایانە باش داڕێژراون، لەنێوان سیماکاندا، بکەری، سیمای دۆخ. سیمای دۆخ هیچ جیاوازییەك لە لێکدانەوەی واتاییدا دروست ناکات، هەروەها جارێك ئەو داواکارییەی ژنەکە لە (ڕۆیشت) دەبێتەوە بەهەمان شێوە لەگەڵ سیمای ( 3s)ی (ڕۆیشت) لە ژنەکە دەبێتەوە، هەرچەندە سیماکانی 3SF ژنەکە لە ڕۆنانەکەدا دەمێنێتەوە لەکاتێکا ئەوانە لەڕووی واتاییەوە زۆر گرنگن.

بەگوێرەی (Radford : 1997 : 122 ) ئەو گونجاندنە جیاوازە، لە ڕستەی ( She mistrust him ) وادادەنێ، کە لێکدان ئەو ڕۆنانەی ( 23) لە سێ هەنگاودا پێکدەهێنێ .

(23 ) [ she [ Infl [ mistrusts him ]

3FSN~~om~~ Pr~~es3SN~~om

ئێستا mistrusts داوای بکەرێکی 3SNomدەکات بۆ پاساودانی سیما< - لێکدراوە> 3SFNomکانی، she ئەو بکەرە خوازراوەیە، بەڵام she و mistrusts لە پەیوەندی ناوخۆییدا نیین، لەکاتێکا Infl ( = Tense )دەکەوێتە نێوانیانەوە. لەلایەکی ترەوە، سیمای کاتەکەی Infl ، هەموو بەهایەکی نییە. با بڵێین

سیمای كاتی ڕانەبردووی mistrusts ڕادەكێشێ. وادادەنێ كە ڕاكێشانی سیمای ڕانەبردوو سیماكانی تری كارەكە بەباشی دەجولێنێ : كێشكردنی گشتی general pied – piping . ئەم ئەنجامانە لە پەیوەندییەكی ناوخۆییدان، لەنێوان ئەو (سیما)یەی she و ئەو سیما ڕاكێشراوانەدا، وەك ئەو سیمایانەی لە ڕوودانی پاساودانی mistrusts ماونەتەوە، و سیما < - لێكدراوە >كان دەسرێنەوە، سەرەڕای ئەوەش، گیرەك Infl زانیاری كاتی ڕانەبردووی پڕكراوەی دەستدەكەوێ، وەك ئەوانەی تر كە ئێستا Infl دەبێتەLF < - لێكدراوە> ( پەیرەوی FI دەكات).

ئەو نەخشەیە تەواو وەسفێكی دیاریكراوی كێشەیەكی ئاشكرا دەكات. بەدڵنیاییەوە، <- لێكدراوەیی> هەندێ شتە، كە سیستەمەكانی ناوەوە دەریاندەخات، ئەو سیستەمە ژمێركارییانەیە چۆن بەبێ لەبەرچاوگرتنی look aheadزانیاری دەزانێ كام سیما لێكنەدراوەیە ؟ ئەو چارەسەرە بنچینەییە ئەوەیە CHL بەتەنها سەیری سیما بەكەڵك و بێكەڵكەكان دەكات، نەك ئەو سیمایانەی لێكدراوەن و لێكنەدراوەن. بۆ نموونە، CHL دەتوانێ بەوردی سەیری ئەوە بكات She بەهای مێ ( female) لە سیمای ڕەگەز، یان هەروەك دەبینین كە هەندێ Infl بێبەهان بۆ سیمای كات. هەروەها ژمێركاری دەبێ لەسەر بەهای سیماكانەوە بێ، نەك لەڕووی لێكدراوەییان. گریمان ئەو سیمایانەی كە دوای ئەنجامدانی ژمێركاری بێبەها دەمێننەوە، دەبێ لەلایەن سیستەمەكانی ناوەكییەوە لێكنەدراوە بن CHL .ئەمە لەپێشەوە دەزانێ، كە ئەو ژمێركارییە تێكدەشكێنێ ( Mukherji : 2010 : 168). تەنها لێكدراوەیی لە LF دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی بە ئازادی لەخۆوە ـ هەڵدەبژێردرێ. بەو پێیە سیمای هەڵبژێردراو بۆ نموونە < ± كۆ > لە ناوەكاندا لێكدراوەن، لێرەدا هیچ لادانێك لە LF دا نییە. سیماكانی دۆخ لە V و T دا لە خۆیانەوەن، بەڵام لێكدراوەن. لە LF دا لادەدرێن، ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەم سیمایانەی سەرە پێویستە پاساوبدرێن، یان داڕشتنەكان تێكدەشكێنن. سیما لێكدراوەكان بەگشتی سیمای كەتیگۆرین و سیمای ـ ϕ ن لە ناوەكاندا .

لێكدراوەیی بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتی گونجان لە پەیوەندی پاساودانداو، كە لەنێوان سیمایەك f لە مەودای پاساودانی ئامانجەكە K و لقەهێمای f لە K دا وەردەگیرێ. ئەوf ی هەمیشە لێكدراوەیە : سیمای بەهێزە، سیمای گیركییەكان، ئەو سیما دیاریكراوەی دۆخە لە T و V دا، سیماكانی ـ ϕ یە لە كار و ئاوەڵناودا. ئامانجەكە سیمای لێكدراوەی هەیە، وەكو سیما كەتیگۆرییەكان، بەڵام ئەمانە هەرگیز ناچنە ناو پەیوەندییەكانی پاساودانەوە، هەرچەند f لە مەودای پاساودانداو بێ، دەتوانێ سیمای لێكدراوە، سیماكانی ـ ϕ و كەتیگۆری لەخۆبگرێ، ئەم جیاوازییانەی لەنێوان پاساودەر( لەناو ئامانجەكە ) و پاساودراودا ( لەناو مەودای پاساودانداو ) هەیە، ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینن لە ژمێركاریدا( Chomsky : 1997 : 278 ) .

### ٢ ـ ١٠ ـ ١ تیۆری پاساودانی سیماکان Theory of feature checking

چۆمسکی (١٩٩٣، ١٩٩٤، ١٩٩٥ ـ أ ) لەناو سیما بەهێزەکاندا strong features نیشانەی هێز بۆ جولانەوەی ئاشکرا دادەنێ( Collins : 2003 : 75) .

چۆمسکی لە(١٩٩٣)دا جولانەوەی شاراوە پەسەند دەکات، لەبەر ئەوە کاتێك جولانەوە ئاشکرایە، پێویستە لەلایەن هەندێ داواکاری تایبەتەوە وای لێبکرێ زوو کاربکات، یەکێك لەوانەی چۆمسکی بەشێوەی یاسا ڕێکی دەخات، سیما بەهێزەکانەStrong features . بەراوردی سێ تیۆری یەك لەدوای یەکی سیما بەهێزەکان دەکات و باسی ئەوە دەکات دوو دیاردەی لابردن، بۆشایی درۆینە pseudogapping و Sluicing، بەڵگەی سەلمێنراون، کە پەیوەندییان بە سروشتی سیما بەهێزەکانەوەیە. باسی ئەو جولانەوە، یان لادانە دەکەم، کە دەتوانێ دارشتنێك لەگەڵ سیمایەکی بەهێز ڕزگار بکات، و دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە تێکشکانی PF یان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە، وەك چۆمسکی (١٩٩٣)، یان ناڕاستەوخۆ، وەك لەو تیۆرەی چۆمسکی لە (١٩٩٥ ـ أ) خستییەڕوو، کە بە تیۆری فرە ـ زنجیرەی کێشکردن باسی کردووە (وەك لەلایەن Ochi (1998) بەتایبەتی لێکدراوەتەوە).

چۆمسکی (١٩٩٣) مەرجی ئابوریکردن وەك دواخستن ڕووندەکاتەوە، کە نەخشە بۆ پەسەندکرنی جولانەوەی شاراوە بەسەر ئاشکرا covert movement over overt دادەنێ، وادادەنێین هیچ جولانەوەیەك نابێ ئاشکرا بێت، ئەگینا هەموویان یەکسان دەبن. کاتێ کە جولانەوە ئاشکرایە، نەك شاراوە، ئەو کاتە پێویستە، هەندێ داواکاری تایبەت وای لێبکرێت بە زوویی کاری پێبکرێ. چۆمسکی(١٩٩٣، ١٩٩٤، ١٩٩٥أ) لەناو ئەو سیما بەهێزانەدا ئاماژە بەم داواکارییە دەکات و سێ تیۆری جیاواز یەك لەدوای یەك بە وردی دەخاتە ڕوو، کە چۆن سیما بەهێزەکان جولانەوەی ئاشکرا جێبەجێدەکەن ( Lasnik : 2003 : 84 ) .

### ٢ ـ ١٠ ـ ٢ سێ تیۆری تێکشکان:

**أ ـ تیۆری تێکشکانی** PF ( PF crash theory (

ئەو سیما بەهێزەی لە سینتاکسی ئاشکرادا پاساو نەدرێ، دەبێتە هۆی تێکشکانی دارشتنەکە لە PF دا (چۆمسکی ١٩٩٣ ).

**ب ـ تیۆری تێکشکانی** LF ( LF crash theory (

ئەو سیما بەهێزەی لە سینتاکسی ئاشکرادا پاساو نەدرێ ( و لانەدرێ )، دەبێتە هۆی تێکشکانی دارشتنەکە لە LF دا ( چۆمسکی ١٩٩٤).

سیمای بەهێز، پێویستە یەکسەر لەسەر پێشەوەی نیشانەی فرێزەکەی لابدرێ، بەپێچەوانەوە، داڕشتنەکە دەسڕێتەوە ( چۆمسکی ١٩٩٥أ ).

بەم شێوەی خوارەوە بەڵگە بۆ تیۆری تێکشکان دەهێنێتەوە:

بەپێی گریمانەکانی بچوکترینی ئەو بارەی درکاندن لە داڕشتنەکەدا یان بەهۆی تایبەتییەکانی PF یان(LF) ەوە دیاریدەکرێت، ئەمانە تەنها ئەو ئاستانەیان تێدایە، بەڵام جیاوازییە پارامیتەرییەکان پێویستە کەمبکرێنەوە بۆ تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەکان. وادادەنێین، کە دەبێ هیچ پەیوەندییەکی ئاشکرا لە ئاستی LF دا نەبێ، لەنێوان جیاوازیی زمانەکان و ئەو فرێزانەی بەرزدەبنەوە یان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە ( وەك فرێزەکانی - wh یان کارەکان). لێرەدا دەستدەکەین بە گەڕان بەدوای ئەو تایبەتییە مۆرفۆلۆجییانەی کە لە PFدا ڕەنگیانداوەتەوە (Lasnik : 2003 : 84 ).

چۆمسکی (١٩٩٣) لەو ڕاستییەی خوارەوەدا، وای دەردەخات، کە چارەسەری جیاوازیی پارامیتەرییەکان لە جولانەوە دایە، وەك جیاوازیی پارامیتەرییەکانی تر، پێویستە لەسەر بنچینەی تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەکان لە PF دا ئاماژەی پێبکرێ. چۆمسکی ئەمە ڕووندەکاتەوە و دوو پەیرەوی گونجاوی ئەو ڕێبازە پێشنیازدەکات :

سیما بەهێزەکان لە PF دا سوود بەخش و سیما بێهێزەکان لە PF دا بێ سوودن. ئەم سیمایانە کەرەسەکان ڕوون ناکەنەوە لە PF دا، ئەوانە پێکهێنی قالبی فۆنەتیکی گونجاویان نییە. لەبەر ئەوە، ئەگەر سیمایەکی بەهێز لە دوای درکاندندا بمێنێتەوە، داڕشتنەکە تێکدەشکێ ( Chomsky :1993 :198 ) . لەلایەکی ترەوە، سیما بێهێزەکان لە پێکهێنی PF دا لادەبردرێن، تا بتوانرێ یاساکانی PF لە قالبی فۆنۆلۆجیدا ئەنجام بدرێن، ئەو سیما بەهێزانەی کە دەمێنێتەوە، لانادرێن لەبەر ئەوەی یاساکانی PF جێبەجێ ناکەن، کە داڕشتنەکە لەPF دا توشی تێکشکان دەکەن(Chomsky 1993 : 216) .

چۆمسکی (١٩٩٣) ڕوونیدەکاتەوە، کە سیمای بەهێز بە ئاشکرا پاساونەدرێ، دەبێتە هۆی تێکشکانیPF . هەرچەندە چۆمسکی (١٩٩٥- أ) ئەو تێکشکانەی PF دەگەڕێنێتەوە بۆ شیکردنەوەی سیما بەهێزەکان لەگەڵ شیکردنەوەیەکیLF دا، پێشنیاز دەکات، کە ئەگەر سیمایەکی بەهێز پێش درکاندن پاساونەدرێ، دەبێتە هۆی تێکشکانی داڕشتنەکە لە LF دا.... چۆمسکی بەم شێوەیەی خوارەوە نموونەی بۆ ئەمە دێنێتەوە :...ئەو سیما بەهێزە پاساودراوە، دەبێ بەهۆی درکاندنەوە دووربخرێتەوە، بەڵام ئەوە بەپێچەوانەی مانەوەیە. پێشنیازەکەی چۆمسکی (١٩٩٣) و (١٩٩٥ - أ ) هەردوکیان ڕاستن. دواتر سیمای

بەهێز، کە لە سینتاکسی ئاشکرادا پاساونەدرێ دەبێتە هۆی تێکشکانی دارِشتنەکە لە هەریەك لە PF و LF دا (Lasnik : 1999 : 167).

ئەمە تەنها بەناو یەکێکە لە جۆرە گونجاوەکانی تری ڕێبازی نواندنReperesentational approach ، کە لەگریمانەکانی بچوکترینیدا پێشکەشکراوە : ئەوەیە کە LF زیاتر لە PF لەخۆدەگرێ. چۆمسکی (١٩٩٤) پێشنیازدەکات هەر شیکردنەوەیەکی وەك (٢-١٠-٢ ب)، لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوەی کەموکورتییەکانی (٢-١٠-٢ أ )ە. بەڵام ئەوەی کە لەو باسەدا لێی دەکۆڵدرێتەوە ئەوەیە، دیارە ڕستەیەکی وەك (٢٤) نارِێزمانییە .

(24) *John read what ?

گریمان، کە سیما بەهێزەکان جولانەوەی - wh ی ئاشکرا لە ئینگلیزیدا ڕووندەکاتەوە، کە لەخۆیەوە لە گەیەنەری C ی تایبەت بەخۆی تێدایە، ئەو پەیوەندییە شاراوەیە ئەوەیە، کە دەبێ C لە پێکهێنی LF دا پیشان بدرێ، لە هەر شوێنێکدا کە پاساودرا بێ، یان نەدرا بێ، لەوانەیە هەرگیز نەتوانێ ببێتە هۆی تێکشکانیPF ، لەکاتێکدا، ئەوەندەی کە دەزانرێ، ئەو دانەیە بەهیچ جۆرێك(PF) ی تێدا نییە. کەچی (24)یش خراپە، ئەو جۆرە دارِشتنە پێویستە بوەستێنرێ. ئەم کێشەیە لە چوارچیوەیەکی گشتیدا سەرهەڵدەدات بەتێکردەی فەرهەنگی lexical insertion بۆ ناوەوەی ڕێزمان پردەکرێتەوە. لە زۆرترین باردا، پێویست بەوە ناکات لە پێکهێنی PF یانLF دا بەیاسایەکی تایبەتی لە بەرامبەر خستنە ناو فەرهەنگدا قەدەغە بکرێ .

سیمای بەهێز... یاسایەك دەوروژێنێ، کە لایدەدات : هێز(strength) لەگەڵ دوو کردەدا بەشدار دەبێ، یەکێکیان کە لەناو دارِشتنەکەدا پێشکەشی دەکات.... دووەمیان، کە ( یەکسەر ) لایدەدات : Chomsky ) 1995b : 233 ).

ئەم ڕێبازە زۆر پێکهێنەرە. لەکاتێکا بەپێی تیۆری (٢-١٠-٢ ج) ئەو بڕیارەی کە جولانەوەی ئاشکرا دەیەوێ، یەکسەر لەسەر هێڵێك دروست بێ، وەك ئەو سەرەیەی سیما بەهێزەکە پێکدەهێنێ، لەناو ڕۆنانەکەدا بخرێتەڕوو، ئەو دوو تیۆرەی نواندن داوادەکات زۆر بەرچاو بێ look ahead ، لەو خاڵەی دراوە لەو بەشە دیاریکراوەی دارِشتنەکەدا، پێویستە نواندنەکانی PF یان LF بەوردی سەیر بکرێ ئەگەر وابێ لە دواخستن دەرباز دەبێت( 77 : 2003 : Collins) . چۆمسکی ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکات : ئەو بۆچوونە بنجییەی کە سیما بەهێزەکان لە ڕەگەکاندا لێکدەدرێن، پێویستە بەهۆی کردەی ترەوە پێش ئەوەی ببنە بەشێك لە ڕۆنانێکی گەورەتر لابدرێن (234 : Chomsky : 1995b) .

بەگوێرەی چۆمسکی دوو ئەنجامی گرنگی ئەم ڕێبازەی : أ ـ کە جارلەدوای جار پەیرەو دەکرێ، ب ـ کە سیمای بەهێز بەهۆی کردەی ئاشکرا پاساودەدرێ : ئەو پوختەیە بەتەواوی دادەڕێژین، کە بەهۆی پاساودانەوە سیمای بەهێز کردەی ئاشکرا دەوروژێنێ بۆ لابردنی. ئەم پوختەیە لەگەڵ ئەو تاکە جیاوازییەی خوارەوەیە : لێکدانی شاراوە ( لە ڕەگدا ) لە دانەیەکی فەرهەنگیدا، کە سیمای بەهێزی هەیە، جگە لەوە هیچ سیمایەکی فۆنۆلۆجییانەی نییە (Chomsky: 1995a : 234 ) . ئەم دەربڕینە جۆرە نموونەیەك لەخۆدەگرێ، کە پێشتر دیتمان : *John read what ، بەڵام لە کوردیدا وشەی پرس لە ڕستەی سادەدا لە شوێنی ئەو کەرەسەیە دادەندرێ، کە پرسی لێ دەکرێ، بۆیە دەبێ هەمان ئەو سیمایانەی ئەو شوێنەی تێدا بێ، کە تێیدا جێگیر دەبێ، ئەمەش دوورمان دەخاتەوە لەو جۆرە کێشانەو هیچ جولانەوەیەك بەخۆیەوە نابینێ، چونکە پێشتر ئەو سیمایانەی وەری گرتووە پاساودراون.

گریمان، کە سیما بەهێزەکان جولانەوەی - wh ناچاردەکات ئاشکرا بێ، ئینگلیزی وشەی پرسی C تایبەتبەخۆی تێدایە، ئەوەی پەیوەندی بەو توانا شاراوەوە هەیە، ئەوەیە، کە C دەشێ لە پێکهێنی LF دا ئەنجام بدرێ، لەو شوێنەدا، پاساودراوبێ یان نا، ناتوانێ ببێتە هۆی تێکشکانی PF. ئێستا، (24) خراپە، هەروەکو دارشتنێك پێویستە بوەستێنرێ. لێکۆڵینەوەکەی چۆمسکی وەك نموونە وەردەگرین.

درکاندن لەهەر کوێیەك بێ دەتوانرێ ئەنجام بدرێ، ئەگەر هەڵبژاردنێکی هەڵە wrong choice دروستبوو دارشتەکە تێکدەشکێ...ئەگەر پێکهێنی فۆنۆلۆجییانە لە بنچینەوە دانەیەکی فەرهەنگی زیاد بکات، سیما واتاییەکان دێنێتە کایەوە، و دارشتنەکە لە PF دا تێکدەشکێ. ئەگەر پێکهێنی نادیار هەمان شتی کرد، دەبێ سیمای فۆنۆلۆجییانەی پیشان بدات، و لەبەر ئەوە دارشتنەکە دەبێ لە LF دا تێکبشکێ... گریمان کە ڕەگی وشەی گەیەنەر(C) سیمایەکی بەهێزی هەیە، کە داوای جولانەوەی - wh ئاشکرا دەکات. ئێستا دەمانەوێ بڵێین جگە لەم سیمایەی پێش درکاندن پاساودەدرێ، بۆی هەیە دوای درکاندن لە پێکهێنی نادیاردا دورکەوێتەوە لە هێنانە ناوەوەیC دا،کە دەبێتە هۆی تێکشکانی دارشتنەکە لە LF دا (Chomsky : 1994: 60).

## ٢ - ١١ جولاندنی F و پاساودانی سیما Move F and Feature Checking

لە بچوکترین پرۆگرامدا، هەموو کردەیەکی جولانەوە بەپێی پێویستی یەکێك لە دانەکان بۆ پاساودانی سیما مۆرفۆسینتاکسییەکانی لەبەرامبەر ئەوانی تردا دەوروژێنێ. ئەو ڕێبازە ئەم ڕووداوانەی لە بۆچوونەکانی چۆمسکی ( ١٩٩٣) و (١٩٩٥) دا لەیەك ناچن. چۆمسکی لە ( ١٩٩٣)دا وای بۆدەچێ، کە سیماکان دەکرێ بەهێز بن یا بێهێز، و دەکرێ جیابکرێنەوە، بەمەش هیچ سیمایەکی بەهێز لە LF دا ڕێی پێ نادرێ. سیما بێهێزەکان پێویستە بە باشی پاساوبدرێن، بەڵام ئەمە دەبێ پاش درکاندن ڕووبدات. لێکۆڵینەوە

ئابورییەکان ڕێ بەم سیما بێهێزانە دەدەن بە درەنگەوە لە داڕشتنەکەدا پاساو بدرێن. سەرنەکەوتن لە نیشانەکردنی سیماکاندا وا دەکات ڕۆنانێکی لێکنەدراوە لە هاوبەشی( C – I ) دا هەبێ و داڕشتنەکە تێکبشکێ (Denham : 1997 : 11) .

ئەو سیما تایبەتیانەی کەرەسەیەکی فەرهەنگی لە ڕۆنانێکدا پەیوەندییەکی پاساودانی سیمای چونیەك یان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو کەرەسە ئەرکییەی کە خاوەن سیمای خۆیەتی. پاساودانی سیما لە ماوەی سیستەمی ژمێرکاریدا بۆ پیشاندانی ڕێزمانییێتی ڕۆنانەکان پێویستە. بە گشتی ئەو ڕۆنانەی سیماکانی لە PF و LF دا پاساوبدرێ سەرکەوتوو دەبێ، کەچی ئەوانەی سیماکانیان لە پاساودانیدا سەرکەوتوو نەبێ لەم ئاستە هاوبەشانەدا تێکدەشکێن. هەموو سەرەیەکی ئەرکی وەکو T و AGR کۆمەڵێك لەو سیمایانەی لە بەرامبەر هەرچی سیمایەکی فەرهەنگیدا هەیە، لەوکاتەی کە بە دانە فەرهەنگییەکانەوە دەلکێن، پاساودەدرێن. بەڵام کۆمەڵێك سیمای نابەرجەستە ( Abstract ) دابیندەکات، کە ڕۆڵەکەی ئەوەیە سیما مۆرفۆلۆجییەکانی دانە فەرهەنگییەکان پاساوبدات. بۆ نموونە، لەکاتێکدا کارێکی فەرهەنگی دەجولێتەوە بۆ T، سیماکانی کات Tense و AGR پاساودەدات. کاتێك کە ئەو بکەرە لۆجیکییەی دەجولێتەوە بۆ شوێنی AGRs، سیمای کەس، ژمارە و ڕەگەز پاساودەدات و دەسڕێتەوە. لێرەدا، ئەو ڕۆنانە سەرکەوتو دەبێ. لەکاتێکدا ئەو سیمایانەی سەرە ئەرکییەکە و ئەوانەی سەرە جولاوەکە ( یان کۆپیکراوەکە ) لە یەك نەچن، ئەو ڕۆنانانە تێکدەشکێن. سیمای کەرەسە ئەرکییەکان یان بەهێزن یان بێهێز. سیما بەهێزەکان (AGR) پێش درکاندن لە PF دا ئاشکران. لەکاتێکا سیما بێهێزەکان وانین. سیما بەهێزەکان پێویستە لە ئاستی PF دا پاساوبدرێن، بەڵام سیما بێهێزەکان و سیما مۆرفۆلۆجییەکان دەتوانرێ لە LF دا پاساوبدرێن .

جولانەوە چالاکیی سیمایە. کەواتە، ئەو جولاندنانە ڕوودەدەن چونکە پێکهاتەکانیان سیمای مۆرفۆلۆجیی لێکنەدراوەیان هەیە، کە پێویستە پاساوبدرێن. واتە، پێکهاتەکان ئەوەی کە سیمای لێکنەدراوەی هەیە، دەجولێتەوە بۆ ئەو شوێنەی ئەو جۆرە سیمایانەی تێدا پاساودەدرێ( Lamidi : 2006: 93 ) . چۆمسکی لە بۆچوونی ( ١٩٩٣، ١٩٩٥ ) دوو مەرجی ناوخۆی سیما وەك وروژێنەری جولانەوەی ئاشکرا دادەنێ :

أ ـ سیما بەهێزەکان پێویستە لە سینتاکسی ئاشکرادا پاساوبدێن.

ب ـ سیما بێهێزەکان پێویستە لەلایەن LF وە پاساوبدرێن.

لە بۆچوونەکانی چۆمسکی (1991)دا دەردەکەوێ، سیما گیرەکییەکانی (I)فەرەنسی وەك (بەهێز)، ئینگلیزی وەك (بێهێز) پۆلێن دەکرێن. کەچی مەرجی هێزی گیرەك لە شیکردنەوەی 1991 دا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە گیرەکی بەهێز ڕێ بە بەرزبوونەوەی کار V /دەدات، ئەو مەرجەی سیما پاڵ بە کارەوە V /دەنێ

بەرزبێتەوە بەرەو گیرەکێکی بەهێز. جیاوازییەکی تری نێوان ئەم دوو شیکردنەوەیە ئەوەیە، کە مۆدێلی 1993 لەو سینتاکسەدا ئەگەر V بە ئاشکرا بەرزنەبۆوە بەرەو(I) ، چیتر داوای نزمبوونەوەی گیرەکی ناکات. لەم نموونەی خوارەوەدا ئەو کێشە سەرەکییە دەرناکەوێ : (25a) پەیوەندی بە مەرجی سیماکەوە هەیە، (25b)وانییە، نایەوێ داوای لێ بکات کۆتی جێگۆرکێی ئابوریکردن translocal economy constraint ( 25b ) بگرێتەخۆ.

(25) a. Jean embrasseI souvent [ vp tI Marie ]

b. *Jesn souvent [ vp embrasseI Marie ]

c. *John kissesI often [ vp tI Mary ]

d. John often kissesI Mary ]

هەرچەندە، کێشەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات LF : وادادەنێ، لە (25d )دا جولانەوەی V بۆ I یە. ئەم داڕشتنە پەیوەندی بە مەرجی سیماکەوە هەیە : بەڵام وادەردەکەوێ، کە (25c )بەهۆی جولانەوەی ئاشکرای V بۆ I بەباشی ئەنجام دەدرێ. جولانەوەی ئاشکرا دەکرێ بەتەنها ڕوودبات، ئەگەر مەرجی سیماکان ناچاری بکەن، واتە لە بوونی سیما بەهێزەکاندا(25: 2000 : Muller&sternefeld ) . لە چۆمسکی (1995 )دا جولانی α دەبێتە جولانیF ، لەو شوێنەی کە F سیمایەك بێ .

Fتەنها کەرەسەیەکی تەواو لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ بۆ یەکگرتن .

ئەوە تایبەتییەکانی پێکهێنی فۆنۆلۆجییە، کە چۆمسکی باسی دەکات، داوای بەرزبوونەوەی کەرەسە فەرهەگییەکە دەکات لەگەڵ سیماکاندا (Denham :1997: 12 ) .

کردەی جولانەوە Move دوو دانەی لێکدان و ڕێکەوتن Merge & Agree بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ڕێکەوتن لەنێوان دانەی فەرهەنگی و سیماکان پێکدێنێت، و لەناو فرێزێکدا لێکیان دەدات، کە بەم سیمایانەوە دەخرێتە ڕوو ( بەڵام ئەم سیمایانە پێویستیان بە جێکەوتە مەزنەکەیان نییە) و ئەو دانە فەرهەنگییە وەك سەرەیەك پەسەند دەکات agree ، هەروەها جولانیش تایبەتی ـ زمانە .

چۆمسکی (١٩٩٥ ـ أ) باسی بیرێکی گشتی دەکات، تا ڕادەیەك بە کردەوە بەڵگە دێنێتەوە، کە جولانەوە هەمیشە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە چالاکە. ئەوەش هەندێ سیمای وردی هەیە، کە پێویستی بە پاساودانە، و جولانەوە ئەو جۆرە مەرجە دادەنێ، لە هەرچی پاساودانێکدا ڕوودبات. هەروەها چومسکی بەڵگەیەکی بەهێز دەخاتە بەر دەست بۆ باوەڕکردن بەمە، هەر هەمووی یەکسان دەبن، جولانەوەی شاراوە ئەوەی لە

پێکهێنی( LF )ە بەلاوە باشترە لە جولانەوەی ئاشکرا، کاتێك کە جولانەوەی ئاشکرا لەجیاتی شاراوە هەڵدەبژێردرێ، کە چۆمسکی پێی دەڵێ دواخستنProcrastinate . ئەو کاتە، پێویستە پێش وەخت ناچار بکرێ هەندێ داواکاری تایبەتی بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەو دیاردە سەرەکییەی کە چۆمسکی لەم زاراوانەدا لێی دەکۆڵێتەوە، بەرزبوونەوەی کارە ( Collins : 2003 : 75) .

ڕەگەزەکان لەهەموو بکەرێکدا شوێنێك پەیدا دەکەن،کە دیاریکاری فرێزی کارەکەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا، بکەرەکان بە ئاشکرا بەرەو دیاریکاری فرێزی گیرەکی Inflectional Phrase دەجولێن، هەروەها لە کوردیشدا بەم جۆرەیە، وەك لە (٢٦)دا :

(٢٦) جولانی بکەر لە دیاریکاری VP بۆ دیاریکاری IP دەخاتەڕوو.




هەموو کردەیەکی جولانەوە یان ئاشکرایە، یان شاراوە(نادیار)، پێویستە بە بنەمای ئابوریکردن ڕێکبخرێن، لەزۆر سەرچاوەدا جیاکردنەوەی نێوان جولانەوەی ئاشکرا و شاراوە دەبێتە هۆی ڕاست و دروستی، چەمکی بچوکترینی لە جولانەوەی سیمادا دژی جولانەوەی کەتیگۆرییە. لە کاتێکدا کە چارەسەری جولانەوەی ـ کار دەکرێ، بۆ نموونە کاتێك ئەو جولانەوە ئاشکرایە بۆ ئەوەی هەموو سیما بێهێزەکانی V لە کاتدا Tense پاساو بدرێن، ئەوا کارەکە بۆ سەرەوە دەجولێ، و لەو کاتەدا شاراوە دەبێ، کە بە تەنها ئەو سیمایانەی پێویستن بۆ یەکگرتن دەجولێنرێن. بەپێچەوانەوەی لێکدان ، جولانەوە move پەیوەندی پاساودان دروستدەکات Fuertes : 2001 : 25 ) ). ئەگەر ڕاکێشانی Attraction سەرەیەك هۆیەك بێت بۆ جولانەوە، دواتر دەتوانین پێشنیاز بکەین، کە ڕاکێشان هەنگاوێکی بنەڕەتییە لە دارشتنەکەدا، جێی چەمکی جولانەوە دەگرێتەوە، چونکە سیمای پێکهێنەرە جولاوەکە بە ڕاکێشان دەوروژێ، لە شوێنی گیرسانەوەکەوەی دەبێتەوە، کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە. یەکێك لەو نموونانەی

له بنەمای ئابوریکردن دەهێنرێتەوە، ئەوەیە، کە چۆمسکی له(١٩٩١)دا لێکدانەوەیەکی ئابوریانەی پێشکەش کرد. کاتێك کە جولانەوە پێویستە هەر دەبێ ڕوو‌بدات، ئەمە هەندێ جار ئاماژە بە جولانەوەی وەك دواچارە دەکات. بەگوێرەی ڕێبازەکانی جولانەوە وەك دواچارە، مانای ئەوەیە، کە نابێ هیچ جولانەوەیەکی بەئارەزوو لە ڕێزماندا هەبێ. ئەمەش ئەنجامێکە، کە لە سینتاکسدا ئەرکێکی گران دەخاتە بەردەم کاری ئێستا ، وەك لەسەرەوە دەبینرێ، جولانەوە دەبێ لە سینتاکسدا ئاشکرا بێ، یان لە LF دا شاراوە بێ. ئەو جولانەوەی کە پێش خاڵی درکاندن ڕوودەدات ئاشکرایە، جولانەوەی کە دوای درکاندن ڕوودەدات، شاراوەیە، واتە، کە دەیداتە LF نەكPF ، بەڵام نا ـ ئاشکرایە. ئەو جۆرەی دوایی جولانەوە بە تەنها تێکردەی نواندنی واتایی ( LF) ڕستەکەیە، هیچ پەیوەندی نییە بە فۆرمی درکاوەوە. چومسکی ( ١٩٩١، ١٩٩٣، ١٩٩٥ ) ئەوە پێشنیازدەکات، کە جولانەوەی ئاشکرا کردەیەکی گرانترە لە جولانەوەی شاراوە. ئەمەش لەبەر هۆیەکانی ئابوریکردن، کەواتە،جولانەوەی شاراوە بەلاوە باشترە، یان بە جیاواز دایدەنێ : جولانەوە دەکرێ بە درەنگەوە بێ، دوابخرێت(دواخستن )Procrastinat ( Haegeman:1991,1994 : 617 ) .

## ٢ ـ ١٢ **ڕێکەوتن** Agreement

لە ڕاستیدا لە هەندێ زماندا، ئەو ڕستانەی بێ بکەرن بەم شێوەیە لێکدەدرێنەوە، کە بەکردەوە بکەری ناوییان هەیە، لە هەندێ زمانی تردا نموونەی وا پیشان دەدرێ، کە لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە کەرەسەیەکی سفرە . ئەم دیاردەیە زۆرجار وەك pro – drop ئاماژەی پێدەکرێ. ئەو زمانانەی کە ڕێ بەهەموو ڕستەیەکی بکەر ـ خراو دەدەن پێیان دەوترێ pro – drop language و ئەوانەی وانین پێیان دەوترێ non pro – drop language. وادەردەکەوێ پارامیتەری pro – drop یەکێکە لەو جیاوازییە پارامیتەرییە سەرەکییەی نێوان زمانەکان، بۆ نموونە زمانی فەرەنسی( non – pro – drop ) ە، بەڵام زمانە ڕۆمانییەکانی تر ( ئیتالی، ئیسپانی، پورتوغالی و ڕۆمانی ) بە زمانە( pro – drop ) ەکان دادەنرێن ( cook and Newson : 2007 : 91 )، هەروەها زمانی کوردیش لەنێوان ئەو زمانانەیە، کە بکەر خراون ( pro – drop )، کە ئەو سەلیقەیەی هەیە بەشێوەی یاسا ڕێکدەخرێت، کە پەیوەندی نێوان مۆرفیمی ڕێکەوتن و ئەو کەرەسە پوچەی ڕێی پێدراوە، بەپێی یاسا ڕێکخراوە.

چۆمسکی (١٩٩٢) لە بچوکترین پڕۆگرامدا دابەشبوونی گیرەك[INFL] لە ڕۆنانی ڕستەدا پەسەند دەکات: ڕستەکان جێکەوتەکانیان لە NP دا فراواندەکەن، VPکەرەسەی واتایی پێکدەهێنێت، و VP بەپێی پەیوەندی جێکەوتە ئەرکییەکانی TP و AGRP دابیندەکرێ. هەروەها پێشنیازیش دەکات، کە کارەکان لەگەڵ گیرەکە کۆتاییەکانیاندا بنچینەی ـ بەرهەمهێنان بن. سەرە ئەرکییەکانی AGR و T گیرەکی

مۆرفۆلۆجی دابین ناکەن، ئەوانە کۆمەڵێك سیمای نابەرجەستە دابین دەکەن. ئەم سیمایانە بۆ ئەوەن لەکاتی دارِشتنەکەدا لابدرێن. بۆچوونی چۆمسکی ئەوەیە، کە ئەو مۆرفیمەی کە لەگەڵ رەگی V- دا بەشدار دەبێ، بۆ ئەوەی بە سیما نابەرجەستەکانی ( AGR , T) پاساو بدرێ. ئەم سیمایانە بە لێکچوون و لێکدانیان پاساودەدرێن بەو گیرەکە کارییەی پەیوەندی بە سەرە ئەرکییەکەوە هەیە. چۆمسکی وادادەنێ، کە AGR ی کاری یان دەبێ بەهێز بێ یان بێهێز AGR .ی بەهێز لە PF دا ئاشکرایە، AGRی بێهێز وا نییە، لەبەر ئەوەی سیما بەهێزەکان لە PF دا ئاشکران، دەبێ پێش درکاندن لابدرێن، لەلایەکی ترەوە، پاساودانی سیماکان بەهۆی لێکدانی V بە AGR پێویستە پێش درکاندن ڕووبدات. ئەگەر سیما بەهێزەکان کەرت بکرێن ئەوە دەبێتە هۆی نارِێزمانییەتی، لە زاراوەی بچوکترینیدا دارِشتنەکە تێکدەشکێ. لە فەرەنسیدا AGR ی کاری بەهێزە، جگە لەوەی لادەدرێ، دەبێ لە PF دا ئاشکرا بێ(Haegeman : 1991:618 ) . دوو تیۆر لەبارەی هێزی سیماوە دەخەینەرِوو بەم شێوەیە:

**(٢٧) یەکەم: تیۆری گشتکاری ( Jaeggli and Safir )**

بکەر خراو لەو چوارچیوەیەدا ڕوودەدات، کە ڕێکەوتنی تێدا زۆر دەوڵەمەندە یان هەرگیز هیچ ڕێکەوتنێك نییە. تێبینی ئەوەیان کرد، کە بکەر سفرکردن ( null subject ) لە زمانەکانی وەك ئیتالی، ناڤاجۆ، و هیندی دەبینرێ، لەو بارەدا دەردەکەوێ ڕێکەوتنی مۆرفۆلۆجی لەهەندێ مەبەستدا لەخۆوەیە بۆ ئەوەی بەبێ بکەری ئاشکرا پەیرەو بکرێ، و هەروەها لەو زمانانەی وەك، یابانی، چینی و تایلەندی پێکهاتوون، کە هەرگیز هیچ ڕێکەوتنێکی کەس ـ ژمارەیان نییە. بەو پێیە مەرجی بکەر سفرکردن ئەو زمانانە ناگرێتەوە، کە وەك زمانی ئینگلیزی پێکهاتوون. لێرەدا هەندێ پاشماوەی ڕێکەوتن هەیە، بەڵام دەوڵەمەند نییە .

ئەو تیۆرەی پێشنیازکراوە، گشتکاری Jaeggli and Safir ڕووندەکاتەوە، کە وەك سەرەتایەکی ئەو پێشنیازە، لێکۆڵینەوەی ورد لەو بارە سینتاکسییەی مۆرفیم دەکات، کە ڕێکەوتن دەردەبرِێ. وەك لەلایەن زمانەوانی جیاوازەوە دەردەبرِدرێت , Kinyalolo (1991) , Carstens ( 1991) , Bouchard (1992) , Fukui(1993b) , and Kayne (1994)، ڕێکەوتن، وەك مۆرفیمەکانی تر ( کات یان ئەسپێکت ) نییە، لێکدانەوەی سەربەخۆ هەڵنەگرێ، و لێرەدا پێویستە لەLF دا دیار نەبێ. کەواتە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر وابێ ئەوا لەپێشەوە سەرەیەکی سینتاکسی نارِاستەوخۆ بۆ LF داگیردەکات Belletti (1990) . وادادەنێ، کە لاگرە گیرەکەکان لە ئیتالیدا لە شوێنی سەرە ئەرکییەکان جێگیر دەبن، و کارەکە دەجولێتەوە بۆ ئەوەی لاگرەکان بسەلمێنێ. ئینگلیزی جولانەوەی کاری نییە ( لایەنی کەم جولانەوەی کار بۆ AGRs ە)، هەروەها گیرەکە ئەرکییەکان لە شوێنی سەرە ئەرکییەکاندا بنچینەی ـ بەرهەمهێنان نەبن. چۆمسکی ( ١٩٩٨ )

پێشنیازدەکات، کە ئینگلیزی نزمبوونەوەی لاگری هەیە زیاتر لە بەرزبوونەوەی کار، بەڵام لە کاری زۆر تازەدا واز لە نزمبوونەوە دەهێنێ لەبەر ئەو تێبینییەی کە لاگری ڕاستەقینە بنچینەی ـ بەرهەمهێنانە لەسەر ڕەگی کاردا (speas : 2006 : 36) .

( Rohrbacher (1992,1994 وادادەنێ کە ئەو زمانانەی کە ڕێکەوتنی بەهێزیان هەیە، هەموو مۆرفیمێکی ڕێکەوتن خاوەن دەروازەی خۆیەتی، لەکاتێکا ئەو زمانانەی ڕێکەوتنی بێهێزە، مۆرفیمەکان دەروازەی فەرهەنگی سەربەخۆیان نییە .

**(٢٨) دووەم: تیۆری گشتکاریی : Rohrbacher** مۆرفیمە بەهێزەکان دەروازەی فەرهەنگی تایبەتییان هەیە، مۆرفیمە بێهێزەکان دەروازەی فەرهەنگی تایبەتییان نییە. بەگوێرەی ئەو تاکە تیۆرە، مۆرفیمە گیرەکییەکان بە جیاواز لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و بەهۆی سینتاکسەوە دەبنە لاگری خانەخوێیەکەیان. لەکاتێکا ئەم لاگرانەی دەروازەی فەرهەنگییان هەیە، بەکەڵکن بۆ پێکهێنی ژمێرکارییانە و لێرەدا دەکرێ وەك سەرە خاوەن جێکەوتەی خۆی بێت. ئەو زمانانەی مۆرفۆلۆجیی بێهێزیان هەیە، ئەوانە لەو شوێنەدا لاگرە گیرەکییەکانیان دەروازەی فەرهەنگی سەربەخۆیان نییە. بەزۆری لە فەرهەنگدا لە نموونەکاندا تۆمارکراون و کە دەخرێنە ناو نواندنە سینتاکسییەکانەوە لەپێشدا ڕادەکێشرێن بۆ خانەخوێیەکەیان .

بەو پێیە زمانی کوردیش لەگەڵ ئەو زمانانە تۆماردەکرێ، کە مۆرفیمی ڕێکەوتنی بەهێزیان هەیە، چونکە مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن لە فەرهەنگدا خاوەن تۆماری تایبەتی خۆیانن، و دەروازەی فەرهەنگی سەربەخۆیان هەیە، لە نواندنە سینتاکسییەکانیشدا جێکەوتەی خۆیان دەبێت لەسەروی جێکەوتەی کاتەوەیە، مۆرفیمی ڕێکەوتن دەبێتە سەرەی جێکەوتەی ڕێکەوتنەکە. بەم پێیە لە (٢٩)ی خوارەوە ڕێکەوتنی بەهێز و بێهێز دەخەینە ڕوو، ئەو زمانانەی ڕێکەوتنی بەهێزە، مۆرفیمی AGR دەبێتە سەرەی جێکەوتەیAGR ، ئەوانەی ڕێکەوتنیان بێهێزە، ئەو مۆرفیمەی AGR بە تەواوی بەشێکە لە وێنەیەکی گیرەکی:

(٢٩) أ ـ AGR ی بێهێز ب ـ AGR ی بەهێز



بەو شێوەیەی خوارەوە وەسفی گشتکاری دەکرێت :

(٣٠) أ - ئەو زمانە بکەر سفری ( null subject ) هەیە، ئەگەر AGR لەگەڵ ئەو مۆرفیمەی تیایدایە بنچینەی - بەرهەمهێنان بێ.

ب - ئەو زمانە ناتوانێ بکەر خراو بێ، ئەگەر AGR لەسەر کارەکە بنچینەی - بەرهەمهێنان نەبێ.

ج - ئەو زمانە بکەر خراوە، ئەگەر هیچ AGR ی نەبێ .

ئەو گشتکارییەی (٣٠) ڕاستەوخۆ لە بنەمای ئابوریکردندا پەیرەو دەکرێ، کە دەتوانرێ لە (٣١) دا جێگیر بکرێ.

(٣١) XP بەتەنها دەخرێتەڕوو، ئەگەر ناوەرۆکێکی هەبێ.

لەو زمانانەی AGR یان بەهێزە، لاگرەکە لەشوێنی سەرەی AGR دا بنچینەی - بەرهەمهێنانە و هەروەها AGRP ناوەرۆکێکی هەیە. ئەو زمانانەی AGR یان بێهێزە، هەرچەندە لاگرەکە لەسەر کارەکە بنچینەی - بەرهەمهێنانە، و هەروەها هەندێ شتی تر پێویستە، تا ناوەرۆکێك بداتە جێکەوتەیAGR . لەبەر ئەوە یان زیادەیەك پێویستە بخرێتە ناو سپێکیAGRP ، یان ( NP) یەك پێویستە بجولێ بەرەو ئەو شوێنە. ئەگەر سپێکی AGRP بە بەتاڵی بمێنێتەوە لەو زمانانەی AGR یان بێهێزە، ئەوا AGRP ناتوانێ بەبێ سەرپێچی کردنێکی بنەما ئابورییەکان ببێتە جێکەوتە. بەو پێیە ئەو ئەگەرانە لە ئارادا دەبن، کە لە زماندا ئەو شوێنەی کە AGR لەسەر کارەکە بنچینەی - بەرهەمهێنانە، هیچ سەرەیەك لەگەڵ ناوەرۆکێکی بەکارهێنراودا نابێتە سەرەی AGRP کە. تاکە ڕێگە ئەوەیە، کە AGRP بتوانێ بەبێ سەرپێچیکردنی بنەما ئابورییەکان ببێتە جێکەوتە، ئەوەش، ئەگەر AGR پێش درکاندن دیاریکارێکی لەگەڵ مەبەستەکەدا هەبێ، لەبەر ئەوە یان ( NP ) یەك پێویستە بجولێ بۆ سپێکیIP ، یان وشەیەکی زیادە پێویستە بخرێتە ناویەوە. ئەگەر AGR لەوەدا لەگەڵ مۆرفیمێك بنچینەی بەرهەمهێنانەکە نەبێ، AGRناوەرۆکێکی هەیە و لێرەدا AGRPدەتوانێ دەرکەوێ. ئەوەش هیچ پێویست ناکات دیاریکاری AGR پڕبکرێتەوە. ئەو بکەرە پەڕێنراوەی کە وادادەنێین لە شوێنی ناوەکی - VP بنچینەی بەرهەمهێنانە، دەبێ لە شوێنی ناوەکی - VP یەکەیدا بمێنێتەوە، و لەڕاستیدا دیاریکاری AGRP ەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە .

ئەو زمانەی AGR ەکەی بێهێزە پێویستە پێش درکاندن سپێکی AGRP پڕبکرێتەوە، لەکاتێکا ئەو زمانانەی AGR ەکەیان بەهێزە دەبێ سپێکی AGRP ی بە بەتاڵی بمێنێتەوە. بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان spec , AGRP و شوێنی بکەری ناوەکی - VP. لە زمانێکی وەك ئیتالی، proلە شوێنی ناوەکی - VP

یەکەیدا دەمێنێتەوە تاکو درکاندن. وادادەنێین کە لە IP دا، proبەرەو سپێکی AGRP دەجولێ بۆ ئەوەی ئەو داواکارییە پەیرەو بکات، کە AGR پەیوەندیی سپێك ـ سەرە پاساودەدات. لە زمانێکی وەك ئینگلیزیدا، سپێکی AGRP پێویستە پێش درکاندن پربکرێتەوە. ئەم پێشنیازە ئەوە دەگەیەنێت، کە لە زمانێکی وادا، pro لە سپێکی VP دا لە بنەمادا گونجاوە، بەڵام پێویستە کە بەلایەنی کەمەوە هەندێ ڕەگەزی ئاشکرا لە spec ی AGRP دا هەبێ. لێرەدا پێویستە دڵنیابین، کە ڕێ بە ڕوودانی ئەو ڕستانە نادەین، کە لە سپێکی VP دا بکەری سفریان هەیە و کەرەسەیەکی زیادە دەخرێتە ناو سپێکیAGRP . ئەوەش، پێویستە ڕستەکانی وەك (٣٢) ڕێیان پێنەدرێ .

(32 ) *There [ pro saw mary ]

پێشنیاز دەکەم، کە ئەمە بەپێی ئەو ڕاستییەی کە pro سیمای تایبەتی خۆی نییە، و پێویستە سیماکانی phi لە پەیوەندیی سپێك ـ سەرە لەگەڵ AGR لە LF دا وەربگرێ. بەگوێرەی چۆمسکی (1989) لە گریمانەیەکی وادا، ئەو بەشدارییەی وشەی expletive بۆ ڕێکوپێکی ڕستەکە بەکاردەهێنرێ، لە LF دا لەگەڵ وشەکە لێکدەدرێت. ئەگەر ئەم هاوبەشییەی ( NP)یەك لەگەڵ سیماکانی phi خۆیدا بێ، ئەو سیمایانە دەبێ بپاڵێورێن بۆ دابینکردنی ئەو گرێیەnode ، بەو پێیە هیچ سیمایەك لە پەیوەندی head - spec لەگەڵ AGRدا نییە. ئەگەر ئەو هاوبەشییە pro بێ، ئەوا هیچ سیمایەکی پێ دابین ناکرێ، و pro بەتەنها لێکدەدرێ بە سپێکیAGR ، ئەوەش ئەو سپێکەی خۆی نییە، لێرەدا pro ی بۆ وەرگرتنی سیماکان ناوێ و دارشتنەکە لە LF دا تێکدەشکێ .

(٣٣)




بەو پێیە pro لە زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا لە بنەمادا لە سنوریVP دا ڕێی پێدەدرێ، بەڵام ڕستەکانی وەك (٣٢) بەپێی بنەما سەربەخۆکان ڕێ بە ڕوودانیان نادرێ. پارامیتەری بکەرخراو بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ داواکارییەکی سەر دیاریکاری AGR کاردەکات .

لەو زمانانەی کە AGR یان نییە، ئەو سەرەیە ڕەنگە پەیوەندی بە کاتTens ، Aspect، یا لەوانەیە بە کارەکەوە هەبێ. کەواتە، لە یابانیدا، هەرگیز هیچ ڕێکەوتنێکی سەرە نابێ. لە زمانێکی وەك

یابانیدا،دەبێ بکەرەکە سفر بێ، چونکە هیچ شتێك نییە جولانەوە بەزۆر لەناو دیاریکاری ڕێکەوتندا spec )
( of AGRبسەپێنێ، و هیچ جێکەوتەیەك نییە بۆ ئەوەی پەسەندی بکات. هۆیەکەی ئەوەیە کە جێکەوتەی AGRPپێویستە لە زمانەکاندا لەگەڵ پاشماوەی ڕێکەوتن بێ، کە سیماکانی AGR ە، ئەگەر لە زماندا هەبێ، پێویستە لە پەیوەندی دیاریکاری - سەرە بەپێی LF پاساو بدرێ. هیچ سەرەیەکی نوێ ناتوانرێ دوای درکاندن زیادبکرێ بۆ نیشانەی فرێزەکە. بەو پێیە، ئەگەر لە LF دا AGR ببێتە پێویستی، دەبێ ئەو جێکەوتەی AGRP ی پێش درکاندن هەبێ. لەبەر ئەوە لەو زمانەی کە سیمای AGR یان هەیە، ئەوا پێویستە پێش درکاندن جێکەوتەیەکی AGR ی لەگەڵ مەبەستەکەدا هەبێ ( Speas : 2006 : 41 ) .

بەپێی ئەمانەی لە سەرەوە باسکران، لە زمانەکاندا سێ جۆر پەیوەندی لەنێوان مۆرفیمی بەهێز و جولانەوەی کاردا دەردەکەوێ، و ئەو بنەمایە جیادەکرێتەوە، کە ڕێ بەجولانەوەی کار دەدات بەرەو سپێکی ڕێکەوتن، کە لە (٣٤) دا خراوەتە ڕوو:

(٣٤) جۆری أ : ئەو مۆرفیمەی دەبێتە سەرەیAGRP ، دەبێ سپێك بەتاڵ بێت.

جۆری ب : ئەو مۆرفیمەی بەرەو V ڕادەکێشرێ، پێویستە سپێك پڕبکرێتەوە .

جۆری ج : هیچ جێکەوتەی AGR ی نییە.

لەو ڕستانەی بکەرەکانیان سفرکراوە، دەشێ لە جێکەوتەکەدا بە سەربەخۆیی بیەوێ پەیرەوی بنەمای ئابوریکردن بکات، هەروەها لەڕووی پارامیتەرەکەوە ئەگەر وابێ، لاگرەکانی AGR دەروازەیەکی فەرهەنگی سەربەخۆیان دەبێ. لەمەدا زمانی کوردی لەو زمانانەی جۆری (أ) دادەندرێ، پێش درکاندن جێکەوتەی AGR ی خۆی دەبێ .

یەکێك لەو ئەنجامە جوانانەی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە تەنیا ئەوAGRP ە دەبێتە جێکەوتە ئەگەر ناوەرۆکێکی هەبێ، ئەو ڕاستییەی کە زمانەکانی وەك ئینگلیزی دەبێ بکەری ئاشکرایان هەبێ، نایانەوێ وەك بنەمایەکی سەربەخۆ بیچەسپێنن. ئەوەش، ئێستا کاریگەرییەکانی بنەمای جێکەوتەی فراوانکراو EPP بە ئاسایی پەیرەو دەکرێ : ئەو زمانانەی ڕێکەوتنیان بێهێزە، پێویستە لە AGRP دا دیاریکارێکیان هەبێ، کە ناوەرۆکێکی هەیە : هەرچەندە لێرەدا هیچ ڕۆڵێکی θ بە ئەرگومێنتێکی ناوەکی ناسپێردرێ، ئەوانە هەمیشە بکەری سەرەوەیان دەبێ .

دووەم ئەنجامی ئەو پێشنیازە لێرەدا بەکورتی ئەوەیە، کە ئێستا نایەوێ ڕێ بە هیچ مەرجێکی تایبەتی بدا لەسەر .pro ئەو زمانانەی کە ڕێ بە pro دەدەن دەبێ ئەوانە بن، کە دەتوانن بنەماکانی ئابوریکردن بەبێ

بوونی پڕکردنەوەی سپێکی AGRP جێبەجێ بکەن(43 : Speas: 2006) . بەپێی ئەم پێشنیازە زمانی کوردی بنەماکانی ئابوریکردن جێبەجێ دەکات.

به پێی بۆچوونی Balletti ساڵی ( ١٩٩٠ )، چۆمسکی تاڕادەیەك بۆ ئەوە دەچێت، کە لە زمانەکاندا T و AGR دوو مۆرفیمی جیاوازن، ڕێکەوتن AGR دوورتر لە ڕەگی کارەکەوە دەردەبڕدرێت وەك لە کاتTense ، لە نموونەیەکی فەرەنسیدا دەردەکەوێ :

(35 ) tv pare – ra – s

You talk _ Future _ 2SG

بەپێی لۆجیکی (١٩٨٥ ) Baker Mirror Principle (بەگشتی ئەوە دەردەبڕێ کە ڕیزبوونی مۆرفیمەکان ڕیزبوونی جێکەوتەی ئەرکی پیشاندەدات ) دەبێ ( 36) بە ڕۆنانی (35) بچێ:

(36) [ AGRP [ TP [ VP V ] T ] AGR ]

ئەوەش لەگەڵ ڕستەیەکی بکەرخراوی وەك زمانی کوردی بە تەواوی جێبەجێ دەکرێ، کە لە(٣٧)دا دەبینرێ:

(٣٧) گر ـ ت ـ یان.

ڕەگ ـ ڕابر ـ ٣کۆ

هەرچەندە، وەك (147 : 1991 : Chomsky) سەرنج دەدات، کە ئەو چارەسەرەی Pollock ، کە بە دیاریکردنی شوێنی کار ناسراوە، لەنێوان فەرەنسی و ئینگلیزیدا جیاوازیی (٣٨-٣٩-٤٠)ی خوارەوە پیشان دەدات، چۆمسکی خۆی بە باشی لە (١٩٩١)دا چارەسەری دەکات، داوادەکات کە TP دەسەڵاتی بەسەر AGRPدا بڕوات .

(38) a. Jembrasse souvent Marie

b. *Je souvent embrasse Marrie

(39) a. *I kiss often Marry

b. I often kiss Marry

(٤٠) چرۆ زۆرجار کتێب دەخوێنێتەوە.

(٤١)  زۆرجار چرۆ كتێب دەخوێنێتەوە.

(٤٢)  *چرۆ كتێب زۆرجار دەخوێنێتەوە

لەكوردیدا كاتی ڕێزمانی (Tense) مۆرفیمی دیاریكراوی خۆی هەیە، كاتی ئاسایی (Time) لەڕستەدا بە ئاوەڵكار دیاریدەكرێ، یا لەسپێكی یەكەمی VP دا دەبێ، یا لە سپێكی ـ CP دا بۆ هەموو ڕستەكە دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕێكەوتن یا لەنێوان بكەرو كارەكە دەبێ، یا بەركار و كارەكە. چۆمسكی بۆ چارەسەری ئەم شوێنە ناكۆكە، وادادەنێ دوو جێكەوتەی AGR هەیە، یەكێكیان زاڵە بەسەر TP و ( بەرپرسە لە ڕێكەوتنی بكەر ـ كار ) ئەوی تریان لەدوای TP دێ. پێشنیازدەكات كە AGR ە نزمەكە لە جێگەی ڕێكەوتنی بەركار بێ. لەم سۆنگەیەوە AGR ە بەرزەكە وەك لە نموونەكەدا هاتووە، بە AGRsP دەناسرێ و لە نموونەكەدا AGRP نزمەكە وەك AGRoP ناسراوە. ئەو ڕۆنانەی (43) دەبێتە ڕۆنانی ڕستەیەكی سەرەكی لە زۆربەی لێكۆڵینەوەكاندا :

(43)  [ AGRsP AGRs [ TP T [ AGRoP AGRo [ VP V ]]]]

چۆمسكی تێبینی دەكات، كە لە بۆچوونیKayne (1989) دا، AGRP یە نزمەكە وەك AGRoP دیاریدەكرێ لە لێكۆڵینەوەكەدا ڕێكەوتن لەنێوان بەركارەكان و كاری ڕابردووی تەواوی بكەر دیاری فەرەنسی بەباشی گونجاوە، كە لە ( 44 )دا ڕوونكراوەتەوە :

(44)  Quelle fille Jean a( - t – il ) vu – e

Which girle Jean has – he seen – AGR – FEM

Which girle did Jean see

لە ڕستەكانی (44 )دا بەئاشكرا هەبوونی پەیوەندیی ڕێكەوتنەكە پیشان دەدات، كە AGR نزمەكە دروستی كردووە، لەشوێنی كاری یاریدەدەر دیاركراوە و لە ڕێكەوتنی بكەر ـ كار جیادەبێتەوە.

چۆمسكی تاڕادەیەك پێشنیازدەكات، دۆخی ڕۆنانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێكەوتندا هەیە، لەگەڵ گەیشتن بە گریمانەی سپێك ـ سەرەیAGR ، كە گونجانی زۆرتر لەنێوان دۆخی بكەری و دۆخی بەركاری دەهێنێتە دی : هەردوو دۆخەكە ئەوەی پێی دەوترێ پەیوەندی سپێك ـ سەرە لەگەڵ جێكەوتەیەكی AGR دا لە (45)دا خراونەتەڕوو( Boeckx:2006c : 2-5):

(45)




**٢ ـ ١٣ نواندنی ڕۆنانی فرێزی ڕێکەوتن** The phrase – structural representation of agreement

لە قۆناغەکانی پێش ـ MP لە چوارچێوەی بنەماو پارامیتەرەکاندا، ڕێبازی ستاندارد ڕێَکەوتنی بکەر ـ کاری لە شێوەی سپێك ـ سەرەی لەنێوان بکەر و ئەرکی گرێی گیرەکی INFL node چەسپاندووە، کە بە ئاسایی ئەو سیما گیرەکییانە دابیندەکات، کە بەشدار دەبن لەگەڵ کارەکە( واتە، کات، ئەسپێکت، و سیماکانی ڕێکەتن ) و دەکەونە نێوان پەیوەندی بکەر ـ کارەکە( Chomsky : 1981 , 1986b ) .

لە کاری دواتردا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو سیمایانە / لاگرانەی کە لەمەوپێش وادانراون بەشێك بن لە INFL، دەبێ سەرەکانیان لە سینتاکسدا جێکەوتەی خۆیان هەبێ cf.e.g. Pollock 1989 ; Kayne 1989 ) ( Belletti 1990 ; Chomsky 1991 ;، دەبێتە هۆی ئەوەی هێز و توانای ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕۆنانی پاڕستەی هەبێ، لەگەڵ جیاکردنەوەی جێکەوتەکانی T(ense) و ڕێکەوتنی بکەر / بەرکار ( AgrSP and AgrOPیەك لەدوای یەك )، وەك لە (46)دا خراوەتەڕوو :

(46)



لەو ڕێبازەدا، لەیەکچوونی سیما لەنێوان کۆمەڵەی ـ φ یەکی ئەرگومێنتێك و ئەو کۆمەڵە ـ φ یەی مۆرفیمێکی ڕێکەوتن دەدرێتە پاڵ پەیوەندییەکی سپێك ـ سەرە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە، ئەوەیە، ئەرگومێنتی DP بەرەو SpectAgrSP\ SpecAgrOP دەجولێ بۆ دەستکەوتنی ئەو ناوەرۆکەی سیمای.AgrS\AgrO جگە لەوە، ئەو پەیوەندییەی سپێك ـ سەرە لە پرسیاردا دادەنرێ، لە ئەنجامی پێدانی دۆخە ، لەو بۆچوونەی کە جێکەوتەکانی ڕێکەوتن ئەو شێوەی ڕۆنانییە دەسەلمێنن لەوەی کەV (بەرکاری ) و T (بکەری ) ئەو سیمایانەی دۆخیان هەڵگرتووە، بەپێی ڕێکەوتنی سپێك ـ سەرە دەدرێتە ئەرگومێنتە ناوییەکان ( کە جولانەوەی پێویستن لە T و V دا بۆ ئەو پەیوەندییانەی سەرە ـ Agr ). چونکە لەگەڵ شیکردنەوەکانی مۆرفۆسینتاکسیدا گونجاوە، وادادەنێ کە ڕەگی کارەکە بەرەو AgrS\AgrO دەجولێ بۆ دەستکەوتنی ئەو مۆرفیمانەی پەیوەندییان بە گیرەکەکانەوە هەیە ( Ouhalla 1991 ; Chomsky 1991 ) بە گوێرەی ( Baker ( 1985 , 1988، کردەکانی جولانەوەی یەك لەدوای یەکی سەرە، کە کارەکە لەگەڵ گیرەکەکانیدا بەشداری دەکات بەپێی ڕیزبوونی لاگرە گیرەکییەکان دەردەخرێن، لەگەڵ مۆرفیمە ئەرکییە نزمترەکان نزیکتر لە ڕەگی کارەکە دەردەکەون وەك لە بەرزترەکە، (هەروەها پێی دەوترێ بنەمای ڕەنگدانەوە). لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار وادادەنێ کە ئەو ڕیزبوونە هەرەمییەی جێکەوتە ئەرکییەکان دەشێ بابەتێکی تایبەتمەند بێ( Laka 1990 ; Ouhalla 1991 ) ، لەکاتێکدا لە هەندێ زمانی وەك ئەڵمانی یان تورکیدا مۆرفیمی کات نزیکترە لە ڕەگی کارەکە وەك لە ڕێکەوتن، بەڵام ئەو جۆرەی تر لە زمانەکانی وەکو بەربەر مۆرفیمی ڕێکەوتن نزیکترە وەك لە کات(Fub:2005:57) .

لەزمانی کوردیشدا مۆرفیمی کات لە ڕەگەوە نزیکترە وەك لە ڕێکەوتن، وەك لە نموونەی (٤٧)دا خراوەتەڕوو. سەبارەت بە ئاسانکردنی شیکردنەوەکە بۆ ئەوەی ڕوون بێ، بەشێوەیەکی گشتی هەموو گرێیەکان ناکرێ لەهەموو هێڵکارییەکدا بخرێنەڕوو. ئەمەش بەپێی پارامیتەری ڕیزبوونی مۆرفیمە ئەرکییەکانەوە دەبێ لەڕووی نزیکی لە ڕەگی کارەکە و جۆری ڕێکەوتنەکە دیاری دەکرێ. بۆ نموونە زمانی کوردی دوو سیستەمی جیاواز لەڕووی ڕێکەوتنەوە پیشان دەدات، کە کرمانجی خواروو جۆری ( ڕێکەوتن لەنێوان بکەر و بەرکار، ڕێکەوتن لەنێوان بکەر و کار)ی هەیە ( وریا عمر ئەمین : ٢٠٠٤ : ١٦٥ ) لەو ڕستانەی زمانی کوردیدا، کە کارەکەیان بکەر نادیارە دیاردەی ڕێکەوتنیان لەنێوان بەرکار و کاردایە، ڕابردووی تێپەڕ لەنێوان بکەر و بەرکار ، و ڕێکەوتن لەوانەی ڕابردووی تێنەپەڕ، ڕانەبردوو بەگشتی و لەنێوان بکەر و کاردا دەبێ. وەك لەم نموونانەی خوارەوە، جۆری ڕێکەوتن و ڕیزبوونی مۆرفیمە ئەرکییەکانیان دەخەینەڕوو :

(٤٧) أ- جوتيارەكان زەوييەكانيان كێڵ. ( ڕابردووی تێپەڕ)

ب - [TP T [Agrs Agrs [VP V ]]]

(٤٨) أ - سەگەكان دوور كەوتنەوە. ( ڕابردووی تێنەپەڕ )

ب - ئەوان ئێمە دەگرن. ( ڕانەبردووی تێپەڕ )

ج - من دەخەوم. ( ڕانەبردووی تێنەپەڕ)

د - ئێمە گیراین. ( بكەر نادیار)

هـ - [Agrs Agrs [TP T [VP V ]]]

## ٢ - ١٤ گونجان و لێكچوونی سیماكان : Features Agree and Matching

شیكردنەوەی بچوكترین پرۆگرام لە ڕێكەوتندا بە تەواوی لە بۆچوونەكانی چۆمسكی ( ٢٠٠٠، ٢٠٠١أ، ٢٠٠٠ب ) پوختەكراوە، لەوێدا تاڕادەیەك مۆدیلێكی جیاوازی سیستەمی ژمێركاری و پێكهێنە بنچینەییەكانی پەرە دەسێنن. **یەكەم**، بەپێی ئەم بۆچوونە، كردە سینتاكسییەكان ئەوەی كە پێویستە بۆ پاساودانی (هەڵسەنگاندنی ) ئەو چەند سیما - ϕ نالێكدراوەیەی / بێ بەهایەی لە T/v جێگیربووە خۆی بە چەند -ϕ ێك دەوروژێنرێ ( و نەك بەهۆی هاتنی كەتیگۆریی نا - لێكدراوە [D]/[N] یان سیماكانی [V] لەسەر T/v ). **دووەم**، پاساودانی سیما / هەڵسەنگاندن لەناو ئەو دیاریكارەی پەیوەندی بە سەرە ئەركییەكەوە هەیە لە جولانەوەی -DP ( ئاشكرا) لەیەك جیادەكرێنەوە. لەجیاتیان، چەند سیمایەكی -ϕ ی نا - لێكدراوە لە T/v دا جێگیردەبێت، ڕەنگە چەند -ϕ یەكی لێكدراوەی ئەرگومێنتێك بێتە ناوەوە، كە لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە. كردەكەی دواتر پێی دەوترێ گونجان Agree كە پەیوەندییەكی ( ڕێكەوتن، پاساودانی دۆخ) لەنێوان دانەیەكی فەرهەنگی α و سیمایەك F دروستدەكات، لە سنوری هەندێ لێكۆڵینەوەدا بۆشایی دەكەوێتە نێوانیانەوە ( chomsky : 2000 : 101 ) . ئەو چەند سیمایەی كە دەست بە كردەی ڕێكەوتن دەكات وەك Probe ئاماژەی پێ دەكرێ. ئەو ( probe) دەگەڕێ بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ چەند سیمایەكی لێكچووی تر matching feature كە پێی دەوترێ ئامانج .goal لەلایەكی ترەوە لەو دۆخەدا، ئەو چەند - ϕ بێبەهایەی T/v وەك probe كاردەكەن، كە دەگەڕێ بۆ چەند سیمایەكی -ϕ ی لێكدراوەی لەیەكچوو ئامانجەكە (the goal ) لەگەڵ ئەوەی كە دەتوانێ ڕیكەوتن دروستبكات. بەهەمان شێوە چۆمسكی لەبۆچوونی (١٩٩٣، ١٩٩٥)دا، وادادەنێ سیماكانی - ϕ لەسەر Dp/NP لێكدەدرێتەوە، بەڵام

لەسەر T/v لێکنادرێتەوە. چۆمسکی زۆر بەوردی لە (٢٠٠٠، ٢٠٠١أ )دا پێشنیازی ئەوە دەکات، کە بەهای ئەو سیمایانەی - ϕ لەسەر T/v دەرنەکەون. لەکاتێکا ئەو چەند سیما - ϕ لێکنەدراوەیە سەرکەتوو دەبێ لە دروستکردنی پەیوەندی ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو کۆمەڵە- ϕ یەی ئەرگومێنتێکی ناویدا، ئەو هەڵسەنگاندنەی دوایی چەند - ϕ یەکی بێبەهای لەمەوپێشی پێدەدات. دوای ئەوە، ئەو چەند - ϕ لێکنەدراوە لەسەر T\ v بۆ لادان نیشان دەدات ( لادانی سەرەتایی پەیوەندی هەیە بە دواخستنەوە لەو شوێنەی کە داڕشتنەکە دەگاتە درکاندن ). ناوەرۆکی ئەو تایبەتییە لەو میکانیزمەی probe\ goal دەتوانێ وەك خوارەوە کورتبکرێتەوە (chomsky : 2000 : 122 ):

(٤٩) لێکچوون matching پەیوەندییەکە، کە probe P و goal G جێیان تێیدا دەبێتەوە. هەموو جووتە لەیەکچونێك نابێتە هۆی ڕێکەوتن. بەهەمان شێوە، پێویستە G ( لایەنی کەم ) لە مەودای D(P)ی P دا بێ و مەرجەکانی شوێن پەیرەوبکات. سادەترین گریمانەی سیستەمی probe – goal بریتیە لە (٥٠):

(٥٠) أ - لەیەکچوون سیمای وەك یەکە.

ب - D(P) خوشکی P یە.

ج - شوێن بۆ نزیکترین دەسەڵاتی - C کەمدەکرێتەوە .

لەو چوارچێوەیەوە، گرنگی دۆخی ڕۆنانی زۆر کەم دەبێتەوە. بەهۆی گریمانەیەك، دۆخ بەشێك لە سیمای probes ی T\ v پێك ناهێنێ. لەبەر ئەوە ناتوانێ کردەی پاساودان بوروژێنێ، لەکاتێکا ڕێکەوتن داوای لێکچوونی سیما دەکات لەنێوان probe و goal دا. تا ئێستا چۆمسکی وادادەنێ کە ئەم پەیوەندییە وردانە لەنێوان دۆخی ڕۆنانی و پاساودانی سیمای - ϕ دایە، سیمای دۆخی لێکنەدراوەیە، زۆر بەوردی وا لەو ئامانجە دەکات چالاك بێ، ئەوەش بۆ کردەی Agree و Move گونجاوە. دواتر دروستبوونی پەیوەندیی Agreeدەبێتە هۆی سڕینەوەی سیما لێکنەدراوەکان لە(ϕ) ی پرۆب و ( دۆخ )ی ئامانجەکەدا. لەلایەکی ترەوە، چەند - ϕ یەکی(the probe) ی لێکنەدراوە بەتەنها دەتوانێ بەهۆی ئامانجێك لەگەڵ سیمایەکی دۆخی لێکنەدراوەدا لادان پیشان بدات. بەو گوێرەیە، ئەو فرێزە لەگەڵ سیمای دۆخی لادراو / پاساودراودا ناتوانێ جولانەوەی - A ی تری بەسەردابێ، و لەو شوێنەدا دەوەستێ. بەوپێیە پێویستە ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بۆ ڕەفتاری ئەو میکانیزمەی probe \ goal ی (٥٠)ی سەرەوە زیاد بکەین( Chomsky : 2ooo: : 123 ) .

(٥١) کردەکانی Agree وMove ، کە ناوخۆیی و چالاکن، داوای ئامانجێك دەکەن.

بەپێی گریمانەی، چالاکبوونی سیمای دۆخ تەنها دەتوانرێ لەلایەن پرۆبێك لەگەڵ چەند سیمایەكی تەواوی ـ ϕدا لابدرێ. بۆ نموونە، سەرەی ناتەوای defective T ( Tdef ) ئەو چاوگانەی ناکەونە ژێر ڕکێفەوە بەتەنها سیمایەكی <کەسی > دەکاتە خانەخوێ. جولانەوەی بكەر بۆ دیاریكاری TP سیمای < کەسی > نالێكدراوە لادەبات، بەڵام نابێتە هۆی لادانی سیمای دۆخی ڕۆنانیی بكەرەكە. بەم پێیە، ئەو بكەرەی لە بەرزبوونەوەیەكی چاوگی دەتوانرێ بەهۆی کردە سینتاکسییەکانی ترەوە بکرێتە ئامانج ( گونجان و جولان Agree and Moveبە پروبێك لە قالبی ڕستەكەدا دەوروژێن ). لەهەمان نیشانەی تایبەت بەخۆیەوە، كەمبوونەوەی سیمای مەبەستەكە لە كەرەسەیەكی پڕكراوەدا explitive ( تەنها بەناو < کەس > یش بەباشی ) لە هەڵسەنگاندن و لادانی چەند ـ ϕ یەكی لێكنەدراوەی ژێر ڕکێفی T دا سەرناکەوێ ، کە دەبێ دواتر بەهۆی گونجاندنەوە ڕێكەوتن بۆ جێیەكی دوور long-distance agreement لەگەڵ DP ێكی بەشداربوودا ( لەجێی خۆیدا ) دروست بكات :

(52 ) There were [ three men ] declared guilty.

Agree

(٥٣) ئەوان ( سێ منداڵ ) ڕیزبوون .

ڕێکەوتن

## ٢ ـ ١٥ کۆپیکردن لە جولانەوەدا :

چۆمسکی لە( ١٩٩٣)دا پەرەی بە تیۆری کۆپیکردن لە جولانەوەدا دا، بەو پێیەی کە ڕەگەزە جولاوەکە لەدوای خۆیەوە کۆپییەك لەجیاتی شوێنپێیەك بەجێ دێڵێ. مەرجی گشتگیری ئەم چەمكە بنچینەیە دەخاتە بەردەست بۆ گەشەكردنی تیۆری کۆپیكردن، لەو بۆچوونەدا پەنادەباتە بەر ئەو مەرجە، کە بۆ ڕیکخستنەوەی دانە فەرهەنگییەکان سنور بۆ دەسەڵاتی سینتاکس دادەنێ، لە دروستکردنی کەرەسە نوێیەکاندا ڕێ بە سینتاکس نادات. شوێنپێ لە سینتاکسدا نموونەی بەرهەمهێنراو ئامادەدەکات، و خۆی لەخۆیدا سەرپێچی مەرجی گشتگیری دەکات. ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە تیۆری کۆپیکردن بەڕادەیەك شیکردنەوەی دیاردەی داڕشتنەوە ئاساندەکات، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ مەرجی گشتگیریدا دەگونجێ. تیۆری کۆپیکردن هەرچەندە، دەتوانێ چارەسەرکردنی داڕشتنەوەی دیاردەیەکی وەكLF جێبەجێی بکات، بەشداری لەو لێکۆڵینەوانەدا دەکات، کە هەوڵدەدەن لێکدانەوەی ئاستە ناهاوبەشەکانی نواندن نەهێڵن. سیمایەکی سەرنج ڕاکێشی تری تیۆری کۆپیکردن ئەوەیە، بە لادانی شوێنپێیەکان، ژمارەی تیۆرە سەرەتاییەکان لە لیستی بەسەرکردنەوەکانماندا کەم دەکاتەوە. ئەگەر شوێنپێ و کۆپییەکان، ئەوانە یان دانە

فەرهەنگییەکان یان بابەتە ئاڵۆزەکان لە دانە فەرهەنگییەکاندا دروست بکەن، ئەوانە نابنە سەرەتایەکی نوێ، کۆپییەکان لەجێی شوێنپێیەکان دادەنرێن، بەگشتی بەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئاسانکارییەك لە ڕێزمانەکەدا و بۆخۆی ئەمە لێکدەداتەوە بۆچی تیۆری کۆپیکردن دەبێتە یەکێك لە کۆڵەکەکانی نەخشەی بچوکترین پرۆگرام ( Bošković , Nunes : 2007 : 14 ) .

بەپێی تیۆری کۆپیکردن بۆ دڵنیابوون لەمە ، ئەوە بە باش دادەنێ کە تەنها ئەوە نەبێ یەك کۆپی لە ڕەگەزی x جولانەوەی ئاشکرای بەسەردادێ لە PF و LF دا لادەدرێ، هەروەها تەنها یەك کۆپی x لە ئاستەکاندا دەمێنێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە دواتر کام کۆپی دەبێ لەدوای لادان بمێنێتەوە .

لە بچوکترین پرۆگرامدا شوێنپێیەکان، وەك پێکهێنە جولاوەکان لێکدەدرێنەوە. لە PF و LF دا لابردن ئەو پرۆسەیە کۆپییە دوبارەبووەکان لە پێکهێنی جولاوەدا ناهێڵێ. لێوردبوونەوە لە (54)دا، لەوەی کە فریزی - wh ( which picture of himself ) تایبەتە بە شوێنی [ spec , cp] لە Broekhuis and Dikken) 1993) دا:

(54) a. John does not know which picture of himself Bill saw.

ئەم ڕستەیە لێڵە : himself یان دەبێ ببەسترێتەوە بە قالبی بکەری John یان بکەری Bill تێیدا دەچەسپێندرێ. کە وادانراوە which picture of himself لە [spec , CP ] جێگیربکرێ. لە لێکدانەوەی یەکەمدا، کە John پێش himself ە، شوێنی سەرەوەی فریزی - wh لە سپێکی cp دەبێ ڕێ بە بەستنەوەی himself بە John بدات. لێکدانەوەی دووەم، لەو شوێنەی کە Bill لەپێشترە، هەرچەندە Bill دەسەڵاتی بەستنەوەی - C ناگاتە .himself لە ڕێبازی ستانداردی تیۆری GB لە سەرەوە سنوردارکراوە، داڕشتنەوە دەبێ پێکهێنە جولاوەکە لەناو شوێنی بنچینەییدا ( بەشێکی ) بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی شێوەی دووەم دروست بکات .

لە MPدا، ڕوویەکی تری لێکۆڵینەوە شوێنکەوتنە. جولانەوە وەك جێگۆڕکێی پێکهێنێك بۆ شوێنێکی بەرزتر لێکنادرێتەوە، کە بەدوای خۆیدا لەجێی ڕەگەزەکە کەتیگۆرییەکی بەتاڵ ( trace ) بەجێ دەهێڵێ. بەڵکو، لەوکاتەی کە پێکهێنەکە دەجولێتەوە بۆ شوێنێکی بەرزتر، کۆپییەك لەجێی ڕەگەزەکە بەجێدەهێڵێ. واتە، جولانەوەی which picture of himself لە (54a)دا ئەم ڕۆنانەی خوارەوە دروست دەکات :

(54) b. John does not know [[ which picture of himself ] Bill saw [ which picture of himself]]

جولانەوەی فریزی - wh زنجیرە کۆپییەك لە پێکهێنە جولاوەکەدا دروستدەکات :

لە ئاستە هاوبەشەکاندا کۆپییە < which picture of himself , which picture of himself >. دوپاتکراوەکان لادەبردرێن. لە ئاستی فۆرمی فۆنەتیکیدا، بەشە نزمەکەی زنجیرەکە لادەبردرێ. لەلایەکی ترەوە لە LF دا، ئەو ئاستە لێکدراوە، بەجیاواز دەست بە لابردنی دەکرێ which. نیشانەیەکە لە کۆمەڵەی وشەی پرس و لێرەدا پێویستە لە ئاستی CP دا بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش himself پێویستە بەستراوە بێ. ئەم پێوەلکانەی نیشانەکە دەردەهێنین و دەیبەستینەوە بەو بەشەی زنجیرەکە کە لە دوو شێوەدا دەردەکەوێ. وەك یەکەم هەڵبژاردن بە تەنها ئەو ڕەگەزەی ( which ) دەردەهێنین :

(54) c. John does not know [[which] [ t picture of himself]] [ Bill saw [[which] [ t picture of himself ]]

ئەو شوێنپێیانەی بە ڕەگەزەکەوە بەجێدەهێڵدرێن وەك گۆڕاوەکانی (54d) لێکدەدرێتەوە. دواتر لابردنی لەLFدا دەبێ ڕوووبدات : ئەو نیشانەیە operator گۆڕاوەکە لە سەرەتای زنجیرەکە لادەبەین و کۆپیی ( which)ی سەرەتاکە دەهێڵینەوە، بەپێچەوانەوەی ئەوەوە، لە کۆتایی خوارەوەی زنجیرەکە، نیشانەکە لادەبەین و ئەنجامی گۆڕاوەکە دەهێڵینەوە، وەك لە نواندنی ( 54e)دا :

(54) d. John does not know [[ which x ] [ x picture of himself ]] [ Bill saw [[ which x ] [ x picture of himself ]]

e. John does not know [[ which x ] Bill saw [ x picture of himself ]]

لە نواندنی ( 54e)دا، himselfدەتوانرێ بە بکەرە چەسپاوەکە Bill ببەسترێتەوە(Haegeman:1997:21) .

لەلایەکی ترەوە، بەپێی خوێندنەوەی سەرەوە ئەو(himself) ی لەدوای شوێنپێی زنجیرەی wh - دەستدەکەوێ، لادەدرێ، وەك لە (٥٥)دا دەردەکەوێ:

(55) John does not know [ which x , x a picture of himself ] Bill saw [[x ]]

بەو پێیەی هەندێ هەڵبژاردنمان لەڕووی LF ەوە هەیە، بەشێوەیەك لە بڕیارداندا دەبێ لادان لە زنجیرە نائاساییەکاندا ڕووبدات. بە بەراورد، بە پێوەرێك وادادەنێ کە هیچ هەڵبژاردنێکی بەم شێوەیە لە PF دا بەکەڵك نایەت، سەرەی زنجیرە نائاساییەکە هەمیشە بەتەنها خۆی دەپارێزێ. نموونەی (٥٦) بەو پێوەرەی دانراوە، بەکردەوە بەڵگە دەخاتەڕوو:

(٥٦) أ ـ {{ میوانەکە } گەیشت { میوانەکە}}

ب ـ *{{ میوانەکە } گەیشت { میوانەکە}}

ج ـ *{{ میوانەکە } گەیشت { میوانەکە}}

د ـ *{{ میوانـەکە } گەیشت { میوانـەکە}}

ه ـ *{{ میوانـەکە } گەیشت { میوانـەکە}}

لەم نموونانەدا ئەو کۆپییانە لەئاستی LF دا بەمەبەستی لێکدانەوە دەمێننەوە، شوێنپێی گۆڕاوەکان دەبێ بچنە ژێر باری ئەو بنەمایەی کە دەڵێ فرێزە ناوییە سڕاوەکان ئازادن، نابەسترێنەوە بە شوێنی ئەرگومێنتێك لە کەتیگۆرییە دەسەڵاتدارەکەیدا، بەڵام لەنموونەکانی ( ب، ج، د، ه ) شوێنپێیەکان بەستراونەتەوە بە شوێنی نائەرگومێنت، کەبەپێی تیۆرەکە کۆپییە نزمترەکان ناتوانن، لەڕووی فۆنەتیکییەوە هەستیان پێ بکرێ، بۆیە دەبێ لە PF دا بسڕێنەوە.

چۆمسکی لە بچوکترین پرۆگرامدا لەسەر هەموو کردەکانی جولانەوە گشتاندن دەکات، بەو پێیەی کە هەموو جولانەوەیەك دانەیەك لە ڕەگەزە گوازراوەکە بەجێ دێڵێ، بەپێی بنەمایەك لە بنەماکانی فۆنەتیکی لەباری جولانەوەی ئاشکرادا لادەدرێ، و بنەمای کۆپیکردن زاڵ دەبێ بەسەر بنەمای ڕۆنانەوە، چونکە ڕۆنانەوە کردەیەکی زیادەیە ئەنجام دەدرێ، وەك نزم بوونەوە، دواتر ئەویش زۆرترین تێچو و کەمترین ئابوریکردنە، و پێویستمان بە نزمکردنەوە نابێت، چونکە کۆپی پێکهێنی جولاوەکە لەڕێڕەوی داڕشتنەکەدا بەرەوLF ه و ئەگەر لە PF دا دیارنەبێت، ئەوا بەربەستەکانی لێکدانەوەیی و بەستنەوەیی دەست بەکاردەکەن لەسەر ڕەگەزەکان و ئەرگومێنتە سینتاکسییەکان، کە پێشتر ئامادەییان تێدایە ڕۆنانی ڕستەکە بخەنەڕووی ( مصطفى غلفان : ٢٠١٠ : ٣٨٦).

## ٢ـ ١٦ قۆناغەکان و خولییتی : Phases and Cyclicity

یەکێکە لە گرنگترین پەرەسەندنەکانی بچوکترین پرۆگرام، کە پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەی بۆچوونی قۆناغەکانەوە phase هەیە، بۆ یەکەمجار چۆمسکی لە (2001)دا خستیەڕوو. چۆمسکی لەو هەوڵەیدا بۆ کەمکردنەوەی کردەی ئاڵۆزی ژمێرکاری بوو. پێشنیازی ئەوەی کرد، کە داڕشتنەکان لەبەر پەسەندییان لەخاڵێکی تایبەتییەوە بەوردی سەیر دەکرێن، بەشێوەیەکی تایبەتی دوای لێکدانی سەرەی قۆناغەکە بە vP ( ئەو کارە سوکەی خوشکی VP یە کە لە تێپەڕیدا (transitivity)ئەو مانایە دەبەخشێ ) یانCP (Charpman and Routledge : 2009 : 137 ).

چۆمسکی تاڕادەیەك بەپێی قۆناغ بۆچوونێکی ئاسانکراوی ئەو پرۆگرامە لەداڕشتندا پێشکەش دەکات، کە داڕشتنەکان دەبێ لەناو بەشی بچوکتردا ( قۆناغەکان ) دابەش بکرێن، ئەگەر بتەوێ، هەر یەکێك لەم لقە ـ

داڕشتنانە، لەهەر قۆناغێكدا بەتەنها لقە پۆلێك لە ڕیزبوونە فەرهەنگییەكە دەخاتە بەردەست كردەكانی سیستەمەكە. وەك لەبوونی ڕۆنانێكی وەكو (57) :

(57 ) There is a possibility that proofs will be discovered.

لێكدانی كەرەسەی پڕكراوە expletive وەك ( there ) لەشوێنی خوارتری بكەری دەبوو لەڕووی ژمێركارییەوە ئاسانتر بێ ( cheaper ) لە جولانەوەی ئەو بەركارەی ( proofs )لە كارەكە خوارترە بۆ شوێنە بەتاڵەكەی خوارتر لە بكەر ، لە داڕشتنی قۆناغ بە قۆناغدا دەتوانرێ گریمانە بكرێت، كە لە قۆناغێكی تایبەتیدا، لەوەی كە بكەرە بەتاڵەكە پێویستە پڕبكرێتەوە. جولانەوە دەبێ لەو شوێنەدا ڕوودات، كە لەو خاڵەدا هیچ كەرەسەیەكی پڕكردنەوەی بەنرخ لەو لقە پۆلەی ڕیزبوونە فەرهەنگییەدا ڕێی پێ نادرێ ( هەرچەندە كەرەسەی زیادە لە گشت ڕیزبوونەكەدا هەیە ). كەواتە لە (57) دا وادادەنێ كە لە قۆناغەكەدا لەو شوێنەی كە بكەرە بەتاڵەكەی خوارتری پاڕستەكە ( will be discovered proofs ) داوای پڕكردنەوە دەكات، كەرەسە پڕكراوەكە (there) لە ئێستادا بەكەڵك نایەت، بە پێی ( 58) ڕێی پێ نادرێ :

(58 ) *Is a possibility that there will be discovered proofs.

ڕای چەشنەكانی پێشتری گریمانەی بچوكترینی خاڵی دركاندن بە تاكە خاڵێك دادەنرا لە داڕشتنی قسەكردندا، ئێستا لە كۆتایی هەر هەموو قۆناغێكدا ڕوو دەدات. واتە داڕشتنەكە لەهەر خاڵێكی دركاندندا خولییە. ئەو بەشەی تری پەیوەندی بە داڕشتنەكەوەیە، یەك لەدوای یەك دەنێردرێ بۆ PF و LF بۆ لێكدانەوەیان لەڕووی فۆنۆلۆجی و واتاییەوە. هەر یەكێك لەو بەشانەی لێكدەدرێنەوە، پێكەوە كۆدەكرێنەوە و دەدرێنە ئەو هاوبەشەی پەیوەندی پێوەیە. سروشتی ئەم خولەی دركاندن لە داڕشتنەوەدا سودی بۆ لابردنی ئەو داواكارییانە هەیە، كە لە دركاندندا سیما لێكدراو و لێكنەدراوەكانیان پێ جیادەكرێتەوە، ئەگەر دوای دركاندن لەكۆتایی هەر قۆناغێكدا ڕوودات. چۆمسكی ( 2001) پێشنیازدەكات، كە ئەو جۆرە داڕشتنەوە دەبێ خۆی لێ بپارێزرێ، هەروەها ئەو زانیارییە پەیوەندیدارە دەتوانێ بۆ ماوەیەكی كەم بەبیربێتەوە، خولیێتی قەبارەی ئەو بۆشاییەی پرۆبێك كەم دەكاتەوە، هەروەها ڕەنگە بەتەنها لەناو قۆناغێكی تایبەت بەئێستادا بەدوای ئامانجێكدا بگەڕێ. بەهەمان شێوە خستنە بەرچاو ( Look – ahead توانای بینینی لەپێشەوەتری ئەو سیستەمەیە بۆ هەرچییەكی لە داڕشتنەكەدا ڕوودات ) بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی لە لقە داڕشتنە ناوەڕاستەكەدا دیاری بكرێ. ڕوخساری قۆناغەكە لە داڕشتنەكەدا بە باشترین شێوە لێكدراوەتەوە، وەك لە ( ٥٩) دا دەردەكەوێ( 35 : 2009 : Kinsella ) .

(٥٩) داڕشتن بەپێی درکاندن




هەروەها چۆمسکی لە( 2004)دا تێبینی دەکات، کە دەتوانرێ ئاستەکانی PF و LF لابدرێن، بەپێی ئەو گریمانەی کە درکاندن و لێکدانەوە لە ئاستی قۆناغەکەدا جارلەدوای جار ( cyclically ) ڕوودەدەن. لەو کاتەی کە قۆناغێك تەواو دەبێ، کردەی گواستنەوەکە کەرەسە سینتاکسییەکە دەداتە دەست هاوبەشی هەستە دەمار sensory – motor و هاوبەشی چەمکی ـ بەمەبەست، چەشنێکی بەهێز لەو خولە تەواوەدا دەپارێزێ. لەو ڕوانگەیەوە، جیاوازی نێوان جولانەوەی ئاشکراو شاراوە لە کام سەرەیاندا بێ، لەپێش یان لەدوای بڕیاردان لەسەر درکاندنی قۆناغەکە نامێنێ .

درکاندنی بەخول و لێکدانەوە پێویستی بە (مەرجی نەگۆڕی قۆناغ phase Impenetrability Condition)ە. لەکاتێکا کەرەسەیەك لەناو قۆناغێکدا زۆرجار دەدرکێندرێت و لێکدەدرێتەوە، دوور نییە لە ژمێرکاری سینتاکسیدا ڕێی پێ بدرێ. هەرچۆنێك بێ، بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕێی پێ بدرێ، دەبێ جولانەوەی بەخولی ـ یەك لەدوای یەك لە هەر فۆرمێکدا ڕوویدات. لەو گریمانەیەدا، کەرەسە لە لێواری قۆناغەکە ( دیاریکار یان سەرباری سەرەی قۆناغ) و سەرەی قۆناغەکەدا خۆی ڕێی پێدەدرێ بۆ کردەی تر( Chapman and Routledge 2009 : 137) .

تیۆری قۆناغ وای بۆ دەچێ، کە داڕشتنە سینتاکسییەکان لە پەرەسەندنی بەشەکاندا یان قۆناغەکاندا لێکدانەوەی فۆنۆلۆجی و سینتاکسییان بەسەردا دێ. بەگوێرەی ئەم تیۆرە، قۆناغەکان بەشێکی زۆری ڕۆنانەکەن، کە لەڕووی سیمانتیکی و فۆنۆلۆجییەوە تەواون. قۆناغە بێهێزەکان ڕۆنانە پێشنیازکراوەکانیان تەواو ناکەن. قۆناغە بەهێزەکان ئەو قۆناغانەن سەرەکانیان سیمای P / Occ / EPP یان هەیە، پێشنیازکراون و دەتوانن ببنە ئامانجی جولانەوەکە. قۆناغە بەهێزەکان CP یانvP ( یان DP ی گونجاو )ن. هەریەك لەو قۆناغەی تەواو دەبێ، جولانەوەکە و کردەکانی ڕێکەوتن سەرەیەك دەکەنە ئامانج و لە لێوارەکەیدا edge ( دیاریکارەکان و سەربارەکان) پێك دەهێنێ، بەڵام ناتوانێ پێکهێنەرەکان لە مەوداکەیدا (تەواوکار)بکاتە ئامانج( Sedighi : 2010:7 ) وەك لە ( ٦٠) دا خراوەتەڕوو :

(٦٠)

(McGinnis : 2001: 6)




لەتیۆری قۆناغدا، داڕشتنەکە بە قۆناغ دەست پێدەکات و دەسورێتەوە. ئەوە، ئەو لێکدانەوەیە / هەڵسەنگاندنە و درکاندنەیە لە ئاستی قۆناغدا ڕوو دەدات، و لە کۆتایی هەر قۆناغێکدا ڕۆنانەکە دەنێردرێتە LFو PF بۆ لێکدانەوە. قۆناغە بازنەییەکان Cyclic Phases لەناوەوەی هەر یەکێکیاندا چەسپاوە، لەبەر ئەوە هەموو ماناکە دەوەستێتە سەر سوڕە ناوخۆییەکان .

# بەشی سێیەم

## میکانیزمەکانی گواستنەوە و بنەماکانی ئابوریکردن

### ٣ ـ ١ لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە بۆ بچوکترین پرۆگرام:

چەمکی ئابوریکردن لە کۆتایی ساڵنی ١٩٨٠ دا، لە چوارچیوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا پەرەی سەند. لە پەرەسەندنی ئەم پرۆگرامەیدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری قۆناغە سەرەتاییەکانی پێوە دیارە. بچوکترین پرۆگرام وەك بەرنامەیەك هەوڵ دەدات چەمکی سروشتیی وەکو، ئاسانیsimplicity ، ئابوریکردنeconomy ، گونجانSymmetry ، دوبارەنەبوونەوە nonredundancy بێنێتە کایەوە. بچوکترین پرۆگرام دان بە دوو ئاستدا دەنێت، بەناوی فۆرمی فۆنەتیکی (PF) و فۆرمی لۆجیکی(LF) ، لەبەر ئەوەی لەڕووی زمانەوانییەوە دوو ئاستی زۆر گرنگن. چوار ئاستەکەی سیستەمەکە لە مۆدیلی GB دا پشتگوێ دەخات، واتە ڕۆنانی ـ ژ، ڕۆنانی ـ س، PFوLF ، لەبری ئەوە تەنها LF و PF دەهێڵێتەوە بەڵام نەك بە چەمکە کۆنەکەی بەڵکو PF وادانراوە ببێتە ئاستی هاوبەش لەگەڵ سیستەمی درکاوی ـ هەسپێکراو Articulatory - Perceptual سیستەمی (A – P) و LF ئەو هاوبەشەیە لەگەڵ سیستەمی چەمکی ـ مەبەستدار(C-I) system Conceptual – intention . بەپێی گریمانەی بچوکترین پرۆگرام LF و PF چەمکی پێویستی تەواون. هۆی ئەوەیە زمانی مرۆڤ لە دەنگ و واتا پێکهاتووە، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو دەنگ و واتایە لێکدانەوەیەك / پەیرەوێکیان هەبێ. چۆمسکی وای بۆ دەچێ، کە PF ئەو ئاستە هاوبەشەیە لەسەر ئاستی دەنگ وەك زانیاری لێکدەدرێتەوە، بۆ ئەوەی بنێردرێتە ناو سیستەمی درکاوی ـ هەستپێکراوA- P system ، LFئەو ئاستەیە لەسەر ئاستی واتا وەك زانیاری لێکدەدرێتەوە بۆ ئەوەی بنێردرێتە ناو سیستەمی چەمکی ـ مەبەستدار C – I system. کەواتە بەپێی بۆچوونی چۆمسکی، ئاستی هاوبەشی ـ PF و LF وەك ئەو چوارگۆشانەی خوارەوە نیشاندەدرێن(Jang:2000:2) .

(١) أ- ئاستە زمانییەکان لە تیۆری GB

ڕۆنانی ـ ژ
ڕۆنانی ـ س
LF
PF

→

ب ـ ئاستە زمانییەکان لە MP

ئاستی هاوبەشی ـ LF
ئاستی هاوبەشی ـPF

ئەم نواندنانە لە مێشکدایە و پەنا بۆ کۆمەڵێك گریمانە دەبەن، بچوکترین پرۆگرامیش بەشێکی بنچینەییە، ئەو گریمانەیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی نوێدا لەگەڵ ئەوانەی پێشتریدا لایەنی کەم سێ گریمانەی بنچینەیی بە تەواوی بەشداری تێدا دەکات. یەکەم و بەناوبانگترینیان، ئەو توانستە زمانییەیە کە لە مێشکدا هەیە، پێکهاتەیەکە لەگەڵ سیستەمەکانی تری مەعریفی کارلێکدەکات. دووەمیان سیستەمی مەعریفی زمانە،کە بەهۆی ئاستەکانی نواندنی زمانەوە لەگەڵ سیستەمەکانی بەکارهێناندا( چالاکی ) دەبەسترێتەوە. ئەوەی سێیەمیان ئەوەیە، سیستەمەکانی بەکارهێنان لەنێوان زمانەکاندا جیاناکرێنەوە، هەرچەندە چۆمسکی لەم ئاستە بنچینەییەدا بایەخ بەهیچ شتێك نادات، تێبینی دەکات، کە ئەم گریمانەیە بەهەموو جۆرێك ڕوون و ئاشکرایە. ئەو سێ گریمانەیەی تایبەتن بە MP بریتین لە :

١ـ ئاستە هاوبەشانەکانی LF و PF تەنها پەیوەندییان بە ئاستەکانی زمانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی تاقیکراوەی ئاشکران، بەپێچەوانەی ئەوەوە، ٢ـ کە هەموو مەرجەکان مەرجی هاوبەشن، و ٣ـ دەربڕینی زمانی باشترین پێناسەی ئەم مەرجانەن( Chomsky: 1995b:169 , 194 ) . چۆمسکی لە (2001)دا ئەم سێ گریمانەیە ناو دەنێ گریمانەی بچوکترینی بەهێزthe strong minimalist thesis . بەراوردکردن لەنێوان GB و MP دا ئەوەیە، کە MP بنەماکانی ئابوریکردن زیاد دەکات لەبری دانانی ئەو کۆتە ناوخۆییانەی local constraints لەسەر کردە و ڕۆنانەکان پەیرەودەکرێن. لەکاتێکا ئەو ڕاستییە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ئابوریکردنە لە پەرەسەندنی GB و MP دا. جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئابوریکردن بۆ هەڵبژاردنی داڕشتنەکان لەناو هەر ڕێزمانێکدا گۆڕانێکی کتوپڕی زۆر گرنگ لە بەکارهێنانیاندا پێشکەش بە هەڵبژاردنی ڕێزمانەکان دەکات. هەرچەندە مەرجەکانی ئابوریکردن، وەك لێکدانەوەی پراوپڕ ( FI) و دواچارە (Lastresort ( LR لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتردا بەڕوونی دەرنەبڕاون، ئەو بۆچوونەی پێشتری چۆمسکی (1986a)و دواتر لە چۆمسکی ( 1991) ( کە سێ ساڵ پێش داهێنانی MP لە MIT لە1989دا دەرکەوت)، هەردوکیان وەك بەشێکی GB خراونەتەڕوو(Freiden:2007:311) . ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە دەسەڵات و بەستنەوەدا، بەڵام چۆمسکی و هەندێ زانای تر پێیان وایە، دەتوانرێ بەکردەوە ئەرکەکانیان لەسەر ئەو ڕووداوانەدا لاببرێن و هەندێ میکانیزمی تر جێیان بگرنەوە، وەکو پاساودانی سیماکان features checking.

### ٣ـ ٢ نەهێشتنی DS و SS و ئاسانکارییەکانی تر :

لە پەرەسەندنی MP دا، بەهۆی دوبارەبوونەوەی سیما تایبەتییەکانی پێشتری تیۆری بنەماو پارامیتەرەکانPPT ، یەکەم جووت ڕۆنانی ـ S و ڕۆنانی ـ D لادەبردرێن. لەکاتێکا کە دانە فەرهەنگییەکان لەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکەن، دەردەبڕدرێن، سیماکانیان بەتەواوی دەناسرێنەوە و ئەو وشانە لێکدەدرێن.

له هەمان شێوازدا، ڕۆنانی ـ D دوبارەدەبێتەوە. کەواتە پێکهاتەکان دروستی Well- formedness و نادروستی Ill- formedness پێ دەبەخشن، کە لە مەودای پاساودانیاندا پشت بە سیماکانیان دەبەستن. ڕۆنانی ـ S پەیوەندی پێوە نییە، بەو پێیە دەتوانرێ، هەردوو ڕۆنانی S و D لە ڕێزماندا بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست بکەن لابربدرێن(Lamidi:2006:95 ) .

کەمکردنەوە و بچوککردنەوەکان لە MP دا لە ئەنجامی ئەو سیستەمەیە، کە لە زۆر ڕووەوە لە سیستەمی زمانی بەرهەمهێنانی دێرین GB جیاوازە. ئاستەکانی نواندن بەرەبەرە کەم دەکرێنەوە بۆ دوو ئاستی گونجاو. ئەو ئەرگومێنتەش ئەوەیە، ئەگەر ئێمە لە پەیوەندی یان ڕوخساری نێوان دەنگ و واتا بکۆڵینەوە، دەبێ تەنها ئەو ئاستانەی پەیوەندییان بە نواندنی دەنگ و واتاوە هەیە، لەو چوارچیوەیەدا داوابکرێن. کەواتە، ئاستەکانی وەك ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە، کە تیۆری ناوەکین، و تایبەتن بە سینتاکسی ناوەوە، دەبێ لاببرێن. ئەو ئاستانە بەجێدەهێڵین لەگەڵLF ( فۆرمی لۆجیکی ـ ئاستی واتا لە نواندندا ) وPF ( فۆرمی فۆنەتیکی ـ ئاستی دەنگ لە نواندندا). بۆچوونی وا هەیە ئەم ئاستانەی نواندن بۆ ئامادەکردنی زانیاری لە پێکهێنی سینتاکسی تەسکدا وەرگیراون، بۆ سیستەمە ناوەکییەکانی واتا و دەنگ بەهۆی هاوبەشەکانی ( چەمکی ـ مەبەستدار CI و درکاوی ـ هەستپێکراو(AP) یەك لەدوای یەك). MP تاڕادەیەك وادادەنێ، لێرەدا هیچ تێکەڵوییەك لەنێوان PF و LF دا ، یان لە لەیەکچوونی هاوبەشەکانی AP و CIدا نییە ، هەموو ئەو پەیوەندییانەی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو ئاستە هاوبەشە لە سینتاکسی تەسکدا لە کاتی داڕشتنەکەدا ڕێکدەخرێنەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو کۆتانەی کە لەوەوپێش پێشنیازکراون بۆ بەستنەوە، لێرەدا گوێ بە ئاستەکانی نواندن نادرێ، نەماون، یان بەرەو ئاستێك دەجولێنەوە کە تا ئێستا لە ئارادایە (Kinsella:2009:25 ).

## ٣ ـ ٣ پشتگوێ خستنی ڕۆنانی ژێرەوە:Deep Structure Elimenation of

لەڕووی چەمکەوە تەنها ئاستە هاوبەشەکانی PF و LF ئاستی پێویستی زمانین، هەر ئاستێکی تر بێتە کایەوە، لادانێك لەو چەمکە پێویستییە conceptual necessity پیشان دەدات و پێویستە بەکردەوە بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە، ڕۆنانی ژێرەوە DS لەگەڵ هەموو بەکارهێنانێکی کردەکەدا پەیرەودەکرێSatisfy ، کە ڕیزبونێکی دانە فەرهەنگییەکان هەڵدەبژێرێ و بە جۆرێك دەیانخاتەڕوو، کە تیۆری X-bar پەیرەو بکات، وەك ئەو ئاستەی تری نواندن. ئاستە هاوبەشەکانی ناوەوەی PF و LF لەگەڵ سیستەمەکانی چالاکیدا Performance بەرامبەر دەکات، DSئاستێکی هاوبەشی ناوەکییە لەگەڵ فەرهەنگدا، کە لەڕووی چەمکەوە پێویست نییە. لە ئەنجامدا، چۆمسکی وای بۆ دەردەکەوێ، کە لابردنی DS نەخشەی گواستنەوەی زمان بەرەو MP دەبات. تێبینی ئەوەش دەکات، کە بوونی DS هەندێ کێشە دێنێتە ئاراوە. لێوردبوونەوە لە

باری DS وەك نواندنێکی پوختی پێکهێنانی واتایی thematic structure ئەوەی لێ دەکەوێتەوە، کە بنەمای جێکەوتەکە داوای دەکات، و تایبەتییە فەرهەنگییەکان لە هەموو ئاستەکانی نواندن و پێوەری ثیتادا Theta-Criterionپەیرەوبکرێن .

بەپێی بۆچوونی چۆمسکی (١٩٨١) پیوەری ثیتا: هەر ئەرگومێنتێك یەك و تەنها یەك ڕۆڵی - θ هەڵدەگرێ و هەر ڕۆڵێکی - θ بۆ یەك و تەنها یەك ئەرگومێنت دیاری دەکرێ .

ئەم بۆچوونانە دەتوانێ شوێنپێیەك بۆ سەرەتای ئەو بنەمایەی چۆمسکی ١٩٨٦ لە لێکدانەوەی پراوپردا بەجێ بێڵێ، کە دەڵێ : هەر ڕەگەزێك لە ڕۆنانەکەدا پێویستە لەهەندێ ڕووەوە لێکبدرێتەوە، واتە لێرەدا هیچ ڕەگەزێکی زیادە لە ڕۆنانی زماندا نییە. ئامانجی یەکەمی ئەوە بوو، کە پیوەری ثیتا لە پلەیەکی قوڵتر و درێژتردا جێگیر بکات. ئەمەش بنەمای سەرەکی بە ئابوریکردنە، واتە، هیچ کەرەسەیەك لە ڕستەدا ناتوانێ دەرکەوێ ئەگەر ڕۆڵێکی ثیتایی نەبێ، و هیچ ڕۆڵێکی ثیتاش ناتوانێ دەرکەوێ ئەگەر ڕەگەزێکی ڕستەکە داوای نەکردبێ. وەك لە (٢) دا ڕوونکراوەتەوە

(٢) أ - * منداڵەکە شیرەکەی سێوەکەی خوارد.

ب - * ئارام نارد

بەپێی تێڕوانینی چۆمسکی، مەودای پیوەری - θ و بنەمای جێکەوتە لە LF دا (لەو شوێنەی کە بەهۆی لێکدانەوەوە بەردەوام دەبن )، لە DS دا لەڕووی چەمکەوە کێشەدارترە. لە LF دا پیوەری - θ و بنەمای جێکەوتە ئەگەر پەیرەو نەکران بێ بایەخن ، لەلایەکی ترەوە، لە DS دا ڕۆڵێکی سەرەتاییان هەیە. لەڕاستیدا، ڕۆڵەکەیان بۆ سەلماندنی ئەوەیە، کە DS تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی LF ی هەیە. کێشەیەکی تری لەگەڵ مەودای پیوەری - θ بۆ DS ئەوەیە،کە مەوداکە دیاریکراوە، وای دادەنێین، کە ڕەگەزە جیاوازەکان لە ئاستە جیاوازەکانی نواندندا وەك ئەرگومێنتەکان ئەرك دەبینن. لە (3b)دا ئەو بارەی DS دەخاتەڕوو .

(3 ) a. who did John kiss t

b. John kissed who

لە (3b)دا who ئەرگومێنتێکە ڕۆڵی - θی بەرکارەکە هەڵدەگرێ. لە LF دا who سنورەکەی گۆڕاوە، نەك who خۆی وەك ئەرگومێنتێك ئەرك ببینێ. بەگوێرەی مەودای پیوەری θ لە DS دا، لەلایەن بنەمای

جێکەوتەوە کاری پێدەکرێ، کەواتە پێویستمان بە هەبوونی دوو بۆچوونی جیاوازی ئەرگومێنتە : ئەرگومێنتێك لە DS و ئەرگومێنتێك لە LF دا(BoŠković and Lasnic : 2007:18 ) .

لە ساڵنی دواتردا هەندێ لێکۆڵینەوە کرا، کە دژ بە بوونی ئاستی DS دەوەستن، لەوەی کە وەك ئاستێك هەموو پەیوەندییە واتاییەکان دروست دەکەن (1988) Larson .باسی ئەوە دەکات، کە لە داڕشتنی دوو بەرکاریدا پەیوەندییە واتاییەکان لە سینتاکسی ئاشکرادا لەکاتی داڕشتنەکەدا پێکدەهێنرێ. گریمانەی شیکردنەوەی داڕشتنە دوو بەرکارییەکانی لارسن، دەتوانێ ئەو پەیوەندییە واتاییەی لەنێوان John و give لە ( 4 )دا بە تەنها پێکبهێنێ، دواتر give جولانەوەی ـ سەرەی بەسەردا دێت .

( 4 )   Johni  [ vp ti  gavei [ vp Mary ti a book ]]

بەڵام لەکوردیدا، جولانەوەی کار لە ڕستەی دوو بەرکاری بەجۆرێکی ترە، چونکە بەرکارێکیان ڕاستەوخۆیە و ئەوی تریان بەیاریدە، بۆیە ئامرازەکە ڕۆڵی ثیتای بەرکارە بەیاریدەکە دابیندەکات، دواتر جولانەوەی سەرەی (دا) بەرەو بەرکارە سەربەخۆکە ڕوودەدات، وەك لە ( ٥ )دا خراوەتەڕوو :

(٥) أ ـ هیوا کتێبەکەی بە ئارام دا.

ب ـ هیوا کتێبەکەی دا بە ئارام .

ئەو بۆچوونەی شوێنی ـ A ( ئەرگومێنت) لەتیۆری GB دێریندا بەباشی خراوەتەڕوو، وەك دەسەڵاتی شوێنی ـ θ ـ شوێنی ڕۆڵە واتاییەکان ( θ ) دیاریدەکات، وەك شوێنەکانی بکەر و بەرکار، کە دەبێ لەڕووی دەسەڵاتەوە پیشان بدرێ، بەڵام نەك سەربارەکان یان فرێزەکانیCP ، هەرچەندە گەشەکردنی گریمانەی بکەری ناوەکی ـ VP دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی شوێنی دوو بکەر : دیاریکاری VP و دیاریکاری IP. دیاریکاری VP بەئاشکرا شوێنی ـ A وەك شوێنی ـ θ یە. هەرچەندە، ڕوون نابێتەوە، کە دیاریکاری IP شوێنی ـ A یە ، دیارە بەپێی ئەم گریمانانە ناشێ دوو شوێنی ـ θ هەبێ. لەڕاستیدا، دیاریکاری IP زیاتر لەگەڵ دیاریکاری CP هاوبەشە : هەردوکیان دیاریکاری سەرەی ئەرکین و وەك شوێنی گیرسانەوە بەکاردێن بۆ جولانەوەی فرێزێکی تایبەت بەXP ،( Xلەبری هەر کەتیگۆرییەکی وەك، N، ....Vهتد ). وەك لە (6 )دا لێکچوون و جیاوازی نێوان دیاریکارەکانیVP ، IP، CPدەخاتەڕوو.

(6)



هێشتا دیاریکاری CP شوێنی - Ā (نائەرگومێنت)ە. ئەگەرچی ئەمە، تائێستا خواستی لێکۆڵینەوەی دیاریکاری IP وەك شوێنی - A نەك شوێنی - Ā بوونی هەیە، هەروەها جولانەوەی بەرەو دیاریکاری IP ( جولانەوەی - A ) لە جولانەوەی بەرەو دیاریکاریCP ( جولانەوەی -Ā ) جیادەکاتەوە، هەروەها کردەی بەستنەوە لە دیاریکاریIP ( بەستنەوەی -A ) لە بەستنەوەی دیاریکاریCP ( بەستنەوەی -Ā ) جیادەکاتەوە. بەڵام لە کۆمەڵەی دیاریکاری VP و دیاریکاری IP پێکەوە وەك شوێنەکانی ( A-positions ) ن، کاتێ ئەم شوێنانە هاوبەشییەکی زۆر کەمیان هەیە، دیاریکاری IP لە دیاریکاری CP جیادەکرێتەوە، وەك مەرجێك دێتە ئاراوە و لەخۆوە پێك دەگەن( Cook and Newson : 2007 : 243 ) .

بە لابردنی DS دەکرێ بەشێوەیەك لێکبدرێتەوە، کە چۆن دانە فەرهەنگییەکان بەهیچ جۆرێك بەشداری ناکەن، نەك هەر تێبینی دەکرێ، چۆن یەك لەدوای یەك بەشداردەبن. ئەمە بەهۆی کردەی لێکدان Mergeپێشاندەدرێ. کردەی لێکدان بەکاردەهێنرێ بۆ لێکدانی دوو کەرەسەی سینتاکسی ( وشە یێ یان فرێز ). تیۆری جۆراوجۆر لەسەر دانانی سنورە ڕاستەقینەکانی لێکدان هەیە، (Frampton and Gutmann : 2000 : 1 )ئاماژە بە دوو ئەگەر دەدەن ( ئەوەی دووەم لەبارترە). یەکەمیان ئەوە پێشنیازدەکات، کە ڕەگەزەکان بە ئازادی ڕێ بە لێکدانیان بدرێ، بەڵام لەدواییدا بپاڵێورێن بۆئەوەی دەری بخەن ئایا دارشتنەکە ڕێزمانییە یان نا. پێشنیازی دووەم ئەوەیە، کە بەرهەمهێنانی ڕستەکان تاڕادەیەکی زۆر سنورداركراوە highly constrained ، کەواتە لە سەرەتاوە ڕەگەزەکان دروستن Well-formed و لێکدراونەتەوە. ئەم دوو پێشنیازە وای دەردەخەن، کە لەگەڵ بنچینەی ئابوریکردن substantive economyزۆر گونجاو بن، لەکاتێکدا خۆی لە بەرهەمهێنانی ڕستەی نارێزمانی ungrammatical دەپارێزێ، سەرەڕای ئەوەش پێویستە هەموو بەیەکەوە بپاڵێورێن. بێ گوێدانە پێشنیازەکە، بەشداربوونی ڕەگەزە سینتاکسییەکان لەرێی لێکدانەوە جێی ئەو لێکدانەوەیە دەگرێتەوە، کە ئەو( DS) ە لەو شوێنەی کە تێکردەی فەرهەنگی تێدا ڕوودەدات(Hawes:2006:15) .

## ٣ ـ ٤ لەبارەی ئاستە هاوبەشەکانەوە، دارشتنەوەی ڕۆنانی سەرەوە:

### ٣ ـ ٤ ـ ١ نەهێشتنی ئاستی بارەکان :

سیمایەکی تر، کە بچوکترین پرۆگرام لە GB جیادەکاتەوە، بریتییە لە هەڵوەشانەوەی تیۆری x-bar لە پێکهێنەرەکانیەوە. تێبینی دەکرێ، کە تیۆری x-bar دەیەوێ ببێتە یەکێك لە گرنگترین بنەما گشتییەکانی زمانی مرۆڤ لە مۆدیلی GB دا. بەپێی ئەم گریمانەیە، دەبێ لێکدان و جولان بەکورتی بخرێنەڕوو، هەرچەندە پێشنیاز دەکرێت ئەو دوو کەرەسەیەی کردەکانی دروستکردنی ـ ڕۆنان جێی تیۆری X – bar

بگرنەوە. بە یەکەوە بەستنی دوو ڕەگەز ( واتە لێکدان ) و جولانەوەی ڕەگەزێك بۆ شوێنێکی تر، ئەوە دەگەیەنێ، کە سروشتێکی بنجی تەواوە، کە دەبێ لە هەموو زمانێکدا کەمترین کردە ڕێی پێبدرێ. ئەمە لە ( 7 ) دا چاکتر ڕووندەکرێتەوە :

( 7 )




7a) )کردەی لێکدان Merge دەخاتەڕوو، مەبەستمان بەشداربوونی α و β یە بۆ بەرهەمهێنانی کەرسەیەکی تر کە( γ ) یە. ( 7b)کردەی جولانەوە دەخاتەڕوو، بەوەی کە β لەو شوێنەی ژێر K دەردەکەوێ، شوێنپێیەکی ( $t_\beta$ ) لە شوێنی خۆی بەجێدێڵێ ( Jang :2000:3 ).

بەپێی گریمانەی MP ئاستی - bar لە هەر پۆلێکی ڕێزمانیدا ( بۆ نموونە N̄ ، Ā وV̄ )، گرنگی تیۆری خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە X̄ وەك پەیوەندییەکی ئاماژەیی لێکدەدرێتەوە، کە بەکەڵك ژمێرکاری زمانی نایەت. بۆ نموونە بڕوانە ( ٨ ) ی خوارەوە :

(٨)




لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە نیشانەی ( ٨ ـ أ ) VP یە، هەرچەندە هەمان VP ئێستا لە ( ٨ـ ب )دا بۆ V̄ دەبێ، چونکە کەتیگۆریەکی نە مەزنە و نە بچوکە. لەلایەکی ترەوە، هەر کەتیگۆرییەك، کە نە کەتیگۆری بچوك Xº و نە مەزن XP بێ، پێی دەوترێ X̄ و ئەم کەتیگۆرییە ناوەندە، بەپێی بۆچوونی چۆمسکی بەکەڵکی کردەی ژمێرکاری زمانی نایەت. ئەم داهێنانە تازەیە لەگەڵ ناوەرۆکی (مانای ڕاستەقینە) MP دا دەگونجێ، لەو بۆچوونەی کە هەر نواندنێکی دوبارەبووەوە لادەدرێ. نیشانەی X̄ تەنها بۆ ئاسانی ڕوونکردنەوە بەکاردەهێنین.

چەمکی جێکەوتەی سەرەکان لایەنێکی ترە، کە لە تیۆری X-bar دا پێویستی بە لادان هەیە. سەرەکان یان دانە فەرهەنگییەکان دەبنە ئامانج و لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا لێکدەدرێن. ئەمە لە جێکەوتەی سەرەکاندا لە تیۆری x-bar دا جیادەکرێتەوە، داوای هاتنی دیاریکار و تەواوکار دەکات، لەپاڵ ئەم چەمکەدا بیری ئاستەکانی باڕیش لادەدرێن. بەپێی PPT ئەوانە لایەنی فەرهەنگی زمانن، ئاستی ناوەڕاست و فرێز

و کەتیگۆرییەکان پێکدادەدەن، هەرچەندە ئەمە لە MP دا بە پێویست دانانرێ. دانەی فەرهەنگی دەبێتە پێکهاتەی سەرەی فریزی( X̄ ) . لەکاتێکا پێکهاتەکان، کە نابنە جێکەوتە، دەتوانن ببنە Xº : Napoli ) (1996:393. کەواتە تیۆری x-bar لادەبردرێ و بیری گشتیی کەتیگۆرییەکانی پێدا تێدەپەڕێ، ناکرێ جێگیر ببێ. واتە فریزەکان هەمان ڕۆنانیان نابێ. جگە لەوەش، چەمکی بەرەو خوارەوە Subjacency بەو پێیەی هاوپۆل دەبێ یان شوێنی کورتترین جولانەوە دەگرێتەوە. بەپێی سەرەو ژێرکردنەوەی کەرەسەکان، دانە جولاوەکان بە یەك هەنگاو ناتوانن زیاتر لە یەك گرێی بەستنەوە ببڕن. بەڵام، لە کاتێکدا ڕوو دەدەن، ئەو جۆرە جولانەوەیە پێویستە بەشێوەی بازنەیی Cyclic ئەنجام بدرێ، باشترین دۆخ هەبێ لەو کاتەدایە، کە هیچ بەربەستێکی نەیەتە ڕێگەی(Chomsky 986) . بەپێچەوانەوە تاڕادەیەك لە سەرەوژێرەدا دەستدەکەوێ. جولانەوەی کورت هیچ شوێنپێیەك بەجێناهێڵێ : پێشتر وەك کۆپیکردن لێکدەدراوە و هەر دوو دانە جولاوەکە و جێ بنچینەییەکەی زنجیرەیەك دروست دەکەن. تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەم گواستنەوەی جولانی ـ α وە هەیە. ئەمەش جێی کردەی جولانەکە دەگرێتەوە(Lamidi:2006:95) .

لە زاراوەکانی تیۆری x-bar دا بە تایبەتی تەنها جێکەوتەی بچوك و مەزنەکە پێویستن، ئاستەکانی x-barپێویست نابن. دانە فەرهەنگییەکان دەچنە ناو سیستەمەکەوە، بەهەر جۆرێك بێ دانەیەکی گەورەتر لەسەر یەك هێڵی ڕاستدا بەهۆی هەڵبژاردن و لێکدانەوە پێکدەهێنن. هەروەها تیۆری x-bar بەپێی چەمکی پێویستی conceptual necessity پێویست نییە. نەهێشتنی ئاستەکانی باڕ جولانەوەیەکی کەمتر پێشنیازدەکات. ئەوە دەهێنێتەوە بیر، کە ئاستەکانی باڕ لەکاتی ژمێرکاریدا دەردەکەون، بەهەمان شێوە بۆ نیشانەکانی تیۆری بەستنەوە، بەڵام باسی ڕۆنانی ـ S و ـ D ناکرێ. بەپێی چەمکی پێویستی، زانیارییە فەرهەنگییەکە دەبێ بچێتە ناو CHL ەوە. لەبەراوردکردندا، ئاستەکانی باڕ، نیشانەکان، و ڕۆنانەکانی ناوەوە وادەردەکەون، کە تەنها نەخشەی تیۆری بن، و وەك دەبینین، لەگۆشەی ئەوانەوە، هەندێکیان لادراون. دواتر، لەو هەڵوێستەی Minimalisim دا ، مەرجی گشگیری پەسەند دەکەین ( Mukherji: 2010:165).

گریمانەی بچوکترینی بەهێز strong minimalist thesis the ئەو پەیرەوانەی (٩)ی تێدا دروست دەکات : دانە فەرهەنگییەکان لە سیستەمەکانی دەرەکیدا یەکێك لە تایبەتییەکانیان لەگەڵ ڕۆڵێکدا دەگونجێ، کە زانیاری لێکدراوە و زانراون و سینتاکس ڕێکیان دەخات، بەڵام هیچ شتێك زیاد ناکات (Chomsky:1995:225):

(٩) أ- **لێکدانەوەی پڕاوپڕ** Full Interpretation: کەرەسەکان لەلایەن سینتاکسەوە پێشکەش بە سیستەمەکانی دەرەکی دەکرێن، پێویستە سیما و ڕێکخستنەوەیان بە تەواوی بۆیان ڕوون بێت.

ب - **مەرجی لێکدراوەیی** : Interpretability Condition دانە فەرهەنگییەکان هیچ سیمایەکی تایبەتی دەنگ و واتای لێکدراوەیان لە هاوبەشەکاندا نییە .

ج - **مەرجی گشتگیری** :Inclusiveness Condition سینتاکس ناتوانێ سیما نوێیەکان بەرهەم بهێنێ وەکو نیشانەکان، یان لادانی نیشانەکان ( Rezac :2011:203 ) .

## ٣ - ٥ جیاوازی پارامیتەری نێوان زمانەکان

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا جیاوازی نێوان زمانەکان لە بەهای ئەو پارامیتەرەدا پەیدا دەبێ، کە تیۆرەکە لە ئاستی ڕستەسازی و ڕۆنانیدا تێبینی کۆمەڵێك پارامیتەری جۆراو جۆر لە زمانە سروشتییەکاندا دەکات. ئەگەر جەخت لەسەر ڕیزبوونی وشە بکەینەوە لە زمانەکاندا جیاوازییەکی ئاشکرا بەدی دەکرێ لەنێوان زمانەکانی وەکو ئینگلیزی و ئیسپانی و زمانەکانی وەك یابانی و کوردی. پێکهێنەری وەکو بکەر، کار و بەرکارەکان لەهەموو ئەم زمانانەدا دەردەکەون ( ئەم چەمکانە لەهەموو زمانەکاندا پێویستن)، ڕیزبوونیان لە ڕستەدا لە زمانێك بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ. لەکاتێکدا ئینگلیزی و ئیسپانی بە بنەمای ڕیزبوونی SVO لێکدەدرێنەوە و پەسەند دەکرێن، یابانی وکوردی بە زمانە SOV یەکان دادەنرێن.

لە ئینگلیزی و ئیسپانیدا بەرکارەکە لەدوای کارەکەوە دێ، لە یابانی و کوردیدا بەرکارەکە لەپێش کارەکەوە دێ. ئەم جیاوازییانەی جۆری ڕیزبوونی پێکهاتەکانی ڕستە لە مۆدیلی بنەماو پارامیتەرەکاندا PP بە پارامیتەر دادەندرێ، واتە پارامیتەری ڕیزبوونی کەرەسەکان (Fuertes:2001:18 ) .

جیاوازی ڕیزبوونی وشە لەنێوان، ئاخاوتنی ئینگلیزی و یابانی/ کۆری بە پارامیتەری سەرە پیشان دەدرێ. ئینگلیزی زمانێکی سەرە- سەرەتایەhead-initial ، کەچی یابانی/کۆری بە زمانی سەرە- کۆتا head- lastدادەندرێن و کوردیش لەڕووی ڕستەوە سەرە- کۆتایە بەڵام لە فرێزدا تێکەڵە، بۆ نموونە لە فرێزی بەنددا سەرە- سەرەتایە، وەك ( **لە زانکۆدا** )، لە فرێزی کاری، ئاوەڵناوی، دیارخەری... هتد سەرە- کۆتایە، وەك **{( سروە نامەکەی نووسی )، زۆر جوان، منداڵەکە } .**

بچوکترین پڕۆگرام هۆی جیاوازی ڕیزبوونی کەرەسەکان لە نێوان زمانەکاندا ڕوون دەکاتەوە، بەڵام نەك وەکوGB ، پەنادەباتە بەر جیاوازی هێزی سیمای کەتیگۆرییە ئەرکییەکان. بۆ نموونە، لەم ڕستانەی خوارەوەی ئینگلیزی و فەرەنسی تێبینی دەکەین :

(10) a. John often kisses Mary.

b. *John kisses often Mary.

(11) a. *Jean souvent embrasse Maria.

b. Jean embrasse souvent Maria.

وەك لە (11،10)دا دەبینین، لە ئینگلیزیدا ئاوەڵکار پێش کارە سەرەکییەکە هاتووە، بەڵام لە فەرەنسیدا لە دوای کارە سەرەکییەکاندا دێت. ئەم ڕاستییە لە بچوکترین پڕۆگرامدا بەم شێوەیە ڕوونەدەکەینەوە. لە ئینگلیزیدا، سیمای ـ V لە کاتدا (Tense) بێهێزە و بەو پێیە T بە ئاشکرا کارەکە بەرز ناکاتەوە. لەبەر ئەوە کاری kisses لە (10)دا لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە و بەسەر ئاوەڵکارەکەدا often باز نادات. کەچی لە فەرەنسیدا، سیمای ـ V لەسنووری کاتدا بەهێزە، واتە بەئاشکرا کارەکە بەرزدەبێتەوە، لەبەر ئەوە کاری embrasseلە (11)دا دەبێ بەرزبێتەوە بۆT ، بەسەر ئاوەڵکارەکەدا بازدەدات. لەبەر ئەوەشە (11a) ناڕێزمانییە، لەکاتێکا (11b)ڕێزمانییە (Jang : 2000 : 4) .

لە کوردیدا کار لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەوڵەمەندە، زانیارییەکانی کات و کەس لەسەر کارەکە بەگیرەك دیاریکراوە، سیمای ـ کات و ڕێکەوتنی کار بەهێزە، لەبەر ئەوەیە کار بەرزنابێتەوە بەرەو T وAgr ، بەڵکو ئەوان نزم دەبنەوە بۆ کارەکە، واتە سیمای ـ V لەسەر T و Agr بێهێزە، هەر ئەوەشە وادەکات کار نەتوانێ بەسەر ئاوەڵکارەکاندا بازبدات، وەك لەنموونەی ( ١٢ ) خوارەوە خراوەتە ڕوو:

(١٢) أ- هیوا زۆرجار دەچێ بۆ بەغدا.

ب ـ *هیوا دەچێ زۆرجار بۆ بەغدا .

## ٣ ـ ٦ بنچینەی ئابوریکردن Substantive Economy :

لە زمانە سروشتییەکاندا، داڕشتنە سینتاکسییەکان بەپێی بنەماکانی ئابوریکردن Economy principlesڕستەکان هەڵدەسەنگێنن. ئەم بنەمایانە بەتەواوی بەراورد دەکرێن بە مەودای داڕشتنە درێژخایەنە جیاوازەکان ( سەرجەم داڕشتنەکان، ڕێرەوی جولانەوە درێژەکان، تێچوی ژمێرکاری،..) و لادەبردرێن، تەنها ئەوە نەبێت کەمترین و وزەپارێزە .

### ٣ـ ٦ ـ ١ بنەماکانی ئابوریکردن Economy Principles

چۆمسکی ساڵی(١٩٩٥ ) بەفراوانی لە دوو بۆچوونی جیهانی کۆڵیوەتەوە : کەمترین وزە Least effort و دواچارە last resort . ئەمانە وەك لێکۆڵینەوەکان considerations یان هۆکارەکان factors گفتوگۆیان لەسەرکراوە، کە پێویستە بە هەر شێوەیەك بێ، لە کارکردنی سیستەمی ژمێرکاری زمانی مرۆڤدا گرنگیان پێبدرێ، ئەوەش ئەستەمە دەربڕینە ڕاستەقینەکانیان وەك هاوتای بنەماکان شوێنیان دیاری بکرێ، واتە

بنەمای جێکەوتە یان بنەماکانی بەستنەوە، ئەوەش دەکرێ، ئەو چەمکە گرنگە لەم بۆچوونانەدا بە ئاسانی هەستی پێ بکرێ. دواچارە داوادەکات کردە سینتاکسییەکان، ( بەتایبەتی ئەو کردانەی کار لە گواستنەوە دەکەن ) پەنا بۆ باشترینیان ببات، لەکاتێکا هەندێ داواکاری سینتاکسی ناتوانێ بە مانای تر دەرکەوێ. ئەمە چونکە کردە سینتاکسییەکان بەهادارنcostly . ئەگەر هاتوو کردە سینتاکسییەکان جێبەجێبکرێن، کەمترین وزە Least effort داوای ئەوە دەکات، هەلی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەو جێبەجێکردنانە بەدەست بێنن، کە کەمترین تێچویان هەیە. مانای ئەوەیە، هەرچەندە دەربڕینی ئەو بۆچوونانە دیاریکراو بێ، بچوکترین پرۆگرام پێویستی بە زیاتر لە فۆرمێك هەیە (176 : 2010 : mukherji ) .

چۆمسکی هەندێ بنەمای دیاریکراو پێشنیازدەکات، کە لە ژێر ڕکێفی کەتیگۆرییەکانی دواچارە و کەمترین وزەدا دەردەکەون. بنەماکانی داڕشتنی ئابورییانە Derivational Economy Principles ( کەمترین جولان و مەرجی بچوکترین بەستنەوەShortest Move and Minimal Link Condition ، کەمترین هەنگاوFewest Steps ، دواخستنProcrastinate ، دواچارەLast Resort ، چاوتێرنەبوون Greed، بواری ئابوریکردنScope Economy ، لێکدان زیاتر لە جولان Merge Over Move و ئەو پەڕی کەمکردنەوەی سنورMinimize Restriction ) و نواندنیی ئابورییانە Representational Economy( بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ Principle of Full Interpretation و نەهێشتنی ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی ژێرەوەElimination of Deep Structure and Surface Structure ) کۆدەبنەوە (Lechner : 2006 : 7) .

## ٣ ـ ٧ ئابوریکردن لە داڕشتنداEconomy of Derivation

بنەمای ئابوریکردن لە داڕشتندا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پێویستە داڕشتنەکان بەکەمترین وزە ئەنجام بدرێن : بەمەش، ئەو داڕشتنانەی تێچویان کەمە لەبارترن لەو داڕشتنانەی تێچویان زۆرترە. مەرجەکانی ئابوریکردن لە داڕشتندا دەریدەخەن چۆن تێچوی (بەهای) داڕشتنێك دەژمێردرێ : Horn ) (12 : 2001. داڕشتنی ڕستەیەك پرۆسەیەکی سنوردارە، لەڕوویەکی تایبەتییەوە، ئەو پرۆسەیە نواندنێکی پێدەدات، کە وەك دەرکردەی ئەو سیستەمە ڕێزمانییە ئەرك ببینێ. ئەم نواندنە وەك تێکردەیەك بەشدار دەبێ لە بەشەکانی تری ئەو سیستەمە مەعریفییە، بۆ نموونە ئەوەیان هەیە کار لەگەڵ لێکدانەوە دەکەن. بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ داوادەکات، کە هەر ڕەگەزێك دەبێ تێکردەیەکی مانابەخش برەخسێنێ، بۆ ئەو بەشانەی پەیوەندییان بە سیستەمی مەعریفییەوە هەیە. تەنها ئەم ڕەگەزانەش لێیان دەکۆڵدرێتەوە تاکو کەرەسەکان لە ئاستی هاوبەشدا پەسەند بکرێن .

ئەو سیمایانەی لەگەڵ گیرەکە مۆرفۆلۆجییەکاندا بەشدارن وادادەنرێ، کە تەنها پەیوەندییان بە سینتاکسەوە هەبێ. کە بەشدارییەکی گرنگ دەکەن لە ڕێپێدانی ڕەگەزە گیرەکییەکاندا. هەرچەندە، ئەم سیمایانە لە پێکهێنە ڕێزمانییەکاندا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە پێکهێنەکانی سیستەمی مەعریفی دەرەکییەوە نییە. لەلایەکی ترەوە، ئەو سیمایانەی لەگەڵ ئەو گیرەکە مۆرفۆلۆجییانەی هاوبەشیان کردووە لە ئاستی هاوبەشدا کەرەسەی ناپەسەندن، بەو هۆیەوە: نابنە بەشێك لەو دوا نواندنەی کە وەك تێکردەی پێکهێنەکانی تری سیستەمی مەعریفی بەکاردێن. دەبێ ئەم سیمایانە لەکاتی داڕشتندا لابدرێن. وادادەنێ، کە سیما لێکچووەکان یەکسەر پاساوبدرێن و لابدرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، داوادەکات ژمارەیەکی کەمی هەنگاوەکانی داڕشتن بە کەمترین نواندن لە هاوبەشی پێکهێنی ڕێزمانی و پێکهێنەکانی تری سیستەمی مەعریفی ئەنجام بدرێ(Zwart : 1997 : 14) .

دوو بنەمای تر ڕاستەوخۆ لە ئابوریکردنی داڕشتندا دیاریکراوە، یەکەمیان : خستنەڕووی داڕشتنەکە بەشێوەی هەنگاو پەیرەودەکرێ. لەهەر هەنگاوێکدا، ئابوریکردن لە داڕشتندا دەبێ تەنها ڕێ بە کەمترین چالاکی بدات. لەدواییدا، ئەو جولانەوانەی هەن دەبێ ڕوو بدەن، بەڵام ئابوریکردن لە داڕشتندا بەسەریدا دەسەپێنرێ، کە ئەم چالاکییانە لە داڕشتنەکەدا دەکرێ بەدرەنگەوە ڕووبدەن. دەتوانرێ، ئەمە دواخستن ( procrastinate) وەك بنەمایەکی فراوان سەیربکرێت (Chomsky : 1993: 30 ) . دووەم : جولانەوە بەویستی ڕەگەزە گیرەکییەکان ڕێی پێدەدرێ بوروژێت (بەویستی ئەو سیما ئەبستراکتانەی بەشداری لەگەڵ ڕەگەزە گیرەکییەکاندا دەکەن، زۆر بەتەواوی، پاساو دەدرێن ). ئەو کەرەسانەی کە لەپێشدا ڕێیان پێدەدرێ، یان ئەوەی نایەوێ ڕێی پێبدرێ، نە بە زۆر دەجولێنرێن و نە ڕێ بە جولانەوەیان دەدرێ. پەیرەوی ئەوە دەکەن، کە ئەو جۆرە ڕەگەزانە هەرگیز ناتوانرێ بەزۆر بجولێندرێن تاکو لە ڕێپێدانی ڕەگەزێکی تردا بەشدار بن. ئەو وروژاندنەی جولانەوە هەمیشە ڕاستەوخۆ کار لەسەر ڕەگەزێك دەکات بۆ ئەوەی ڕێی پێبدرێ. ئەو بنەمایەی کە ڕێ بە جولانەوە نادات بەتەنها یارمەتیی ڕەگەزەکانی تر بدات پێی دەوترێ چاو تێرنەبوون(Chomsky: 1999:33) Greed .

### ٣ ـ ٨ بنەمای دواچارە (LR) Last Resort

یەکێکە لەو بوارە سەرکەوتوانەی پەیوەندی بە بچوکترین پرۆگرامەوە هەیە، وادەکات بە ناچاری (the driving force) جولانەوەی سینتاکسی بگرێتەخۆ. لەپێش بۆچوونەکانیساڵی ١٩٩٠ ەوە، بچوکترین پرۆگرام سوڕە لەسەر سروشتی دواچارە لە جولانەوەدا : لەگەڵ بیری سەرەکی ئابوریکردندا گونجاوە، جولانەوە پێویستە بەهۆی هۆکارێکەوە ڕووبدات، بەتایبەتی هۆکاری ناوەکی ( ورد ). پاڵێوەری دۆخ، کە پێکهاتەیەکی سەرەکی سیستەمی GB یە، بە تەنگ ئەوەوەیە شتێکی وەك ناچارکردن driving force بخاتە

بەردەست. تێبینی دەکرێ، کە ئەگەر داواکاری دۆخ لە فرێزێکی ناویدا مەرجی جولانەوەی بەناچاری دابنێ، ئەو داواکارییە نابێ یەکسەر لەسەر سەرەتای ئەو دەربڕینە ناوییەی ناوەوەی ڕۆنانەکە پەیرەو بکرێ. بەڵکو، پەیرەوکردن پێویستە چاوەڕوان بێ هەتا خولێکی ترcycle ، یا لەڕاستیدا تا ژمارەیەکی دیارینەکراو لەخولەکانی دواتر، چونکە بەرزبوونەوەی ئەو شێوانە دەتوانێ کاری تێبکات، و تەنها ئەوە دوا شوێنی گیرسانەوەیە، کە ڕێ بە دۆخی بکەری دەدات :

(١٣) وادیارە هیوا { t بۆ ئەوە دەشێ ( t ببێتە پەرلەمانتار ) } .

بۆچوونی بچوکترین پڕۆگرام پەیوەندیی بەشەکانی باسەکە لەگەڵ یەکتری ئاسان دەکات، لەوەی ناچارکردنی جولانەوەکە دەتوانێ یەکسەر پەیرەو بکرێ نەك دواتر لەداڕشتنەکەدا سنوری بۆ دانەنرێ. لەو نموونەیەی خراوەتەڕوو، گریمان ناتەواوییەکی زۆر دەمێنێتەوە نەك لە دەربڕینە ناوییەکە بەڵکو لەو دانەیەی کە ڕێ بە دۆخەکەی دەدات، بۆ نموونە، سەرەی کات / گیرەکەکە لە ڕستەکەدایە. ئەو گیرەکەش سیمای وەك ژمارە هەڵدەگرێ، کە پێویستە لەبەرامبەر فرێزە ناوییەکەدا NP پاساودرابێ، کە بەوجۆرە ژمارەیەك سیما هەڵدەگرێ. دواتر یەکسەر کە سەرە لەلایەن گواستنەوەی گشتییەوە بەرەو ڕۆنانەکە دەخرێتەڕوو، کە فرێزە ناوەییەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ attract و پاساوی سیماکەی دەدات ( لە ئەنجامدا لادەدرێ ). دواتر جولانەوە لە ڕوانگەی ئامانجەکەوە target سەیرکراوە نەك لە جولانەوەی دانەکە خۆیدا. ئەو دۆخەی فرێزە ناوییەکە بە ئاشکرا پاساوی دەست دەکەوێ لە ئەنجامی جولانەوەکەوەیە، بەڵام ئەمە بە تەواوی لایەنێکی بەسودە کاردەکاتە سەر بەجێهێنانی داواکاری ڕاکێشەرەکە ) Lasnik and ( Lohndal : 2010 : 47. هەر کاتێ فرێزێکی ناوی NP کە داوای ئەمە بکات، دەجولێ، یان لەبەر ئەوەی فرێزی - wh کە پێویستە لە شوێنی کارپێکردنی دەرکەوێ، یان لەهەندێ بنەمای سەرپێچی کردن دوورکەوێتەوە : پاڵێوەری دۆخ، وەك لە دۆخی بکەر نادیار و بەرزبوونەوەدا، یان ئەو بنەمایە بۆ هەرچی داوایەکی دەسەڵاتی ناکەتیگۆری بەتاڵ PRO دەگەڕێنینەوە(Chomsky : 1986 : 143) . لە ئەنجامدا، LR ئەوە دەڵێ α : بە تەنها دەجولێ ئەگەر ئەم بەکارهێنانەی جولانەوە پێویست بوو بۆα ، بۆ ئەوەی ڕەگەزێك پەیرەوی FI بکات ( لە هەبوونی PF و LF دا ). چۆمسکی لەکارەکانی (1991)دا FI و LR بەرزدەکاتەوە بۆ مەرجەکانی ئابوریکردن لە UG دا، کە لە تیۆری زمانیدا بنچینەی لێکدانەوەکانمان لە بۆچوونی (نموونەیی)دا Optimality دادەڕێژێ (Boeckx : 2006a : 6) .

چۆمسکی (1995b) لە چوارچێوەی MP دا، لە باسی دواچارەدا بەزۆری جەخت لەسەر جولانەوە دەکاتەوە، کە لە کردەکانی جولانەوەی دێریندا گشتییە، وەکو پێکهاتەی پرسیارەکان، لەیەك جیابوونەوەدا Clefting، بکەرنادیار و بەرزبوونەوە. بەپێی بۆچوونی چۆمسکی ( 1986a:143,160)ئەو بۆچوونە

تازەیە ئەوەیە کە جولاندن بابەتێکە بۆ مەرجی دواچارە. داوادەکات، کە ئەلفا ـ بجولێنە بەتەنها جێبەجێبکرێت، کاتێ لە ئەنجامدانیدا سەرنەکەوێ، وا لە دارشتنەکە دەکات، کە سەرپێچی مەرجەکانی ڕێزمانێتی بکات وەکو پاڵێوەری دۆخ. ئەو گشتگیرییە سەرەکییەی کە چۆمسکی دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە، ئەوەیە، کە زۆرجار پێی دەوترێ مەرجی زنجیرە :

(١٤) لە زنجیرەیەکی ـ A دا لە فۆرمی ( $\alpha_1$ ....... $\alpha_n$ ، $\alpha_1$ ) شوێنی تایبەتی دۆخەکەی داگیردەکات و $\alpha_n$ شوێنی تایبەتی ثیتاکەی داگیردەکات(Chomsky:1986a:137 ) . ڕوونیدەکاتەوە، کە تەنها سەرەی زنجیرەکە (نەك پاشبەندەکەی) لە شوێنی دۆخدایە. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە، کە هەر NP یەك دۆخی پێدرابێ، ئەوا نابێ بجولێتەوە، هەرچەندە پەیرەوی پاڵێوەری دۆخ بکات. چۆمسکی دوبارە ئەو بۆچوونەی دواچارە لە(1993, 1995b:200,201)دا بەدی دەکات، وەك خوارەوە دیاریدەکات : "هەر هەنگاوێك لە دارشتنەکەدا ئەگەر پێویست بێ بۆ یەکگرتن، پەسەندە". چۆمسکی بۆ جێبەجێکردنی خۆ ـ خزمەتکردن self – serving دواچارە پوختدەکاتەوە. ئەمەش مەرجی چاوتێرنەبوونە – Greed ( self – serving Last Resort) (Baltin and Collins: 2001:49 ).

**٣ـ ٩ بنەمای دواخستن** ( Procrastination Principle ) :

داوای ئەوە دەکات، تەنیا ئەو یاسایانە بەکاربهێنرێن، کە پێویستن ( بنەمای دواچارە last resort ). لە ڕوانگەی چۆمسکییەوە، ئەو بنەمایانە لەجیاتی ئابوریکردنی نواندن و ئابوریکردنی دارشتن ڕوونکراوەتەوە. دەربارەی بنەمای دواخستن، بۆ نموونە، چومسکی ئەوە دەخاتەڕوو، ( ئەو بۆچوونە زگماکییە فۆرمێکی لۆجیکییە ) ـ کردەکان جۆرە ڕایەڵێکن ـ لە تیشکدانەوەدا، لەو دیو ئاگاوە بەشێوەیەکی میکانیزمی کاردەکەن. بەگوێرەی بنەمای دواچارە لە کارکردندا تێچوویان کەمترە : chomsky : 1989) 51. ) هەروەها چۆمسکی دەڵێ، بیری کردەی دواچارە لەجیاتی ئابوریکردن دارێژراوە : هەمیشە دارشتنە کورتەکان shorter derivations هەڵدەبژێردرێ نەك درێژەکان ( 1998 :50).

دواخستن : ئەگەر دوو دارشتن D1 و D2 هەمان کۆمەڵە ئاماژەیان تێدا بێ و لەوەدا D1 لە D2 جیادەکرێتەوە، کە دانەیەکی α لە D1 دا بە شاراوەیی دەجولێ ( دوای درکاندن ) و لە D2 دا بە ئاشکرا دەجولێ ( پێش درکاندن)، کەواتە دەبێ D1 زیاتر لە D2 بەلاوە باشتر بێ (Müller : 1998:36 ) .

دواخستن لەسەر بنچینەی ئەو بۆچوونە دادەنرێ کە جولانەوەی شاراوە بە هەر شێوەیەك بێ باشترە لە جولانەوەی ئاشکرا (هەروەها بڕوانە چۆمسکی 1993 : 30 ). لەوانەیە بەناوبانگترین بنەمای کاتی ڕوودان timing principle بنەمای دواخستنی چۆمسکی (1993) بێ، کە بەم شێوەیە ڕووندەکرێتەوە :

(١٥) جولانەوەی شاراوە تێچوی کەمترە لە جولانەوەی ئاشکرا .

بەگوێرەی ئەم بنەمایە، جولانەوەی ئاشکرا ڕێگەی پێنادرێ، بەپێچەوانەوە ئەگەر وا نەبێ دارِشتنەکە تێکدەشکێ. دارِشتنێك لەهەندێ ئاستی هاوبەشدا (PF یان ( LF تێکدەشکێ، ئەگەر لێرەدا هەندێ سیمای وایان خستەڕوو، کە لەو ئاستەدا لێکنەدرابێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر سیمایەکی دۆخ لە LF دا پیشان بدرێ، دارِشتنەکە تێکدەشکێ. ئەگەر سیمایەکی بەهێز لە PF دا خرایەڕوو، دارِشتنەکە تێکدەشکێ. کەواتە، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، دواخستن دەتوانرێ وەك نموونەیەکی مەرجی دواچارە لێکبدرێتەوە. ئەگەر هەر کردەیەکی ئاشکرا ئەنجام بدرێ بەپێچەوانەوە دارِشتنەکە تێکدەشکێ (Baltin, Collins : 2001:55 ) .
ئەگەر هیچ شتێك داوای جولانەوەی بکەر (فرێزێکی -wh )ی لە سینتاکسی ئاشکرادا نەکات، لە سینتاکسی شاراوەدا ناجولێتەوە. ئەو دارِشتنەی لە LF دا داوای جولانەوەی بکەر (فرێزی -wh ) بەرەو [ spec , cp ]دەکات بۆ ئەوەی ڕادەیەکی گونجاو/ ڕۆنانی جیاواز دروست بکات. بەپێچەوانەوە، دارِشتنەکە لە LF دا تێکدەشکێ چونکە ئەو ئەنجامە بەڕادەیەك سەرپێچی لێکدانەوەی پڕاوپڕ (FI) دەکات کە ئەو گۆڕاوە نابەستێتەوە، کە ناتوانێ لێکیبداتەوە ( Freidin : 2007 : 55 ) .

هاندانی بنەمای دواخستن بۆ وەسفکردنی جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان بەکاردێ، ئەگەر وابێ جولانەوە بەئاشکرا ڕوودەدات یان نا. وردبوونەوە لەو نموونانەی خوارەوە جیاوازی نێوان فەرەنسی و ئینگلیزی لەگەڵ کوردیدا ڕووندەکاتەوە :

(16 ) a. *John kisses often Mary

b. John often kisses Mary

(17 ) a. Jean embrasse souvent Marie ( French)

b. John kisses often Mary

(١٨) أ- فەرهاد دوێنێ وتارەکەی نووسی.

ب ـ *فەرهاد نووسی دوێنێ وتارەکەی

گریمان، کە ئاوەڵکارەکە هەندێ شوێنی ( دیاریکار یان هاوسنور ) لەنێوان T و V داگیردەکات، ئەم نموونەیە دەتوانرێ بەو شێوەیەی خوارەوە وەسف بکرێ. لە ئینگلیزی و کوردیدا، کارەکە ناتوانێ بەرەو T بەرزبێتەوە، لە فەرەنسیدا، کارەکە پێویستە بەرەو T بەرزبێتەوە .

بنەمای دواخستن ئەو دارِشتنانەی بەلاوە باشترە، کە چاوەڕێی جولانەوەکان دەکەن تا دوای درکاندن. ئەمە مانای ئەوەیە جولانەوەکان کار لە PF ناکەن، بەپێی ئەو جولانەوانە هەڵدەبژێردرێن، کە ئەنجام دەدرێن ( Napoli : 1996: 394 – 5 ). ئەو بنەمایە ئەم جۆرە دارشتنە پەسەند دەکات، کە جولانەوە دەوەستێنن تا دوای درکاندن. گرنگی ئەمە لەوە دایە، کە ئەگەر پێکهاتەیەك توانی پێویستە چاوەڕێ بکات Marantz ) ( 1995. ناپۆلی ئەم نموونەیەی لە کاری یاریدەدەری ئینگلیزیدا هێناوەتەوە، کە دەتوانێ چاوەڕێ بکات. بەڵام بەپێچەوانەوە لە فەرەنسیدا کاری یاریدەدەر چاوەڕوان ناکات. دارِشتنێك دەبێ سەرپێچی دواخستن بکات بۆ ئەوەی یەکبگرێ(Lamidi :2006: 94) .

بنەمای دواخستن لە ئابوریکردندا ئەو دارِشتنانەی بەلاوە باشترە کە تا بتوانێت جولانەوە بە درەنگەوە لە دارِشتنێکدا دوادەخات. بەو پێیە هەموو جولانەوەیەکی ئاشکرا سەرپێچی دواخستن دەکات. دارِشتنەکان دەبێ سەرپێچی دواخستن بکەن تاکو یەکبگرن. هەرچەندە، لە ئینگلیزیدا بەم جۆرە، کارە سەرەکییەکان پێش درکاندن بەرز نابنەوە بەرەو کات Tense و هەروەها لەناو فرێزی کاریدا دەردەبڕدرێن. هەرچەندە لە زمانەکانی وەکو فەرەنسیدا، کارە سەرەکییەکان پێش درکاندن بەرەو کات بەرز دەبنەوە. کارە ئینگلیزییەکان پەیرەوی دواخستن دەکەن، چاوەڕوان دەکەن هەتا دەتوانن ( تا LF ) سیمای کاتەکانیان نیشانە دەکەن . check off بەڵام کارە فەرەنسییەکان پێویستە سەرپێچی دواخستن بکات بۆ ئەوەی یەکبگرن. ئەم جیاوازییەی نێوان فەرەنسی و ئینگلیزی ئەوەیە، کە سیماکانی کات لە فەرەنسیدا بەهێزە و دەبێ بەئاشکرا پاساوبدرێ، لەکاتێکا سیماکانی کات لە ئینگلیزیدا بێهێزە و پێویست ناکات بەئاشکرا پاساوبدرێ( Denham : 1997 : 14) . بەڵام لە کوردیدا گیرەکی کات بەهێزە دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە، ڕادەکێشرێ بۆ خانەخوێیەکەی، کە ڕەگی کارەکەیە، لەبەر ئەوە لەسەر کارەکە بنچینەی بەرهەمهێنانە. سیمای بەهێز دەبێ بەئاشکرا پاساو بدرێ پێش درکاندن، بەمەش سیمای گیرەکی کات T لەشوێنی گیرسانەوەکەیدا دەوروژێ و بە ڕاکێشانی سەرەی T دەبێتە هۆی جولانەوە، بەمەش بەنزمبوونەوەی گیرەکی کات چارەسەری ئەو سیما بەهێزەی دەکات بە پاساودانی دەبێتە هۆی لێکدانی T بە ڕەگی کارەکە V پێش ئەوەی درکاندن ڕووبدات، بۆ ئەوەی دارِشتنەکە تێك نەشکێ.

### ٣- ١٠ مەرجی کورتترین جولانەوە Shortest Move Condition :

دارِشتنەکان لەگەڵ هەمان دانەی فەرهەنگیدا بەراورد دەکرێن، بەڵام ئەگەر یەکێکیان لە یەکێك لە بنەماکانی ئابوریکردنی لایدا، ئەو کاتە سەرناکەوێ، تەنها کورتترین و کەمترین دارِشتنی ئاڵۆز دەمێنێتەوە.

کورتترین جولانەوە زیاتر دەست بەسەر ئەو کارانەدا دەگرێ، کە بەئاشکرا ئەنجام دەدرێن، بەپێی ڕێژەی کورتکردنەوە ( Rizzi :1990 ) و نزمبوونەوە Subjacency ، و مەرجی جولانەوەی سەرە Head

Movement Constraint، کورتترین جولانەوە داوای جولانەوەی پێکهاتەیەك دەکات، کە بە ئاسانی لە شوێنی سەرەکی خۆیەوە بەشێوەیەکی دروست بەرزبێتەوە بەرەو یەکەم شوێن ( Marantz : 1995 ) .ئەم نموونەیەی خوارەوە ( 19a)دەهێنێتەوە کە سەرپێچی سنووری جولانەوەی سەرە دەکات. (19b)سەرپێچی بەرزبونەوەی ـ باڵتر دەکات، و (19c)سەرپێچی بەرزتری دەکات، ئێستا هەر یەکێکیان ڕێ بە ڕوودانی کورتترین جولانەوە نادات. لەکاتێکا ئەو ڕەگەزانەی کە جولاونەتەوە بۆیان نییە کورتترین جولانەوە ئەنجام بدەن :

(19) a. *Have John will t left by the time we get there ?

b. *John is likely for it to seem t to have left.

c. *what did you persuade who to buy t ?

لە (19a ) دا have ناتوانێ بەسەر ئەو شوێنەدا بپەڕێتەوە، کە بە will داگیرکراوە بۆ جولانەوەی بەرەو شوێنی سەرەیەکی بەرزتر. لە (19b)دا John بەسەر شوێنی ئەو بکەرەدا بازدەدات، کە it داگیری کردووە، لەبەر ئەوە ڕێی پێ نادرێ، لە (19c)دا what بەسەر ئەو شوێنەدا بازدەدات، کە دەکەوێتە نێوانی A- bar (Denham 1997:14).

چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە بیری کورتترین بەستنەوە shortest link لەجیاتی کردەی فۆرمی زنجیرە دەرببڕدرێ، دەبێ بۆ یەکگرتنی بەشەکانی نزمبوونەوەکە و ECP بەکاربێ، بەپێی ئەو زانیارییە بنجییە لە مەرجی کورتترین جولانەوەدا دەردەبڕدرێ :

مەرجی کورتترین جولانەوە : دوو داڕشتنی دیاریکراوی D1 وD2 ، لە هەمان ژمارەی هەنگاوەکان پێکدێن، داڕشتنی یەکەم D1 ڕێ لە داڕشتنی دووەم D2 دەگرێ، ئەگەر بەستنەوەکانی کورتتر بێ ) (Chomsky: 1993:34.چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە دیاردەی بەرزی و ڕێژەی بچوککردنەوە (بەرزبوونەوەی سەروتر، سنوری جولانەوەی سەرە و islands [ Spec,CP ] ( wh-islands ) لەخۆبگرێ).

مەرجی کورتترین جولانەوە کاریگەرییەکانی بەرزتری superiority هاوپۆل دەکات، تێبینی دەکرێ، کە چۆن هۆی سادەترین دۆخ ڕووندەکاتەوە .

(20) a. *what did who read ?

b. who read what ?

یەکسەر پرسیارێك لەبارەی ئەو دوو دارِشتنە سەرهەڵدەدات، چ بەشێکی پەیوەندی بە ژمێرکاری ئەم مەرجەوە هەیە ؟ هەموو دارِشتنێك بەشێکی ئاشکرای لەخۆگرتووە، ئەو دارِشتنەی بەرەو PF ە، و بەشێکی شاراوەی، ئەو دارِشتنە بەرەو LF ە. لە بەشە ئاشکراکەدا، ( 20a-b)یەك لەدوای یەك (21a-b) لەخۆدەگرێ ـ وادەردەکەوێ کە بکەر لەناو VP دا پەیدا نابێ بە رەچاوکردنی ئەو نواندنە سادانە .

(21) a. [ CP what2 [C* did [ IP who1 [VP read t2 ]]]]

b. [ CP who1 [ C* [ IP t1 [ VP read what2 ]]]]

ئەو بەستنەوەی نێوان what و شوێنپێیەکەی لە شوێنی بەرکارەکەدا دیارە درێژترە لە ئەوەی نێوان who و شوێنپێیەکەی. هەرچەندە، لە نواندنەکانی( 21a – b ) LF دا، بەستنەوەکان لەهەموو دارِشتنێکدا هاوشێوەن، لەکاتێکدا هەردوو فرێزەکە بەرەو هەمان ئەو دوو شوێنە دەجولێنەوە :

(22) a. [ CP [ NP2 who1 [ NP2 what ]] [ IP x1 read y2 ]]

b. [ CP [ NP1 what2 [ NP1 who ]] [ IP x1 read y2 ]]

ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کورتترین جولانەوە لە سینتاکسی ئاشکرادا ئەنجام دەدرێ، نەك لە LF دا. ئەوەش پیشاندەدات، کە کورتترین جولانەوە نابێتە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییەی نێوان (23) و (24)، لەکاتێکا تەنها نموونەیەك جولانەوەی هەردوو فرێزی - wh بۆ هەمان دوو شوێن دەگرێتەوە.

(23) which book did John wonder which students had borrowed ?

(24) *which students did John wonder which books had borrowed ?

هەمان شوێن لە دۆخێکی ئاڵۆزتردا لە ( 25)دا دەستدەکەوێ، لەو شوێنەی کە ئەو دوو فرێزەی wh لە پارستە جیاوازەکاندا دەستپێدەکات .

(25) a. who(m)1 did John persuade t1 [to visit who(m)2]

b. *who(m)2 did John persuade who(m)1 [to visit t2 ]

بۆ نواندنی (25a-b)جوتێك دارِشتنی یەکگرتوو لە سینتاکسی ئاشکرای( LF) دا وەردەگیرێ ، بەستنەوە لەنێوان who1 و شوێنپێیەکەی، دوبارە ئاشکرایە، کە بەستنەوە لەنێوان $who_2$ و شوێنپێیەکە کورتترە. کەواتە جیاوازی لە گونجاندنی نێوان ( 25a)و (25b)لە کورتترین جولانەوەدا پەیرەو دەکرێ. چاوتێرنەبوون دەریدەخات فرێزی - wh ی لە شوێنی بەرکاری تەواوکاردا ناجولێتەوە بۆ سپێکی CP ی

تەواوكارەكە چونكە persuade [ +wh ]ی C هەڵنابژێرێ. (25b) بەتەنها سەرپێچی بەرزییێتی دەكات بەپێی فۆرمی شیكردنەوەی زنجیرەكە دەركەوتووە، كە شوێنپێی فرێزی wh جولاوە دەبێ لە [spec, CP]ی فرێزی تەواوكاریدا ڕوویدات، كەچی بەپێی شیكردنەوەی Move - α (چاوتێرنەبوون وادادەنێ ) دەبێ سەرپێچی هەردووكیان (بەرزتری و نزمتری) (Superiority and Subjacency) بكات Freidin ( 61 : 2007 : ).

## ٣- ١١ كەمكردنەوەی هەنگاوەكان Fewest Steps

لە چوارچیوەی بنەماو پارامیتەرەكانی چۆمسكی (1981)دا، بەكارهێنانی یاسای گواستنەوەی Move αسنوری بۆ دانەنراوە. ئەو بنەمایانەی حوكمی وزەی جولانەوەكە دەكەن، ڕێ لە بەرهەمهێنانی زیادە دەگرن ( وەكو بنەمای كەتیگۆری بەتاڵ ).

ناوەرۆكی تیۆری جولانەوە لە MP دا ئەوە گریمانە دەكات، كە تەنها جولانەوە بەكاردەهێنێ ئەگەر ئەو داواكارییە بوروژێنێ، كە هەندێ سیمای ورد پاساو دەدات . پاساودان لە ئەنجامی نەهێشتنی سیماكەوەیە، لەكاتێكا سیما پەیوەندارەكان تەنها بۆ مەبەستی سینتاكسین، سەرنەكەوتن لە لابردنی ئەوانەدا دەبێتە هۆی لادان لە لێكدانەوەی پراوپردا. نواندنی دەركردە لە پێكهێنی سینتاكسیدا دەبێ ئەو كەرەسانەی تێدابێ، كە لە دەرەوەی پێكهێنی ڕێزمانیدا لێكدراوە نین (Abraham : 1996:48) .

مەرجی كەمترین هەنگاو یەكەم پێشنیازی چۆمسكی بوو، كە لەساڵی (1991)دا بەشێوەیەك توانی، وەك سەرەكیترین كۆتی ئابوریكردن بیخاتەڕوو.

**(٢٦) كەمترین هەنگاو**Fewest Steps :

ئەگەر دوو داڕشتنیD1 ، D2لەهەمان كۆمەڵە ئاماژە بوون، و D1 كردەی كەمتر لە D2 لەخۆبگرێ، ئەوا D1 مافی هەڵبژاردنی زیاترە لە D2. كەواتە، مەرجی كەمترین هەنگاو داوادەكات، كە لە دوو داڕشتنی بەرامبەردا ئەوەی كە كەمترین كردەی سینتاكسی لەخۆدەگرێ ( وەك جولانەوە ) پێویستە هەڵبژێردرێ، بەڵام پێكهاتەكان لە دواخستن و لە مەرجی كەمترین هەنگاودا هاوشێوەن(Müller: 1998:37).

لێرەدا باسی دوو جۆر كۆت دەكرێ، كۆتەكانی داڕشتنگۆڕكێ Transderivational و جێگۆڕكێ Translocal، ئەم جۆرە كۆتانە ناتوانن لەناو خۆیاندا، بەگشتی پاساو بدرێن، ئەوانە پشت بە كۆمەڵە ئاماژە دەبەستن ( كۆمەڵە پاڵێوراوێك، وەك لە تیۆری نموونەییدا بڕوانە ( Prince & Smolensky 2004 )

لەوەی کە پاڵیوراوێك هەڵدەبژێردرێ، کە وەك نموونە ڕەفتار دەکات، بەگوێرەی هەندێ پێوانەی هەڵسەنگاندن بەرێکوپێکی دیاریدەکات. کۆتەکانی دارشتنگۆرکێ لە هەندێ چەشنی بچوکترین پرۆگرامدا نموونەییە (Mùller:2011:14) .

کۆتەکانی جێگۆرکێ ( translocal constraints ) بەگشتی، دەتوانرێ وەك دیاریکردنی زانیارییەکان پیشان بدرێ: لەدەرەوەی کۆمەڵە کەرەسەیەکی سینتاکسی وەرگیراودا، بەپێی پێوانەیەکی تایبەتی یەکێك ( یا زیاتر) لەو کەرەسانە هەڵدەبژێردرێ، کە بەپێی ئەو کۆتە دیاری دەکرێ. ئەو کۆمەڵە کەرەسە سینتاکسییەی کە بەشدار دەبن لە بەربەرەکانیدا پێیان دەوترێ کۆمەڵەی ئاماژەپێکراو reference set . بچوکترین پرۆگرام واز لە ڕۆنانی - D و ڕۆنانی - S دەهێنێ، تەنها ئاستەکانی LF و PF وەك ئاستەکانی نواندن دەهێڵێتەوە. لە ئەنجامدا، مەرجەکانی نواندن، کە لە DS و SS ئەنجام دەدرێ ( جگە لە کۆتە گشتییەکان )، لایان دەبات. ئەو کۆتە ناوخۆییانەی دەمێننەوە یان وەردەگیرێن، یان لە LF و PF دا بەکار دەهێنرێن(کۆتەکانی دەرکردەی سادەbare output constructions ). بەگوێرەی ڕێبازی بەربەرەکانیکردن competition، بەرزبوونەوەی دارشتنەکە لە بچوکترین پرۆگرامدا ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی هەیە. دارشتنەکان بەربەرەکانی کەرەسە سینتاکسییەکان دەکەن ( ناخرێنەڕوو یا لە ئاستەکانی نواندندا دەرناکەون). کۆتەکانی جێگۆرکێ لە بچوکترین پرۆگرامدا لەگەڵ ئەمەدا دەگونجێ، زۆرجار پێی دەوترێ کۆتەکانی دارشتنگۆرکێ transdervational constraints یان کۆتە گشتییەکان ( or global constraints) ئەو تایبەتییە باوەی لە زۆربەی کۆتەکانی جێگۆرکێی MP دا دەردەکەوێ ئەوەیە، کە لەهەندێ بۆچووندا دەتوانن وەك کۆتەکانی ئابوریکردن لە مێشکدا دروست بکرێن، واتە بەگوێرەی هەندێ پێوەری ئابوریکردن، کۆتی جێگۆرکێ لە کۆمەڵە ئاماژەکەدا ئەو دارشتنە هەڵدەبژێرێ کەم وزەترە. بەدڵنیاییەوە یەکەم کۆتی جێگۆرکێی پێشنیازکراو لە MP دا، مەرجی کەمترین هەنگاوە( Mùller &Sternefeld:2000:8).

مەرجی کەمترین هەنگاو یەکێکە لەو کۆتانەی کە ئەو دارشتنانە هەڵدەبژێرێ، کە هەمان کۆمەڵە ئاماژەیان تێدایە و کەمترین ژمارەی کردەی سەرەکی لەخۆدەگرێ ( بڕوانە Chomsky (1991,1993,1995 , Epstein 1992 , Collins 1994 , Kitahara 1997)).

(٢٧) جولانەوەی V – بۆ – T لە بۆچوونەکانی چۆمسکی (١٩٩١)دا :

چۆمسکی (1991) هەوڵ دەدات ئەو جیاوازییەی نێوان فەرەنسی و ئینگلیزی، بەگوێرەی جولانەوەی v - بۆ - T دابڕێژێ : فەرەنسی جولانەوەی ئاشکرای v - بۆ - T هەیە لە کارە سنوردارەکان، کەچی ئینگلیزی ئەو جۆرە جولانەوەی نییە ( جگە لە کارە یاریدەدەرەکان ). ئەوەش لە ( 28) دا خراوەتەڕوو.

(28 ) a.   Jean embrasse1 souvent [ VP t1 Marie ]

b.  *Jean souvent [ VP embrasse1 Marie ]

c.   * John kisses1 often[ VP t1 Mary ]

d.    John often [ VP kisses1 Mary ]

دیارە، لە (28)دا دوو پرسیار سەرهەڵدەدات، یەکەم، بۆچی کارە فەرەنسییەکان بەرەو T دەجولێنەوە ؟ و دووەم : لەبەرچی کارە سەرەکییەکان لە ئینگلیزیدا بەرەو T ناجولێنەوە ؟ گریمانەیەکی چۆمسکی لەبارەی دانانی ڕوویەکی پێوانەیی پەیوەندی بە بۆچوونی هێزی T (strength) یەوە هەیە :  کە لە فەرەنسیدا T بەهێزە، لە ئینگلیزیدا T بێهێزە، بەڵام لە کوردیدا T گیرەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەڕووی هێزەوە مام ناوەندە، لە فەرهەنگدا ئەو گیرەکانەی T سیماکانیان دیاریکراوە، بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێن، بۆیە لە کوردیدا کاتی ڕێزمانی بە گیرەك دیاری دەکرێ، کە T یە، لە سینتاکسی ئاشکرادا ناتوانێ کارەکە بەرزبکاتەوە، وەك لە ( ٢٩ )دا دەردەکەوێ. لەهەندێ زمانی وەك ئینگلیزیدا کات Tense مۆرفیمی تایبەتی لەسەر کارەکەوە نییە، بەڵکو زۆرجار کات بە ئاوەڵکار ڕوندەکرێتەوە .

(٢٩)أ-   چرۆ   {VP   چیرۆکەکەی نوسی ١}.

ب - *چرۆ نوسی١    {VP   چیرۆکەکەی  $t_1$  }

ئیتر، کۆت هەست بە جیاکردنەوەی بەهێزی یان بێهێزی دەکات. دەتوانرێ ئەم کۆتە لە (٣٠)دا دابڕێژرێ، و گریمان، کە هەموو مەرجێك دادەنێ، وەك کۆتی ناوخۆ ( داڕشتن)، کە ئەم جیاوازییە گرنگە بۆ ئەو شێوە بەکارهێنانەی کۆتی ناوخۆ ( داڕشتن )  :

**(٣٠) هێزی   : T**

Tی بەهێز لە هەموو VS دا ڕێ بە سەربار (Adjunction) دەدات، Tی بێهێز تەنها لە کارە سوکەکاندا light VS  ( یاریدەدەرەکان ) ڕێ بە سەربار دەدات    .

ئەمە لە ئینگلیزیدا ڕێ بە  (28c)نادات : جولانەوەی ئاشکرای V - بۆ - T سەرپێچی هێزی T دەکات. لە (28a)دا  بە بەراورد بە جولانەوەی ئاشکرای V بۆ T لە فەرەنسیدا سەرپێچی ئەم مەرجە ناکات. کەچی هەندێ شت زۆر پێویستە لە فەرەنسیدا لەبارەی  (28b)وە بگوترێ. کە هێزیT بەبێ مانا جێبەجێدەکرێ، هەر وەك  (28d)لە ئینگلیزیدا دەکرێ. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە : لەبەرچی بەرزبوونەوەی ئاشکرای V بۆ Tبەخورتییە ئەگەر ئەوە بکرێ؟ چۆمسکی لە(1991)دا بەسەر گریمانەیەکدا دەچێتەوە کە گیرەك لە T دا

باش بەرهەم هاتووە. ئەگەر V بەرز نەبێتەوە بۆ T ، ئەوا لە سینتاکسی ئاشکرادا پێویستەT نزم بێتەوە بۆ V، هەروەها وەك لە پەیرەوکردنی مەرجێکی تری شوێندا. لەڕێ لادانی ئەو پاڵێوەرە لاگرەی کە لاگرە گیرەکییەکان قەدەغە دەکات، نابەسترێنەوە بە کارەکەوە. ئێستا ئەو بۆچوونە گرنگە ئەوەیە، کە نزمبوونەوەی ئاشکرایT شوێنپێیەکی نەبەستراوە دروستدەکات، کە پێویستە لەلایەن LF وە ئەنجام نەدرێ، بەهۆی بەرزبوونەوەی شاراوەی لە گشت ئاوێتەیەکی V – T بەرەو شوێنی شوێنپێیەکەی .T دارشتنەکەی پێشتر (28a)و (28b)لە فەرەنسیدا لە (٣١) و (٣٢)دا یەك لەدوای یەك دیاریکراوە.

**(٣١) داڕشتنی V – T لە فەرەنسیدا :**

a. Jean T2 souvent [ VP embrasse1Marie ] ( بەرزبوونەوەی ئاشکرا )

b. Jean [ T2 embrasse1 – T ] souvent [ VP t1 Marie ]

**(٣٢) V - داڕشتنەکە لە فەرەنسیدا لەجێی خۆیدا:**

a. Jean T2 souvent [ VP embrasse1Marie ] ( نزمبوونەوەی ئاشکرا )

b. Jean t2 souvent [ VP [ V1 embrasse1 – T2 ] Marie ] ( بەرزبوونەوەی شاراوە )

c. Jean [ V1 embrasse1 – T2 ] souvent [ VP t1 Marie ]

کەواتە، دووەم دارشتن لە (٣٢)دا جولانەوەی هەنگاوەکانی زۆرترە لە یەکەم دارشتنی (٣١)، لەبەر ئەوە دەتوانێ وەك نائابورییانە بە کۆتی ئابوری دارشتنگۆرکێ بپاڵێورێ، کەمترین هەنکاو لە(٣٣)دا وادادەنێ، کە ئەو دوو دارشتنە هەمان بەشن لەو کۆمەڵە ئاماژە. بیروڕا جیاوازەکانی پێناسەی کۆمەڵە ئاماژە پێشنیازدەکات : ئەو پێناسەیەی کە لەلایەکەوە کار بۆ دۆخەکە دەکات، کە لە (٣٣)دا خراوەتەڕوو :

**(٣٣) کۆمەڵەی ئاماژەکردن**: Reference Set

دوو داڕشتن D1 و D2 هەمان کۆمەڵەی ئاماژەکردنیان تێدایە ئەگەر (أ) و (ب) پێکبهێنن :

أ- D1 و D2 بە هەمان ڕیزبوونی فەرهەنگی دەستپێبکەن.

ب - D1 و D2 سەرپێچی کۆتی ناوخۆ یان گشتی نەکەن(Müller:2011:16) .

چونکە ئەنجامی (٣٣أ)، ڕستەیەکی ئاخاوتنی ئاسایی وەك (34b) ناتوانێ بەرێکەوت پرسی - wh لە (34a)بوەستێنێ هەرچەندە کردەی سینتاکسیی کەمتر لەخۆدەگرێ. وەك ئەنجامی (34b)، چەشنێکی نادروست لە – wh لەو شوێنەی وەك (34c)ناتوانێ بە ڕێکەوت (34a)بوەستێنێ، هەرچەندە بە

هێشتنەوەی فرێزی - wh و کاری یاریدەدەر لەجێی خۆیاندا، کردە سینتاکسییەکان کەمتر لەخۆدەگرێ - (34c)لە مەرجی ناوخۆ لادەدات، کە جولانەوەی - wh لە ئینگلیزیدا دەوروژێنێ.

(34) a. What! Have2 you t2 seen t1 ?

b. You have seen a car

c. *You have2 seen what1 ?

ئەم تایبەتییەی بەکارهێنانی دانانی مەرجی جێگۆڕکێ بەشێوەیەکی گشتی لە بچوکترین پرۆگرامدا ئەمڕۆ چیتر پەسەند ناکرێ، هێشتا چەند لێکۆڵینەوەیەکی لێدەبێتەوە،کە پشت بە مەرجی کەمترین هەنگاو دەبەستێ و دەتوانێ وەك ڕوونکردنەوەیەکی دیاریکراو تایبەتییەکان و کێشەی مەرجەکانی جێگۆڕکێ دوبارە بکاتەوە، و بەشێوەیەکی گشتی لە بەربەرەکانی - ڕێبازە سەرەکییەکاندایە .

کێشەی یەکەم، ئەوەیە، ئەم سیستەمە هەوڵدەدات ئەستەنگەکان بە ئارەزوو لە داڕشتنەکەدا لاببات. خاڵە هەڵبژێردراوەکان دەبێ بەتەنها ڕێیان پێدرابێ، ئەگەر هەموو ئەنجامی داڕشتنەکان لە تێچوودا کەمترین بن.... ئەمە ڕەنگە بەباشی ئەنجامێکی زۆر بەهێز بێ، بۆ سەرهەڵدانی کێشەیەك لە تەواوی ڕێبازەکەدا. وەك نموونەیەك، لە بەلوتکەکردنی بە ئارەزووانە لە ئینگلیزیدا دەکۆڵێتەوە. (35a)و ( 35b)هەردوکیان ڕێزمانین، هەرچەندە (35b)هەمیشە یەك کردەی جولانەوە زیاتر لە (35a)دەگرێتەوە (Chomsky:1991:433).

(35) a. Mary gave a book to $John_1$

b. To $John_1$ Mary gave a book $t_1$

چۆمسکی ئەو چارەسەرەی پێشنیاز کردووە، کە کردەکانی تایبەت بەجولانەوە( وەك دەتوانین، وادابنێین، بەلوتکەکردن لە ئینگلیزیدا ) دەبێ هەندێ پێکهێنی تر بداتە سیستەمی زمانەکە، لەوانەیە پێکهێنێکی تایبەت بە شێوازی نەخشەکێشان.... لە PF دا، کردەکانی جولانەوە لەم جۆرەدا ڕەنگە لەو کاتەدا بەدەر بێ لە مەرجەکانی کەمترین هەنگاو. دووەم شت دەکرێ، پێناسەی کۆمەڵەی ئاماژەکردن بە باشی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بەو جۆرە دوو داڕشتنەکە لە (35)دا چیتر بەربەرەکانی ناکەن. بۆ نموونە، ئەو داواکارییە زیاد بکەین، کە داڕشتنە ڕکەبەرەکان پێویستە هەمان نواندنی LF یان هەبێ، وەك لە (٣٦)دا. وادادەنێ، کە ڕستەکان ئەوەی کە جیاوازە دەربارەی کام بەلوتکەکردن کاری پێدەکرێ، پێویستە LFs ی جیاوازیان هەبێ، دەبێ ئەم ئەنجامە شایستەیەی پێ ببەخشێ.

(٣٦) کۆمەڵەی ئاماژەکردن ( پێداچونەوە ) :

دوو دارشتنی D1 و D2 لە هەمان کۆمەڵە ئاماژەن، ئەگەر (أ) و (ب) هەڵبگرێ:

أ- $D_1$ و $D_2$ بە هەمان ڕیزبوونی فەرهەنگی دەستپێدەکەن و هەمان نواندنی LF یان هەبێ.

ب - $D_1$ و $D_2$ لە کۆتە تایبەتی یان گشتییەکان لانادەن .

گەر وادابنێی، کە ئەو PPs ) واتە ( to John لە (35a)دا لەڕاستیدا بە تەواوی هەموو شتێك نییە. دەبێ ئەو بۆچوونەی ئەوە بێ، کە سیمای (لوتکە) لە هەژمارکردن (یان ڕیزکردنی دانەکان)دا لە (35a)دا هەیە، بەڵام لە (35b)دا نییە. کەواتە کۆتێکی تایبەتییە ( بەهەمان شێوەی کۆتی جولانەوەی - wh دەوروژێنێ )، کە پاڵ بە نیشانەی(لوتکە)ی دانەکانەوە دەنێ تاکو بە لوتکەکردنیان بەسەردا بێ لە ئینگلیزیدا. لەو ڕوانگەیەوە، ئەو دارشتنەی (35a) بەرهەم دەهێنێ و ئەوەی (35b) بەرهەم دێنێ بەشێك نین لە هەمان کۆمەڵەی ئاماژەپێکراو، هەر یەکێکیان بەپێی باشترین بار لە کۆمەڵە ئاماژەکەی خۆیدا سەرهەڵدەدات. بەتایبەتی، بە لوتکەکردن بەبێ سیمایەکی - (لوتکە) ( کە هەموو شتێکی - ڕیزکراو لە (35a)دا ) لەلایەن کۆتی ناوخۆییەوە Local Constraint قەدەغە دەکرێ، بە لوتکەکردنی دانە نیشانەکراوەکان - (لوتکە) دەوروژێنێ .

دووەم کێشەی شاراوەیی پەیوەندی بە مەرجی کەمترین هەنگاوەوە هەیە لەگەڵ جولانەوەی بەنۆرەی - یەك لەدوای یەك دەردەکەوێ : بەگشتی وادادەندرێ، کە جولانەوەی - wh زۆر دوورە و پێویستە بەنۆرە ( یەك لەدوای یەك ) ڕوودات، کەچی داواکارییەکی شوێنی، دەبێ سەرپێچی بکات. ئەو کۆتە بە ئاشکرا داواکارییە ناوخۆییەکانی تەواو بەسەر کردەی جولانەوەکاندا دەسەپێنێ، کە مەرجی نەگۆڕی قۆناغە Phase Impenetrability Condition (PIC) ، کە لە بۆچوونی چۆمسکی ( 108:2000) و (2000b: 13)پێشکەشکراوە، و دوابەدوای کاری MP زیاتر پەسەندکراوە PIC .وەك ئەو ناوەڕۆکەی لە پێشکەشکردنی وتارێکدا دەردەکەوێ. ئەو چەشنە دیارکراوەی PIC لە (٣٧)دا ڕونکراوەتەوە .

**(٣٧) مەرجی نەگۆڕی قۆناغ**: Phase Impenetrability Condition (PIC)

مەودای سەرەی X لە قۆناغێکی XP دا بۆ کردەکانی دەرەوەی XP ڕێی پێ نادرێ، تەنها X و قەراغەکەی(دەوروبەرەکەی) بۆ ئەو جۆرە کردانە ڕێیان پێ دەدرێ.

قەراغ(لێوار) : Edge دەوروبەری سەرەیەك X پاشماوەی دەرەوەی `X ە، پێكدێ لە دیاریكارەكانی X و (سەربارەكان) لە XP دا (Müller : 2011:17) .

## ٣ ـ ١٢ بنەمای چاوتێرنەبوون Greed

بنەمای ئابوریكردنی چاوتێرنەبوون ئەوە ڕووندەكاتەوە، كە پێویستە پێكهاتە بۆ پەیرەوكردنی داواكارییەكانی خۆی بجولێ : نابێ بۆ پەیرەوكردنی داواكارییەكانی پێكهاتەیەك یان ئامانجێكی تر بجولێتەوە ( Denham:1997:15 ). لەو بنەمایەدا پێكهاتەیەك بۆ پاساودانی سیماكانی خۆی دەجولێتەوە. ئەمە مانای ئەوەیە، كە پێكهاتە نابێ بجولێتەوە بۆ پەیرەوكردنی پێویستییەكانی پێكهاتەیەكی تر. واتە، جولاندنی α بەرەو هەر ڕەگەزێكی α ئەنجام دەدرێ ئەگەر تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەكانی α ی خۆی پەیرەو بكات .

بۆ نموونە لەم ڕۆنانەی خوارەوەدا، جولانەوەی DP (پرژە ) پێویست نییە .

(٣٨)أ- *پرژە پێدەچێ كە TP [ دڵخۆش بێت.]

ب ـ پێدەچێ، كە پرژە دڵخۆش بێت .

پرسیار ئەوەیە، ئایا لەبەرچی (پرژە) لە شوێنی بكەرە چەسپاوەكەوە بەرزنابێتەوە بۆ شوێنی قالبی بكەرەكە. بەپێی بۆچوونی چۆمسكی، ئەمە لەلایەن چاوتێرنەبوونەوە ڕێی لێ دەگیرێ، كاتێ ئەو داواكارییەی بەرزدەبێتەوە، كە سیمای دۆخەكەی (پرژە) بەر لەوە پاساودرابێ ( Baltin and Collins:2001:49).

ئەمە لەڕووی بنەماوەیە، چونكە ئەو سیمایەی (پرژە) زۆرجار لە ئاستەكانی T و AGR لە پارستە نزمترەكەدا پاساودەدرێ. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستییەی كە كارەكە (پێدەچێ) داوای بكەرێك دەكات. چاوتێرنەبوون ڕێ بە جولانەوەی DP بۆ ئەو شوێنە نادات .( Lamidi :2006:92 ) ناپۆلی (1996: 396 ) تێبینی ئەوە دەكات، كە دواخستن و چاوتێرنەبوون هەردوكیان پێویستن، چونكە بەهۆی هەردوكیانەوە لەبری چارەی دارشتنەكان هەڵ دەبژێردرێن .

لایەنێكی تری گرنگی بنەمای دواچارە ئەوەیە، كە لێرەدا دەبێ باس بكرێ. بنەمای دواچارە دەستەبەری ئەوە دەكات، كە كردەی جولانەوە دەكرێ بۆ هەر ڕەگەزێكی α بەكاربهێنرێ ئەگەر تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەكانیα ی بەپێچەوانەوە پەیرەونەكرابێ. هەرچەندە ناتوانرێ ئەو كردەیە لە α دا بۆ هەندێ ڕەگەزی جیاوازی β ئەنجام بدرێ، بۆ پەیرەوكردنی داواكارییە مۆرفۆلۆجییەكانی خۆی، ئەگەرچی ئەمە

تاکە ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی دارشتنێکی یەکگرتوو .convergent derivation هەر بەڵگەیەك بۆ جولانەوەیα ، αخۆی دەیەوێ، سیما مۆرفۆلۆجییەکانی پاساو بدرێ. ئەم خۆ- خزمەتکردنە self-serving تایبەتمەندییەکی کردەکانی جولانەوەیە، ئەوەی کە چۆمسکی پێی دەڵێ بنەمای چاوتێرنەبوون the principle of Greed، بۆ نموونە گریمان، کە دەربڕینی ( 39a)مان هەیە لەهەندێ بەندی دارشتنەکەدا ( بڕوانە چۆمسکی 1992). لەکاتێکا قالبی T سیمایەکی - N ی هەیە ( سیمای دۆخ ) بۆ بەتاڵکردنەوە، داوای هەندێ ڕەگەز دەکات، لە شوێنی قالبی بکەرەکە بێ:

(39) a. seems to [ α a strange man ] [ that it is raining outside ].

b. *[ α a strange man ]i seems to ti [ that it is raining outside ].

ئەو داواکارییە مۆرفۆلۆجییەی α بەبێ بەرزبوونەوە پەیرەودەکرێ، لەکاتێکا پرێپۆزیشن دۆخی ڕۆنانی پێدەدات/ پاساو دەدات. بنەمای چاوتێرنەبوون پێیوایە : کە جولانەوەی α بەرەو شوێنی قالبی بکەرەکە، بۆ ئەوەیە داواکاریی T پەیرەو بکات، لەبەر ئەوەیە ڕێی پێنادرێ. هەرچەندە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ بەتاڵکردنەوەی سیماکانی - N لە قالبی T دا( Horn:2001:10 ) . بەو پێیە هیچ هۆکارێك نییە a strange manلە قالبی پارستەکەدا بەرەو شوێنی بکەر بەرزبکاتەوە، کە شوێنی دۆخە. گریمان کە a strange manبەرەو شوێنی قالبی بەرزدەبێتەوە بۆ نیشانەکردنی سیمای دۆخەکەی لە شوێنی قالبی بکەر، هەرچەندە ئەم جولانەوەیە هیچ داواکارییەکی مۆرفۆلۆجیی لەم ناوەدا پەیرەو ناکات. ئەم جولانەوەیە چاوتێرنەبوون ڕێی لێ دەگرێ .

لە بەرامبەر مەرجێکی بەهێزتردا، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە α دەتوانێ بە تەنها بجولێ ئەگەر α سیمایەك هەڵبگرێ، کە وەك ئەنجامێکی ئەو جولانەیە پاساوبدرێ (واتە لابردرێ ). ئەمە بنەمای چاو تێرنەبوونە .

مەرجی خۆخزمەتکردنی دواچارەself-serving Last Resort ، یان چاوتێرنەبوون زۆر بەفراوانی لەلایەن لاسنك (1995a)و کۆلنز (1997,1995) باسکراوە. لەبەرامبەردا لاسنك دەڵێ: لە ژمارەیەکی زۆر لە دۆخەکاندا هیچ مەرجێکی سەربەخۆ لە چاوتێرنەبووندا پێویست نییە. بۆ نموونە ئاماژە بە ( ٣٨ أ ) دەکات، کە لەلایەن بنەمایەکی سەربەخۆوە ڕوونادات، کە ڕونیدەکاتەوە ئەگەر T سیمای دۆخی هەبێ، ئەوا دارشتنەکە تێکدەشکێ. لەکاتێکا سیمای دۆخی ( پڕژە ) لەنموونەی پارستە چەسپاوەکەدا، دوور نییە بتوانێ سیمای نیشانەی دۆخ پاساوبدات لە قالبی T دا. هەروەها هیچ بنەمایەکی چاوتێرنەبوون نایەوێ ڕێ لە ( ٣٨ ب ) بگرێ( Baltin and Collins: 2001:50 ) . کردە سینتاکسییەکان، لە بنەڕەتدا دەجولێنەوە بۆ ئەنجامدانی هەر دانەیەکیα ، تەنها تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەکانی (α) پەیرەودەکات. ئەمە دیارە بنەمای دواچارەیە (چۆمسکی ئەوە دەخاتەڕوو دواچارە خۆ خزمەتکردنە) کە بەزۆری وەسفی ڕەفتار دەکات.

ئەگەر بە ئاسایی داوای ئەوە بکەین، گوێی پێنادرێ، کە دەبێ جولانەوە بەگوێرەی لێکۆڵینەوە وردە لۆجیکییەکان بەتەنها کاربکات. ئەوەش، جولانەوە سیماکان بەرزدەکاتەوە. ئەو بیرە هەر زۆر بەئاسایی لە چوارچێوەی Probe – Goal دا لەگەڵ لێکدانی ( ناوەکی)دا یەکدەخرێت( Mukherji : 2010:177) .

## ٣- ١٣ نواندنی ئابوورییانە Representational Economy

بچوکترین پرۆگرام هەوڵ دەدات، پێناسەی دەربڕینی زمانی وەك جوتە هێمایەکی ( π , λ ) بکات، کە π فۆرمی فۆنەتیکی (PF) و λ فۆرمی سیمانتیکی(LF) ە. بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ ئاماژە بەو جوتە هێمایە (λ ، π) دەدات. ئەوەش، بەگوێرەی مەرجی دەرکردەی سادە bar output condition تا لە هاوبەشە پەیوەندارەکاندا یەکگرتوو بن. کەواتە، ئەو چەند کەتیگۆرییەی کەرەسە سینتاکسییەکان کە یەکیان گرتوون ـ ئەوەیە، کە لە هەردوو هاوبەشەکانی LF و PF دا دەردەکەون.

لەزۆربەی شیکردنەوەکاندا، کردەیەك یان دارشتنێك دەستەبەری مەرجی ئابوریکردن دەکات، بۆ ئەوەی بە کەمترین شێوە دەربکەوێ. دەتوانین بڵێین ئەگەر مەرجێك لەسەر نواندنەکان هەبێت، پێویستە لە هەندێ ڕووەوە کەمترین بێت. چۆمسکی لە(1986a)دا مەرجی لێکدانەوەی پڕاوپڕ پێشنیاز دەکات، پێویستە هەموو ڕەگەزێك لە لێکدانەوەی PF یان LF دا ڕێی پێبدرێ. بۆ نموونە چۆمسکی ڕوونیدەکاتەوە، کە هەر ڕەگەزێکی فۆنەتیکی لە ئاستیPF دا پێویستە لەلایەن هەندێ لێکدانەوەی فیزیکییەوە ڕێی پێبدرێ. هەروەها چۆمسکی لە (1995a:219) دا ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەو نواندنە توشی لێکدانەوەی پڕاوپڕ دەبێ ئەگەر لە کەرەسە پەسەندەکان پێکهاتبێت، و دەبێ بتوانرێ ( لە ئاستە هاوبەشەکاندا ) لێکبدرێتەوە (Collins:2003:59).

## ٣ ـ ١٤ لێکدانەوەی پڕاوپڕ Full Interpretation

ڕێزمانی سەراپا بەوردی لەو بەڵگە وەسفییانە دەکۆڵێتەوە، کە بەدوای تیۆرێکی سادەتر و سروشتی تردا دەگەڕێ، کە تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر تایبەتییە هاوبەشەکانی نێوان توانستی زمان Faculty of Language FL ) و سیستەمەکانی چالاکی ( بەکارهێنانی زمان )، چۆمسکی لە زانیارییە زمانییەکاندا (Knowledge of Language (KOLوای بۆ دەچێ، کە ئەو جۆرە تایبەتییە هاوبەشە دەبێ هۆکاری گرنگ بن لە خستنەڕووی ڕۆنانی ناوەوەی( FL) ، بەمەش بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕی پێکهێنا (Boeckx : 2006:6 ).

هەر ڕەگەزێکی PF وLF ، کە هاوبەشییەکی سینتاکسی ( بەواتایەکی فراوان ) لەگەڵ سیستەمەکانی زماندا بەکاربێنێ، پێویستە لێکدانەوەیەکی گونجاو وەربگرێ (Chomsky:1986:98) . واتە لە دەربڕینی زمانیدا

دەبێ هەموو ڕەگەزێك بۆ مەبەستێکی ڕاستەقینە بەکارهاتبێ، بۆ ئەوەیە لە فۆڕمی لۆجیکیدا لێکبدرێتەوە، دەربرینەکەش دەبێ تەنها لەو ڕەگەزە ڕاستەقینانە پێکهاتبێ، کە لێکدانەوەیەکی زمانی سەربەخۆی ڕێکوپێکیان هەیە .

چۆمسکی لە (1993)دا دەڵێ : لەفۆڕمی لۆجیکیدا هەموو مەبەستێکی ڕاستەقینە زنجیرەیەکە، یان سەرەیەکە، یان ئەرگومێنتێك، یان دیارخەرێك، یان کردەیەکی داڕشتنی ـ نەگۆڕە : 1997 : Disciullo ) (12. لە وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازیی زمانی مرۆڤدا هیچ ڕەگەزێکی زیادە، بوونی نییە، هەر شتێك بۆ ئامانجێك بێتە کایەوە، مەبەستێکی گونجاوی خۆی هەیە، ئەم بارەی کە بە زاراوەی لێکدانەوەی پڕاوپڕ (Full interpretation (FL ناودەبات، بە بنەمای ئابوریکردن Principle of Economy ( PE) ناسراوە، بەپێی ئەم بنەمایە، دەبێ دیاریکردنی ڕۆنانی ڕستە تا لە توانایدا بێ بەشێوەیەکی بچوکترین minimal و لەسەر ڕێوشوێنێکی وەك مەرجی کەمترین وزە Least effort بەڕێوە بچێت (ماهر،گروڤز:٢٠١١ :٩٥).

ئەو بنەمایەی بچوکترین پرۆگرام بۆچوونێکە، کە دەڵێ هیچ ڕەمزێکی زیادەی تێدا نییە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە بوونی هەر کەرەسەیەك لە ڕستەدا بە هۆکارێکی دەرکەوتنەوە بەندە. بەپێی بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ، ئەو داواکارییەی کە هەموو کەرەسەکان لە هەردوو فۆرمی فۆنەتیکی PF و لۆجیکیدا LFبەباشی ڕێیان پێدراو ( Chomsky : 1999:89) ، بەجۆرێك ئەو ڕۆنانەی یاسا هاوبەشەکانی سیمانتیکی جێبەجێدەکات، هیچ سیمایەکی لێکنەدراوەی تێدا نییە، سیما لێکنەدراوەکان لە لێکدانەوەی پڕاوپڕدا، پێویستە لە سینتاکسدا لابرێن پێش ئەوەی یاسا هاوبەشەکانی سیمانتیکی Semantic interface rules بەکاربهێنن، ئەگەر لە پەیوەندییەکی سینتاکسیدا سیمایەکی لێکنەدراوە لەگەڵ سیمایەکی تری بابەتێکی تایبەتیدا بەشدار بوون ، سیما لێکنەدراوەکە جیادەکرێتەوە بۆ لادان. ئەو سیمایانەی کە لەم بارەدا جیادەکرێنەوە، تاڕادەیەك توشی خۆ ـ لەناوبردن self – destruction دەبن، کاتێك کە لەو ئاستەدا دەردەکەون، لەوێدا یاسا هاوبەشەکانی سینتاکسی بەکاردەهێنرێن، هەموویان نامێننەوە (Adger:2002:66 ).

لە نواندنێکی هاوبەشدا، هێما بێ سوودەکان بەکارناهێنرێن. لەبەر ئەوە هەر جولانەوەیەك، کە ببێتە هۆی پاساودان و نەهێشتنی سیماکان لەلایەن ئابوریکردنی نواندنەوە ڕێی پێدەدرێ. سیما بەهێزەکان لە هاوبەشی PFدا دادەندرێن، بەڵام سیما بێهێزەکان وانین. جولانەوە بۆ پاساودان و نەهێشتنی سیما بەهێزەکانە، بەڵام جولانەوە بۆ پاساودان و نەهێشتنی سیما بێهێزەکان وا نییە، بەم پێیە ژمارەی هێماکان کەم دەکرێنەوە .

## ٣ ـ ١٥ مەرجی کەمترین بەستنەوە( Minimal Link Condition ( MLC :

چۆمسکی ساڵی(1994) چەند شیکردنەوەیەکی نوێی پێشنیاز کرد، یەکێك لەوانەی کە ڕوونکردنەوەی جیاواز دەخاتە ڕوو لە (40)دا بەدی دەکرێ .

(40) *How2 did John wonder [ what1 Mary fixed t1 t2 ]?

چۆمسکی یەکەمجار بە دوو کردەی لێکدان و جولانەوە ڕۆنان ـ دروست دەکەن، کە جێی گواستنەوەی گشتگیر Generalized Transformation (GT)[1] دەگرێتەوە. دەربارەی تایبەتمەندی "کورتترین جولانەوە"یMove ، بەو بۆچوونە بنجییەی، مەرجی کەمترین بەستنەوە MLC جێی مەرجی کورتترین جولانەوە SMC دەگرێتەوە .

چۆمسکی مەرجی کەمترین بەستنەوە MLC بەو مانایە لێکدەداتەوە، کە Move α پێویستە α بخاتە پاڵ نزیکترین ئامانج لە ڕۆنانە داڕێژراوەکەی پێشتردا بە شێوەیەك نەبێتە هۆی تێکشکانی داڕشتنەکە(1994 : 42). ئەم لێکدانەوە تایبەتە، باسی ئەوە دەکات، کە MLC هەردوو داڕشتنی بەنۆرە Cyclic و بێ نۆرە noncyclic لە (40)دا ناگرێتەخۆ، بەو پێیە ئاستەنگ بۆ لابردنی مەرجی فراوانکردن Extension Condition دروست دەکات. با بەوردی بڕوانین چۆن سیستەمی چۆمسکی (1994) لە (40)دا ئەم دوو داڕشتنە لەخۆناگرێ .

یەکەم تێبینی لەسەر هەندێ لایەنی پەیوەست بە داڕشتنی بێ نۆرەی (40) لە (41)دا خراوەڕوو:

(41) a. [ CP how [ ć Cwh [ IP John wonderd [CP Cwh [IP Mary fixed what t(how)]]]]]

b. [ CP how [ ć Cwh [ IP John wonderd [CP what [ć Cwh [IP Mary fixed t(what) t(how)]]]]]]

لە (41a) دا، جولان how بەرز دەکاتەوە بۆ قالبیCP ، کە سەرپێچی بنەمای MLC دەکات، دیارە کە نزیکترین ئامانجی پارستەکەیەCP ( بەبێ هیچ دیاریکارێك)، کەچی لە (41b )دا، جولان دەتوانێ what بەرزبکاتەوە بۆ چەسپاندنی لە CP دا، پەیرەوی MLC دەکات.

(42) a. [CP what [ ć Cwh [ IP Mary fixed t(what) how ]]]

---

[1] GT ئامانجی کەتیگۆری α ئەوەیە، کە ڕەگەزێکی بەتاڵی ø ناوەکی بخاتە سەر α، کەتیگۆری β وەردەگرێ و β لەباتی ø دادەنێ، ڕۆنانێکی فرێزی نوێ γ پێکدەهێنێ، کە پەیرەوی تیۆری X – bar دەکات ( Kitahara:1997:27 ) .

b. [CP how [ ć Cwh [ IP John wondered [ CP what [ć Cwh [ IP Mary fixed t(what) t(how)]]]]]]

ئێستا لە هەندێ لایەنی دارِشتنی بەنۆرە لە (40)دا، لە (42)دا ڕوونی دەکەینەوە، دیارە کە لە (42a )دا جولان what بۆ نزیکترین CP بەرزدەکاتەوە، پەیرەوی MLC دەکات، کەچی لە (42b)دا جولان how بۆ قالبی CP بەرزدەکاتەوە، سەرپێچی بنەمای MLC دەکات، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە نزیکترین ئامانجی پارِستەکەیە CP ( لەگەڵ دیاریکاریك، بەناوی what ). لەبەر ئەوە، بەپێی مۆدەلەکەی چۆمسکی (1994) MLC هەردوو دارِشتنی بەنۆرە و بێ نۆرەی (40) ڕێگەی لێ دەگیرێ (Kitahar:1997:28 ) .

لە بچوکترین پرۆگرامدا، بچوکترین بنەما لەلایەن مەرجی کورتترین بەستنەوەوە ( MLC ) ڕوونکراوەتەوە، کە خۆی لەناو پێناسەی جولانەوەدا ڕێکخستووە، لەڕووی ڕاکێشانەوە لێکدراوەیە (Comsky 2005a : 297 , 356). ڕاکێشان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدێت:

**(٤٣)** K سیما F ڕادەکێشێ، ئەگەر F نزیکترین سیما بێ، کە بتوانێ بچێتە ناو پەیوەندی پاساودانەوە لەگەڵ لقە هێمایەکیK .

ئەگەر β دەسەڵاتی پێکهاتەی α هەبێ و τ ئامانجی بەرزبوونەوە بێ، واتە β لە K نزیکترە نەك لەα ، جگە لەوەی β لە هەمان مەودای بچوکترینیدایە، وەك ( أ ) τ ، یان (ب) α .

بەم شێوەیە، وەك لە نارِێزمانییێتی (44b)دا جولانەوەی what پەیرەوی MLC ناکات، لەکاتێکا لەڕوانگەی ئامانجی جولانەوەکەوە ( وشەی پرس Č ) who پاڵێوراوێکی نزیکترە.

(44) a. who do you expect t to say what ?

b. *what did you expect who to say t ?

لە ڕێزمانییێتی (44a)دا، لە بەرامبەردا، نزیکترین پاڵێوراو (who) ڕادەکێشرێ. بەو پێیە بێ، MLC لەپشت لێکدانەوەی بەرزتری دەبێ Superiority ( Stepanov, Fanselow and Vogel :2004:2 ).

سەرنجدان لە ( ٤٥ب) شیلان ناتوانێ بەرەو قالبی ڕستە سەرەکییەکە بجولێ، چونکە سیمای بەهێزی D لە قالبی I لە پارِستەکەدا ڕێ بەجولانەوەی شیلان بەرەو قالبی I ی دەرەوەی پارِستەکە CP نادات، کە ئەوەش سەرپێچی بنەمای MLC دەکات .

(٤٥) أ- دیارە، کە کەس شیلانی خۆش ناوێ .

ب ـ *شیلان دیارە، کە کەس t خۆش ناوێ.

چۆمسکی ( 1995a: 334 ) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە لە ئینگلیزیدا دەتوانرێ هەست بە دارشتنی کەرەسەی زیادە expletive بکرێ، مەرجی ئابوریکردنی ناوخۆیی، کە زیاتر لێکدان لە جولانەوە ئاسان دەکات (پارمەتی دەدات). ئەوە، بەگوێرەی چۆمسکی، ئەم لاسەنگییە بنجییە لەنێوان جولان و لێکدان کە لە (46)دا ڕوونکراوەتەوە، ئەو جیاوازییە بەراورد دەکات :

( 46) a. Therei seems [ TP ti Tº to be someone in the room ]

لێکدانی کەرەسەی زیادە لە دیاریکاری TP

b. *There seems [ TP someonei Tº to be [ VP ti in the room ]]

جولانی بکەر بەرەو دیاریکاری TP

ئە وە ڕووندەکاتەوە، کە لێکدانی کەرەسەیەکی زیادە لە Merge over Moveبە تایبەتی، لێکدان لە میانەی جولانەوە دیاریکاری TP هەبێ لە (46a) دا ئابورییانەترە، لە جولاندنی بکەرە نزمترەکەsomeone بۆ دیاریکاریTP ، وەك (46b)دا. لەخۆیەوە، ئەو گریمانەی کە لێکدان لە بەربەرەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جولاندا دەباتەوە، دەبێ لە لە ئەندامێکی هەمان خێزانی کۆتە ئابورییەکاندا پەیرەو بکرێ، کە ڕێڕەوەی جولانەوە کورتترەکان هەڵدەبژێرێ زیاتر لە درێژترەکان. لە (46a)دا، چەسپاندنی کەرەسەی زیادە لە دیاریکارە نزمترەکەی TP دا، بە ئاسایی ڕێ بە پەیوەندی تایبەتی (ناوخۆیی) نێوان ڕاکێشەرattractor یان (probe )و ڕاکێشراوattractee ( یان ئامانج یان مەبەست ) دەدات، یەکێك لەوانەی کە پاساودان لە شوێنی سەرەکی ڕوودەدات، کەچی ڕاکێشانی بکەر لە (46b)دا لایەنی کەم دەبێتە هۆی جولانەوە بەسەر یەکێك لە جێکەوتەی مەزنی(vP) دا. ئەو سەلیقەیە ئەوەیە، کە تێکردەی ڕاستەوخۆ لە هەژمارکردندا ئابوریترین مۆدیلی ڕاکێشان پێکدەهێنێ، هەرچەندە چەشنە نموونەییەکان لە هەڵبژاردندا ناتوانن زاڵ ببن بەسەر زنجیرەکانی وەکوMLC ، ئەو پێناسەیە لەوەی کە لە (٤٧)دا خراوەتە بەردەست (چۆمسکی 1995، جیاکردنەوەی لە سەرەوە ـ بەرەو ژێر / top – down لە ژێرەوە ـ بەرەو سەرەوە bottom – up لە Van de Koot 1996 پەسەندکردووە)

:

**(٤٧) مەرجی کەمترین بەستنەوە** Minimal Link Condition

Kئەلفا α ڕادەکێشێ ئەگەر:

أ- هیچ β یەك نەبێ، βزیاتر لە K نزیکترە وەك لەα ، هەرچەندە K بێتا β ڕادەکێشێ و ( لە سەرەوە - بەرەو ژێر)

ب - هیچ L ێك نەبێ، Lئاامانجێکە بۆ α ، هەرچەندە α زیاتر لە L نزیکترە وە (لەژێرەوە - سەرەوە )

**(٤٨) نزیکی** Closeness

β لە K زیاتر نزیکترە لەوەی α لە K ئەگەر

أ- K دەسەڵاتی پێکهاتەی c – commands بەسەر β هەبێ و

ب - β دەسەڵاتی پێکهاتەی c – commands بەسەر α دا هەبێ

لەبەر دوو هۆ MLC لە (46b)دا ئەنجام نادرێ : یەکەمیان، پەیوەندی ڕاکێشان لەکاتی هێماکاندا ڕێکناخرێت لە هەژمارکردندا، و کەواتە (٤٧) بەتەنها بەربەرەکانی نێوان نموونە جیاوازەکانی جولانەوە ڕێکدەخات. دووەم، (٤٧أ) لەو جۆرە ڕێبازەدا بنەمای نزیکی دەخاتە ڕوو، کە کەتیگۆری تەنها ئەو ڕاکێشانە قەدەغە دەکات، ئەگەر ڕاکێشەر/ پرۆب دەسەڵاتی پێکهاتەی بەسەر ناوبژیکەرەکە هەبێ. کەواتە، هەرچەندە کەرەسەی زیادە expletive بۆ پەیوەندی ڕاکێشان ڕێی پێدراوە، وەك ناوبژیکەرێك لە دەسەڵات پێداندا سەرناکەوێ، چونکە ڕاکێشەری $T^{o}$ لە (46a)دا دەسەڵاتی پێکهاتەی بەسەر کەرەسە زیادەکەی دیاریکاری TP دا نییە(Lechner:2004:207).

## ٣ - ١٦ هەڵوەشانەوەی گیرەکی ڕێزمانی The Split Inflectional Phrase (IP)

لە GB دا وادادەنرێ، کە ڕستە پێکدێ لەو VP یەی کە دوو جێکەوتەی IP و CP زاڵە بەسەریدا. لە نواندنی ڕستەیەکی دیاریکراودا گیرەکی I بۆ نواندنی گیرەکی کاری بەکاردەهێنین I .زاڵە بەسەر سیماکانی ڕێکەوتن (Agr) و سیماکانی کات .(T) هەرچەندە ئەگەر وادابنێین، کە مۆرفیمی گیرەکیی لەڕووی سەرە ئەرکییەکانەوە دەنوێنرێن، بەم پێیە Agr و T ناخرێنەڕوو، دەبێ لەژێر یەك گرێدا تێکەڵ ببن . زمانەکان سیستەمی گیرەکیی جیاوازیان هەیە، لەڕووی هەژاری و دەوڵەمەندییەوە. مۆرفیمی کات و مۆرفیمی گیرەکی ڕێزمانیی جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێ. لەڕاستیدا لە هەندێك زماندا دەتوانرێ کات و ڕێکەوتن

لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە جیابکرێنەوە بەڕای پۆلۆك TP زاڵە بەسەر Agr دا(Haegman:1995:25) . بەمەش لەجیاکردنەوەی پەیوەندیی سەرە ئەرکییەکانی کاردا دەبێ ڕێبازێك پەسەند بکەینAgr : ، هێمای مۆرفیمی ڕێکەوتن، و T هێمایە بۆ مۆرفیمی کات، لەو شوێنەی کە گیرەکە لاگرەکانی کار لە (٤٩)دا بەگوێرەی پێوەلکانیان بە ڕەگی کارەکەوە لە زمانی کوردیدا دەخەینە ڕوو:

(٤٩)أ- منداڵەکان ڕۆیشتن .

ب - Agr– T –V

پۆلۆك گریمانەی دابەشبوونی گیرەك لەیەکێك لە بڵوکراوە سەرەکییەکانی (١٩٨٩)دا خستەڕوو، کە لە یەکەم هەنگاودا بۆ مەبەستی پارامیتەری دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی AgrP و بەراوردی بەهاکەیەتی. ئەم گریمانەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە گرێی گیرەك (inflection node) بریتییە لە دوو پێکهاتەی جیاواز و سەربەخۆ، کە بە فرێزی کات و فرێزی ڕێکەوتن TP) و AgrP) ناویان دەبات، سێیەمیان، لە بۆچوونێکی (١٩٩٣)دا فرێزی ڕووکار mood phrase بۆ ئەوانە زیاد دەکات. گرنگی ئەم سێ فرێزە دەکەوێتە سەر ئەو توانایەی هەیانە بۆ بەربەستکردنی چەند جۆرێکی دیاریکراوی جولانەوەکان. پۆلۆك لە (١٩٨٩)دا وێنەی ئەم درەختەی خوارەوە دەخاتەڕوو، کە ریزبوونی گرێیەکانی پێشتری لە (50a)دا و تێگەیشتن لە گریمانەی دابەشبوونی گیرەك لە (50b)دا ڕووندەکاتەوە.

(50 )a. b.




هەندێ زمانەوانی وەکو (Ouhalla 1990, Chomsky 1991 and Koopman& Sportiche 1985) بەرپەرچی ئەو پێشنیازە سەرەتاییەی پۆلۆك دەدەنەوە، کە شوێنی گرێی گیرەکی کات لە سەرەوەی شوێنی گرێی گیرەکی ڕێکەوتن بێ، واتە شوێنی بکەری ڕستەکە بەپێی [ Spec , TP ] لێکبدرێتەوە.ئەم زمانەوانانە لە ڕونکردنەوەکانیاندا بەگشتی جەخت لەسەر ڕێکەوتن و شوێنی بکەرەکە دەکەنەوە Ouhalla (1990) . ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لە دەرەختەکەدا AgrP دەبێ بەرزتر بێ لە کاتTp ، وەك لە ( ٥١)دا خراوەتەڕوو. بۆ ئەم گریمانەیە، لەبۆچوونی Ouhalla (1988) ئەنجامەکانی لە بەڵگەی ئەو زمانانەوە دەخاتەڕوو، کە Agr و T شوێنەکانیان لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە جیاوازن(79 : Fuertes : 2001) .

(51 )




هەروەها Belletti لە بۆچوونێکی (1990)دا وای دادەنێ، کە ڕیزبوونی مۆرفیمە ئەرکییەکان ڕیزبوونی هەرەمی فرێزە ئەرکییەکان دەردەخەن، بەوپێیە مۆرفیمی ڕێکەوتن لەدەرەوەی مۆرفیمی کات Tense دا دەبێ، ئەوەی یەکەمیان Agr پێویستە بە دواوەی ئەوەی دووەمیانەوە (T)بلکێ. ئەگەر لاگرە گیرەکییەکان لە سەرە ئەرکییەکاندا بەجیا بەرهەم هاتبن، دەبێ AgrP زاڵ بێ بەسەر TP دا(Haegman : 1997:36) ، وەك لە جۆرێك ڕستەی زمانی کوردیدا دەردەکەوێ .

(٥٢)أ- منداڵەکان خەوتن .

ب - ڕەگ (V) - کات (T) - ڕێکەوتن (Agr)

چۆمسکیش لە بۆچوونی (1991)دا پێشنیازی دابەشبوونی Agr دەکات بۆ Agrs و .Agro باسی ئەوە دەکات، کە دوو جۆر ڕێکەوتنی کار - NP هەیە، یەکێکیان لەگەڵ بکەرەکە NP و ئەوی تریان لەگەڵ بەرکارەکە.NP بەڕای Williams (203: 2003) چەند کەرەسەیەکی سەراپا هەیە، کە ئەم کەرەسانە پەیوەندییەکی ڕیزبوونی گیرەکیان بە یەکترەوە هەیە، وەك لە (53)دا سەرجەم کەرەسە و پلەی ڕێکخستنیان خراوەتەڕوو:

(53 ) Agrs > T > (Asp>) Agro > V

or ( T > Agrs > ( Asp >) Agro > V

بەگوێرەی بۆچوونی چۆمسکی (354 – 1995a:349)، پێشنیاز دەکات، کە دەبێ Agr لە ڕێزماندا لابدرێ. دەبینین، کە پۆلە ئەرکییەکانی وەك ئامرازی گەیەنەر(C) ، کات (T) و دیارخەر (D) هەموویان ڕۆڵ دەبینن لە لێکدانەوەی ڕستەدا، بەڵام کەتیگۆری Agr هیچ ناوەرۆکێکی واتایی نییە و وا پێدەچێ تەنها

بۆ هۆکارە ناوەکییەکانی تیۆرەکە خراوەتەڕوو. لەبری ئەو ئەرکانەی(Agr) ە لادراوەکە دەیگەیەنێ، پێشنیازی فرە دیاریکار multiple specifier و کاری بێهێز light verb (v) دەکات .

لێرەدا دەبێ بیر لە دوو هۆکاری لابردنی کەتیگۆریی ئەرکی Agr بکەینەوە. یەکەمیان، Agrهیچ سیمایەکی دۆخی نییە. ئەوی تریان هیچ ناوەرۆکێکی واتایی نییە، وەك زمانەوانە دێرینەکان ناویان بردووە. تێبینی دەکرێ، کە سیمای دۆخ سیمایەکی لەخۆوەیە لە T و کاردا. لەلایەکی ترەوە، هەر یەکێك لە دۆخی بکەری و دۆخی بەرکاری پەیوەندی لەگەڵ T و کاردا نیشانە دەکرێن، لەو کاتەدا ئەم سیمایانە لێکدەدرێن بەو کەتیگۆرییە ئەرکییەی پەیوەندی پێوەیە، وەك پەیوەندی .Spec – Head وەك لە (٥٤)دا تێبینی دەکرێ، پاساودانی سیمای دۆخ لە پەیوەندی لەگەڵ T و V دا ئەنجام دەدرێ، نەك لەگەڵ Agrs و نە Agr .

(٥٤) جوتیارەکە زەوییەکەی فرۆشت.

( پاساودانی دۆخی بکەری لەگەڵTدا دەبێ و بەرکاری لەگەڵV )

(55 )a. b.




جێگۆڕکێی بەرکاری ئاشکرا بەهۆی سیمای بەهێزی - N لە Agro ەوە دەوروژێندرێ لەهەندێ زماندا. چۆمسکی لە بۆچوونی (1995a)دا پێشنیازی ئەوە دەکات، کە کاری بێهێز (vP) جێی Agro دەگرێتەوە، کە سیمای دۆخی بەرکاری لە شوێنی سپێکی ئەم کارە بێهێزەدا (v) پاساو دەدرێ. لە ( ٥٦)دا مۆدێلی فرە دیاریکار (سپێك) خراوەتەڕوو، سیمای دۆخی بکەری لە فرە سپێکی T دا پاساودەدرێ. کەواتە Agroو Agrs دەتوانرێ بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەك بەجێبهێڵن لابدرێن (Jang: 2000 : 28) .

(٥٦)



## ٣ ـ ١٧ مەرجی کورتترین داڕشتن Shortest Derivation Requirement

ئەو بنەمایەی کە ژمارەی هەنگاوەکان لە داڕشتنێکدا کەمدەکاتەوە زۆرجار پێی دەوترێ مەرجی کورتترین داڕشتن SDR یانSDC ( Shortest Derivation Condition ) ، کە لەنێوان دوو داڕشتنی یەکساندا هەڵدەبژێردرێ، کە ئەو داڕشتنەی بە کەمترین هەنگاو، لەسەر پیوەری مەرج دروست دەبێ، سەردەکەوێ . لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

(٥٧) کەم کردنەوەی ژمارەی کردەکان پێویستە بۆ یەکگرتن و لێکدان.

تێبینی دەکرێ، کە لەهەر داڕشتنێکدا پێویستە هەندێ لایەن بەراورد بکرێ، بەپێی پەیرەوی(٥٧) بۆ ئەوەی بەکەڵك بێ. ئەگەر هەر داڕشتنێك بەراورد بکرێ بە داڕشتنێکی تر، داڕشتنە سفرەکە the zero derivation(بەبێ هیچ کردەیەك) هەمیشە براوە دەبێ. کۆمەڵێك داڕشتنی بەراوردکراو زۆرجار پێی دەوترێ کۆمەڵەی ئاماژەپێکراوreference set .

لێرەدا چەند جیاوازییەك پێشنیاز دەکرێ، وەك چۆن کۆمەڵەی ئاماژەپێکراو دیاری دەکرێ. بەگوێرەی ڕونکردنەوەیەك، ئەگەر داڕشتنەکانی D1 و D2 هەردوکیان یەکگرتوو بن، و لەهەمان هەژمارکردنەوە دەستپێبکەن، ئەوا بەراوردکراون ( بڕوانە چۆمسکی 1995b ) بەپێی ڕونکردنەوەیەکی تر، ئەگەر D1 و D2هەردوکیان یەکگرتوو بن، و هەردوکیان ببنە هۆی هەمان لێکدانەوە، ئەوا بەراوردکراون( بڕوانە Fox :1995). لەهەموو مەرجەکانی ئابوریکردندا، مەرجی کورتترین داڕشتن یەکێکە لە کەمترین داواکاری سەلیقە. بۆ نموونە، بەم پێیە داڕشتنی (58a) دەبێ ڕێی لێ بگیرێ لەلایەن هەر داڕشتنێکی بەراوردکراودا ( هەمان هەژمارکردنیان هەبێ )، کە کردەکانی کەمتر بێ. وادەردەکەوێ ئەمە بۆ ئەوەی دۆخێکی ڕێزمانی پێبدرێ، بە شێوەیەك کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بەردەوام نابێ Baltin and ) Collins:2001:53 ). بەپێی ئەو گریمانەیە تەنیا داڕشتنەکان دەتوانن لەڕووی ئابوریکردنەوە بەربەرەکانی بکەن، سەرجەم ئەو داڕشتنە بەراوردکراوانە دەبێ زیاتر ببەسترێنەوە بە داڕشتنە یەکگرتووەکان. بۆ نموونە ئەو داڕشتنانەی کە لە ڕۆنانی(58)دا وەردەگرین :

(58 ) a. *[ TP was [ arrested John ]]

b. [ Johni was [ arrested ti ]]

پیوەری سروشتی ئابوریکردن ئەوەیە، کە داڕشتنە کورتەکان ( ئەوانەی کردەکانیان کەمترە ) دەبێ ڕێ لە درێژەکان بگرن. هەرچەندە ئەگەر ئابوریکردن بە تەنها لەسەر بنچینەی ژمارەیەك کردە ژمێرکرا بێ، دەبێ داڕشتنی ( 58a) لەڕووی ناتەواوییەوە ڕێ لە داڕشتنی ( 58b) بگرێ، کە کردەیەکی زیادەی

جولانەوە لەخۆ دەگرێ. لەلایەکی ترەوە ئەگەر، ئابوریکردن بەتەنها دارِشتنە یەکگرتووەکان لەناو ژماردندا وەربگرێ، دارِشتنەکەی ( 58a)بۆ مەبەستەکانی ئابوریکردنە ژمێرکارییەکان بایەخی پێنادرێ، چونکە ئەو سیما بەهێزەی ) T ئەو سیمایەی - ( EPP پاساونادات، دارِشتنەکە لە PF دا تێکدەشکێ.

بەتەنها ڕێنەدان بەس نییە بۆ قەدەغەکردنی هەموو بەراوردکردنە نەخوازراوەکان. بۆ نموونە دارِشتنەکە لە ڕستەکانی ( 59 )دا وەردەگرین :

(59 ) a. The boy cried.

b. The boy with a toy cried.

هەر دوو دارِشتنەکە یەکگرتوون. هەرچەندە، دارِشتنی ( 59b) لەچاو ( 59a) کەمتر ئابورییانە دەردەکەوێ. چونکە زۆرتر کار بە کردە سینتاکسییەکان دەکات، بۆ دروستکردنی PP (with a toy) و لێکدانی لە ڕۆنانەکەدا. ئەگەر دارِشتنەکانی (59a) و ( 59b)بۆ مەبەستەکانی ئابوریکردن، ڕێیان پێ بدرێ لە بەربەرەکانیدا بەشدار بن، ئەوا دەبێ (59a) لەبەر ناپەسەندی ڕێ لە ( 59b) بگرێ. بۆ دانانی لە زاراوەیەکی گشتیدا، ئەگەر سیستەمی ژمێرکاری ڕاستەوخۆ مافی چوونە ناو فەرهەنگی هەبێ و تەنها ئابوریکردن سنور بۆ دارِشتنە یەکگرتووەکان دادەنێ، توانستی زمان بەمسۆگەری زیاتر لە فەرهەنگێك دەگرێتەوە. هەرچەندە، دەبێ ڕێ بە ڕستە زۆر سادەکان بدات، لەبەر ئەوە دەبێ بەشێوەیەکی سەرەکی سەربارەکان و دوبارەبونەوە بەگشتی ڕێیان پێنەدرێ، چونکە داوای هەنگاوی دارِشتنی ناپێویست دەکەن. ئەم کێشە شاراوانە بەگریمانەیەك چارەسەر دەکرێ، کە سیستەمی ژمێرکاری ڕاستەوخۆ مافی چوونە ناو فەرهەنگی نییە، بەڵام هەژمارکردن وەك کۆگایەك بۆ دانەکان بەکاردەهێنێ، کە دەیانداتە دارِشتنەکە. ئەوە ڕوونکراوەتەوە، دانە فەرهەنگییەکان لە ( 59a)دا لقە کۆمەڵێك لە دانە فەرهەنگییەکانی (59b) پێکدەهێنن، هەردوو دارِشتنەکە لە ( 60)ی خوارەوەدا وەك خاڵێکی دەستپێکردن دەبێ لە بنەمادا هەژمارکردنێکی (ئاسانکراو)یان هەبێ. ئەوە، ئەو سیستەمە ژمێرکارییانەیە، دەبێ هەموو ئەو دانە فەرهەنگییانەی هەژمارکردن بەکاربێنێ. ئەنجامدانی ( 59b)، یان بەتەنها هەندێ لەوانە، (59a)ئەنجامدەدەن. بەپێی ئەمە، دەبێ ئەنجامی ناتەواومان دەستکەوێ، ڕێی پێنادات، کە دارِشتنەکە لە (59a)دا دەبێ زۆر ئابورییانەتر بێ لە 59b) .

( 60) N = { the1 , boy1 , with1 , a1 , toy1 , cried1 }

کەواتە پێویستمان بە گریمانەی تر هەیە، کە تەنها ژمێرکاری سینتاکسی وەك دارِشتنێك دادەنرێ ئەگەر هەژمارکردنەکە بەکاربهێنێ، ئەوەندەی تێیدایە، دەیداتێ، ( 60) تەنها لەگەڵ دارِشتنەکەی (59b)

دەبنە هاوڕێ و دارشتنەکەی (59a)، لە (61)دا دەبێ لە هەژمارکردنەکەوە ( ئاسانکراوەکەوە) دەست پێ بکات .

( 61) N = { the1 , boy1 , cried1 }

بەمە دەتوانین ڕێ لەو بەربەرەکانییە نەخوازراوەی نێوان دارشتنەکانی (59a)و (59b)بگرین، ئەگەر زیاتر ژمێرکارییە ئابورییەکان کەم بکەینەوە بۆ ئەو دارشتنە یەککگرتوانەی کە لەگەڵ هەمان هەژمارکردندا پەیدا دەبێ. ئەگەر وابێ، دارشتنەکانی (59a)و (59b)بە ئاسانی لەگەڵ یەکێکی تردا ڕێکناکەون بۆ مەبەستەکانی ئابوریکردن و تەنانەت نابەجێشە ئەگەر بیەوێ یەکێکیان لە ئەویتریان ئابورییانەتر بێ (Hornstein,Nunes, Grohmann : 2005 : 333)).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسە، لەو نموونەیەی خوارەوە ورد دەبینەوە، کە مەرجی کورتترین دارشتن ڕووندەکاتەوە. ئەم ڕستەیەی خوارەوە گواستنەوەی بەرکار لە کوردیدا ڕووندەکاتەوە :

(٦٢) هیوا کتێبەکەی نەخوێندەوە.

(٦٣) * کتێبەکە هیوای نەخوێندەوە .

پرسیار ئەوەیە بۆچی ڕۆنانە پاش و پێشخراوەکەی (٦٣) ناپەسەندە، لەو شوێنەدا هیچ جێکەوتەیەکی ڕێکەوتنی تێدا نییە. لەم بارەدا، NP( کتێبەکە )، کە دەبەسترێتەوە بە ū ، بە ئاشکرا بەسەر T و نەفیکردندا بەرزدەبێتەوە بۆ سپێکی AgrP لە دەرەوەی νP . ڕستەی نەرێ جێکەوتەیەکی ئەرکی NegPپێکدەهێنێ، کە کەوتۆتە نێوان AgrP وTP ، وەك لەم نەخشەیەی (64) دا دەردەکەوێ ( Heageman :1995:28 ) (Belletti 1990 , Pollock 1989 ).

(64)



Kitahara ڕوونی دەکاتەوە، کە کاتی ـ ڕوودانی کارەکە  لە ئینگلیزی و فەرنسیدا جیاوازە، لە فەرەنسیدا ئەو سیمایەی جولانەوەکە دەوروژێنێ، بەهێزە، لێرەدا پێویستە جولانەوە ئاشکرا بێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا ئەم سیمایە بێهێزە، یان ڕەچاوی جولانەوەی ئاشکرا یان شاراوە دەکات، لێرەدا جولانی ئاشکرا داواکارە، کە جولانەوەی شاراوە کردەی کەمتر لە جولانەوەی ئاشکرا لەخۆبگرێ( Barbiers:2000: 152 ) . لە کوردیدا کاتی کارەکە گیرەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جولانەوەی سیمای بێهێزە، لەڕاستیدا، ئەوە گواستنەوەی بەرکار پێویستە بە شاراوەیی ڕووبدات، مەرجی کورتترین بەستنەوە پەیرەودەکات : گواستنەوەی بەرکاری ئاشکرا داوای جولانەوەی ـ V ئاشکرا دەکات، بەڵام جولانەوەی ـ V ئاشکرا لە کوردیدا ڕوونادات. بەڵام ڕستەی (٦٢) بۆیە پەسەندە، چونکە بکەرەکە (هیوا) لە سپێکی ناوەوەی vp وە بەرزدەبێتەوە بۆ سپێکیAgrP ، لەم بارەدا، DP  (هیوا) دۆخی بکەری و سیمای Phi لە سپێکی Agr دا پاساو دەدات، ئینجا  سیمای ڕێکەوتن لە Agr دا پاساودەدات. دواتر بەرکارەکە بەرزدەبێتەوە بۆ سپێکی vP و دۆخی بەرکاری پاساودەدات، ئینجا بەشاراوەیی بەرزدەبێتەوە بۆ سپێکیTP ، لە (LF  )دا لێکدەدرێ بەT، بۆ پاساودانی سیمای EPP لەTدا .

چۆمسکی پێشنیاز دەکات، کە ئەم دارِشتنەی لەم شێوەی خوارەوە بێ ڕێی لێ دەگیرێ. دوبارە سەرنج لەو دوو دارِشتنە پەیوەندارە دەدات:

(٦٥)      دارِشتنە پاش و پێشنەخراوەکەی (٦٢)

أ- DP ی( کتێبەکە ) بەرەو سپێکی vP دەجولێ

ب ـ DP ی ( هیوا) بەرەو سپێکی Agr دەجولێ

(٦٦)  دارِشتنە پاش و پێشخراوەکەی (٦٣)

أ- DP ی ( کتێبەکە) بەرەو سپێکی vP دەجولێ

ب ـ DP ی ( کتێبەکە) بەرەو سپێکی TP دەجولێ

ج ـ سیمای تایبەتی ( هیوا) بەرەو Agr دەجولێ

کەواتە دارِشتنە پاش و پێشخراوەکە هەنگاوێك زیاتر لە دارِشتنە پاش و پێشنەخراوەکە ئەنجام دەدات، و هەردوکیان لەیەك نزیکن، مەرجی کورتترین دارِشتن ڕێ لە دارِشتنە پاش و پێشخراوەکە دەگرێ .

چۆمسکی ( ١٩٩٨ ) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ئەگەر سیمای دۆخ لە DP دا پاساودرا، ئەو DP یە ناچالاك دەبێ و ناتوانرێ هیچ جولانەوەیەکی تری بەسەردا بێ، یان لەهیچ پەیوەندییەکی ڕێکەوتنی تردا بەشدار بێ. ئەم جۆرە مەرجە یەکسەر ڕێ لە ڕوودانی (٦٦) دەگرێ و لەگەڵ هیچ مەرجێکی تردا نییە (Chomsky:1998:45 ).

## ٣ ـ ١٨ جۆرەکانی بەکارهێنانی ئابوریکردن

بەشێوەیەکی گشتی ( Motut : 2010 : 10 ) بەکارهێنانەکانی ئابوریکردن لەناو MP دا لە چوارچێوەیەکدا پۆلێن دەکات، کە (2001) Collins ئەم جۆرە جیاوازییانەی باس کردووە:

### ٣ ـ ١٨ ـ ١ ئابوریکردن وەکو دوورخستنەوە Economy as distance :

کەمترین وزە بەو مانایەی کە دەتوانێ لەناو تاکە نواندنێکدا، لە خاڵێکی دارشتنی ڕۆنانێکی تایبەتدا، ئەو ئامانجەی کە نزیکترە وەکو پاساودەری ئامانجەکە probe ڕێ لەو ئامانجە بگرێ، کە دوورترە. نموونەیەکی زۆر سادەی ئەم جۆرە ئابوریکردنە لەم نموونەیەی خوارەوە ئەنجام دەدرێ:

(67) a. [ couldi [ they ti [ have left ]]]

b. [havei [ they ti left ]]

c. [*havei [ they coud [ ti left ]]] (data from Hornsein et al 2005 : 144 )

لە (67)ی سەرەوەدا تەنیا have ڕێ بە جولانەوەی دەدرێ لەناو مەودای Cp دا ئەگەر هیچ سەرەیەکی تری یاریدەدەر نەبێ، کە نزیکتر بێ، couldهەمان شت دەکات ( واتە could لە 67a دا ). بیری کورترین جولانەوە لەهەمان فۆرم دایە، یان لە فۆرمێکی ترە، لە تیۆرەکانی ڕێزماندا زۆر باوە ( واتە، پێش بچوکترینی ) هەروەها لەم دواییەدا، و لەسەرجەم نوسینەکاندا پێدەچێت بە کردەوە پشتگیرییەکی زۆری هەبێت. تێبینی دەکرێ، کە بچوککردنەوەی وەك ئەوەی لە (67)دایە کەتیگۆرییەکی ـ هەستیارە، ئەوەش، سەرەیەکە، دەتوانێ ڕێ لە سەرەیەك بگرێ. ئەگەر نزیکتر بێ لە پرۆبەکە، و DP یەك دەتوانێ ڕێ لە DP یەك بگرێ ئەگەر نزیکتر بێ لە پرۆبەکە، بەڵام DP یەك ناتوانێ ڕێ لە سەرەیەك بگرێ. ئەم جۆرەی ئابوریکردن بەتەواوی پێشاندراوە. ئەو بنەمایە لە ڕووی هەندێ ڕۆنانەوە دووری ( واتە، ژمارەیەك جێکەوتە ) لەنێوان پرۆب و ئامانجەکە دەپێوێ .

### ٣ ـ ١٨ ـ ٢ ئابوریکردن وەکو هێزی سیما Economy as feature strength :

ڕادەی بەهێزی و بێهێزی سیما وەك جۆرێك لە ئابوریکردن دەربڕدراوە. سیماکان،

جولانەوە دەوروژێنن : سیما بێهێزەکان جولانەوەی شاراوە دەوروژێنن، و سیما بەهێزەکان جولانەوەی ئاشکرا دەوروژێنن. ئەمەش هەمان جیاوازی ئاشکرا / شاراوەیە، کە بنەمای دواخستن مەبەستییەتی. هەرچەندە، یەکێك دەتوانێ دیسان بپرسێ ئەگەر وابێ ئەمە لە ڕاستیدا هەندێ شت ئابورییانەیە، لە ڕێزماندا سەرنج ڕادەکێشێ. یان ئەگەر وابێ ئەوە تەنها جۆرێکی تایبەت بە خودی ئەو میکانیزمەیە لە هەرچی سیمایەکدا، پاساودان ڕوودەدات. بە دڵنیاییەوە، ئەو ناونانە هێماییانە مانای بێهێزی و بەهێزی دەبەخشێ، کە یەکێك ببێتە هۆی بەکارهێنانی سەرچاوەی زیاتری ئەو ڕێزمانە لە هیتر، بەڵام ئەو بۆچوونە سەرەکییەی هەندێ سیما پێش درکاندن پاساو دەدرێ و هەندێکیان دوای درکاندن دەتوانرێ دەرببڕدرێ لەو ڕووەوە کە ئابوریکردنی ـ بێ لایەنن .

### ٣ ـ ١٨ ـ ٣ ئابوریکردن وەکو درێژی دارشتن Economy as derivation length :

درێژی دارشتن بەگشتی بە ژمارەی هەنگاوەکان دەپێورێ لە دارشتنەکەدا، هەمیشە، ژمارەی هەنگاوەکان بە تەوای ڕەچاو دەکەین، لەسەر هەرچی سنورێکی وەکو هەنگاوێك پەیرەو دەکەن. ئەگەرچی چەند هەنگاوێك دەنێین، ئەوەش بە تەواوی ئاشکرای ناکات، هەرچەندە باس دەکرێ، کە ئەو ڕێزمانە دەیکات. بەگشتی، یەك هەنگاو لە بەرامبەر یەك ئەنجامدانی کردە سەرەکییەکەدا دادەندرێ، ( واتە، لێکدان یان گواستنەوە )، بەڵام دیسان گفتوگۆ لەبارەی ئەو لایەنەوە دەکرێ، کە کردەیەکی بنەرەتی پێکدێنێت. ئەمەش دەکرێ لەخوارەوە و، بۆ لێکدان، گواستنەوە، و کۆپی، دواتر دەکرێ گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێ. بەگشتی ئەم جۆرە ئابوریکردنە بەو شێوەیەی خوارەوە کاردەکات : دارشتنە کورتەکان ڕێ بە درێژەکان نادەن. دارشتنە درێژەکان ( واتە، فرە هەنگاون) دەبنە نارێزمانی، هەر چەندە لە ڕێزمانەکەدا ئەوانە لەڕاستیدا (لەرووی تیۆرییەوە) لێك نزیکن .

( ٦٨) دوێنێ پەنجەرەکەی بە بەرد شکاند.

(٦٩ ) دوێنێ بە بەرد پەنجەرەکەی شکاند.

(٧٠ ) *بە بەرد دوێنێ پەنجەرەکەی شکاند.

### ٣ ـ ١٨ ـ ٤ ئابوریکردن وەکو وزە Economy as Effort :

بنەما تایبەتییەکانی ئابوریکردن وادەردەکەوێ ئەرکێکی قورسی ژمێرکارییانە بداتە پاڵ ڕێرەوی ئەو دارشتنەی کە لەسەر بنچینەی ئاڵۆزی پێکهاتەکاندا کۆپی دەکرێت یان دەجولێتەوە. بۆ نموونە، مەرجی قورسایی خستنەسەر weight condition لە بۆچوونی( Collins : 2001: 56 )دا باسکراوە، ئەوە

ڕووندەکاتەوە، کە سیما F کەرەسەی پێویستی تەواو لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگریَ بۆ یەکگرتن. بەگوێرەی کۆلنز، چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات، ئەم بنەمایە بۆ ئەوەی [....] ڕێك بخات کێشکردن pied piphng گشتگیر دەکات. ئەمە بەهەمان شێوە، ئەگەر گونجاو نەبیَ بۆ بنەمای سوکترین بار Lightest Load Principle، کە (Hornstein :2009 : 40 ) دەیخاتە پاڵ چۆمسکی (1995) .

### ٣ ـ ١٨ ـ ٥ ئابوریکردن وەکو کردەی ئاڵۆزیEconomy as Operation complexity :

چۆمسکی ( 1995 , inter alia)باسی ئەوە دەکات، کە کردە سەرەکییە دیاریکراوەکانی ڕێزمان بە سودن، کەچی ئەوانی تر بڕێکی دیاریکراوی تێچووی هۆیەکانی جێبەجێکردنی ڕێزمانەکە زیاد دەکات (cost). لێکدان merge دەبیَ بە کراوەیی باس بکرێت چونکە هەموو تیۆرێکی ڕێزمان ، لەلایەن کردەیەك چەمکی پێویستی تەواو virtual conceptual necessity داوا دەکرێت ، کە کەرەسەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. بەگشتی جولان وادەردەخات زۆر ئاڵۆز بێت، لەبەر ئەوە تێچوی زیاترەmore costly.

### ٣ ـ ١٨ ـ ٦ بنەماکانی کاتی ڕوودان Timing Principles

بنەماکانی کاتی ڕوودان ئەو بنەمایانەن، کە لە داڕشتنێکدا ڕێکدەخرێن، لەکاتێکا پێویستە کردەیەك ئەنجام بدریَ. چەند بنەمایەکی ئابوریکردن هەیە، پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە هەڵبژاردنی ئەو کاتانەی لە ڕێزمانەکە دیاریکراوە بنچینەی ـ ئابوریکردنن. دواخستن و دواچارە ئەو کردانە لە ڕوودان‌دا دوادەخەن تاکو پێویست دەبن. هەروەها بنەمای بە زوترین کات As Soon As Possible ( ASAP) پێشنیاز کراوە ( بڕوانە( Yang 1997 , Collins 1999 , Collins 2001 :

بەپێچەوانەی دواخستنەوە، پێدەچیَ مەرجێکی تر هەبیَ، کە بەگوێرەی Yang (1997) لە ڕێزماندا، دەتوانین ناوی بنێینASAP ( بۆ پەیوەندی ئەم مەرجە بڕوانە1989 Pesetsky) ، کە لەخوارەوە ڕونکراوەتەوە :

(٧١) بنەمای بەزوترین کاتی گونجاو : As Soon As possible principle ئەگەر لەتوانادا بوو کردەیەك ئەنجام بدریَ، ئەوا پێویستە ئەنجام بدریَ (بڕوانەCollins 1999 )..

ئەم دوو جۆرە بنەمایە وادادەنیَ، کە ئەوانە کردەکان ڕادەپەڕێنن و دوایان دەخەن، لەخۆیانەوە لەگەڵ یەکتر ناکۆکن نین، لەکاتێکا هەردوکیان ئەو کردانە ئاساندەکەن، کە سیستەمی ژمێرکاریی ڕێزمان پێویستی بە بەکارهێنانیانە ( Motut : 2010 : 12 ) .

یەکەم پرسیار لەمە دەکرێ، ئەگەر ASAP بەڕاستی مەرجی ئابوریکردنە. لەڕاستیدا، ASAP بەپێچەوانەی دواخستن، وەك دژە مەرجێکی ئابوریکردن دەردەکەوێ. بەڵام لە بۆچوونێکی گرنگدا ASAP مەرجێکی ئابوریکردنە، کاتێ لە ژمێرکاریدا ڕێ بە ئاسانکاری دەدات ، ئەگەر بیەوێ بڕیاربدات کردەیەکی تایبەتی ئەنجام بدرێ. وادادەنێ، کە کردەکە OP لە داڕشتنەکەدا دەتوانرێ، لە هەنگاوێکی تایبەتی ڕستەکەدا S ئەنجام بدرێ. ئەگەر UG لە هەنگاوێکی S دا ڕێ بە هەڵبژاردنی نێوان ئەنجامدان یا ئەنجامنەدانی OP بدات، بۆ ئەوەیە ئەو بڕیارەی هەیەتی دروستی بکات. زانیاری کە ڕێ بەو بڕیارە دەدات بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەیە دروست بکرێ. پەسەندکردنی (٧٢ ) بەگرنگییەوە دەبێ ئاسانتر بێ. دیارترین نموونەی ئەم بنەمایە لەگەڵ پاساودانداا کاربکات ASAP .ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئەگەر پەیوەندی پاساودان بچەسپێنرێ، ( بەتایبەتی بڕوانە Chomsky:1995b:280 ) ئەوە پێویستە، لەو نموونەیەی خوارەوە وردبببینەوە :

(٧٢) [ $_{IP}$ ئارام $_i$ وادیارە کە [ IP $t_i$ زیرەکە ]]

چۆمسکی (1995b:284)و لاسنك (1995a)پێشنیازدەکەن، کە ئەم ڕستەیە لەبەر ئەم هۆکارەی خوارەوە پەسەند نەبێ. گریمان کە فرێزی ناوی ( ئارام ) سیمای دۆخی هەیە و لە هەندێ ڕووەوە لە داڕشتنەکەدا ئەو گیرەکە دیاریکراوە سیمای دۆخی هەیە.، ئەم نواندنەی خوارەوە دەبێ پێکبهێنێت :

(٧٣) [ T وادیارە کە [ $_{IP}$ ئارام $_i$ زیرەکە ]]

لەم هەنگاوەدا، سیمای دۆخی ( ئارام ) و پیشاندانی سیمای دۆخەکە لە گیرەکە دیاریکراوەکەی پاڕستەکەدا، دەچێتە ناو پەیوەندی پاساودانەوە، و ئەوانە هەردوکیان لادەبردرێن. چونکە لەمەدا، ئارام سیمای دۆخی نییە، لەبەر ئەوە، سیمای دۆخی قالبی گیرەکەکە هەرگیز ناتوانرێ پاساو بدرێ، هەرچەندە ئارام بەرەو شوێنی سپێکی IP دەجولێتەوە، وەك لە (٧٢) دا. ئەمە زۆر بەگرنگی پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ، کە پاساودانی دۆخی بکەری لە پارستەکەدا لە (٧٣)دا پێویستە گونجاو بێ ASAP .پاساودانی سیمای گونجاو بەزۆر بەسەریدا دەسەپێنێ (Baltin and Collins: 2001: 57 ).

### ٣ ـ ١٩ دۆخ لە سنووری تیۆری پاساودان‌دا

دۆخ لە تیۆرە نوێیەکاندا وەکو سیمایەکی پاساودان بەرچاو دەکەوێ : لە گشت زمانەکاندا، پێویستە بکەر و بەرکارەکان بەرزببنەوە و سیماکانی دۆخ لە پەیوەندی سپێك ـ سەرەدا لەگەڵ سەرەیەکی ئەرکی گونجاودا پاساو بدەن، لەوەدا کە سەرە ئەرکییە گونجاوەکان سەرەی فرێزەکانی ڕێکەوتنن(AgrP) . چۆمسکی لە بۆچوونی (1993)دا ڕوونی دەکاتەوە، کە دۆخی ڕۆنانی وەردەگیرێ بۆ ئەوەی بەتەنها ئەو

پەیوەندییە تایبەتییە پیشان بدات، کە لە سەرەیەکەوە بۆ دیاریکارەکەیەتی(Spec,Head) . دەسەڵاتی سەرە هیچ ڕۆڵێك لەم چوارچیوەیەدا نابینێ. دواتر ڕێکەوتن و دۆخی ڕۆنانی هەردوکیان وەك نیشانەکانی پەیوەندی سپێك ـ سەرە (NP, AGR) دەبینرێن. دۆخی بکەری ئەرکێکی سنورداری هەیە، یەکسەر بەهۆی فرێزی ڕێکەوتن AgrSP پاساودەدرێ، کە زاڵە بەسەر فرێزی کاتدا: (T) . ئەو سەرە ئەرکییانە T و Agr، هەر یەکێکیان دوو سیمایان هەیە: سیمای کاری و ناوی. سیما کارییەکان تایبەتییە گیرەکییە گونجاوەکانی کارەکە پاساودەدەن و سیما ناوییەکان تایبەتییەکانی NPs دا پاساودەدەن. ئەو داڕشتنە سەرکەوتوو دەبێ ئەگەر هەموو سیماکانی سەرەیەکی گیرەکی دیاریکراو لەگەڵ سیماکانی ناو و کردارەکە لەیەك بچن، ئەوە بەباشی جووت دەبن و پاساودەدرێن .

تایبەتییەکانی دۆخ پشت بە روخسارەکانی کات T(ense) و کار V(erb) دەبەستێ. لەبەر ئەوە وادادەنێ T بەرەو AgrS بەرزدەبێتەوە، ئاوێتەیەکی [T, AGRs] پێکدێنێ و بکەرەکە NP بەرەو سپێکیAgrSP .

( 74)




دۆخی بەرکاری بەهۆی ئەو فرێزە ـ ڕێکەوتنەی زاڵە بەسەر کارەکەدا پاساودەدرێ .AgrO : بەو پێیە پێویستە بەرکارەکە بەرەو سپێکی AgrOP بەرزببێتەوە، ڕەنگە کارەکان ئەو تواناییانەیان هەبێ یان نەبێ دۆخی ڕۆنانی بدەن بە دەستەوە. ئەگەر V ئەو سیمایەی [ Case+ ] هەبێ، کەواتە دوای بەرزبوونەوەی کارەکە بۆ AgrOP ، بەم جۆرە ئاوێتەی (AgrO- V) ئەم سیمایەی دەبێ و دۆخی بەرکاری لە شوێنی سپێکی (AgrO) پاساودەدات.

لەم بارەدا، سیماکانی ـ Vبە بەرزبوونەوەی کارەکە بەرەو AgrO پاساودەدرێ، و سیماکانی ـ N بە بەرزبوونەوەی بەرکارەکە NP لە سپێکی AgrOP دا پاساودەدرێن .

( 75)




ئەگەر V [ – Case ] ی هەبێ (ئەوە نابەرکارییە)، واتە [spec, AGRo] چالاك نابێ. هەر NP یەك لە سپێکی AgrO پاساودانی دۆخی نەبێ، لەبەر ئەوە دەبێ بجولێتەوە بەرەو سپێکیAgrS . بەهەمان شێوە، ئەگەر T سیمای دۆخی هەبێ، کەواتە ئاوێتەی [AGRs, T] ئەم سیمایەی دۆخی دەبێ، ودەبێ دۆخی (بکەری) لەگەڵ ئەو( NP) ە لە مەودای پاساودانەکەیدا [Spec, AGRs] پاساوبدات(15 :2001: Horen ).

## ٣- ٢٠ تیۆری دۆخ و تیۆری ڕێکەوتن

کەتیگۆری بۆی هەیە بەپێی دەسەڵات دۆخ [ case+ [لەV ) ، یانP ، یان( INFL ، یان بەپێی ڕێکەوتن (لەگەڵ کەرەسەی تری هەڵگری دۆخ )وەربگرێ. ئێستا دەتوانین بەشێوەیەکی تر دووفلیقانەکەی (dichotomy)چۆمسکی و لاسنیك لە زاراوەکانماندا لەنێوان ڕێکەوتن و دۆخدا دابڕێژینەوە: دۆخ دەکرێ بەتەنها لەسەر XP و YP دەرکەوێ، ئەگەر هەردووکیان کەتیگۆری [ N+ ] بن، و دۆخ بەتەنها لەسەر XP دەردەکەوێ کاتێ H [ N– ] بێ .

| | | | |
|---|---|---|---|
| (76 )a. دۆخ گەیاندن Case transmission: | | XP | YP |
| ( ڕێکەوتن) ( agreement ) | | [ +N] | [+N] |
| | | +Case | +Case |

| | | | |
|---|---|---|---|
| b. پێدانی دۆخ Case assignment: | | H | XP |
| | | [-N] | [+N] |
| | | - Case | + Case |

پێدانی دۆخ دەبێ لەکاتی پەیوەندی سپێك ـ سەرە دەستپێبکات، وەك لە بۆچوونی چۆمسکی (١٩٩٣)دا دەردەکەوێ.

گەیاندنی دۆخ پەیوەندی نێوان دوو جێکەوتەی مەزنە، کە هەڵگری سیمای [N+] ن. لە گەیاندنی دۆخدا هەردوو کەتیگۆری دەبێ سیمای ئەو دۆخە هەڵبگرن. بۆ ئەوەی دۆخەکەی بگەیەنن، جێکەوتەی مەزن پێویستە دۆخ لە سەرەی پێدەری دۆخ [N-] وەربگرێ. بەم جۆرە لە تیۆری دۆخدا سەرەیەکی [N-] ڕێ بە جێکەوتەی مەزن [N+] دەدات، کە سیمای دۆخی پێبدرێ، و تیۆری دۆخ هاوبەشی سیمای دۆخ دەکات لەنێوان کەتیگۆرییە[N+] ەکاندا. ئەمەی لەبواری تیۆری دۆخدا هەیە ڕێ بە دووفلیقانەی ڕاستەقینە دەدات لەنێوان کەتیگۆرییەکانی پێدانی دۆخ [N-] و کەتیگۆرییەکانی وەرگری دۆخ[N+] . کەتیگۆری [N+] ناتوانێ دۆخ بدات، تەنها دەتوانێ بەشداری بکات، و تەنها دەتوانێ بەشداری دۆخێك بکات، کە لە پێدەری دۆخەوە Case assignerوەریگرتووە، کە ئەوەش سەرەی [N-] ە (124: 1997: Tremblay ).

### ۳ ـ ۲۱ لێکدان و ڕۆنانی فرێزی سادە Merge and Bare Phrase Structure

بچوکترین پڕۆگرام ڕۆنانی فرێزی سادە بەکاردێنێ، لە ژمێرکاریدا کردەی لێکدان بنچینەی ئەم سیستەمەیە، کاتێ لێکدان دانە فەرهەنگییەکان هەڵدەبژێرێ، وەك دوو کۆمەڵە لێکیان دەدات و ڕەگەزێکی نوێ K دروستدەکات، کە نیشانەی γ بۆ ڕۆنانە لێکدراوەکە دادەنرێ، کە γ کەتیگۆرییەکی سینتاکسی یان سیمانتیکیی کەرەسە لێکدراوەکان پیشان دەدات. لە ئەنجامدا ئەو پەیوەندییە درەختییەی خوارەوەی پێ دەبەخشێ.

(77 )a. Merge ( α, β ) = { γ { α , β }}

b.




لەکاتێکا γ ئەو جۆرەی K دیاریدەکات، فرێزی کارییە یا ناوییە...، لەبەر ئەوە γ نیشانەیە بۆ .K لە ئێستادا بەم شێوەیەی خوارەوە لە کەرەسە سینتاکسییەکان دەکۆڵدرێتەوە:

(۷۸) أ ـ دانە فەرهەنگییەکان

ب ـ {{ K = { γ, { α , β لەکاتێکا α و β کەرەسەن و γ نیشانەی K یە(Chomsky : 1995: 248) .

دانە فەرهەنگییە جیاوازەکان (سیما لێکدراوەکانیان) و ڕۆنانەکانی وەك فرێزەکانیDP ، CPو کاری بێهێز Light verbلە هاوبەشەکەدا پێویستن. بە تایبەتی لە زاراوە تیۆرییەکانی X- bar دا تەنها جێکەوتەی بچوك و مەزن پێویستن، ئاستەکانی X- bar پێویست نابن. تێبینی دەکرێ، کە لێکدان هیچ سنورێك لەسەر دەرکردەکاندا پێشنیاز ناکات، جگە لەو دوو دانەی لێکدەدرێن، کە هیچ کێشەیەك لەو بارەدا دروست نابێ،

که read لەگەڵ the book لێکبدرێ  [read read the book] ئەنجام دەدرێ ( کاتێ α کارەکە دەنوێنێ و β فرێزە ناوییەکە the book ) یان [ read  the book read]  کاتێα ، the bookبنوێنێ و β کارەکە ) .
بەو پێیە لە هەرچی لێکدانێکدا دەتوانرێ دوو شێوەی جیاواز ئەنجام بدرێ، دوو شێوازی کردەکە ( read دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ڕۆنانەکە بە لێکدانی دەرەکی (لێکدانی دێرین)، لەکاتێکا لێکدانی ناوەکی لە ئەنجامی شێوەی جولانەوەکەوە دەبێ (Chomsky:2004) . لەڕووی فۆرمەوە، لێکدان بەئاسایی لە دوو کەرەسەی α و βپێکدێت، مەرج دادەنێ، کە لەو دووە یەکێکیان سەرە بێ. ڕێگای یەکەم، کە یەکەم ڕەگەز وەك سەرە دیاریدەکات لەجووتەکەدا:

(79 )   Merge (α, β ) = < α, β >

تێبینییەکی جیاواز، کە پێی دەوترێ تێبینییWiener - kuratowski ، کە لە  ریزبوونی جووتەکەدا زۆر بەگشتی لە نووسیندا بەکاردێت:

(80 )   Merge (α, β ) = { α, {α, β }}

بۆ هاوسەنگکردنی بەئاسانی ( 79) و ( 80) دەیسەلمێنێ، کە لەڕووی فۆرمەوە {{ α, {α, β } : ڕێگایەکی ترە بۆ نووسینی< α, β > ، وادادەنێت کە γ (i): لە{{ α , β } γ } دا نیشانەی فرێزەکە دەگەیەنێ، کە γ (ii) یان یەکسانە بە α یان بە β ئەو دوو هەڵبژاردنەی پێدەبەخشێ {{ α, {α, β } و.{β, {β, α} = {{β, {α, β} ئەم دوو شێوە گونجاوە بەنۆرە لەناو < α, β >  و < β, α > دەردەکەون.

BPS لەدوو ڕووەوە لە چەشنە دێرینەکانی PS جیادەکرێتەوە : یەکەمیان، چەند گریمانەیەکی جیاواز لەسەر شێوە تایبەتییەکانی سینتاکس دەخاتەڕوو، وەك مەرجەکانی دروستی(well- formdness) .
دووەم، دوپاتبوونەوە لە مۆدیلەکانی دێریندا ناهێڵێ.

### ٣ - ٢٢ **نەهێشتنی دووپاتبوونەوە** Elimination of Redundancies

BPS بیروڕای جیاوازی ناپێویست لە تیۆری X̄ - لادەدات و لەبەر ئەوە لەڕووی وەسفەوە زۆر تەواو (ئابوورییانەیە) لەچاو مۆدیلە دێرینەکانی ڕۆنانی فرێزPS . چوار لەو سودانەی لێدەکەوێتەوە :

١- ئەوە جیادەکاتەوە، کە ئاستی باڕ ( لەX̊ ، لەX̄ ، بۆXP ) بەشێك نین لە فەرهەنگ، سەرپێچیکردنی گشتگیرییە، کە ژمێرکاری دانە نوێیەکان لە دانە فەرهەنگییەکان و سیماکانی بەرهەم ناهێنێ ( بەڵگە نەویستە : هەموو سیماکان بەشێکن لە فەرهەنگ) .

له BPS دا، ئاستەکان بە دیاریکردنی ئەرکی دەناسرێنەوە : بەتەواوی وەکو بیری (بەرکار) و (بکەر) گەیەنەری بیروبۆچوونەکانە، کە بەو دەقە سینتاکسییەوە دیاریدەکرێ ( سپێکی TP کارەکان، خوشکی سەرە) ئەو قالبەی ڕۆنانی فرێز کەتیگۆری ( مەزن، بچوك، ناوەراست ) لەلایەن شوێنی تایبەتی هەر یەکێکیان دەخرێتەڕوو. کەواتە BPS باشتر لەگەڵ مەرجی گشتگیری دەگونجێ.

أ - α جێکەوتەیەکی مەزنە ئەگەر بێت و α جێکەوتەی نەبێ .

ب - α جێکەوتەی بچوکە ئەگەر بێت و α لە هەژمارکردندا هەڵبژێردرێ

ج - α جێکەوتەیەکی ناوەڕاستە ئەگەر بێت و α نە جێکەوتەی مەزن و نە بچوك بێ.

٢- BPS کرۆکییە ( ناوکی لەناودایە)، کە دەیەوێ لە تیۆری X̄ دا مەرج دابنێ بە چەسپاندنی ئەوەی کە X̊ دەبێتە جێکەوتەی X̄ .

3- BPS جێکەوتە زیادەکان، قەڵپەکان لادەدات بەخۆ رزگارکردن لە گرێ دوو لقکراوەکان کە تەنها تاکە گرێیەکی سەرەکی دابیندەکات. لەجیاتی بوونی شیکردنەوەی ڕستەیەکی وەك ( ٨١) ناوێکی وەکو (هیوا) ئێستا کەمدەکاتەوە بۆ (٨٢ أ) ( بۆ ئەوەی زیاتر ئاسانبکرێ ). لەکاتێکا VP هاوتا بکرێ بەسەر درەختی (٨٢ ب) دا:

(٨١) (٨٢) أ - ب -




4- لەکۆتاییدا، BPSهەموو کەتیگۆرییەکان پێکەوە لادەبات، و لە ئەنجامی ئەوەدا دووبارەبوونەوە لەنێوان فەرهەنگ و PS دا زۆر بەئاسانی کەمدەکاتەوە، لەڕاستیدا، کە هیوا ناوێکە لەئێستادا لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە. کەواتە هێنانە ناوەوەی نیشانەی N لە داڕشتنەکەدا زانیاری نوێ زیاد ناکات. بەو پێیە (٨٢ ـ أ)

ئاسانترکراوە بۆ (٨٣ ـ أ)، کە لەڕاستیدا دەتوانێ (٨٣ ـ ب )ی لێ بکەوێتەوە، لەو کاتەی کە (٨٢ ـ ب) ئێستا دەگۆڕین بە (٨٣- ج) (نواندنە ناوەڕاستەکان لادەدرێن)  (Lechner:2006:13) .

(٨٣)أ-




هەروەها دەستکەوتێکی زیاتر، کە (٨٢- ب ) وەك (٨٣- ج ) دەنووسرێتەوە، ئەو جیاوازییەی نێوان دانەی فەرهەنگی و گرێ زاراوەییەکان terminal nodes ناهێڵێ، ئێستا دەتوانرێ ئەوانە لێك جیانەکرێنەوە. کۆڵنز(2002) Collins   باسی ئەوە دەکات کە نیاز وایە نیشانەکان ( و جێکەوتەکان) لە نواندنی ڕۆنانی فرێزەکاندا لاببردرێ، (٨٣- ج ) دەبێ (٨٤) جێی بگرێتەوە، کە ( 198 : seely: 2006) ئەم بۆچوونە بە وردی باس دەکات :

(81 )




لەو چەند بیرو بۆچوونەدا، بەهۆی ئەوەوە کە (٨٣- ج) بەگوێرەی بۆچوونی چۆمسکی دەبێ وەك (٨٤) بنوێنرێ، کۆلنز تەنها (٨٥)ی دەوێ( 94 : Jayaseelan : 2008 )   :

(٨٤)   {{{ ی،{{ەکە،{کتیب،ەکە}}،ی}}،کڕی}، کڕی }

(٨٥)   { کتێب،ەکە ،ی ،کڕی}

# ئەنجام و پێشنیازەکان

ئەو شیکردنەوەیەی ئێمە ئەو دوو تەوەرەی لێدەکەوێتەوە:

## أ ـ ئەنجامەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەستدەکەوێ:

١ ـ بنەمای ئابوریکردن لە ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەوە دەستپێدەکات، کە دەکرێ تەنها بە یەك یاسای ئێکس ـ بار، هەموو فرێز و ڕستەیەکی پێ شیبکرێتەوە، ئەگەر ڕستەکە ئاڵۆزیش بێ، یاساکە خۆی دوبارە دەکاتەوە.

٢ ـ GB تاکە یاسایەکی سادە بەکاردەهێنێ بۆ جولانەوە، کە ڕێ بە هەموو کەتیگۆرییەك دەدات بجولێتەوە بۆ هەر شوێنێك بێ، پێی دەوترێ ئەلفا بجولێنە ، کە دواتر پێوانەکانی GB جولانەوە سنوردار دەکەن، بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست و ئەو دووریە سنوردار دەکات، کە دەبێ کەرەسەیەك بۆی بجولێتەوە.

٣ ـMP بەهۆی دوو پێکهێنی دەنگی و لۆجیکی، کە دەیانبەستێتەوە بە جیهانی سروشتی و بۆچوونەکانی هۆشەکی، دوای ئەوە دەتوانرێ ڕستە ببەسترێتەوە بە جیهانی دەرەکی، کە دوو ئاستی ژێرەوە و ئاستی سەرەوەی ڕستە پێویست نابن، کە لادانی ئەم ئاستانە ئابوریکردنە لە بەکارهێنان و خستنەڕووی یاساکانی ئەم دوو ئاستە.

٤ ـ لە MP دا هەر وشەیەك لە هەڵبژاردندا دیاری بکرێ بۆ داڕشتنەکە، کۆمەڵێك سیمای سینتاکسی و فۆنەتیکی و واتایی لەگەڵدایە، کە لە(LF) دا دەتوانرێ سیما واتاییەکان لێکبدرێنەوە و لە(PF) دا تەنها سیما فۆنەتیکییەکان لێکبدرێنەوە، هەموو سیماکانی تر لەکاتی داڕشتنەکەدا دادەماڵدرێن و لادەبردرێن.

٥ ـ لە MPدا سیماکان لەخۆیانەوە ناچنە ناو هەژمارکردن، ئەگەر کاریگەرییان لەسەر دەرکردە نەبێ، ئەم کۆتە بەشێوەیەك لەناوخۆیدا و لەناو کۆتەکانی ئابوریکردندا پلە بەپلە دەکرێت، کە پێویستە سیما زیادەکان لە ئاست نواندن و داڕشتنەکەدا ئەرك نەبینن.

٦ ـ پاساودانی سیما هەمیشە لەنێوان دوو سیمای هەمان جۆردا ڕوو دەدات. سیما پاساودراوەکان لادەدرێن. سیما وردەکان Fs < - لێکدراوە > پێویستە لە LF دا پاساو بدرێن و لابدرێن، لەکاتێکا ئەوانەی <+لێکدراوە> نابێ پاساوبدرێن یان لابدرێن، چونکە لە LF دا لێکدەدرێنەوە، لێرەدا هەبوونیان لە LF دا

سەرپێچی لێکدانەوەی پراوپڕ ناکەن Fs .ی بەهێز پێویستە، پێش درکاندن Spell – out پاساوبدرێ و لابدرێ، لەکاتێکاFs ی بێهێز دەتوانرێ لە LF دا پاساوبدرێ.

٧ ـ لە ئەنجامی ئەو سیستەمەی MP دا ئاستەکانی نواندن بەرەبەرە کەم دەکرێنەوە بۆ دوو ئاستی گونجاو، کە پەیوەندییان بە دەنگ و واتاوە هەیە، کەواتە ئاستەکانی ڕۆنانی ـ S و ڕۆنانی ـ D ، کە تایبەتن بە سینتاکسی ناوەوە دەبێ لابدرێن.

٨ـ بنەماکانی ئابوریکردن وەکو دواخستن Procrastinate دەیسەلمێنێ، کە جولانەوە و پاساودانی سیما ئەگەر توانرا پێویستە، دوابخرێت بۆ سینتاکسی نادیار. جولانەوەی سینتاکسی کردەی دواچارە Lastresort ڕەچاودەکات.

٩ ـ هەر ڕەگەزێك بۆ پاساودانی سیماکانی بجولێ، ئەو ڕەگەزە وادەکات، سیماکانی لەگەڵ سیماکانی ئەو شوێنە بگونجێنێ، کە بۆی دەجولێ. بەو پێیە پەیوەندی ڕێکەوتن دروست دەبێ لەنێوان شوێنە بنچینەییەکەی و ئەو شوێنەی کە ڕەگەزەکە خۆی یان بە تەنها سیماکەی بۆی دەجولێ.

١٠ ـ ئەو پەیوەندییەی لەنێوان پاساودەری سیما و سیمای پاساودراودا هەیە، پێویستە لە مەودای ناوخۆدا بە کەمترین وزە Least effortدابمەزرێ، بەم جۆرە ئەگەر دانەیەك لە مەودای ناوخۆی Local domain پاساودەری سیماکەیدا نەبێت، پێویستە بجولێتەوە ( وەك دواچارە Last Resort ، بەگشتی دەبێ پەیرەوی کەمترین وزە بکات ) بۆ شوێنێکی گونجاو بۆ دەستکەوتنی سیما پاساودراوەکەی.

**ب ـ پێشنیازەکان:**

١ ـ بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی هەندێ سیماو تایبەتمەندی وا لەخۆ دەگرێ، کە لە زۆربەی زمانە هیندۆ ئارییەکانی جیادەکاتەوە، لەوانەیە ئەگەر چۆمسکی شارەزاییەکی پێویستی لەسەر زمانی کوردی هەبێ، بۆچوونی جیاوازی لەسەر تیۆرەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، و بەهۆی ئەوەی زمانی زۆری وەکو عەرەبی و تورکی.... گەلێ زمانی تر لە ڕێگەی زمانەوانەکانی خۆیانەوە، ڕازو نهێنییە ڕێزمانییەکانی خۆیان بە چۆمسکی ناساندووە، چ ڕاستەوخۆ بە پەیوەندی کردن بە چۆمسکییەوە وەکو ( مازن الوعر ) کە تاوتوێی کێشەکانی زمانی عەرەبی لەگەڵ کردووە، چ بە ناڕاستەوخۆ بە وەرگێرانی ڕێزمانی زمانەکەیان بۆ زمانی ئینگلیزی، لەبەر ئەوە پێمان باشە زانکۆکان ئەوە بگرنە ئەستۆ لەوەی ئەو نامەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بۆچوون و تیۆرەکانی چۆمسکی ئەنجامدراون، وەربگێرنە سەر زمانی ئینگلیزی و نموونە کوردییەکان بە چەمك و ڕیزبوونی کەرەسەکانی خۆیان بە نووسینی لاتینی بخرێنە ڕوو، بۆ ناساندنی زمانی کوردی بە چۆمسکی، کە خۆی کورد وەکو نەتەوە و هەڵوێستی سیاسی دەناسێ.

٢ ـ زۆربەی ئەوانەی لە خوێندنی باڵدا لەسەر بۆچوونەكانی چۆمسكی دەنووسن، لە چوارچێوەی تیۆری بابەتەكاندا هەژارن، لەبەر ئەوە پێشنیازی دەكەین، كەوا بۆچوونە سەرەتاییەكان لە بەكالۆریۆس و ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە ماستەر و بچوكترین پڕۆگرام لە كۆرسەكانی دكتۆرادا بخوێنرێ، بۆ ئەوەی پێش زەمینەیەك بۆ خوێندكاران برەخسێ .

# سەرچاوەکان

## أ ـ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


**ئەبوبەکر عومەر قادر.**

٢٠٠٣ بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).

**حاتەم ولیا محەمەد.**

٢٠٠٩ پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپخانەی خانی، دهۆك.

**صباح رشید قادر.**

٢٠٠٠ هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).

٢٠٠٩ هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ( GB) لە زمانی کوردیدا.

٢٠١٠ تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە ١٦، هەولێر.

**صلاح حویز رسول.**

٢٠٠٦ ڕستەسازی و واتاسازیی (بوون)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە (بڵاونەکراوە).

**ڤیان سلێمان حاجی.**

٢٠٠٩ کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٦)، هەولێر.

**محمد معروف فتاح.**

٢٠١٠ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵت، هەولێر.

**محمد مەحوی.**

٢٠٠١ ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

**وريا عمر ئەمين.**

**٢٠٠٤** چەند ئاسۆيەكى ترى زمانەوانى، چاپى يەكەم، هەولێر.

**ب ـ سەرچاوەكان بە زمانى عەرەبى:**

**الأزهر الزناد.**

٢٠١٠ نظريات لسانية عرفنية، دار محمد على للنشر، الطبعة الأولى، عمارة زرقاء اليمامة، تونس.

**جيفرى بوول.**

**٢٠٠٩** النظرية النحوية، ترجمة مرتضى جواد باقر، الطبعة الأولى، بيروت.

**حمدان رضوان** .

**٢٠٠٧** التطورات النظرية التوليدية فى نصف قرن، مجلة جامعة الشارقة للعلوم البشرية والأنسانية، المجلد ٤، العدد ٣

**مصطفى غلفان بمشاركة أمحمد الملاخ، حافظ اسماعيل علوى.**

**٢٠١٠** اللسانيات التوليدية، عالم الكتب الحديث، اربد ـ الأردن.

**نعمان بوقره.**

٢٠٠٩ اللسانيات، اتجاهاتها وقضاياها الراهنة، الطبعه الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، أردن ـ أربد.

**نيل سميث.**

**٢٠٠٥** التمهيد الذى أعده لكتاب " آفاق جديده فى دراسة اللغة والذهن " لتشومسكى، ترجمة : حمزة بن قبلان المزينى، القاهرة : المجلس الأعلى للثقافة .

**يحيى عبابنه، آمنه الزغبى.**

٢٠٠٥ علم اللغة المعاصر، دار الكتاب الثقافى للطباعة والنشر والتوزيع، أردن ـ أربد.

## ج ـ سەرچاوەكان بە زمانی فارسی:

**سید علی میر عمادی.**

١٣٨٨ نحو زبان فارسی، بر پایەو نڤریەو حاكمیت و مرجع گزینی، تهران.

**ماهر. جان، گروڤز. جودی.**

٢٠١١ معرفی چامسكی، مترجم : ابراهیم چنگی، تهران.

**محمد دبیر مقدم.**

١٣٨٩ زبانشناسی نظری پیدایش و تكوین دستور زایشی، ویراست دوم، تهران.

**محمد ضیاء حسینی.**

٢٠١٠ مبانی زبانشناسی برای دانشجویان زبانشناسی، مترمی و آموزش زبان، چاپخانە رعایت، چاپ دوم، تهران.

## د ـ سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزیReferences

**Abney , S.**

**1987** The English Noun Phrase in its sentential aspect. PH. D. dissertation , MIT.

**Abraham ,W. Epstein , S. D. Thráinsson , H. Zwart, Jan – Wouter**

**1996** Minimalist ideas : Syntactic studies in the minimalist framework , John Benjamins Publishing Co , Amsterdam.

**Adger, David.**

**2002** Core Syntax , A Minimalist Approach , Oxford University Press.

**Andereu, Jordi Fortuny. Gallego, Angel. J.**

**2009** Introduction The Minimalist Program and The Concept of Universal Grammar , Catalon Journal of Linguistics 8 ,p ( 7 – 15 ).

**Aoun, J. and A. Li.**

**1993** Wh Elements in Situ : Syntax or LF? Linguistic Inquiry 24,199 – 238.

**Baltin, Mark and Collins , Chris.**

**2001** The Handbook of Contemporary Syntactic Theory , first Publishing by Blackwell Publishing Ltd.

**Barbiers, Sjef**.

**2000** Chris Collins, Local economy. Linguistic Inquiry Monograph 29. Cambridge, MA, MIT Press, 1997. 148 pp. Hisatsugu Kitahara, Elementary operations and optimal derivations. Linguistic Inquiry Monograph 3 1. Cambridge, MA, MIT Press, 1997. 140 pp.

Book review , Elselvier Science B.V, Lingua 110 (147 – 155). www.elsevier.nl/local/lhngua.

**Belletti, A.**

**1990** Generalized Verb movement. Turin: Rosenberg and Sellier.

**Black, Barry. J.**

**2004** Case , second Edition , Cambridge University Press ,

**Black, ch.A.**

**1999** A step by step introduction to the Government and Binding theory of Syntax. http: www. Sil. org / Americas/ mexico / ling / Eoo2 – Intro GB.pdf (1999).

**Boeckx, Cedric.**

**2006a** Minimalist Essay , Harvard University , John Benjamins Publishing Company , Amsterdam / Philadelphia.

**2006b**

Linguistic Minimalism , First published , Oxford University Press , New York.

**2006c** Agreement Systems, Harvard University, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam / Philadelphia.

**Boeckx, Cedric.**

**2008** Bare Syntax , Oxford University Published , First press.

**Boeckx, Cedric.**

**2009** Aspects of a theory of Phases. MS.

**Boeckx, cedric.**

**2011** The Oxford Handbook of Linguistic Minimalist , First Published , by Oxford University press , New York.

**Bonato, Roberto.**

**2006** An Integrated Computational Approach to Binding Theory, PH.D.Thesis, Universita degli di Verona.

**BoŠković , Željko and Lasnik , Howard.**

**2007** Minimalist Syntax , The Essential Readings , Bluckwell Publishing Ltd.

**BoŠković, Željko and Nunes, Jairo.**

**2007** The Copy Theory of Movement , University of Cnnecticut / Universidade de São Paulo ,1999,2004. in the Copy Theory of Movement , Edited by Norbert Cover ,Utrecht University and Jairo Nunes , University of São Paulo , John Benjamns Publishing Company , Amsterdam / Philadelphia.

**Brame , M.**

**1982** The head – Selector theory of lecxical specifications and nonexistence of coarse , Linguistic Analysis 10(4) : 321 – 5.

**Carnie, Andrew**.

**2002** Syntax , A Generative Introduction , First Edition Published by Blackwell Publishing Ltd

**Chapman, Siobhan and Routledge, Christopher.**

**2009** Key Ideas in Linguistics and the Philosophy of Language , Edinborgh University Press.

**Chomsky, Noam**.

**1980** Rules and Representations , New York : Columbia University Press.

**1981** Lecture On Government and Binding , Library of Cataloging –in-publication Data ,Berlin.

**1982** Some Concepts and Consequences of the theory of Government and Binding ,Cambridge , Mass: MIT Press.

**1986a** Knowledge of Language , Praeger Publications , New York.

**1986b** Barriers, Cambridge: Mass. : MIT Press.

**1988** Language and Problems of Knowledge : The Managua Lectures. Cambridge , Mass : MIT Press.

**1989** Some notes on economy of derivation and representation. MIT Working Papers in Linguistics, 10, 43–74. Also in R. Freidin (ed.), Principles and Parameters in Comparative Grammar (pp. 417–54). Cambridge MA: MIT Press.

**1991 b** Linguistics and Adjacent fields ; a personal view. In A. Kasher (ed), The Chomskyan Tun, Oxford : Blackwell, 5- 23.

**1993** A Minimalist Program for linguistic theory. In K. Hale and S. J. Keyser (eds), The View from Building 20: Essays in Linguistics in Honor of Sylvain Bromberger (pp. 1–52). Cambridge MA: MIT Press.

**1994** Bare phrase Structure. MIT Occasional Papers in Linguistics , 5. Also in G. Webelhuth (ed). (1995) , Government and Binding Theory and Minimalist Program. Oxford : Blackwell.

**1995a** The Minimalist Program , Cambridge , Mass , MIT press.

**1995b** Categories and Transformations. In The Minimalist Program , ( PP , 219 –394) , Cambridge MA : MIT Press.

**1995c** Some Observation on Economy in Generative Grammar , Is The Best Good Enough Conference at MIT , Cambridge , The MIT Press(1998 : 115 – 27 ).

**1997** The minimalist Program , The MIT Press Cambridge , Massachusetts London, England , Third Printing.

**1998** Minimalist Program : The Framwork , MIT Working Papers In Linguistics.

**1999** Derivation by phase. MS, MIT.

**2000** Minimalist Inquires : The Framework , In Step by Step , Essay on Minimalist Syntax in Honor of Howard Lasnik , R. Martin et al , (eds) , 89 – 155 , Cambridge , MA : MIT Press.

**2001** Derivation by Phase. In: M. Kenstowicz , ed. , Ken Hale. A Life in Language. MIT Press, Cambridge, Mass. , pp. 1–52.

**2003** A Minimalist Program for Linguistic Theory , In K. Haie and S. J. Keyser (eds) , The View Bilding 20 : Essay in Linguistics in Honor of Sylvania Bromberger , Cambridge , MA : MIT Press , PP , 1 – 52 , [Reprinted in Chomsky (1995) ] Bare Phrase.

**2008** "On Phases" In Foundational Issues in Linguistic Theory , Essays in Honor of Jean – Roger Veraual. C. Otero et al. (eds) 134 – 166. Cambridge Met. MIT press.

**Coene , Martine & D'hulst, Yves.**

**2003** From NP to DP : The syntax and semantics of noun phrase , University of Leiden , John Benjamens' Publishing Company , Amsterdam / Philadelphia.

**Collins, Chris.**

**2003** Economy Conditions in Syntax , In The Handbook of Contemporary Syntactic Theor , Edited by Mark Baltin and Chris Collins , 2001,2003 , Blackwell Publishing Ltd.

**Cook ,V.J and Newson, Mark.**

**2007** Chomskys Universal Grammar , Third Edition Published by Blackwell Publishing Ltd.

**Crystal, David.**

**1992** An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages , First Published , Blackwell Publishers.

**Crystal, David.**

**2003** A Dictionary of Linguistics & Phonetics , Fifith Edition , Blackwell Publishing.

**Denham, Kristin E.**

**1997** A Minimalist Account of Optional wh – Movement , Dissertation of Doctor of Philosophy , University of Washington.

**Dizier , Salnt.**

**1988** On The Expression of Government and Binding Principles By Contextual Discontinuous Grammars , Unite De Recherche Inria – Rennes.France.

**Ende, I. D. Van den.**

**2000** A study on Determining a Suitable grammar for Parsing and generating natural language sertences in order to facilitate the translation of natural language and Msc use cases Erndhoven University of Technology.

**Farrokhpey, Mahmud.**

**1999** Government and Binding Chomsky' Language Theory , Tehran.

**Fattah, M. M.**

**1997** A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Disseration, University of Amsterdum.

**Finch, Geoffrey.**

**2000** Linguistic term and Concepts, United States of America, Marins̓ Press, INC.

**Frampton John and Gutmann, Sam.**

**2002** Crash proof Syntax ,In Derivation and Exploration in the Minimalist Program , Epstein , S. and Seely.D , First Published by Blackwell Publishers Ltd. 90 – 105.

**Frank, Robert.**

**1990** A Government and Binding theory Parser usin Tree Adjoining Grammar, Philadilphia , Pennsylvania.

**Freidin, Robert.**

**2007** Generative grammar Theory and Its History , First Published by Routledge.

**Freidin, Robert and Lasnik, Haward.**

**2011** The Oxford Handbook of Linguistic Minimalism , First Published , Oxford University press INC , New York.

**Fub, Eric.**

**2005** The Rise of Agreement , Aformal approach to the syntax and grammaticalization of verbal inflection , John Benjamins Publishing Company , Amisterdam / Philadelphia.

**Fuertes , Raquel Fernández.**

**2001** English / Spanish Syntactic Contrasts: Minimalism and Optimality, University of Ottawa.

**Geldren,E.Van.**

**2009** Language change and Survive Feature economy in the numeration, Arizona state University. In Putnam ,M.T , Garson Newman, Toward a Derivational Syntax , Survive – Minimalism,2009 , John Benjamins Publishing Company.

**Haegeman, Liliane.**

**1991** Introduction to Government and Binding Theory , first edition first published ,Blackwell publishers LTD.

**1995** The Syntax of Negation , First Published , Cambridge University Press.

**1997** Elementary of Grammar , Handbook in Generative Syntax , Kluwer Academic Publishers , London.

**Haider, Hubert.**

**1991** Representation and Derivation in The Theory of Grammar ,

**Harley, H.**

**1995** Subjects , Events and Licensing. Ph. D. dissertation. MIT Press.

**Hawes , Timothy w.**

**2006** The Development of Minimalist Syntax , Honors Junior Projects , paper 51 , Northeastern University.

**Heine , Bernd and Narrog , Heiko.**

**2010** The Oxford Handbook of Linguistic Analysis , First Published by Oxford University Press Inc., New York.

**Horen, Laurence.**

**2001** Outstanding Dissertation : Linguistics , Yale University , Published by Garland Publishing Inc ,New York.

**Hornstein, Norbert.**

**2001** Move ! Aminimalist theory of Construal – Malden MA : Blackwell Publishers Inc.

**2009** A Theory of Syntax: Minimal Operations and Universal Grammar , Cambridge University Press.

**Hornstein, Norbert. Nunes Jairo, Grohmann Kleanthes K.**

**2005** Understanding Minimalism , First Published , printed in the United Kingdom at the University Press , Cambridge.

**Horrocks, R.**

**1987** Generative Grammar , Longman.

**Jang, Youniun.**

**2000** The Minimalist Program : An Introduction , Chung – Ang University.

**Jayaseelan, K. A.**

**2008** Bare Phrase Structure and Specifier-less Syntax. In Biolinguistics 2.1:87-106.

**Kinsella, Anna R.**

**2009** Language Evolution and Syntactic Theory , First Published , Cambridge University Press.

**Kitahara , Hisatsugu.**

**1997** Elementary Operations and Optimal Derivation , Massachusetts Institute of Technology.

**Lamidi, Toyo.**

**2006** The Minimalist Program , Encyclopedia of The Arts Vol. 4(2) : 92 – 96.

**Lasnik, Howard.**

**1999** Minimalist Analysis , First Published , Blackwell Publishers Inc.

**2003** Minimalist Investigations In Linguistic Theory , First Published by Routledge New York.

**Lasnik, Howard. Lohndal, Terje.**

**2010** Government – binding / principles and parameters theory ,wires Cognitive Science , volume 1,John Wiely & Sons Ltd.

**Lechner, Winfried.**

**2004** Extending and reducing MLC. in Minimalist Effect in Syntax , Copyright by Walter de Gruyter GmbH &C. KG, Berlin. NewYork.

**Lechner, Winfried.**

**2006** HS Economy in Linguistic , Universitat Stuttgard , Germany.

**Malmkjær, Kirsten.**

**2010** The Routledge Linguistics Encyclopedia , Third Edition , Tylor & Francis Group, London and New York.

**McGinnis , M.**

**2001** Variation in the Phrase Structure of Applicatives. In J Rooryck & P. Pica (eds). Linguistic Variation Yearbook 1. Amsterdam , John Benjamins Publishing Company , 105 – 146.

**Motut Al,ndra.**

**2010** Merge Over Move and the empirical force of economy in Minimalism Toronto working paper in Linguistics (TWPL) , Volume 33 , University of Toronto.

**Mukherji , Nirmalangshu.**

**2010** The Primacy of Grammar , Massachusetts of Technology,MIT Press.

**Mùller , Gereon.**

**1998** Incomplete Category Fronting A Derivational Approach to Remnant Moveement in German , Published by Kluwer Academic Publishers.

**Mùller, Gereon.**

**2011** Constraints on Displacement A Phase – Based Approach , Pre-publication version , www.uni-leipzig.de/~muellerggereon.mueller@uni-leipzig.de

**Mùller, Gereon & Sterneteld, Wolfgang.**

**2000** The Rise of Competition in Syntax : A Synopsis , In G. Muller & W. Stemefeld (eds) , Competition in Syntax. Berlin : Mouton de Gruvter PP 1 – 68.

**2001** Competition in syntax / ed. Die Deutsche Bibliothek – Cataloging- in- Publication Data.

**Napli ,D. J.**

**1996** Linguistics An introduction , Oxford : oup.

**Newson, Mark.**

**2004** Basic English Syntax With Exercises, Bölesesz Konzor. Mirdenjog fenntartva.

**Nunes, Jairo .**

**1999** Some Notes on Procrastinate and Other Economy Matters , Deltavol. 15 n. 1 São Paulo.

**Pinker, S.**

**1979** Formal Models of Language Learning , Cognition,7,3.

**Putnam, Michael.T.**

**2009** Towards a Derivation Syntax , Survive – Minimalism , Edited by Garson – Newman College.

**Radford, Andrew.**

**1997** Syntax: A Minimalist Introduction. Cambridge: Cambridge University Press.

**2006** Minimalist Syntax Exploring the Structure of English , Third Printing, Uk at University Press , Cambridge.

**Razac , Milan.**

**2011** PHI – FEATURES AND THE MODULAR ARCHITECTURE OF LANGUAGE , Springer Dordrecht Heidelberg ,London , New York.

**Rizzi, L.**

**2004** On the studt of the language faculty : results , developments and perspective. Linguistic Review, 21, 323- 44

**Saleemi, Anjum P.**

**1992** Universal Grammar and Language Learnability,First Published , Cambridge University Press.

**Schweikert, Walter.**

**2005** The Order of Preposition Phrases in The Structure of The Clause , University Ca Foscari , Venice , Johm Benjamins Publishing Company , Amsterdam /Philadelphia.

**Sedighi, Anoush.**

**2010** Agreement Restrictions in Persian , Leiden University Press.

**Seely, T. Daniel.**

**2006** Merge, derivational c-command, and subcategorization in a label-free syntax. In Cedric Boechx (ed), Minimalist Essays, 182-217. Amsterdam: John Benjamins.

**Seuren , p. A.**

**2004** Chomskys Minimalism, Oxford University Press.

**Smith, Neil.**

**1999** Chomsky Ideas and Ideals , Cambridge University press.

**Speas, Margaret.**

**2006** Economy , Agreement , and the Representation of Null Arguments , In Arguments and Agreement , Edited by Peter Ackema , Patrick Brandt , Maaike Schoorlemmer , and Fred Weerman , Fir Published 2006 , Oxford University Press.

**Spencer, Andrew.**

**1996** Morphological theory , Cambridge University Press.

**Stockwell, Peter.**

**2007** Language and Linguistics , The Key Concepts , Second Edition, R. L.Trask.

**Stowell, Timothy.**

**1981** Origins of Phrase Structure. Doctoral diss , MIT, Cambridge Mass.

**Stroik, Thomas.**

**2009** The Numeration in Survive – Minimalism , University of Missouri – Kansas City , In Towards a Derivational Syntax Survive – Minimalism , Edited by Michael T. Putnam , 2009 , John Benjamins Publishing Company , Amsterdam / Philadelphia.

**Tottie, Gunnel.**

**1998** An Introduction to Government & Binding , gschneid@ ifi. Unizh. ch.

**Tremblay, Mireille.**

**1997** On the Modularity of Case Theory : A Case against the Visibility Hypothesis In Projections and Interface Conditions , Essays on Modularity , Di sciullo. Anna- Maria, Oxford University Press , New York.

**Tremblay, Mireille.**

**1997** On the Modularity of Case Theory : A Case against the Visibility hypothesis. In Projection and Interface Conditions, Anna – Maria Di Sciullo , Published by Oxford University Press , Inc.

**Ura, Hiroyuki.**

**2000** Checking Theory and Grammatical Functional in Universal Grammar,Oxford University Press ,New York.

**Uriagereka , J.**

**1998** Rhyme and Reason , MIT Press , Cambridge Mass.

**Van Valin, Roberto,D. JR.**

**2001** An Introduction to Syntax , Cambridge , University Press.

**Welbhuth, Gert.**

**1995** Government and Binding theory and The Minimalist Program , Blackwell Publishers Ine. First Published, Cambridge, Massachusetts Ltd.

**Williams, Edwin.**

**2003** Representation Theory, The MIT Press , Cambridge, Massachusetts, London, England.

**Zwart. G. Jan – Walter**

**1997** Morphosyntax of Verb Movement , A Minimalist Approach to the syntax of Dutch , Published by Kluwer Academic Publishers , The Netherlands.

جمهورية العراق الفيدرالي
حكومة إقليم كردستان
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة كويه

UNIVERSITY

# مبادىء الأقتصاد اللغوي في اللغة الكردية،
# من منظور نظرية العامل والربط الأحالي و البرنامج المصغر

**رسالة مقدمة إلى فكلتى التربية في جامعة كويه**
**كأحدى الأحتياجات للحصول على شهادة الدكتورا في اللغة الكردية**


**صلاح حويز رسول**
الحاصل على شهادة الماجستير في اللغة الكردية في سنة ٢٠٠٦
في كلية اللغات / جامعة كويه


باشراف:
**أ.م. د. صباح رشيد قادر**

٢٧١٣ ك                ٢٠١٣ م

# ملخص البحث

هذه الأطروحة الموسومه بـ( مبدأ الأقتصاد اللغوي في اللغة الكوردية، من منطلق نظريتي العامل والربط الاحالى و البرنامج المُصّغر ) ارتآى الباحث في هذه الأطروحة ان يركز على أبرز المباديء و السمات الخاصة التي تتحكم في مبدأ الأقتصاد اللغوي، و من الجدير بالقول بأن مفهوم الأقتصاد اللغوي تتثبتت جذوره في بدايات نظرية العامل والربط الأحالى و بشكل أدق عند استبدال قواعد تركيب العبارات بقوانينها الغزيرة بنظرية ئيكس ـ بار الملخصة للقواعد في أطُر نحوية محصورة ، و تكمن مفاهيم الأقتصاد اللغوي في ثناياها خطوات و فروع النظريات الحالية و مدورات البرنامج المُصّغر . ولابد من القول بأن فايميز تشومسكى عن غيره من اللغويين بأنه لا يغلق البواب نظرياته بوجه الناقدين ومن يبدي آراء مساندة و رصينة لوجهات نظره، لذا نرى تارة بأنه يساند الحشو و المفصلات ثم التراجع بآراء مناقضة، و الشيء الآخر الذي لابد من الأشارة اليه بأن البرنامج المُصّغر لازال في طور التتميم ولم تكتمل لذا ربما الآتي من آراءه يمحو ما يتمناهُ و يغرس ما جهلناه.

تتوزع هذه الأطروحة بعد المقدمة الوجيزة و الملائمة لمضامين الأطروحة على ثلاثة فصول: يطلعنا الأول على جُلّ خطوات تشومسكى من حيث ما استهل به من مبدأ الأقتصاد اللغوي في نظرية العامل والربط الاحالي و يركز الباحث في ذلك نظرية المبادىء العامة و الخاصة للغات العالم من حيث ما يقرّب اللغات عن بعضها او ما يجعل لغة بمنأى عن اللغات الأخرى، على أرضية هذا المبتغى أعطي عنوان ( العامل والربط الاحالي و قواعد الأقتصاد اللغوي ) لهذا الفصل.

اما الفصل الثاني والحامل المعنون بالبرنامج المُصّغر ، يعرض الباحث فيه الخارطة النحوية لهذا البرنامج، بدءاً بالقاموس العقلي و إختصار المفردات و توظيفها في ماكنة التحاسبية، مع التركيز على ابراز الشكل الصوتي (PF) و الشكل المنطقي (LF) و كيفية الأستغناء عن البنية العميقة و نظرية التحطيم في بدل اخفاء صفة اللاقواعدية للسجل المنطوقة مع ربط كل هذه المفاهيم بمبدأ الأقتصاد اللغوي.

اما الفصل الثالث وهو الأخير: المعنون بـ ( آليات الأنتقال و مبادىء الأقتصاد ) ارتآى الباحث ان يبدأ مقارناً بين نظرية العامل والربط الاحالى و ترك ما هو غير ضروري من النظرية السابقة والتركيز على ماهو مفيد للأقتصاد اللغوي، كترك مستوى الفتحات ( البار ) ، الى جانب المبادىء الأساسية للأقتصاد اللغوي و القيود التي تفرض على الحركات او الأنتقال الوحدوي في خدمة هذا المبدأ الأقتصادي. ولامست هذه الأطروحة كثيراً من الحقايق والنتائج ابرزها بأن السمات النحوية لاتدخل في عملية التحاسبٍ اللغوي ما لم يكمن له تأثير على المخرجات اللغوية. بعد هذه الملخصات و تصنيف المصادر تختتم الأطروحة.

## Abstract

This dissertation is concerned with Chomsky's Government and Binding theory (GB) and Minimalist Program and their application namely the economic principle to central Kurdish . The researcher in this dissertation focuses on important principles, which govern Language economy, the concept of economical features beyond to its' Origin to the beginning of GB theory, and in more details by alternation the phrase structure rules with X-bar theory, which took in more rules in a shortest way in X-bar notion. We know that how distinctive Chomsky than the others' through which he hasn't left the door closed of other linguists views. This dissertation falls into three basic chapter . The first chapter entitled (GB)s' principles focuses on the steps of (GB) and how it gets the principles of economy in the language and the chapter explores the main tenets of GB.

The second chapter entitled Minimalist Program presents syntactical maps of the program, beginning with the mental lexicon and the operation of computation after the selection of the words, and how to ignore the deep structure in the future.

The third chapter is about the mechanism of transformation and the principles of economy, and all of the constrains which control the movement in Binding theory of syntax and Minimal Program.

The conclusion consists of two sections, the first section to points out some findings of work in the research, and the section two points out some suggestion.

KOYA UNIVERSITY

The Federal Republic of Iraq
Kurdistan Regional Government
The presidency of Ministry Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Koya University

# The Principle of Economy in Kurdish Language, From Perspective of Government and Binding Theory and Minimalist Program

**A dissertation Submitted to the Council of Faculty of Education in Partial fulfillment of the Requirements for the degree of Doctorate of Philosophy in Kurdish Language**

**By:**
**Salah Hawez Rasoul**

In 2006 , he was awarded M.A in Kurdish Language in College of languages University of koya .

Supervised by :
**Assist. Prof. Dr. Sabah Rashed Qadir**

July 2013